# ناسینی

# هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم





نووسینی

نهاد جلال

بەرگی پێنجەم

# ناسینی هاوەڵانی

# پێغەمبەر ( ﷺ )

نووسینی

نهاد جلال حبیب اللّٰه

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: ناسینی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)

نووسەر: نهاد جلال حبيب الله

بابەت: مێژوویی ئایینی

ژمارەو ساڵی چاپ: دووەم، ٢٠١٧

چاپخانەو شوێنی چاپ: چاپخانەی زانا، سلێمانی

بەرگ: پێنجەم

نرخ:

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر

٠٧٥٠١٥٢٠٤٤٦

# ئەو هاوەڵانەی ناویان

# بە پیتی (خ)

# دەست پێ دەکات

## خاریجەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی خاریجەی کوڕی عەمرە، ، ئەمیش فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوەو دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئەی خەڵکینە صەدەقە–زەکات– بۆ من و بنەماڵەکەم–ئەهل و بەیتەکەم– حەڵاڵ نیە).[1]

ئەم فەرموودە لە عەمری کوڕی خاریجەشەوە هاتووە،[2] ئیبن حەجەر دەڵێت ئەمە لە خاریجەی کوڕی عەمریشەوە هاتووە،[3] چونکە چەند کەسێك ئەو فەرموودەیان گێڕاوەتەوە.[4]

## خاریجەی کوڕی عەمری جومەحی (رضي الله عنه)

ناوی خاریجەی کوڕی عەمری جومەحیە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، دەڵێت: لە رۆژی فەتحی مەککەدا من لای وشترەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: : (ليس لوارث وصية قد أعطى الله عز وجل كل ذي حق حقه وللعاهر الحجر، من ادعى إلى غير أبيه أو تولى غير مواليه فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين، لا يقبل الله منه صرفا ولا عدلا يوم القيامة)،[5] (میراتگر وەسیەتی بۆ نیە، خوای گەورە ماف بۆ هەموو خاوەن مافێك داناوە، زیناکاریش – کە هاوسەرگیری کردبێت– بە بەرد رەجم کردنی بۆ دەبێت،

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2247.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17327،

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 225.

4 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4097، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17327.

5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4029،

هەرکەس بانگەواز بکات بۆ باوکێك جگە لە باوکی خۆی، یان مەولایەکی تری دایە پاڵ خۆی، ئەوە نەفرینی خوا و فریشتەکان و هەموو خەڵکیشی لەسەرە، خوای گەورە لە رۆژ دواییدا هیچی لێ قبووڵ ناکات).

خاریجەی کوڕی حوذافە(رضي الله عنه)

ناوی خاریجەی کوڕی حوذافەی کوڕی غانیمی قورەیشی عەدویە، دایکی ناوی فاتیمەی کچی عەمرە، یەکێك بوو لە سوارچاکە بەهێز و ناسراوەکان.[1]

حوذافە یەکێکە لە موسڵمانبوانی رۆژی فەتحی مەککە، دواتر لە فتووحاتی ئیسلامیدا بەشداریەکی کارای هەبوو، بەتایبەت لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا، کاتێك عەمری کوڕی عاص داوای یارمەتی سوپایی کرد لە عومەری کوڕی خەططاب و داوای سێ هەزار سوارەی کردبوو، خەلیفە خاریجەی کوڕی حوذافە و زوبەیری کوڕی عەووام و میقدادی کوڕی ئەسوەدی بۆ پشتیوانی عەمر نارد،[2] لەگەڵ هەریەك لەوانەدا دەستەیەك لە سوپای نارد.[3]

هەروەها خاریجە لە فەتحی میصردا بەشداری کرد،[4] ئەمەش لەساڵی بیستەمی کۆچیدا بوو،[5] بوو بە دادوەری عەمری کوڕی عاص و لەوێ مایەوە تا ئەوەی کاتێك سێ خەواریجەکە بڕیاریاندا هەریەك لە عەلی کوڕی ئەبووطالیب و

1 - أسد الغابة، ج2، ص 102 – 103.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 103.

3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 618.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 97.

5 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 197.

موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و عەمری کوڕی عاص بکوژن، ئەوەی هات عەمر بکوژێت بە هەڵە خاریجەی کوشت، چونکە وایزانی عەمرە، کەچی کە دواتر گیرا و برا بۆ لای عەمر، وتی بۆ من کێم کوشتووە؟ وتیان خاریجەت کوشتووە، ئەویش وتی من نیازم بوو عەمر بکوژم، بەڵام خوا ویستی خاریجە بێت.[1]

## خاریجەی کوڕی حیصن (رضي الله عنه)

ناوی خاریجەی کوڕی حیصنی کوڕی حوذەیفەیە،[2] کوڕێکی هەبوو بە ناوی ئەسماء، کە گومان هەیە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بووبێت.[3]

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە تەبووکەوە دەگەڕایەوە، وەفدی بەنی فزارە کە زیاد لە سیانزە کەس دەبوون هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و خاریجەی کوڕی حیصنیش یەکێك بوو لەوان، هاتن و موسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی وڵاتەکەی خۆیانی لێ پرسین، ئەوانیش وتیان وشکەساڵیەو خەریکە ئاژەڵ و ماڵاتەکانیشمان دەفەوتێن، بەڵکو نزامان بۆ بکەیت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە سەر مینبەر  نزای کرد بۆیان، باران دایکرد و ماوەی شەش ڕۆژ بەردەوام باران بوو، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چوویە سەر مینبەر و نزای کرد  بارانەکە لەسەر مەدینە نەمێنێ‌ولە شاخ‌و دۆڵەکاندا بباریێ، نزاکەشی گیرا بوو.[4]

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 103.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 103.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 195.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 297.

## خاریجەی کوڕی زەیدی خەزرەجی (رضي الله عنه)

ناوی خاریجەی کوڕی زەیدی کوڕی ئەبی زوهەیرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، رایەك هەیە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) برایەتی خستوەتە نێوان خاریجەو ئەبووبەکرەوە،[1] کاتێك ئەبووبەکری صدیق چوویە مەدینە، لای خاریجەی کوڕی زەید دابەزی و لەوێ مایەوە.[2]

خاریجە خەزووری ئەبووبەکری صدیق بوو، کچێکی خۆی بە ناوی حەبیبە مارەی کرد لە ئەبووبەکری صدیق، ئەبووبەکریش لەم ئافرەتە منداڵێکی بوو بە ناوی ئومموکلثوم.[3]

خاریجە کوڕێکی هەبو وبە ناوی زەید، زۆرێ دەڵێن: ئەم بوو دوای مردن قسەی کرد،[4] خاریجە یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[5]

ئەم هاوەڵە لە غەزای بەدر[6] و ئوحودیشدا بەشداری کرد و لە ئوحوددا شەهید بوو،[7] دواتر کە تەرمەکان دەخرانە ناو گۆڕ، تەرمی هەریەك لە خاریجەو سەعدی کوڕی رەبیعی ئامۆزای پێکەوە خرانە یەك گۆڕەوە.[8]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 223.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 174.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 169.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 603.

5 - أسد الغابة، ج2، ص 104.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 223.

7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 44.

8 - أسد الغابة، ج2، ص 104.

خاریجەی کوڕی عوقوفان (رضي الله عنه)

**ناوی خاریجەی کوڕی عوقوفانی ثەقەفیە، هەم خۆی و باوکی و مێرداسی برایشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون و پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای کرد بۆیان.[1]**

**خاریجە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نەخۆشی سەرەمەرگیدا بوو چووم بۆ لای و عارەقی دەکرد، فاطیمەش کە ئەو حاڵەی بینی وتی باوکەڕۆ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (لەمڕۆ بەدوا نارەحەتی لەسەر باوکت نەما).[2]**

**ئەم بەسەرهاتە لە کتێبەکانی فەرموودەدا لە ئەنەسی کوڕی مالیکیشەوە گێردراوەتەوە.[3]**

خالیدەی کچی عەمر (رضي الله عنها)

**ناوی خالیدەی کچی عەمرە، بەیعەتی داوە بە پێغەمبەر (ﷺ).[4]**

خالیدەی کچی ئەسوەد (رضي الله عنها)

**ناوی خالیدەی کچی ئەسوەدی قوڕەیشیە، هاوەڵێکی زۆر خواناس بوو،[5] دایکی ناوی ئامینەی کچی نەوفەلە.[6]**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 224.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 224.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 6717، سنن ابن ماجة، الرقم 1624، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 1629 حسن صحيح.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 599.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 597.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 248.

خالیدە لە مەدینە موسڵمان بوو و باوەڕی هێنا بە پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێدا،[1] عەبدوڵای کوڕی ئەرقەم ئەم ئافرەتەی بەهاوسەر گرت.[2]

## خالیدەی کچی ئەنەس(رضي الله عنها)

ناوی خالیدەی کچی ئەنەسە، لە پشتیوانانە، جارێك خالیدە هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و داوای روقییەی لێکرد واتە روقییەی شەرعی، پێغەمبەریش (ﷺ) داواکەی بەجێگەیاند.[3]

## خالیدی کوڕی ڕەباح(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی رەباحی حەبەشیە،[4] برای بیلال کوڕی رەباحی بانگبێژی پێغەمبەری خوایە، کونیەکەی ئەبوو روەیحەیە،[5] رایەك دەڵێت برای حەقو دایکیەتی، رایەکیش دەڵێت بەڵکو برای ئایینی بووە،[6] بەڵام رای یەکەم راستترە، چونکە ئەگەر مەبەست برایەتی کۆچەران و پشتیوانان بێت ئەوا پێغەمبەر (ﷺ) بیلال و ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحی کرد بە برای یەکتر، یان وەك گێڕانەوەیەکی تر بیلالی لەگەڵ ئەبووروەیحە کرد بە برای یەکتر، ئەگەریش برایەتی گشتی ئایینی بێت ئەوا هەموو هاوەڵان برای ئایینی بیلال بوون.

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 248.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 248.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 598.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص 436.

5 - معرفة الصحابة لابن مندة، ص 465.

6 - أسد الغابة، ج2، ص 115.

هەروەك لە گێڕانەوەیەکیشدا هاتووە بیلال داوای ژنی کرد بۆ خالیدی برای، بە خاوەن ماڵەکەی وت ئێمە دوو برای کۆیلە بووین خوا ئازادی کردین، هەژار بووین خوا دەوڵەمەندی کردین، گومڕا بووین خوا ڕێنموونی کردین، ئەگەر کچمان بدەنێ سوپاس بۆ خوا، ئەگەریش جوابمان بکەن ئەوا دەڵێین (لا إله إلا الله)، ئەوەبوو کچەکەیان پێدا.[1]

بەڵام ئیبن حەجەر رای وایە برای ئایینی بیلال بووە بە بەڵگەی ئەوەی بیلال بە عومەری وتووە پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان من و ئەبوو ڕوەیحەوە.[2]

خالیدی کوڕی زەید(ئەبوو ئەیووبی ئەنصاری)(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی زەیدی کوڕی کولەیبە،[3] لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەججار،[4] دایکی ناوی هیندی کچی سەعیدە، کونیەکەی ئەبوو ئەیووبەو زیاتر بە ئەبوو ئەییووبی ئەنصاری ناسراوە.[5]

ئەبوو ئەیووب کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدورەحمان، ژنەکەشی ناوی ئومموحەسەنی کچی زەید بوو،[1] کوڕێکی تری ناوی خالید بوو کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[2] هەروەها کچێکیشی هەبوو بە ناوی عەفراء.[3]

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 115.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 233.

3 -معرفة الصحابة لابن مندة، ص 455.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 402.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 234.

ئەبوو ئەییووب یەکێك بوو لە یەکەم موسڵمان بوانی پشتیوانان، یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو غەزای بەدر و لە هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[4]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوویە مەدینە یەکەمجار لە ماڵی خالید دابەزی و لەوێ مایەوە تا ئەو کاتەی مزگەوتی مەدینەو خانووی بۆ خۆی دروست کرد.[5]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوویە مەدینە، یەکە یەکەی لە پشتیوانان داوایان دەکرد پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە ماڵی ئەوەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد وشترەکەی لەبەردەم ماڵی کێدا مۆڵی خوارد دەچێتە ئەوێ چونکە ئەو وشترە لەلایەن خواوە فەرمانی پێکراوە، وشترەکەش لەبەردەم ماڵی ئەبوو ئەیووبدا مۆڵی خوارد.[6]

خانووەکەی ئەبوو ئەیووب دوو قات بوو، ئەبوو ئەیووب پێغەمبەری خوای (ﷺ) لە قاتی یەکەم داناو خۆی و خێزانی چوونە قاتی سەرەوە، جارێك بڕێك ئاو لە ژوورەکەیاندا رژا، خێرا هەستان و بە بەرگ و راخەرێك کە هەیانبوو ئاوەکەیان هەڵدەمژیەوە، بەڵام هەر کەمێك لە ئاوەکە داچۆڕایە خوارەوە، بۆیە ئەبوو ئەیووب چوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شیاو نیە ئێمە لە سەرەوە بین و تۆ لە

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 484.
2 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1146.
3 - فتوح الشام للواقدي، ط1، دار الكتب العلمية(بيروت – 1997)،ج2، ص 33.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 234.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 234.
6 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 406.

خوارەوە بیت، دەبێت جەنابتان بچنە سەرەوە، [1] پێم خۆش نیە بەسەر جەنابتانا بچمە سەرەوەو ئێوە لە خوارەوە بن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خوارەوە بۆ من ئاسوودەترە، ئەبوو ئەیووبیش وتی قەت ناچمە قاتی سەرەوە جەنابتان لە خوارەوە بن، ئیتر ئەبوو ئەیووب چوویە خوارەوە، زۆر جار خواردنی ئامادە دەکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و بۆی دەبردە خوارەوە، کاتێك بۆی دەگێڕایەوە ئەبوو ئەیووب تەماشای دەکرد بزانێت پێغەمبەر (ﷺ) لە کوێدا پەنجەی داناوە تا لەو بەشە بخوات. [2]

ئەبوو ئەیووب دەیوت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە خواردنێك دەنێریت تەماشا دەکەم بزانم جێ پەنجەکانت لە کوێ داناوە منیش دەست بۆ ئەوێ دەبەم. [3]

ئەبوو ئەیووب دەڵێت: کە خواردنێك دەهێنرا بۆ ماڵی پێغەمبەر (ﷺ)، لێی دەخوارد و زیادەکەی دەنارد بۆ ئێمە، رۆژێك خواردنێکی بۆ هاتبوو هەمووی ناردبوو و هیچی لێ نەخواردبوو، چونکە سیری تێدا بوو، منیش وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ حەرامە؟ فەرمووی: (لا ولكني أكرهه من أجل ريحه)، (نا، بەڵام من لەبەر بۆنەکەی رقم لێیەتی)، ئەبوو ئەیووبیش وتی دەی منیش حەز بە شتێك ناکەم کە تۆ حەزی پێ نەکەیت. [4]

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 406.

2 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 22890، صححه شعيب الأرناؤوط.

3 - شرح معاني الآثار للطحاوي، الرقم 4385.

4 - صحيح مسلم، الرقم 3920، مستخرج أبي عوانة، الرقم 6773.

ئەبوو ئەیووب دەڵێت: جارێك خواردنێكم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەكر ئامادە كرد، تەنها بەشی ئەوانیشی ئەكرد، خواردنەكەم برد بۆیان، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم برۆ و سی كەس لە پیاوماقووڵانی پشتیوانانم بۆ بانگ بكە، منیش زۆر ئەوەم لەسەر سەخت بوو، چونكە خواردنێكی زیاتر لەوەم نەبوو، بۆیە خۆم دا لە گێلی، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) هەمان شتی لێ دووبارە كردمەوە، منیش چووم و بانگم كردن و ئەوانیش هاتن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بخۆن، دەستیان كرد بە خواردن تا تێر بوون و گەڕانەوە دواوەو شایەتییان دا كە ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، ئینجا پێش ئەوەی بچنە دەرەوە بەیعەتیان پێدا، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: برۆ و شەست كەس لە پیاوماقوڵانی پشتیوانانم بۆ بانگ بكە، منیش چووم بانگم كردن و ئەوانیش هاتن، ئەوانیش نانیان خوارد و پێش ئەوەی بچنە دەرەوە بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: برۆ و نەوەد لە پشتیوانانم بۆ بانگ بكە، چووم و ئەوانیشم بانگ كرد و ئەوانیش تێر نانیان خوارد، دواتر شایەتییان دا كە ئەو پێغەمبەری خوایەو پێش ئەوەی بچنە دەرەوە بەیعەتیان پێدا، بەوجۆرە سەد و هەشتا كەس لە پشتیوانان لەو نانەی منیان خوارد.[1]

كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان كۆچەران و پشتیوانانەوە برایەتی خستە نێوان خالیدی كوڕی زەید و موصعەبی كوڕی عومەیرەوە،[2] رایەكی

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3980، دلائل النبوة للفريابي، الرقم 11، قال الحافظ ابن كثير في البداية والنهاية ج6، ص 111: وهذا حديث غريب جدا إسنادا ومتنا.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 234.

تر دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان ئەبوو ئەیووب و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵاوە.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) صەفییەی گواستەوە، ئەو شەوە تا بەیانی ئەبوو ئەیووب لەبەردەرگای ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) بە شمشێرێکەوە وەستا، کە بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) هاتە دەرەوە ئەبوو ئەیووب تەکبیری کرد، ئینجا وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من باوك و براو مێردی ئەم ئافرەتەم لە جەنگەکەدا کوشت و ئەم ئافرەتەشت تازە بەهاوسەرگرتووە، ترسم هەبوو زیانت پێ بگەیەنێت، پێغەمبەریش (ﷺ) کە ئەو هەڵوێستەی ئەبوو ئەیووبی بینی پێکەنی و نزای خێری بۆ کرد.[2]

ئەبوو ئەییووب دەڵێت: جارێك لای پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە کەسێك هات بۆ لای و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاریم بکە بەڵام ئامۆژگاریەکی کورت و پوخت، ئەویش فەرمووی: (إذا قمت في صلاتك فصل صلاة مودع ولا تكلم بكلام تعتذر منه وأجمع اليأس عما في أيدي الناس)،[3] (کاتێك هەستایت نوێژت کرد وەك ئەو کەسە نوێژ بکە کە نوێژی ماڵئاوایی دەکات-واتە کۆتا نوێژی ژیانی دەکات-، قسەیەکیش مەکە کە دواتر پۆزشی بۆ بهێنیتەوە، تەواوی بێهیواییت کۆبکەرەوە بەرامبەر بەوەی لە دەستی خەڵکدایە-واتە هیچ چاوت نەبێت لەوەی لە دەستی خەڵکدایە-).

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 247.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6848، صححه الذهبي.

3 - سنن ابن ماجة، الرقم 4168، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22873، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3886، و ضعفه شعيب الأرناؤوط.

ئەبوو ئەییووب دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)

**لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا ئەبوو ئەیووب کۆیلەیەکی هەبوو بە ناوی ئەفلەح، ئەبوو ئەیووب لەگەڵ ئەفلەح رێککەوت کە بەرامبەر چل هەزار–درهەم– ئازادی بکات، ئەوەبوو ئەفلەح خۆی ئازاد کرد، ئەبوو ئەیووب لەو کارەی پەشیمان بوو، داوای لە ئەفلەح کرد ئەگەر رازی بێت رێککەوتنەکە هەڵبوەشێننەوە، ژن و منداڵەکانی ئەفلەح وتیان دوای ئەوەی خوا رزگاری پێ بەخشیت دەتەوێت خۆت بکەیتەوە بە کۆیلە؟ ئەفلەح وتی بەخوا ئەبوو ئەیووب چیم لێ داوا بکات بۆی دەکەم، ئەبووئەیووب پارەکەی دایەوە بە ئەفلەح و رێککەوتنەکەیان هەڵوەشاندەوە، هێندەی نەبرد ئەبوو ئەیووب هەواڵی نارد بۆ ئەفلەح وتی تۆ ئازادیت و پارەکەش هەر بۆ خۆت.[1]**

**کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان شەهید کرا، بۆ بەیانیەکەی هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بەیعەتیان دا بە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، یەکێك لەوانە ئەبوو ئەیووبی ئەنصاری بوو.[2]**

**لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا بەیعەتی دا بە عەلی و کاتێك عەلی چوو بەرەو عێراق ئەوی کرد بە بەرپرسی مەدینە، دواتر خالید خۆی گەیاندە عێراق بۆ لای خەلیفە عەلی و لە جەنگی دژ بە خەواریجدا لە ناو سوپای عەلیدا بەشداری کرد.[3]**

---

1 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج5، ص 86.

2 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج3، ص 31.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 234.

کاتێك ئیبن عەبباس لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو تالیبدا ئەمیری بەصرە بوو، ئەبوو ئەیووب چوو بۆ لای، ئیبن عەبباسیش زۆر ڕێزی لێنا و وتی بە دڵنیاییەوە دەبێت پاداشتی ئەو ڕێزگرتنەت بدەمەوە کە بەرامبەر پێغەمبەر (ﷺ) ئەنجامت دا، بۆیە چی شتێك لەناو ماڵەکەیدا هەبوو دای بە ئەبوو ئەیووب.[1]

هەرچەندە ئەبوو ئەیووب لە گەڵ عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا بوو، بەڵام لە جەنگی صفیندا بەشداری نەکرد،[2] ئیبنولکەلبی و ئیبن ئیسحاق پێیان وایە ئەبوو ئەیووب لەگەڵ عەلیدا لە جەمەل و صفینیشدا بەشداری کردووە، بەڵام شوعبە دەڵێت: لە صفیندا بەشداری نەکرد، بەڵکو لە جەنگی نەهرەواندا بەشدار بوو.[3]

لە سەردەمی موعاویەدا ئەبوو ئەیووب چوو بۆ دیمەشق.[4]

ئەبوو ئەییووب لە دواییەکانی تەمەنیدا نەخۆش کەوت، سوپایەك ئامادە کرا بۆ غەزا و سەرکردەی سوپاکە یەزیدی کوڕی موعاویە بوو، ئەو سوپایە بەرەو قوستەنتینیە بەڕێکرا، یەزید هات بۆ لای و وتی چیت پێویستە؟ ئەبوو ئەیووب وتی ئەگەر هاتوو مردم تەرمەکەم هەڵبگرەو ببیە لە خاکی دوژمندا ئەسپەردەم بکە، ئەوەبوو کە مرد یەزید تەرمەکەی برد و لەوێ ئەسپەردەی کرد.[5]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 404.
2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 410.
3 - أسد الغابة، ج6، ص 28.
4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 406.
5 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 404 – 405.

تەرمەکەی برا لە لێواری شووراکانی قوستەنتینیەدا ئەسپەردەکرا، پێشتریش یەزیدی کوڕی موعاویە نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد.[1]

پاشان یەزید فەرمانی کرد بڕێك سەرباز بە ئەسپەکانیان دەهاتن و دەچوون بەسەر گۆڕەکەیدا تا شوێنەواری گۆڕەکەی دیار نەمێنێت نەبادا ڕۆمەکان دواتر تەرمەکەی دەربێنن.[2]

سەبارەت بە ساڵی مردنەکەی هەریەك لە ساڵانی پەنجا و پەنجاو یەك و پەنجا و دوو هاتووە.[3]

چەند فەرموودەیەك کە ئەبوو ئەیووبی ئەنصاری گێڕاویەتیەوە:

ئەبوو ئەیووب دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو:(لا يحل لرجل أن يهجر أخاه فوق ثلاث ليال، يلتقيان فيعرض هذا ويعرض هذا، وخيرهما الذي يبدأ بالسلام).[4]

(حەڵاڵ نیە بۆ هیچ کەسێك لە سەروو سێ ڕۆژەوە پشت لە براکەی بکات، ئیتر وایان لێ بێت کە دەگەن بە یەك هەرکامەو پشت بکاتە ئەویان، چاکترینیشیان ئەوەیە کە پێشتر سەلام دەکات).

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 412.

2 - أسد الغابة، ج6، ص 29.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 118.

4 - صحيح البخاري، الرقم 5732، صحيح مسلم، الرقم 4748 واللفظ له، سنن أبي داود، الرقم 4286، سنن الترمذي، الرقم 1904، صحيح ابن حبان، الرقم 5748، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 24846، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22948، مسند الطيالسي، الرقم 587، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3850.

کاتێك دوو کەس پێکەوە قسە ناکەن و لەیەك دلگران دەبن، هۆکارەکەی تەنها زالبوونی شەیتانە، ئیتر یان شەیتان زاڵ بووە بەسەر هەردووکیاندا، یان زاڵ بووە بەسەر یەکێکیاندا، بەوەش لەیەکی کردون، جا ئەگەر یەکەمیان بوو ئەوە دەبێت کەسانی دەوروبەر دڵیان بۆیان بسووتێت و بچن نێوانیان چاك بکەنەوە، نەك وازبێنن تا شەیتان ئەو دوو کەسە لەناوبەرێ، ئەگەریش حاڵەتی دووەم بوو ئەوە دەبێت کەسە راستەکە لاری بەرامبەرەکەی نەکاتە دلگرانی و رق، بەڵکو دڵی بۆی بسووتێت و لەبری یارمەتیدانی شەیتان، لەپێناو خوادا براکەی ئاشت بکاتەوە، ئەمەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویت: : چاکترینیان ئەوەیانە یەکەمجار سەلام دەکات، چونکە پرۆژە و کاری شەیتان یەکدەخات.

ئەبوو ئەییووب دەڵێت: کابرایەك هات و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کارێکم پێ بڵێ کە بەهۆیەوە بچمە بەهەشتەوە، خەڵکەکەش وتیان ئەو کابرا چیەتی، ئەوە چی دەڵێت؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (أرب ما له)، (چیە، ئیشی زۆر گرنگی هەیە) ئینجا فەرمووی: (تعبد الله لا تشرك به شيئا وتقيم الصلاة وتؤتي الزكاة وتصل الرحم)،[1] (خوا بپەرستیت و هیچ هاوەڵێکی بۆ دانەنێیت و نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت و پەیوەندی خزمایەتی ببەستیت و نەیپچڕێنیت)، کە کابرا چوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر پابەندی ئەوە بێت کە فەرمانی پێکرا ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە.[2]

1 - صحيح البخاري، الرقم 5643، صحيح ابن حبان، الرقم 3305، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5707، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22922، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3824.

2 - صحيح مسلم، الرقم 40.

ئەبوو ئەیووبی ئەنصاری دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لو أنكم لم تكن لكم ذنوب يغفرها الله لكم لجاء الله بقوم لهم ذنوب يغفرها لهم).[1]

(ئەگەر ئێوە هیچ تاوانێکتان نەبوایە تا خوا لێتان خۆش بێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە خەڵکانێکی دەهێنا تاوانیان هەبوایە تا لە تاوانەکانیان خۆش بوایە).

ئەمە موژدەو دڵخۆشیەکی گەورەیە کە پەروەردگار چەندە لێبوردەیەو چەندەش حەز بە لێخۆشبوونی بەندەکانی دەکات، هەروەك هیوابەخشیەکی گەورەیە بۆ موسڵمانی تاوانبار تا بە هۆی تاوانیەوە بێهیوا نەبێت، بەڵکو بزانێت خوای گەورە لێی خۆش دەبێت، چونکە لێخۆشبوون لە تاوان دەبێت، ئایا تاوانەکە بەزاندنی سنووری خوا بێت، یان کەمتەرخەمی بێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکدا، هەروەك ئەمە بەخشینی دنیابینیەکی فراوانە بە تاك و کۆمەڵگەی موسڵمان تا تێبگەن مرۆڤ شایەنی هەڵەیە و هەڵە لەناو کۆمەڵگەدا بە گشتی و لە کۆمەڵگەی ئیسلامیشدا هەر دەبێت و لێبوردنی خوای گەورەش هەیە بۆ هەڵەکان.

خالیدی کوڕی عورفطە(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی عورفطەیە بە منداڵی هاتووەتە مەککەو لەوێ نیشتەجێ بووە.[2]

1 - صحيح مسلم، الرقم 5041.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 244.

خالید دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (سيكون أحداث وفتنة وفرقة واختلاف فإذا كان ذلك فإن استطعت أن تكون المقتول لا القاتل فافعل)،[1] (رۆژگارێ دێت برێك رووداو و فیتنەو ئاشووبەو دووبەرەكی روودەدەن، جا ئەگەر ئەو شتە روویدا ئەگەر توانیت وا بكەیت كە كوژراو بیت نەك بكوژ ئەوە وا بكە).

هەروەها خالید دەڵێت: من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو: (من كذب علي متعمدا فليتبوأ مقعده من جهنم)،[2] (هەركەس دەست ئەنقەست درۆیەك بەدەم منەوە بكات با شوێنی خۆی لە دۆزەخ دیاری بكات).

خالید لە جەنگی قادسیەشدا بەشداری كرد و سەعدی سەركردەی موسڵمانان لەو جەنگەدا بەرپرسیارێتی دایە دەست خالید،[3] دواتریش كردی بە بەرپرسی كووفە.[4]

لە سەردەمی موعاویەو لە ساڵی چل و یەكی كۆچیدا عەبدوڵای كوڕی ئەبیلحەوسا لە دەسەڵاتی موعاویە دەرچوو، ئەوەبوو خالید چوو بۆی و لەگەڵی جەنگا تا كوشتی.[5]

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5187، سكت عنه الذهبي في التلخيص، صححه الألباني في صحيح و ضعيف الجامع الصغير و زيادته، الرقم 5929.

2 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 21903، مسند ابن أبي شيبة، الرقم 872، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 6715، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3990، قال شعيب الأرناؤوط متن الحديث صحيح و إسناده ضعيف.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 244.

4 - أسد الغابة، ج2، ص 127.

5 - أسد الغابة، ج2، ص 127.

سەبارەت بە کاتی مردنی خالید رایەك دەڵێت: لە ساڵی شەست بووەو رایەکی تریش دەڵێت: لە ساڵی شەست و یەکی کۆچیدا بووە.[1]

خالیدی خوزاعی (رضي الله عنه)

ناوی خالیدەو بە خالیدی خوزاعی ناسراوە،[2] کوڕێکی هەبوو بە ناوی نافع کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

خالید بەشداربوویەکی بەیعەتی ریضوان بوو.[4]

خالید دەڵێت: رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) بەرنوێژی بۆ کردین و نوێژەکەی درێژ نەکردەوە، بەڵام لە دانیشتندا زۆری پێچوو (واتە لە کاتی تەحیاتدا) ئینجا کە لە نوێژ بوویەوە وتمان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتنەکەت لە نوێژەکەتدا زۆر درێژ کردەوە، ئەویش فەرمووی: (إنها صلاة رغبة ورهبة سألت الله فيها ثلاث خصال فأعطاني اثنتين ومنعني واحدة، سألته أن لا يسحتكم بعذاب أصاب من كان قبلكم فأعطانيها، وسألته أن لا يسلط على بيضتكم عدوا فيجتاحها فأعطانيها، وسألته أن لا يلبسكم شيعا ويذيق بعضكم بأس بعض فمنعنيها)،[5] (ئەوە نوێژی ترس و هیوا بوو، تیایدا داوای سێ شتم لە خوای گەورە کرد و ئەویش دوانی پێ بەخشیم و یەکێکیانی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 244.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 257.
3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4002.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 257.
5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4002.

پێنەبەخشیم، داوام لێکرد بە سزای چەشنی گەلانی پێش خۆتان لەناوتان نەبات، ئەوەی پێ بەخشیم، داوام لێکرد دوژمنێك بەسەر زۆرینەتاندا زاڵ نەکات کە بەسەرتاندا تێپەڕێت—دەستی بەرووتاندا بکاتەوە—، ئەوەشی پێ بەخشیم، داواشم لێکرد پەرتبوونتان تووش نەبێت و نەکەونە وێزەی یەکتر، بەڵام ئەوەی پێ نەبەخشیم).

خالیدی کوڕی بوکەیر (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی بوکەیری کوڕی عەبدیالیلە، چەند برایەکی هەبوو بە ناوەکانی ئیاس و عامیر و غافیل کە ئەوانیش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، خالید یەکێك بوو لەوانەی زۆر زوو موسڵمان بوو، لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، لە ڕۆژی رەجیعو لە تەمەنی سی و چوار ساڵیدا شەهید کرا.[1]

خالیدی کوڕی ثابتی فەهمی (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی ثابتی فەهمیە، لە فەتحی میصردا بەشدار بوو و بەرپرسی بەشێکی سوپای فتوحاتەکە بوو، ئەمەش بەڵگەی هاوەڵبوونیەتی کە عومەری کوڕی خەططاب تەنها هاوەڵەکانی دەکردە ئەمیری سوپا.[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 227.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 228.

## خالیدی کوڕی ثابتی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی ثابتی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە، لە جەنگی بیئر مەعوونەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

## خالیدی کوڕی جەبەل(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی جەبەلە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدورەحمان کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[2] ئەم هاوەڵە دانیشتووی طائیف بووە، یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[3]

## خالیدی کوڕی حەواری (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی حەواری حەبەشیە، هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو،[4] ئەم هاوەڵە جارێك لەگەڵ ژنەکەی سەرجێیی کرد، دواتر گەیشتە سەرەمەرگ، وەسیەتی کرد وتی دوو جار بمشۆن، شۆردنێك بۆ لابردنی لەشگرانیم، شۆردنێکیش شۆردنی مەرگم.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 228.

2 - معرفة الصحابة لابن مندة، ص 463.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 228.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 231.

5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4013، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2217.

## خالیدی کوڕی حیزام (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی حیزامی کوڕی خوەیلیدی قورەیشیە،[1] برازای خەدیجەی کچی خوەیلیدی دایکی باوەڕدارانە.

دایکی کە بە ئوممو حەکیم ناسراوە ناوی فاخیتەی کچی زوهەیر بوو.[2]

خالید برایەکی هەبوو بە ناوی حەکیم کە یەکێکە لە هاوەڵە ناسراوەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

خالید زۆر زوو موسڵمان بوو، لە کۆچی دووەمی حەبەشەدا بەشداربوو، لە ڕێی کۆچەکەیدا مارێك گەستی و بەو هۆیەوە مرد،[3] بەڵام گومانێك هەیە لەسەر ئەو چوونەی بۆ حەبەشە کە ئایا بەشدار بووە یان نا.[4]

## خالیدی کوڕی سەعید(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاصی کوڕی ئومەییەیە، لە قورەیشیەکانە لە ئومەویەکان، کونیەکەی ئەبوو سەعیدە، دایکی ناوی ئومموخالیدی کچی حوبابە.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 229.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 119.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 119.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2،ص 229.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 236.

خالید زۆر زوو موسڵمان بوو، دەوترێت چوارەم یان پێنجەم کەس بووە موسڵمان بووە.[1]

ژنەکەی خالید ناوی ئومەیمەی کچی خەلەف بوو کە ئەویش هاودەم بە مێردەکەی موسڵمان بوو.[2]

خالید و براکانی حەوت برا بوون، سێ لەو برایانەی بە بێباوەڕی مردن، چواریشیان گەیشتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)و بە موسڵمانی مردن،[3] برایەکی ناوی ئوحەیحە بوو کە لە جەنگی فیجاردا کوژرا،[4] عاص و عوبەیدەش کە دوو برای تری بوون لە جەنگی بەدر بە بێباوەڕی بە دەستی موسڵمانان کوژران، عەلی کوڕی ئەبوو طالیب عاصی کوشت و عوبەیدەش بە دەستی زوبەیر کوژرا.[5]

هەریەك لە ئەبان و عەمر دوو برای تری بوون کە هەر زوو لە مەککە موسڵمان بوون،[6] حەکەمی برایشی دواتر موسڵمان بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوەکەی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[7]

سەبارەت بە هۆکاری موسڵمان بوونی خالید دەوترێت بەهۆی خەوێکەوە بووە کە بینیویەتی، لە خەویدا لە بەرزاییەکەوە بووە کە خوارەوە هەموو ئاگر بووەو

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 236
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 144.
3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1ص62-63.
4 - أسد الغابة، ج1ص60.
5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1ص62.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص16.
7 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1ص63.

باوکی ویستوویەتی بیخاتە ناو ئەو ئاگرەوە، لەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) رزگاری کردووە، بۆیە کە بەیانی رۆژ بوویەوە خالید چوو بۆ لای ئەبووبەکری صدیق و مەسەلەکەی بۆ باس کرد، ئەبووبەکریش وتی دەی شوێن موحەممەد بکەوە چونکە ئەو بووە بە پێغەمبەری خوا، بەوە تۆ رزگارت دەبێت بەڵام باوکت دەکەوێتە ناو چاڵە ئاگرینەکەوە، خالیدیش چوو بۆ لای پێغەمبەری خواو وتی بانگەواز بۆ چی دەکەیت؟ ئەویش فەرمووی: بانگت دەکەم تا خوای تاك و تەنها بپەرستیت و هاوەڵی بۆ دانەنێیت و شایەتی بدەیت موحەممەد بەندەو نێردراوی خوایەو خۆت لە پەرستشی بەردێ داماڵیت کە نە دەبیستێت و نە سوود و زیان و بینینی هەیە و نە دەزانێت کێ دەیپەرستێت و کێ نایپەرستێت، خالیدیش وتی دەی من شایەتی دەدەدم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و تۆیش پێغەمبەری خوایت، پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر دڵخۆش بوو بە موسڵمان بوونەکەی،[1] دواتر کە باوکی زانی موسڵمان بووە سزای دا و نان و خۆراکی لێ قەدەغە کرد، تەنانەت نەیدەهێشت براکانیشی قسەی لەگەڵدا بکەن، خالیدیش وتی بەخوا با ئەوانەشم لێ بگریتەوە خوای گەورە هەر رۆزیەکم دەدات پێی بژیم، ئینجا چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لەوێ مایەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) رێزی دەگرت،[2] دواتر دەرفەتی وەرگرت و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کۆچی کرد بۆ خاکی حەبەشە، لەوێ خوای گەورە کچێکی پێ بەخشی کە ناسراوە بە ئومموخالید،[3] کورێکیشی پێ بەخشی بە ناوی سەعید.[4]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 33.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 33.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 237.

4 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5040.

عەمری برایشی یەکێك بوو لە کۆچەرانی حەبەشە و هەر لەوێ مانەوە.[1]

سەعیدی کوڕی عاص کە باوکی خالید بوو زۆر دژایەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد، جا کە نەخۆش کەوت، دەیوت ئەگەر خوا ئەم جارە لەم نەخۆشیەم راستم بکاتەوە نابێت خواکەی ئیبن ئەبی کەبشە(مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو) لەناو مەککەدا بپەرسترێت، خالیدی کوڕیشی دەیوت خوایە راستی نەکەیتەوە.[2]

لە حەبەشە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) پەیامی نارد تا ئوممومحەبیبەی لێ مارە بکرێت، خالیدی کوڕی سەعید کە ئامۆزای ئوممومحەبیبە بوو بەرپرسیارێتی مارەکردنی ئوممومحەبیبەی گرتەئەستۆو نەججاشیش وەکیلی پێغەمبەر (ﷺ) بوو بۆ قبووڵی گرێبەستی هاوسەرگیریەکە، نەججاشی بە ئوممومحەبیبەی راگەیاند کەسێك راسپێرە تا مارەت بکەم لە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش هەواڵی نارد بۆ خالیدی کوڕی سەعید و ئەوی کرد بە وەکیل.[3]

لە غەزای خەیبەردا کە هاوەڵانی حەبەشە بەرەو مەدینە گەڕانەوە، هەریەك لە خالید و عەمری برای هاودەم بە جەعفەری کوڕی ئەبووطالیب گەڕانەوە بەرەو مەدینە، پێغەمبەری خوایش هەندێ بەرپرسیارێتی بەخشی بە خالید وەك کۆکردنەوەی زەکاتی خەڵکی موذحیج.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 237.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 237.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 143-144.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 238.

سەعیدی باوکی خالید برێك کۆیلەی هەبوون، جا کە دواتر مرد و کۆیلەکان بە میرات گیران، خالید ئەوەی خۆی بەخشی بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) قبووڵی کرد و کۆیلەکەی ئازاد کرد.[1]

خالیدی کوڕی سەعید نووسەری خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بوو و نامەکانی بۆ دەنووسی،[2] هەروەها سروشیشی بۆ دەنووسیەوە.[3]

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر دڵنیا بوو لە خالید، ئەوەتا لە کاتی گەمارۆی طائیفدا کاتێك ئەزرەقی کوڕی عوقبە هاتە خوارەوەو موسڵمان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دایە دەست خالیدی کوڕی سەعید و رایسپارد تا پێویستیەکانی بۆ دابین بکات و زانیاریە ئایینیەکانی فێر بکات.[4]

کاتێك لە ساڵی نۆی کۆچیدا وەفدی ثەقیف هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، خالیدی کوڕی سەعید لەنێوان ئەوان و پێغەمبەردا (ﷺ) دەرۆیشت بە رێدا، چونکە لێیان دڵنیا نەبوو، جا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) خواردنی دەنارد بۆ وەفدەکە هیچ کام لێیان نەدەخوارد تا خالیدی کوڕی سەعید لێی دەخوارد، دواجاریش کە رێککەوتن خالید نامەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) نووسی بۆیان.[5]

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج5، ص 314.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 34.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 340.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 46.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 30.

دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و خالیدی لە یەمەنەوە گەڕایەوە، بینی ئەبوبەکر بەرپرسە، بە وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) دڵگران بوو و بە دەربڕینێکی هەڵە خەمباری خۆی دەربڕی، بۆیە عومەر لێی تووڕە بوو و ئەو قسانەشی گەیاند بە ئەبووبەکر کە رای خالید چۆن بووە، بەڵام ئەبووبەکر ئەو قسانەی نەگرتەدڵ و خەڵکی کۆکردەوەو وتارێکی پێشکەش کرد و باسی جیهادی کرد بۆیان، دواتر ئاڵای دەدایە دەست سەرکردەکان تا جەنگی هەڵگەڕاوەکان بکەن، ئاڵای یەکەمیشی دایە دەست خالیدی کوڕی سەعید تا بەرەو شام بڕوات، هەرچەندە عومەر هێشتا لێی تووڕە بوو و هەوڵیدا بەر بە راکەی خەلیفە بگرێت، بەڵام ئەبووبەکر لە نیازی خالید تێگەیشت و ئەوەی نەگرتەدڵ.[1]

خالیدی کوڕی سەعید لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا رۆڵێکی بەرچاوی بینی.[2]

خەلیفە ئەبووبەکر ئەوی کرد بە بەرپرسی بەشێك لە سوپای رۆژهەڵاتی شام،[3] خالیدی کوڕی سەعیدیش بەرەو تیما چوو و لەوێ کە لە هۆزە عەرەبیەکانی ناو رۆمەکان نزیك بوویەوە، زۆرێك لە هۆزەکانی ئەوێ بڵاوەیان لێکرد و زۆرێکیان موسڵمان بوون، خالیدیش هەواڵی نارد بۆ ئەبووبەکر، ئەبووبەکریش فەرمانی پێکرد پێشڕەوی بکات و وەلیدی کوڕی عوتبەو عیکریمەی کوڕی ئەبوو جەهل و دەستەیەکی زۆریشی نارد بۆ یارمەتیدانی، خالید پێشڕەوی کرد و سەرکردەی رۆمەکانی لە ئیلیا شکاند کە ناوی ماهان بوو، ماهان بەرەو دیمەشق رایکرد و

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 3.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 119.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 238.

خالیدیش کەوتە دوای، تا گەیشتنە مەرج صەفرا، لەوێ بارەکە بە پێچەوانە شکایەوەو خالیدی کوڕی وەلید و سوپاکەی رایانکرد، بەڵام عیکریمە خۆی راگرت و راینەکرد، دواتر ئەبووبەکری صدیق شورەحبیلی کوڕی حەسنەی بەرەو شام نارد، کە گەیشتە لای خالید سوپاکەی خالیدی لەگەڵ خۆی برد، بڕێکیش لە سوپاکەی هەر مابوونەوە، دواتر ئەبووبەکر موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانیشی نارد بەرەو شام، ئەویش پاشماوەی تری سوپاکەی خالیدی لەگەڵ خۆی بەرەو شام برد، ئینجا ئەبووبەکر مۆڵەتی دا خالید بگەڕێتەوە بۆ مەدینەو وتی عومەر باشتر دەیناسی.[1]

خالید لە جەنگی ئەجنادەینیشدا بەشداری کرد و لەو جەنگەدا پێکراو شەهید بوو، جا ئەو کەسەی کە کوشتی دواتر موسڵمان بوو، دەیوت کاتێك کوشتم دەمبینی رووناکیەکی درەوشاوە لەوەوە تا ئاسمان بەرز بووبوویەوە،[2] بەڵام لە رایەکی تردا هاتووە خالید لە جەنگی مەرج صوفردا کوژراوە،[3] رایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە جەنگی جسردا شەهید بووە.[4]

جارێك لە جەنگێکدا خالید یەکێك لە بێباوەڕەکانی کوشت و جلەکەی کردە بەر، خەڵکی تەماشایان دەکرد بۆچی ئەو جلە جوانەی کردوەتەبەر، خالیدیش وتی چیە بۆچی سەیر دەکەن، کێ حەزی بەوەیە با وەك خالید بێباوەڕێك بکوژێت و وەك ئەویش جلەکەی بپۆشێت.[5]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 4.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 260.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5044.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 50.

5 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 260.

## خالیدی کوڕی سەییار (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی سەییاری کوڕی عەبدعەوفی غیفاریە، زۆر جار جڵەوی وشترەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەگرت.[1]

## خالیدی کوڕی سینان (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی سینانی کوڕی ئەبی عوبەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشدار بوانی غەزای ئوحود، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا و لە جەنگی جسردا شەهید بوو.[2]

## خالیدی کوڕی عاص(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی عاصی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرەی مەخزوومیە، باوکی لە جەنگی بەدرا بە بێباوەڕی کوژرا.[3]

دایکی ناوی عاتیکەی کچی وەلید بوو.[4]

خالید دوای فەتحی مەککە موسڵمان بوو و هەر لە مەککە مایەوە، عومەری کوڕی خەططاب پاش نافعی کوڕی عەبدولحارث ئەم هاوەڵەی کرد بە بەرپرسی مەککە، دواتریش عوثمانی کوڕی عەففان لە هەمان پۆستدا هێشتیەوە.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 239.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 239.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 240.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 445.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 240.

کە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بوو بە خەلیفە نامەیەکی نووسی بۆ خالیدی کوڕی عاص و بە والی مەککە هێشتیەوەو داوای لێکرد بەیعەتی بۆ وەربگرێت، بەڵام خەڵکی مەککە ئاماد نەبوون بەیعەت بدەن،[1] دواتر عەلی خالیدی لە والیەتی لابرد و لە شوێنیدا ئەبووقەتادەی ئەنصاری دانا.[2]

خالید لە ماوەی دەسەڵاتی لە مەککە رۆژانی هەینی خۆی وتاری پێشکەش دەکرد، جا تا ساغ بوو بە پێوە وتاری دەدا و لەسەر زەویەکە بوو و نەدەچوویە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام کاتێك نەخۆش کەوت ئیتر لەسەر پلەیەکی پەیژەیەك دادەنیشت بۆ وتاردانەکەی.[3]

خالید تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانیش ژیاو لە سەردەمی ئەویشدا والی مەککە بوو.[4]

### خالیدی کوڕی عەبدوڵای عەدوی (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی عەبدوڵای عەدویەو وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[5]

---

1 - أنساب الأشراف، ج1، ص 320.

2 - تاريخ مدينة دمشق لأبي القاسم الشافعي، دار الفكر (بيروت – 1995)، ج67، ص 151.

3 - مصنف عبدالرزاق الصنعاني، الرقم 5113، أخبار مكة للفاكهي، الرقم 1734.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 24.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 242.

## خالیدی کوڕی عەبدوڵای قنانی (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی عەبدوڵای قینانیەو وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[1]

## خالیدی کوڕی عەبدولعوززا (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی عەبدولعوززای کوڕی سەلامەی کوڕی مورڕەی خزاعیە، کونیەکەی ئەبوو خوناسە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی مەسعوود کە دەوترێت ئەم بە ئەبوو خوناس ناسراو بووە.[2]

جارێك خالید ئاژەڵێکی سەربڕی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، بۆ ئێوارە کە گەڕایەوە ماڵەوە تەماشای کرد گۆشت لای ژن و منداڵەکەی دانراوە،[3] جا ژن و منداڵەکانی زۆر بوون،[4] خالید بە ئوممو خوناسی ژنی وت ئەرێ ئەم گۆشتە چیە؟ ئەویش وتی نیوەی ئەو ئاژەڵەیە کە سەرت بڕیبوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەو بۆی ناردین، خالید وتی دەی با بتدایە منداڵەکان بیانخواردایە، ئەویش وتی هەموویان تێریان خواردووەو ئەمەش ماوەتەوە، بە مەرجێك جاران جار هەبوو بە مەڕێ یان دوان تێر نەدەبوون.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 242.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 242.
3 - أخبار مكة للفاكهي، الرقم 2788.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 242.
5 - أخبار مكة للفاكهي، الرقم 2788.

## خالیدی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی عەددی جوهەنیە، لەو هاوەڵانەیە کە لە مەدینە نیشتەجێ بوو.[1]

خالید دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو:(من بلغه معروف من أخيه من غير مسألة ولا إشراف نفس فليقبله ولا يرده، فإنما هو رزق ساقه الله إليه)،[2] (هەرکەسێك لە براکەیەوە شتێکی چاکی پێگەیشت بێ ئەوەی خۆی داوای بکات یان هەوڵی بۆ خۆبردنی بۆ بدات، ئەوە با وەریبگرێت و نەیگێڕێتەوە، چونکە ئەوە ڕۆزیەکە خوای گەورە بۆی بڕیوەتەوە).

## خالیدی کوڕی عەمری سولەمی (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی عەمری کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی دووەمی عەقەبە و غەزای بەدر.[3]

## خالیدی کوڕی عەنبەس(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی عەنبەسە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ڕیضوان.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 244.

2 - مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 888، صحيح ابن حبان، الرقم 3463، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2305، قال الحافظ ابن حجر في الإصابة إسناده صحيح، كما صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 1005.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 246.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 246.

خالیدی کوڕی عوقبەی ئومەوی (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی عوقبەی ئومەویە، عوقبەی باوکی لە جەنگی بەدردا بە بێباوەڕی کوژرا،[1] برای وەلیدی کوڕی عوقبەیە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، دواتر لە ناوچەی رققە نیشتەجێ بوو و هەر لەوێ مایەوە.[2]

خالیدی کوڕی غەلاب(رضي الله عنه)

ناوی خالیدە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەم بە غەلاب هاتووە، رایەکیش دەڵێت: باوکی ناوی حارثە، ئەم هاوەڵە خۆی نیشتەجێی طائیف بووە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[3]

کاتێك خالید چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی فیتنەی دەکرد، خالیدیش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزام بۆ بکە خوا دوورم بگرێت لە فیتنە، پێغەمبەریش (ﷺ) ئەم نزایەی بۆ کرد(اللهم اكفه الفتن ما ظهر منها و ما بطن)،[4] (خوایە دووری بگریت لە فیتنەی ئاشکرا و نهێنی).

خالید لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا بەرپرسی بەیتولمال بوو،[5] لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففانیشدا خەلیفە کردی بە والی ئەصبەهان،[6] هەر لەوێ بوو، کاتێك بینی ناحەزان دژ بە عوثمان کۆبوونەتەوە، بڕیاریدا بگەڕێتەوە مەدینە تا

1 - أسد الغابة، ج2، ص 129.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 245.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 247.

4 - أخبار أصبهان لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 180.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 247.

6 - معرفة الصحابة لابن مندة، ص 482.

بەرگری لە خەلیفە بکات، بەڵام ئەوەبوو هەواڵی شەهیدبوونی عوثمانی پێگەیشت،[1] بۆیە وازی هێنا لە پۆستەکەی و گەڕایەوە بۆ طائیف و لەوێ نیشتەجێ بوو، رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو لەوێوە چوو بۆ بەصرەو لەوێ نیشتەجێ بوو.[2]

خالید کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەمر، عەمر لە کاتی جەنگی جەمەلدا چوو بۆ لای عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، خەلیفە وتی ئەمە کێیە؟ وتیان عەمری کوڕی خالیدە، وتی کوڕەکەی خالیدی کوڕی غەلابە؟ وتیان بەڵێ، عەلی وتی شایەتی دەدەم باوکی ئەمم بینی لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) باسی فیتنەی دەکرد، خالیدیش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزام بۆ بکە خوا لە فیتنە دوورم بگرێت، پێغەمبەریش (ﷺ) ئەم نزایەی بۆ کرد(خوایە دووری بگریت لە فیتنەی ئاشکرا و نهێنی) .[3]

خالیدی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی قەیسی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، ئیبن ئیسحاق دەڵێت: یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە و غەزای بەدر و ئوحودیش.[4]

1 - أسد الغابة، ج2، ص 131..
2 - أسد الغابة، ج2، ص 131.
3 - أخبار أصبهان لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 180، الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 247.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 248.

خالیدی کوڕی قەیسی سەهمی (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی قەیسی سەهمیە، یەکێکە لە دڵڕاگیرکراوان.[1]

خالیدی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی کەعبی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە بەنی مازن، لە ڕۆژی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[2]

خالیدی کوڕی موغیث(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی موغیثەو یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) و فەرموودەیەکی لێوە گێڕاوەتەوە.[3]

خالیدی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە غەزای موئتەدا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو.[4]

خالیدی کوڕی هەوذە(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی هەوذەی کوڕی ڕەبیعەی عامیریە، برایەکی هەبوو بە ناوی حەرمەلە، ئەم دوو برایە پێکەوە هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 248.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 248.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 250.
4 - تاريخ مدينة دمشق، ج16، ص 215.

پێغەمبەریش (ﷺ) بە نامەیەك موژدەی موسڵمان بوونی ئەو دوانەی نارد بۆ خوزاعە.[1]

خالید کوڕێکی هەبوو بە ناوی عداو کە پێغەمبەر (ﷺ) کۆیلەیەکی لێ کڕی، عەدائیش موسڵمان بوو و ئەویش لە هاوەڵان بوو.[2]

## خالیدی کوڕی وەلید(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی وەلیدی کوڕی موغیرەی کوڕی عەبدوڵای مەخزوومیە، ناسراوە بە شمشێری خوا، کونیەکەی ئەبوو سولەیمانە،[3] یەکێکە لە هاوەڵە زۆر گەورە و ناسراوەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە مێژووی ئیسلامیدا ڕۆڵێکی کارای هەبووە، یەکێك بوو لە ڕێبەرانی فتووحاتی ئیسلامی، گومان و تۆمەتی زۆریش سەبارەت بە ژیانی هەیە کە پێویست بە یەکلاکردنەوەیان دەکات.

### بنەماڵەکەی

باوکی خالید کە ناوی وەلید بوو یەکێك بوو لە کەسایەتیە خانەدانەکانی ناو قورەیش و سامان و داراییەکی زۆریشی هەبوو و بەخشندەییشی زۆر بوو،[4] لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك بوو لە سەرسەختترین نەیارەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، کاتێك بێباوەڕان ویستیان هێرشی ڕاگەیاندنی دژ بە پێغەمبەر (ﷺ) بکەن، کۆبوونەوەو

1 - أسد الغابة، ج2، ص 139.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 139.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 251.

4 - الإغاني لأبي الفرج الأصبهاني، ط2، دار الفكر، بيروت، ج16، ص 205.

لەنێویاندا وەلید دانیشتبوو کە بە تەمەن بوو، وەلید وتی وا وەفدەکانی عەرەب بۆ سەردانی کەعبە دێن، ئەوانەش هەواڵی موحەممەدیان بیستووە، جا هەمووتان لەسەر یەك قسە یەکدەنگ بن نەبادا هەرکەسەو قسەیەك بکات و یەکتری بە درۆ بخەنەوە، ئەوانیش وتیان دەی تۆ بڵێ چی بڵێین، ئەویش وتی ئێوە بڵێن و منیش گوێتان لێ ئەگرم، یەکێکیان وتی ئەڵێین کاهینە، وتی من کاهینم دیوەو دەیانناسم، ئەو کاهین نیە، یەکێك وتی دەڵێین شێتە، وتی هەموومان شێتمان دیوەو ئەو شێت نیە، یەکێك وتی دەڵێین شاعیرە، وەلید وتی ئێمە دەزانین شیعر چۆنەو چیە، ئەو شاعیر نیە، یەکێك وتی دەڵێین جادووگەرە، وتی جادووگەریشمان دیوە، ئەو جادووگەر نیە، دوا پێشنیاز وتی دەڵێین ئەمە جادوویەکی پێیە کە براو برا و باوك و کوڕ و تاك و هۆزەکەی لەیەك دەکات، هەموویان لەسەر ئەو قسە رێککەوتن.[1]

عەصمائی دایکی کە لوبابەی بچووکی کچی حارثی کوڕی حەربە خوشکی ئوممولفەضلی خێزانی عەبباسی مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[2]

خالید برایەکی هەبوو بە ناوی عومارە کە زۆر کەشخەو بەخۆ بوو، کاتێك قورەیش هەوڵیان دا ئەبووطالیب پشت بکاتە پێغەمبەر (ﷺ)، پێشنیازیان بۆ کرد دەستبەرداری پێغەمبەر (ﷺ) بێت و لە بریدا عومارەی بدەنێ، ئەویش وتی زۆر نارەوان، کوڕەکەی خۆتان دەدەن بە من تا بەخێوی بکەم بۆتان و داوای کوڕەکەی من دەکەن تا بیکوژن؟![3] عومارە بێباوەڕ بوو و وەك وەلیدی باوکی لە هەوڵدا بوو

1 - تاريخ الإسلام، ج1، ص 156.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 394.

3 - تاريخ الطبري، ج1، ص 545.

بۆ دژایه‌تی كردنی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و بانگه‌وازه‌كه‌ی، ئه‌وه‌بوو له‌گه‌ڵ عه‌مری كوڕی عاصدا چوو بۆ حه‌به‌شه تا داوا بكه‌ن له‌ نه‌جاشی موسڵمانانیان بده‌نه‌وه‌ ده‌ست.[1]

برایه‌كی تری هه‌بوو به‌ ناوی وه‌لید كه‌ له‌ خالید به‌ته‌مه‌نتر بوو،[2] وه‌لید له‌ جه‌نگی به‌دردا به‌ بێباوه‌ری به‌شداری كرد و به‌دیل گیرا، ئه‌وه‌بوو خالید و هیشامی برای هاتن و به‌ پاره‌ ئازادیان كرد، كاتێك ئازادیان كرد وه‌لید چوو و موسڵمان بوو، پرسیاری لێكرا بۆچی پێش ئازادكردنت موسڵمان نه‌بوویت؟ له‌ وه‌ڵامدا وتی حه‌زم نه‌كرد وا ته‌ماشام بكرێت له‌ دیلی ترساوم و له‌ ترساندا موسڵمان بوم، ئه‌وه‌بوو به‌هۆی ئه‌و موسڵمان بوونه‌یه‌وه‌ له‌ مه‌ككه‌دا وه‌لیدیان به‌ندكرد، پێغه‌مبه‌ری خوایش (ﷺ) هه‌میشه‌ نزای بۆ ده‌كرد، وه‌ك چۆن نزای ده‌كرد بۆ كه‌سه‌ بێده‌سه‌ڵاته‌ موسڵمانبووه‌كانی تری ناو مه‌ككه‌، دواتر وه‌لید توانی خۆی رزگار بكات و خۆی بگه‌یه‌نێت به‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ).[3]

برایه‌كی تری ناوی هیشام بوو كه‌ ئه‌ویش له‌ بێباوه‌ڕان بوو، رایه‌ك ده‌ڵێت: دوای فه‌تحی مه‌ككه‌ موسڵمان بووه‌.[4]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 106.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 424.

3 - أسد الغابة، ج5، ص 471.

4 - أسد الغابة، ج5، ص 421.

خوشکێکی هەبوو بە ناوی عاتیکە کە ژنی صەفوان بوو، کە صەفوان موسڵمان بوو شەش ژنی هەبوو، خێرا دوان لەوانی تەڵاقدا، بەڵام عاتیکەی تەڵاق نەدا.[1]

خوشکێکی تری ناوی فاطیمە بوو کە ژنی حارثی کوڕی هیشامی ئامۆزای خۆی بوو و لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[2]

خالید کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدورەحمان کە ئەویش یەکێك بوو لە سوارچاکەکانی قورەیش،[3] لە سەردەمی پێغەمبەی خوادا (ﷺ) منداڵ بوو، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا لە ناو سوپای موعاویەدا بوو.[4]

کوڕێکی تری ناوی موهاجیر بوو کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) منداڵ بوو، موهاجیر لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا بە پێچەوانەی عەبدورەحمانی برای لە ناو سوپای عەلیدا بوو.[5]

خالید ژنێکی هەبوو بە ناوی ئەسمائی کچی ئەسەد کە دایکی عەبدوڕەحمان بوو.[6]

خالیدی کوڕی وەلید زۆر شێوەی لە عومەری کوڕی خەططاب دەچوو، تا ئاستێك هەندێ جار کەسانێ خالید و عومەریان لە یەك جودا نەدەکردنەوە، بۆ

1 0- أسد الغابة، ج7، ص 204.
2 - أسد الغابة، ج7، ص 251.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 453.
4 - أسد الغابة، ج5، ص 293.
5 - أسد الغابة، ج5، ص 293.
6 - أسد الغابة، ج3، ص 453.

نموونە جارێ عەلقەمەی کوڕی عولاثە گەیشت بە عومەری کوڕی خەططاب و وایزانی خالیدەو وەك خالید ئەوی دواند.[1]

خالید لە سەردەمی نەفامیدا

خالید لە سەردەمی نەفامیدا لەناو قورەیشدا پێگەیەکی گرنگی هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە بەرپرسیارێتی سەربازی، هەریەك لە ئامادەکاری سەربازی و مەشق و راهێنان و هەر وەها لە جەنگیشدا پێشڕەوی سوارەکانی بە دەستەوە بوو، ئیتر بەو هۆیەوە هەموو گرنگی خۆی دەدا بە بواری سەربازی و لەو بوارەدا زۆر هەڵکەوتە بوو.[2]

لە جەنگی بەدردا

هیچ لەو بارەوە نەهاتووە کە خالید بەشدار بووبێت لە جەنگی بەدردا، تەنها ئەوە هاتووە دوای جەنگەکە چووە بۆ ئازادکردنی وەلیدی برای، کاتێك وەلید لە جەنگی بەدردا بەدیل گیرا، خالید و هیشامی برای هاتن و بە پارە ئازادیان کرد.[3]

لە جەنگی ئوحوددا

لە جەنگی ئوحوددا یەکەم هەنگاوی دژایەتی خالید دژ بە موسڵمانان دەرکەوت، تیایدا خالید سەرکردایەتی سوارەی بێباوەڕانی دەکرد کە نزیکەی سەد سوارە بوون،[4] ئەمانە بەرەی راستی سوپاکە بوون، لە بەرەی چەپیشەوە سەد سوارەی تر

1 - الأغاني لأبي الفرج الأصبهاني، ج16، ص 208.
2 - أسد الغابة، ج2، ص 135.
3 - أسد الغابة، ج5، ص 471.
4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 13.

هەبوون کە عیکریمەی کوڕی ئەبوو جەهل سەرکردایەتی دەکرد،[1] کاتێك تیرهاوێژەکانی موسڵمانان کێوەکەیان چۆڵکرد، خالید تەماشای کرد ژمارەیەکی زۆر کەم ماونەتەوە، بۆیە لە پشتەوە هات بۆیان و ئەوانەی کوشت و هێرشی هێنا بۆ موسڵمانان، کاتێك بێباوەران بینییان وا خالید لە پشتووە کەوتوەتە وێزەی موسڵمانان گەڕانەوە، بەوە موسڵمانان کەوتنە نێوان دوو بەرەی جەنگی بێباوەرانەوە، ئەم هەڵوێستەی خالید شکستی بێباوەڕانی لە ئوحوددا گۆڕی بۆ سەرکەوتن.[2]

لە جەنگی خەندەقدا

لە جەنگی خەندەقیشدا دووبارە خالید سەرکردایەتی سوارەی بێباوەڕانی دەکرد، هەرجارەو بەشێك لە سوپای بێباوەران هەنگاویان دەنا بۆ هێرش بردن، رۆژێك ئەبووسوفیان هێرشی دەبرد و رۆژێك خالیدی کوڕی وەلید و رۆژێك عەمری کوڕی عاص، زیاتریش پشتیان دەبەست بە تیرهاوێژەکانیان تا تیر بهاوێژن بۆ ئەوبەر خەندەقەکە،[3] رۆژێك لەو کەلەبەرەوە کە پەیدایان کردبوو دەستەیەکی سوپاکە بە سەرکردایەتی خالید هێرشیان هێنا بەرەو لای پێغەمبەر (ﷺ) و جەنگێکی سەختی لێکەوتەوەو تیایدا پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و ئێوارەو عیشایان نەکرد تا سوپای دوژمنیان شکاند، بەڵام خالید هەر وازی نەدەهێناو جارێکی تر بە بەشێك سوپاوە هەڵیکوتایە سەر دەستەیەکی موسڵمانان و ماوەیەك جەنگ لەنێوانیاندا روویدا و بێباوەران هەمدی شکان، ئینجا پێغەمبەر

1 - نفس المصدر، ج4، ص 15.

2 - الكامل في التاريخ، ج2، ص 48.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 67.

(ﷺ) فەرمانی کرد بە بیلال تا بانگ بدات و دەستی کرد بە نوێژی نیوەڕۆ و دوای ئەوە نوێژی عەسر و نوێژەکانی تریشی کرد.[1]

لە جەنگی خەندەقدا خالید ئەنەسی کوڕی ئەوسی کوڕی عەتیکی کوشت کە لە موسڵمانان بوو.[2]

لەو هێرشەشدا کە پێغەمبەر (ﷺ) بردی بۆ سەر بەنی لیحیان، کاتێك گەیشتە ناوچەی عوسفان، خالید لەوێ بە سوپایەکی سوارەوە دووبارە هاتەوە بەردەم موسڵمانان.[3]

لە رێککەوتنی حودەیبیەدا

لە رێککەوتنی حودەیبیەدا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بچێت بۆ عومرە و قورەیش بەوەیان زانی، بڕیاریان دا رێ بگرن لە چوونی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوێ، ئەوەبوو سوپایەکی سوارەیان نارد بۆ ناوچەی کوراعولغەمیم کە خالیدی کوڕی وەلید سەرکردەی سوپاکە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری دا رێڕەوی رۆیشتنەکە بگۆڕێت بۆ لای راست تا تووشی جەنگ نەبن، چونکە ئەوان بە نیازی جەنگ نەهاتبوون،[4] واتە تا ئەو کاتەش خالید ئامادەی هەر هەنگاوێکی دژایەتیکردنی بانگەوازی ئیسلامی بوو.

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 69.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 70.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 18.

4 - صحيح البخاري، الرقم 2601، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18525، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16840.

لە عومرەی دوای رێککەوتنی حودەیبییەدا کە موسڵمانان چوون بۆ عومرە، هێشتا خالید نەیار و دوژمنی سەرسەختی ئیسلام و موسڵمانان بوو، چاوی بەوە هەڵنەدەهات پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان ببینێت دێنە ناو مەککە، بۆیە لە مەککە چوویە دەرەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ بە وەلیدی برای خالیدی فەرموو (خالید هی ئەوە نیە خۆی بێئاگا بکات لە ئیسلام، ئەگەریش ئەو بەهێزی و توانایەی لەگەڵ موسڵمانان دژ بە بێباوەڕان بەکاربهێنایە باشتر بوو بۆی، بە دڵنیاییشەوە پێش خەڵکی ترمان دەخست)، وەلیدیش ئەو هەواڵەی دا بە خالید، خالید کە ئەمەی بیست قسەکە کاری تێکرد و بوویە هۆکاری موسڵمان بوون و کۆچکردنی بەرەو مەدینە.[1]

### موسڵمان بوونی خالید

سەبارەت بە کاتی موسڵمانبوونی خالید چەند رایەك هاتووە، رایەك دەڵێت: دوای حودەیبیە بووە، رایەکی تر دەڵێت: پێش فەتحی خەیبەر بووە، رایەك دەڵێت لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا موسڵمان بووە،[2] بەڵام ئەم رایە دروست نیە چونکە خالید لە رێککەوتنی حودەیبیەو لە عومرەی دوای حودەیبیەشدا هەر بێباوەڕ بووە.

بەڵام ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ) لە عومرەی پاش حودەیبیە کاری تێکرد و خالید بڕیاریدا موسڵمان بێت، بۆیە لەو بارەوە عوثمانی کوڕی طەلحەی دواند و هەردووکیان رێککەوتن کۆچ بکەن بۆ مەدینە، ئەوەبوو بەری بەیان هەردووکیان دەچوون بەرەو مەدینە، لە رێدا گەیشتن بە عەمری کوڕی عاص،[3] عەمر

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 394.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 135.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 252.

وتی ئەی ئەبوو سولەیمان بەرەو کوێ دەچیت؟ خالدیش وتی بەخوا موحەممەد پێغەمبەری خوایەو دەچم تا موسڵمان بم، تا کەی ئیتر؟ عەمریش وتی دەی بەخوا منیش تەنها بۆ ئەوە هاتوم موسڵمان بم، ئەوەبوو چوون تا گەیشتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خالید پێش کەوت و موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا عەمریش نزیك بوویەوەو لەسەر ئەوە بەیعەتی دا کە خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی خۆش بێت، ئینجا عوثمانی کوڕی طەلحەش موسڵمان بوو،[1] پێغەمبەر (ﷺ) دڵخۆش بوو بە موسڵمان بوونیان و ئەوەی بە جەرگبڕانی قوڕەیش چواند.[2]

خالید خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: کاتێك خوای گەورە خێری هێنایە رێم و ئیسلامی خستە دڵمەوە و ژیری پێ بەخشیم، خۆم بە خۆمم دەوت خۆ من چی جەنگی دژ بە موحەممەد هەیە بینیم، چی جاریش چووبم کە گەڕاومەتەوە دەروونم پێی وتوم ئەو کارو شوێنە هی من نیە، موحەممەدیش بەمزوانە سەردەکەوێت، ئەوەبوو کە پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو حودەیبیە هات بە سوارەی بێباوەڕانەوە دەرچووم و لە ناوچەی عوسفان رێم پێگرت، دواتر کە قوڕەیش رێککەوتن لەگەڵی وتم ئیتر بۆ کوێ بچم؟ بۆ لای نەجاشی کە ئەوانەی چوون بۆ لای نەجاشی لەوێ پارێزراون و خۆیشی بوەتە شوێنکەوتەی موحەممەد؟ یان بچم بۆ لای هیرەقل و واز لە ئایینی خۆم بهێنم و ببم بە نەصرانی و جوولەکە و شوێن عەجەم بکەوم، یان وەك ئەو خەڵکەی تر لە ماڵی خۆم بمێنمەوە، ئەوەبوو لە ماڵی خۆم مامەوە تا پێغەمبەر

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17443، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 599.

(ﷺ) بۆ عومرە هاتە مەککەو منیش چوومەدەرەوە، وەلیدی براشم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) هاتبوو بۆ مەککە و بەدوامدا گەڕابوو، بەڵام منی بەدینەکردبوو، بۆیە نامەیەکی بۆ نووسیبووم و تیایدا نووسیبووی (زۆر سەرم سوڕ دەمێنێت چۆن ئیسلام هەڵنابژێریت... پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێکردم کوا خالید؟ منیش وتم خوا بیهێنێت، ئەویش فەرمووی: کەسی وەك ئەو هی ئەوە نیە بێئاگا بێت لە ئیسلام و ئەگەر ئەو بەهێزی و توانایەی لەگەڵ موسڵمانان دژ بە بێباوەڕان بەکاربهێنایە باشتر بوو بۆی و بە دڵنیاییشەوە پێش کەسانی ترمان دەخست) دەی براکەم فریا کەوە چەند دواکەوتووی قەرەبووی بکەرەوە)، خالید دەڵێت: کە نامەکەم خوێندەوە گوڕ و تین گرتمی تا بەرە وئیسلام بچم، ئینجا شەوەکەی خەوم بینی لە ناوچەیەکی وشك و رووتەنی تەنگەڵاندا بووم و چووم بەرەو خاکێکی سەوزایی بەرفراوان، کە چوومە مەدینە باسم کرد بۆ ئەبووبەکر، ئەویش وتی وشکەڵانە تەنگەڵانەکە بێباوەڕیەکەت بوو، سەوزاییە بەرفراوانەکەش موسڵمان بوونەکەتە،...ئینجا کە ویستم بچم بۆ مەدینە صەفوانی کوڕی ئومەییەم بینی و وتم ئەی ئەبوو وەهب وانازایت ئێمە لە هەڵەداین، وا موحەممەد سەرکەوت بەسەر عەرەب و عەجەمدا، با بچین بۆ لای و شوێنی بکەوین، گەورەیی ئەو بۆ ئێمەشە، بەڵام ئەو زۆر بە سەختی بەرپەرچی دامەوەو وتی ئەگەر تەنها من مابم شوێنی بکەوم شوێنی ناکەوم، منیش جێمهێشت و وتم ئەم کابرایە لە بەدردا براکەی کوژراوە، بۆیە وایە، ئینجا رێم کەوتە عیکریمەی کوڕی ئەبوو جەهل و چیم بە صەفوان وتبوو بەویشم وت، ئەویش هەمان وەڵامی صەفوانی پێ وتم، منیش وتم دەی ئەم قسانەم لای کەس باس مەکە، چوومەوە ماڵەوەو فەرمانم کرد سوارەکەم ئامادە کرا و دەرچووم تا گەیشتم بە عوثمانی کوڕی طەلحە، وتم ئەمەیان هاوڕێمە، مەسەلەکەم بۆ باس کرد و ئەویش ئامادەبوو بێت، وتم

ئەم ئێوارە دەمەوێت دەربچم، ئەوەبوو بۆ بەرەبەیان چووین، ... لە رێدا عەمری کوڕی عاصمان بینی، ئەویش هاتبوو تا موسڵمان بێت، ئەوەبوو لە مانگی صەفەری ساڵی هەشتی کۆچیدا گەیشتینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

خالید دەڵێت: کە چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتم ئە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ دەزانیت من لە چەند جەنگ و هەڵوێستدا دژایەتیم کردویت، بۆیە لە خوا داوا بکە لەوانەم خۆش بێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئیسلام ئەوەی پێش خۆی دەسرێتەوە)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر ئەوە بەڵێنم پێبدە کە ئەو نزایەم بۆ بکەیت، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (اللهم اغفر لخالد بن الوليد كل ما أوضع فيه من صد عن سبيلك)،[2] (خوایە لەهەموو ئەو رێگریانەی خالید خۆش بە کە خستیە بەردەم رێ و بانگەوازەکەت).

ئیتر لەو ساتە بەدواوە خالید لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بوو و دەیویست قەرەبووی دژایەتی پێشووی ئیسلام بە خزمەتکردنی ئیسلام بکاتەوەو ئەوەشی بەجێگەیاند.

پێغەمبەر (ﷺ) لە نزیك ماڵی خۆیەوە زەویەکی دانا بۆ خالید تا لێوەی نزیك بێت، ئەوەبوو کاتێك حارثەی کوڕی نوعمان پارچە زەویەکی بە میرات بۆ مایەوە، بەخشی بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش دابەشی کرد بە سەر چەند هاوەڵێکیدا، یەکێك لەوانە خالید بوو.[3]

---

1 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 474-476، البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 238-239.

2 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1682، البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 240.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 253.

## خالید لە جەنگی موئتەدا

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) حارثی کوڕی عومەیری ئەزدی وەك نێردراو نارد بۆ لای پاشای بوصرا تا بانگی بکات بۆ ئیسلام، لە موئتەدا شەهید کرا، شورەحبیلی کوڕی عەمری غەسانی ڕێی پێ گرت و بەستیەوەو دای لە گەردنی و کوشتی، کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەو هەواڵەی پێ گەیشت سوپای نارد بەرەو موئتە.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی بە سەرکردایەتی زەیدی کوڕی حارثە ئامادەکرد کە نزیکەی سێ هەزار سەربازی لەبەردەستدا بوو، ئەمەش لە مانگی جەمادیلئوولای ساڵی هەشتەمی کۆچیدا بوو، ئینجا فەرمانی کرد ئەگەر زەید کوژرا با جەعفەری کوڕی ئەبوو طالیب ببێتە ئەمیر، ئەگەر ئەویش کوژرا با عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە ببێتە ئەمیر، ئەگەریش عەبدوڵا کوژرا، ئەوە با موسڵمانان لەنێو خۆیاندا کەسێك دیاری بکەن.[2]

کاتێك سوپاکە لەگەڵ دوژمندا جەنگان هەریەك لەو سێ هاوەڵە سەرکردەیە شەهید بوون،[3] پاش ئەوەی ئیبن ڕەواحە شەهید بوو خێرا ثابتی کوڕی ئەقرەم ئاڵاکەی گرت و نەیهێشت بکەوێتە زەوی و ئاڵاکەی دایە دەست خالیدی کوڕی وەلید.[4]

بەمجۆرە دەبینین خالید هێشتا دوو مانگ بوو هاتبوویە مەدینەو موسڵمان بووبوو، خێرا چوو بەشداری کرد لە جەنگێکدا دژ بە ڕۆمەکان کە گەورە زلهێزی

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 343.

2 - البداية والنهاية، ج4، ص 241.

3 - البداية والنهاية، ج4، ص 245.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 383.

ئەوکات بوون، چونکە خالید لە مانگی صەفەردا گەیشتە مەدینەو لە مانگی جەمادیلئوولادا چوو بۆ جەنگی موئتە.

کاتێك لە غەزای موئتەدا ثابت ئاڵاکەی هەڵگرتەوە هاواری دەکرد ئەی پشتیوانان، پاشان وتی ئەی موسڵمانان لەسەر کەسێك رێککەون، ئەوانیش وتیان تۆ، ئەویش وتی نا من نایکەم، ئەوەبوو لەسەر خالیدی کوڕی وەلید رێککەوتن،[1] ئینجا سەیری خالیدی کوڕی وەلیدی کرد و وتی ئەی ئەبوو سولەیمان ئاڵاکە بگرە، ئەویش وتی من هەڵیناگرم تۆ شیاوتریت چونکە تەمەنت زیاترە و لە بەدریشدا بەشدار بویت، ثابت وتی ئەی پیاو ئاڵاکە بگرە، سوێند بەخوا ئەم ئاڵایەم بە نیازی تۆ هەڵگرتووە، ئینجا هاواری کرد ئەی موسڵمانان رازین لەسەر خالید، هەموو وتیان بەڵێ.[2]

ئەوکات پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە مەدینە بوو، لەسەر مینبەر وتاری دەدا بۆ هاوەڵان، هەواڵی سوپای موسڵمانانی دەدا بە هاوەڵان و دەیفەرموو:( هەواڵی ئەو سوپا غەزاکارەتان پێبدەم؟) هەواڵی پێدان کە هەریەك لەو سێ سەرکردەی یەکەم شەهید بون، دواتر فەرمووی: (پاشان خالیدی کوڕی وەلید ئاڵاکەی گرتەدەست، ئەو یەکێك نەبوو لە ئەمیرە دەستنیشان کراوەکان، بەڵکو خۆی ئەمیرایەتی گرتەدەست...خوایە ئەو –خالید– شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خۆت، خوایە لەسەر دەستی سەرکەوتن ببەخشی)، لەو رۆژەوە خالید ناوی نرا شمشمێری خوا (سیف الله).[3]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 245.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 253.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7157، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7976، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21950، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 36286، صححه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في أحكام الجنائز(33/1).

خالید کە سەرکردایەتی سوپای گرتەدەست یەکەمجار سوپای موسڵمانانی لەدەست بێباوەڕە ڕۆم و عەرەبە بەکرێگیراوەکان ڕزگار کرد و پاشەکشەی کرد پێیان، بۆ بەری بەیان خالید دەستکاری ڕێکخستنی سوپاکەی کرد، لای ڕاست و چەپ و پێش و دواوەی سوپاکەی گۆڕی، بەوە ڕۆمەکان وایانزانی موسڵمانان سوپای هاوکارییان بۆ هاتووە،[1] بۆیە لەسەر دەستی موسڵمانان شکستێکی سەختیان تووش بوو.[2]

خالید خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەو ڕۆژەدا نۆ شمشێر بە دەستمەوە شکان، تەنها شمشێرێکی یەمەنی بەدەستمەوە بەرگەی گرت.[3]

کاتێك سوپاکە بەرەو مەدینە گەڕانەوە، پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانان چوون بۆ پێشوازییان، بەڵام موسڵمانان لەتاو خەفەتی ئەوەی کە بۆچی ئەو هەموو شەهیدەیان هەبووەو سەرنەکەوتون خۆڵیان فڕێ دەدا بەروویاندا و دەیانوت ئەی ڕاکردوان ڕاتانکرد و ڕێی خواتان بەردا؟! پێغەمبەریش (ﷺ) وەڵامی دانەوەو فەرمووی: (لیسوا بالفرار و لكنهم الكرار إن شاء الله)،[4] (ئەوانە ڕاکردوو نین، بەڵکو خوا بیەوێت هێرش دەبەنەوە).

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 248.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 486.

3 - صحيح البخاري، الرقم 4030، صحيح ابن حبان، الرقم 7198، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31979، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3708، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 1423.

4 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1715، تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 491.

## خالید لە فەتحی مەککەدا

کاتێك بەنی بەکر بەرامبەر بە بەڵێنەکەیان ناپاکییان نواند و هێرشیان کردە سەر خوزاعەی هاوپەیمانانی پێغەمبەر (ﷺ)، لەوەشدا قورەیشیەکان هاوکار و پشتیوانیان بوون، ئەمەش بوو بە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنەکەی حودەیبیە، پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر مەککە و فەتحی بکات.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد ئامادە بن و بە خەڵکەکەشی راگەیاند کە نیازی هەیە بەرەو مەککە بچێت، نزیکەی دوانزە هەزار هاوەڵی کۆچەری و پشتیوانی و هاوەڵانی تر ئامادە بوون،[2] کاتێك لە نزیك مەککە مانەوەو ئەبوو سوفیان چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و لەوێ موسڵمان بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی هێزی موسڵمانانی نیشان بدات، بۆیە عەبباسی راسپارد تا لە دەروازەیەکەوە ئەبووسوفیان بوەستێنێت تا سوپاکە بەلایدا بڕوات و بیبینێت، پێغەمبەر (ﷺ) سوپای سوارەی بۆ دوو دەستە دابەش کردبوو، بەشێکی لەگەڵ زوبەیری کوڕی عەووام بوون کە هاتن و ئەبووسوفیان سوپاکەی بینی، بەدوایدا بەشی دووەم هات کە سەرکردەکەی خالیدی کوڕی وەلید بوو و تێپەڕ بوون، ئەبووسوفیان وا شڵەژا بوو وتی ئەی عەبباس ئەمە پێغەمبەری خوایە(ﷺ)؟ وتی نا ئەوە خالیدی کوڕی وەلیدە.[3]

---

1 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 520-522.
2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 525 و 529.
3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 532.

فەتحی مەککە یەکەم غەزا بوو کە تیایدا خالید لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزا بکات و پێشتر لە هیچ غەزایەکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نەبوو، چونکە ئەوکات بێباوەڕ بوو.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) خالیدی کوڕی وەلیدی کردبوو بە بەرپرسی ئەو یەکەی کە هۆزەکانی ئەسلەم و قوضاعە و بەنی سولەیم و کەسانێکی تریشی لەخۆدەگرت و فەرمانی پێکردبوو لە خوارووی مەککەوە بچنە ناو مەککەوە کە بەنو بەکر لەوێوە بوون، پێغەمبەر (ﷺ) هەم بۆ خالید و هەم بۆ زوبەیریش فەرمانی کردبوو لەگەڵ کەس مەجەنگن تا ئەوان نەجەنگن، کاتێك خالید لەو بەرەیەوە چوو بەرەو ناو مەککە، بەنی بەکر بەرنگاری بوونەوە، بۆیە خالید جەنگی کرد لەگەڵیاندا و تووشی شکستی کردن و چوویە ناو مەککەوە،[2] بەڵام ئیبن کەثیر دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد خالید لە سەرووی مەککەوە بچێتە ناو مەککەو خۆی لە خوارووی مەککەوە چوویە ناوەوە،[3] بەڵام بەپێی ئەو فەرموودانەی لە صەحیحی بوخاریدا هاتون وا هاتووە(پێغەمبەر (ﷺ) رۆژی فەتح لە سەرووی مەککەوە بەسەر وڵاخەکەیەوە هات بەرەو مەککە)،[4] پێغەمبەر (ﷺ) کە بیستی جەنگ روویداوە فەرمووی: (مەگەر دوورەپەرێزیم نەکردبوو لە جەنگ کردن؟) هاوەڵان وتیا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەنگەکە لەبەرەی خالیدەوە بوو، جەنگیان بەرامبەر کرد،

1 - أسد الغابة، ج2، ص 136.

2 - تاريخ الطبري، ج2، ص 158.

3 - البداية والنهاية، ج4، ص 294.

4 - صحيح البخاري، الرقم 4050، صحيح مسلم، الرقم 2280.

ئەویش بەرامبەریان جەنگا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (قەزای خوا چاکترە) واتە قەزای خوا بووە رووبدات.[1]

لەناوبردنی بتی عوززا

لە بیست و چواری رەمەزانی ساڵی هەشتەمی کۆچی و پاش فەتحی مەککە، پێغەمبەر (ﷺ) خالیدی کوڕی وەلیدی نارد تا بتی عوززا لەناوبەرێت، لەگەڵیشیدا سی سوارە هەبوون، کە خالید و دەستەکەی گەیشتنە لای بتەکە، لەناویان برد و دواتر گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و خالید هەواڵی پێدا کە ئەرکەکەی بەجێگەیاندووە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (ئایا هیچت بینی؟) خالید وتی نا، فەرمووی: دەی لەناوت نەبردووە، بگەڕێرەوە بۆی و لەناوی بەرە، خالیدیش گەڕایەوە بۆی و شمشێرەکەی هەڵکردبوو، ئافرەتێکی رووتی رەشی قژ پژ بەرەو رووی هات، خالید لێیدا و کردی بە دوو لەتەوە، ئینجا گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باس کرد، ئەویش فەرمووی: (بەڵێ، ئەو ئافرەتە عوززا بوو و بێهیوا بوو لەوەی هەتا هەتایە لە وڵاتەکەتاندا بپەرسترێت).[2]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە خالید هاتەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بگەڕێرەوە هیچت نەکردووە)، کە خالید گەرایەوە دەبینێت خزمەتکارەکانی پەرستگا هاواریان لێدەکرد ئەی عوززا، ئەی عوززا، خالید کە چوو بۆی دەبینێت

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 136.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 145.

ژنێکی رووتی قژ پژە، خۆڵی دەکرد بەسەری خۆیدا، خالیدش کوشتی و گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش فەرمووی: (ئەوە عوززایە).[1]

چوونی بۆ بەنی جەذیمە

ئینجا کە خالید لەو کارەی تەواو بوو، لە مانگی شەووالدا واتە دوای رەمەزان، پێغەمبەر (ﷺ) خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ لای بەنی جذیمە تا بانگیان بکات بۆ ئیسلام نەوەك بۆ ئەوەی لەگەڵیان بجەنگێت، هاودەم بەوەش سێ سەد و پەنجا هاوەڵی لە کۆچەران و پشتیوانان و بەنی سولەیم لەگەڵیدا نارد، بەڵام خالید کوشتارێکی کرد لێیان.[2]

هۆکاری رووداوەکە بە دوو گێڕانەوە هاتووە کە بریتین لە:

یەکەم: خالید کە چوویە ئەویٚ وتی ئێوە کێن؟ وتیان موسڵمان بووین و نوێژ دەکەین و زەکات دەدەین بە موحەممەد و مزگەوتمان دروست کردووە و بانگی تێدا دەدەین، خالید وتی ئەی ئەو چەکانە چیە پێتان؟ وتیان لەگەڵ هۆزێکی عەرەبی دوژمنایەتیمان هەیە ترساین ئێوە ئەوان بن، خالید وتی دەی چەکەکانتان دابنێن، ئەوانیش چەکیان دانا، خالید وتی بەدیلیان بگرن، ئەوەبوو بەدیل گیران، بۆ بەری بەیان خالید وتی کێ دیلی لایە با بە شمشێر تێی بکەوێت، ئەوەبوو بەنی سولەیم چی دیلیان لابوو کوشتیان، بەڵام کۆچەری و پشتیوانەکان دیلەکانیان ئازاد کردن،

---

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 11097، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 866، قال حسين سليم أسد إسناده صحيح.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 147-148.

کە ئەمە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (اللهم انی أبرأ الیك مما صنع خالد)، خوایە من لەبەردەم تۆدا خۆ دوور دەگرم لەو کارەی خالید کردی، ئینجا عەلی کوڕی ئەبوو طالیبی نارد تا خوێن بابیان بدات.[1]

دووەم: کاتێك خالید چوویە ئەویَ و بانگی کردن بۆ ئیسلام، ئەوان بە باشی نەیاندەزانی بڵێن (أسلمنا) موسڵمان بووین، بەڵکو دەیانوت (صبأنا، صبأنا)، واتە لە دین هەڵگەڕاینەوە، لە دین هەڵگەڕاینەوە، خالیدیش وایزانی بێباوەڕی خۆیان رادەگەیەنن، بۆیە کەوتە کوشتن و گرتنیان، دیلەکان لەناو هاوەڵاندا دابەش بوون، تا بۆ بەیانی خالید فەرمانی کرد هەرکەسەو دیلەکەی بکوژێت، ئەوەبوو هەندێ لە هاوەڵان دیلەکانی خۆیان نەکوشتن تا چوونە لای پێغەمبەر (ﷺ) و مەسەلەکەیان بۆ باسکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی: (اللهم إني أبرأ إليك مما صنع خالد)، (ﷺ)، دوو جار ئەوەی فەرموو.[2]

ئەگەر بە دیدێکی زانستی تەماشا بکەین بۆمان دەردەکەوێت گێڕانەوەی دووەم دروستە، لەبەرئەوەی:

یەکەم: دەبینین گێڕانەوەی یەکەم لە کتێبەکانی فەرموودەدا نەهاتووە، بەڵام گێڕانەوەی دووەم لە چەندین کتێبی فەرموودەدا هاتووە بە تایبەت لە صەحیحی بوخاریدا.

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 147- 148.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4093، صحيح ابن حبان، الرقم 4822، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5779، مسند احمد بن حنبل، الرقم 6183.

دووەم: خوێن بایی کە دەدرێت بۆ کوشتنی هەڵەیە، ئەگینا کوشتنی ئەنقەست بە خوێن بایی چارەسەر ناکرێت.

سێیەم: ئەگەر کوشتنی ناحەق و ئەنقەست بوایە ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) تۆڵەی لێدەسەندەوە، بۆیە ئەوە تۆمەتێکە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کە ئامادە نەبووە نزیکانی خۆی بخاتە بەر دادگای شەریعەت، ئەوەش دوورە لە شکۆی پێغەمبەری خواوە (ﷺ).

چوارەم: ئەوە ئیجتیهادێکی هەڵەی خالید بووە کە وایزانیوە بەو چەمکە لە ئیسلام دەستبەردار دەبن، بەوەش گوڕ و تین گرتوویەتی و کەوتووەتە کوشتنیان و دانەنیشتووە وردەکارییان لێبکاتو بلێت مەبەستتان لەو قسەیە چیە؟

هەڵوێستی پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەر بە خالید و کارەکەی:

یەکەم: پێغەمبەر (ﷺ) ناڕەوایی ئەو کارەی خالیدی ڕاگەیاند و لای خوا دوورگرتنی خۆی لەو کارە نیشاندا.

دووەم: پێغەمبەر (ﷺ) نەك خالیدی لەسەر ئەو کارەی نەکوشت، تەنانەت لە پۆستەکەشی لاینەبرد و دوای ئەوە چەند بەرپرسیارێتی تری پێ ڕاسپارد، چونکە ئەوەی خالید ئەنقەست نەبوو و ئیجتیهادێکی هەڵە بوو، ناشکرێت لەبەر هەڵەیەك ئەزموون و توانایەکی بەهێز پەك بخرێت، بەڵکو لەلایەکەوە دەبێت هەڵەکەی چارەسەر بکرێت، لەلایەکی ترەوە ئاگادار بکرێتەوە لەو هەڵەی و هەر هەڵەیەکی تری چاوەڕوانکراو.

سێیەم: پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبوو طالیبی بانگ کرد و رایسپارد تا خوێن بایی تەواوی ئەو هۆزە بدات و هەموو بارێکی سەردەمی نەفامی بخاتە ژێر پێی، عەلی چوو بۆ ئەویّ و هەرچی خوێن باییەك هەبوو پێی دانەوە، دواتر چی زیانی دارایی هەبوو هەمووی بۆ قەرەبوو کردنەوە، تەنانەت ئەگەر قاپی بەردەم سەگەکەشیان شکابوایە ئەوەشی بۆ قەرەبوو کردنەوە، دواتر کە تەواو بوو بڕێك سامان مایەوە، عەلی وتی ئەو زیادەش بۆ ئێوە با ئەگەر شتێك ئێمە نەیزانین و ئێوە بیزانن بەوە قەرەبوو بێتەوە، ئینجا گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵی پێدا کە چی کردووە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (چاکت کردو پێکات).[1]

### خالید لە غەزای حونەیندا

لە غەزای حونەیندا پێغەمبەری خوا (ﷺ) خالیدی کرد بە بەرپرسی بەنی سولەیم، بەڵام بێبباوەران لە هەموو لاوە هێرشیان بردە سەر بەنی سولەیم و تووشی شکستیان کردن و بەنی سولەیم رایانکردو خەڵکێکی مەککەش کە لەگەڵیان هاتبوون رایانکرد،[2] بەڵام دواتر موسڵمانان گەڕانەوەو هەڵیانکوتایە سەر دوژمن و سەرکەوتن.[3]

1 - السيرة النبوية لابن هشام، ج5، ص 96.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 151.
3 - البداية و النهاية لابن كثير،ج4، ص 325-328.

### خالید لە غەزای طائیفدا

ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) لە حونەینەوە ویستی رووەو طائیف بڕوات، بۆیە خالیدی کرد بە پێشڕەوی سوپاکە تا پێشتر بڕوات،[1] لە رێدا خالید لەگەڵ بێباوەڕاندا جەنگا و تیایدا ئافرەتێکیشی کوشت، کە دواتر پێغەمبەر (ﷺ) بەوێدا تێپەڕ بوو و ئەو ئافرەتە کوژراوەی بینی فەرمووی: نەدەبوو ئەوە بکوژرایە، ئینجا بە یەکێکی فەرموو خۆت بگەیەنە بە خالید و پێی بڵێ با ژن و کرێگرتە-کۆیلەی ناچار هێنراو- نەکوژێت.[2]

### لەناوبردنی بتی لات

کاتێك وەفدی ثەقیف هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کە نزیکەی سیانزە کەسێك زیاتر دەبوون، دوای قسەکانیان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردن بتی لات لەناوبەرن، بەڵام ئەوان وتیان ئێمە زاتی ئەوەمان نیەو دەترسین سزامان بدات، بۆیە تۆ خۆت ئەو بتە لەناوبەرە، پێغەمبەر (ﷺ) دەستەیەکی ئامادە کرد و خالیدی کوڕی وەلیدی کردە بەرپرسیان، لەنێویشیاندا موغیرەی کوڕی شوعبە هەبوو، کە چوونە ئەوێ بتەکەیان لەناوبرد و گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[3]

### خالید لە کێشەی بەنیلموصطەلەقدا

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەلیدی کوڕی عوقبەی نارد بۆ لای بەنی موصطەلەق تا زەکاتیان لێ کۆبکاتەوە، کە چوو بۆ ئەوێ، ئەوانیش بەرەو لای هاتن، وەلید ترساو وایزانی هاتون تا لەگەڵی بجەنگن، بۆیە گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 158.

2 - سنن أبي داود، الرقم 2309، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2669 حسن صحيح.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 34.

وای گەیاند کە ئەوان ئامادە نەبون زەکات بدەن و هاتون تا لەگەڵی بجەنگن، پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاریدا سوپا بنێرێت بۆیان،[1] بۆیە خالیدی کوڕی وەلیدی نارد و فەرمانی پێکرد پەلە نەکات و وردەکاری بکات، خالیدیش کەوتەڕێ، کە گەیشتە ئەوێ شەو بوو، هەواڵگری نارد تا هەواڵ بزانن، ئەوانیش کە هاتنەوە وتیان خەڵکەکە وابەستەی ئیسلامن و بانگیان بیستراوەو نوێژ دەکەن، بۆ بەیانی خالید چوو بۆ لایان و بینی وایە، بۆیە گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵی پێدا کە ئەوان موسڵمانن و هەڵنەگەڕاونەتەوە لە ئیسلام، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاند(یا أیها الذین ءامنوا إن جاءکم فاسق بنبأ فتبینوا...).[2]

لەناوبردنی بتی وەد

بتی وەد ئەو بتە بوو کە هی بەنی کەلب بوو و لە دەومەتەلجەندەل بوو،[3] پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە غەزای تەبووکدا خالیدی کوڕی وەلیدی نارد تا ئەو بتە لەناوبەرێت، بەڵام بەنوعەبدود هاتنەڕێی خالید تا نەهێڵن لەناوی بەرێت، خالیدیش لەگەڵیان جەنگا تا لەناوی بردن، دواتر ئەو بتەی شکاند و شوێنەواری نەهێشت.[4]

هێرشی خالید بۆ ئوکەیدر

پێغەمبەر (ﷺ) خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ ئوکەیدری کوڕی عەبدولمەلیک و وەسفی ئەو کەسەی کرد بۆ خالید، کە خالید گەیشتە لای قەڵاکە مانگەشەو بوو،

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 214.
2 - تفسير ابن كثير، ج4، ص 211.
3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج2، ص 190.
4 - الأصنام لابن الكلبي، ج1، ص 10.

خالید بە وەسفەکەی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کابرای ناسیەوە، ئەوەبوو بەدیل گیراو براکەشی کە ناوی حەسسان بوو رایکرد، بەڵام کوژرا و کڵاوە زێڕپۆشەکەشی نێردرا بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا خالید ئوکەیدری هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەویش خوێنی حەرام کرد و لەسەر پێدانی سەرانە لەگەڵی رێککەوت، ئینجا ئوکەیدر گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی.[1]

چوونی خالید بۆ نەجران

پێغەمبەر (ﷺ) لە ساڵی دەی کۆچیدا خالیدی کوڕی وەلیدی بە چوارسەد کەسەوە نارد بەرەو نەجرانو فەرمانی کرد پێش ئەوەی لەگەڵیان بجەنگێت سێ رۆژ بانگیان بکات بۆ ئیسلام، ئەگەر رازی بوون ئەوا با وەریبگرێت و لەناویاندا بمێنێتەوەو قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوایان فێر بکات، ئەگەر رازی نەبوون ئەوە لەگەڵیاندا بجەنگێت، خالید چوو بۆ ئەوێ و وەفدی نارد تا لە هەموو شوێنێك بانگەواز بکەن بۆ ئیسلام، خەڵکەکەش چوون بە دەم بانگەوازەکەوەو خالید لەناویاندا مایەوەو قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لەناویاندا بڵاو دەکردەوە، ئینجا خالید نامەی نووسی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)

(بسم الله الرحمن الرحيم لمحمد النبي رسول الله من خالد بن الوليد السلام عليك يا رسول الله ورحمة الله وبركاته، فإني أحمد إليك الله الذي لا إله إلا هو أما بعد يا رسول الله صلى الله عليك بعثتني إلى بني الحارث بن كعب وأمرتني إذا أتيتهم ألا أقاتلهم ثلاثة أيام وأن أدعوهم إلى الإسلام فإن أسلموا قبلت منهم وعلمتهم معالم

---

1 - تاريخ الطبري، ج2، ص 185.

الإسلام وكتاب الله وسنة نبيه وإن لم يسلموا قاتلتهم وإني قدمت عليهم فدعوتهم إلى الإسلام ثلاثة أيام كما أمرني رسول الله وبعثت فيهم ركبانا قالوا يا بني الحارث أسلموا تسلموا فأسلموا ولم يقاتلوا وأنا مقيم بين أظهرهم وآمرهم بما أمرهم الله به وأنهاهم عما نهاهم الله عنه وأعلمهم معالم الإسلام وسنة النبي حتى يكتب إلي رسول الله والسلام عليك يا رسول الله ورحمة الله وبركاته)

(بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بۆ موحەممەدی پێغەمبەری خوا لە خالیدی کوڕی وەلیدەوە، سەلام و رەحمەت و بەرەکەتی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا، سوپاسی خوای تاك و تەنهای بێ هاوەڵ دەکەم، پاشان ئەی پێغەمبەری خوا صەلاتی خوات لێ بێت، جەنابت منت نارد بۆ لای بەنی حارثی کوڕی کەعب و فەرمات پێکردم کە چووم بۆ لایان تا سێ رۆژ لەگەڵیان نەجەنگم و بانگیان بکەم بۆ ئیسلام، ئەگەر موسڵمان بوون لێیان قبووڵ بکەم و رێنماییەکانی ئیسلام و کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەری خوایان فێر بکەم، منیش برێ سوارەم نارد بۆ ناویان و دەیانوت ئەی بەنی حارث موسڵمان بن پارێزراو دەبن، ئەوانیش موسڵمان بوون و نەجەنگان، منیش لەنێویاندا مامەوەو فەرمانی خوام پێدەگەیاندن و رێگریم دەکرد لەوەی خوا رێگری لێکردووەو رێنماییەکانی ئیسلام و کتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەری خوام فێر کردون و چاوەڕێی وەڵامی پێغەمبەری خوام، سەلام و رەحمەت و بەرەکەتی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا).

لە وەڵامدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی نووسی:

(بسم الله الرحمن الرحيم من محمد النبي رسول الله إلى **خالد** بن الوليد سلام عليك فإني أحمد الله إليك الذي لا إله إلا هو أما بعد فإن كتابك جاءني مع رسلك بخبر

أن بني الحارث قد أسلموا قبل أن يقاتلوا وأجابوا إلى ما دعوتهم إليه من الإسلام وشهادة أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأن محمدا عبده ورسوله وأن قد هداهم الله بهداه فبشرهم وأنذرهم وأقبل وليقبل معك وفدهم والسلام عليك ورحمة الله وبركاته).

(بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لە موحەممەدی پێغەمبەری خواوە بۆ خالیدی کوڕی وەلید، سەلامت لێ بێت، سوپاسی خوای تاك و تەنهای بێ هاوەڵ دەکەم، پاشان، نامەکەت لەگەڵ نێردراواننتدا گەیشتە دەستم و هەواڵی بەنی حارثم پێگەیشت کە موسڵمان بون پێش ئەوەی بجەنگن و هاتون بەدەم بانگەوازەکەتەوە کە بانگت کردن بۆ ئیسلام و شایەتییان داوە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تاكو تەنهای بێهاوەڵ و موحەممەدیش بەندەو نێردراوی خوایە، خوا رێنمونی خۆی بەخشیوە پێیان، دەی موژدەیان پێبدەو –بە دۆزەخ– بیانترسێنەو هۆشیاریان بکەرەوە و خۆیشت وەرەوەو با لەگەڵیشتدا وەفدیان بێت، سەلام و رەحمەت و بەرەکەتی خوات لێ بێت).

خالیدیش هاودەم بە وەفدی بەنی حارث هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[1]

چوونی خالید بۆ یەمەن

ئەمجار پێغەمبەر (ﷺ) خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ یەمەن تا بانگەوازیان بکات بۆ ئیسلام، بەڵام ئەوان نەهاتن بە دەم بانگەوازەکەوە، شەش مانگ بەو جۆرە لە هەوڵدا بوو، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبوو تالیبی نارد و فەرمانی کرد

1 - تاريخ الطبري، ج2، ص 195.

خالید بگەڕێتەوەو هەرچیەك لە سوپاکەی خالیدیش ویستی بمێنێتەوە ئەوە با بمێنێتەوە.[1]

دیارە پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەلی نارد بۆ لای خالید تا پێنج یەکی دەستکەوتەکان وەربگرێت، وەك لە فەرموودەی صەحیحی بوخاریدا هاتووەو وا لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:

بورەیدە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ لای خالیدی کوڕی وەلید تا پێنج یەکی دەستکەوت دابەش بکات.[2]

بورەیدە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ لای خالیدی کوڕی وەلید تا پێنج یەکی دەستکەوت دابەش بکات، کە بەیانی بوویەوە عەلی ئاو لەسەری دەچۆڕا، خالید بە بورەیدەی وت دەبینیت (عەلی) چی دەکات یان دەبینیت چی کردووە؟ بورەیدە دەڵێت منیش رقم بوو لە عەلی، کاتێك گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵم پێدا عەلی چی کردووە، ئەویش فەرمووی ئەی بورەیدە ئایا تۆ رقتە لە عەلی؟ وتم بەڵێ، فەرمووی رقت لێی نەبێت.[3]

لە گێڕانەوەکەی ئیمامی بوخاریدا وا هاتووە کە بورەیدە بە خالیدی وت نابینیت چی کردووە؟ جا کە گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەم بۆ باسکرد،

1 - تاريخ الطبري، ج2، ص 197.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4102.

3 - فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 1135، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1175، أسد الغابة، ج1، ص 264.

ئەویش فەرمووی ئەی بورەیدە ئایا رقتە لە عەلی؟ وتم بەڵێ، فەرمووی رقت نەبێت لێی چونکە لە پێنج یەکدا بەشی لەوە زیاتریشی بۆ هەیە).[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بورەیدە دەڵێت هێندە رقم لە عەلی بوو کەسی تر نەبوو هێندە رقم لێی بێت، تەنانەت پیاوێك هەبوو لە مەککە بەس لەبەرئەوە خۆشم دەویست کە رقی بوو لە عەلی، جا لە سوپایەکدا هاودەمی ئەو پیاوەم کرد بەس تەنها لەبەرئەوەی کە رقی بوو لە عەلی، ئەوەبوو بڕێ دەستکەوتمان دەستکەوت، ئەو کەسە هەواڵی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کەسێك بنێرە تا پێنج یەکەکەی دابەش بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) عەلی نارد، لە دیلە ئافرەتیەکاندا ئافرەتێك هەبوو کە لە هەموویان جوانتر بوو، عەلی ئەوەی لە پێنج یەکەکە داناو دابەشی کرد، دواتر هاتەدەر و سەری ئاوی لێدەچۆڕا، وتمان ئەی ئەبولحەسەن ئەوە چیە؟ وتی وەصیفە (ئافرەتەکە) نابینن کە لە کەنیزەکەکان بوو، من دابەشم کرد و بەر پێنج یەکەکە کەوت، دواتر بوو بە بەشی ئالوبەیتی پێغەمبەر (ﷺ) و دواتر بوو بە بەشی بنەماڵەی عەلی و منیش چوومە لای، پیاوە سەرکردەکە نامەی نووسی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و منیش وتم من وەك نێردراو و پشت راست بنێرە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، کە نامەکەم دەخوێندەوەو دەموت راستی نووسیوە، پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی گرتم و نامەکەشی گرتە دەستی و فەرمووی ئایا رقتە لە عەلی؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (دەی رقت لێی نەبێت، ئەگەریش خۆشت دەوێت زیاتر خۆشت بوێت، دە سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە پشکی بنەماڵەی عەلی لە پێنج یەکدا

1 - صحيح البخاري، الرقم 4102.

باشتر و زیاترە لە وەصیفە)، بورەیدە دەڵێت سوێند بەخوا دوای ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کەس نەبوو هێندەی عەلی لام خۆشەویست بێت.[1]

جارێك عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و سکاڵای لە خالید کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) بە خالیدی فەرموو (ئەی خالید بۆچی ئازاری کەسێك لە بەشداربوانی بەدر دەدەیت؟ خۆ ئەگەر هێندەی ئوحود زێڕ ببەخشیت ناگەیتەوە بە کردەوەی ئەودا)، خالیدیش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەر دەنێنە سەرم و قسەم لەرووداد دەکەن، منیش ناچار دەبم وەڵامیان بدەمەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لا تؤذوا خالدا فإنه سيف من سيوف الله صبه الله على الكفار)،[2] (ئازاری خالید مەدەن، چونکە ئەو شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوا کە بەرووی بێباوەڕاندا هەڵیکردووە).

خالید دەڵێت: جارێك لەگەڵ عەمماری کوڕی یاسردا دەمەبۆڵەیەکمان بوو، عەممایش چوو تا لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵام لەسەر بکات، منیش هەر لێی تووڕە دەبووم، پێغەمبەریش (ﷺ) بێدەنگ بوو، ئیتر عەممار دەستی کرد بە گریان و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێت لێیە چیم پێ دەڵێت:؟ پێغەمبەریش (ﷺ) سەری بەرەو رووی من بەرزکردەوەو فەرمووی: (هەرکەس دژایەتی عەممار بکات خوا دژایەتی دەکات و هەرکەسیش رقی لێی بێت خوا رقی لێی دەبێت)، منیش خێرا

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22354، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12113، مشكل الآثار للطحاوي، الرقم 2590.
2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7200، المعجم الصغير للطبراني، الرقم 581، صححه شعيب الأرناؤوط.

دەرچووم و ئیتر لەو ساتەوە هیچ شتێك هێندەی ئەوە لام خۆشەویست نەبوو کە عەممار رازی بکەم، خێرا خۆم گەیاند بە عەممار و رازیم کرد.[1]

رۆژێك خالید لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوو، عەلی کوڕی ئەبوو تالیب بڕێك دەستکەوتی لە یەمەنەوە ناردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) دابەشی کرد لە نێوان چوار کەسدا، ئینجا کابرایەك لەوێ بوو وتی ئێمە لەو کەسانە شیاوتر بووین وەری بگرین، ئەم قسەیە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) و فەرمووی: (ئایا لێم دڵنیانین لە کاتێکدا من ئەمینی ئەوەم کە لە ئاسمانە، بەیانی و ئێوارە هەواڵی ئاسمانم بۆ دێنێ)، کابرایەك لەوێ بوو هەستا و وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەخوا بترسە، ئەویش فەرمووی: (ويلك، أولست أحق أهل الأرض أن يتقي الله)، (قوڕ بەسەر، مەگەر من شیاوترین کەسی سەر زەوی نیم بۆ ئەوەی لە خوا بترسم)، ئینجا کابرا پشتی هەڵکرد و چوو، خالیدی کوڕی وەلید وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) با بدەم لە گەردنی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (نا، لەوانەیە نوێژ بکات)، خالید وتی جا چەند کەس هەیە نوێژ دەکات و ئەوەی بە زمانی دەیڵێت لە دڵیدا نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (إني لم أومر أن أنقب عن قلوب الناس و لا أشق بطونهم)، (من فەرمانم پێ نەکراوە پشکنین بکەم بۆ ناو دڵی خەڵکو سکیان هەڵدڕم)، پاشان فەرمووی: (إنه يخرج من ضئضئ هذا قوم يتلون كتاب الله رطبا، لا يجاوز حناجرهم، يمرقون من الدين كما يمرق السهم من الرمية)،[2] (لە پشت و وەچەی ئەم کابرایەوە خەڵکانێ دێن

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7190، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5657، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7994، مسند احمد بن حنبل، الرقم 16492، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير و زيادته.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4103، صحيح مسلم، الرقم 1827.

کە زۆر بە جوانی و ئاسانی قورئان دەخوێننەوە، بەڵام لە قورگیان تێپەڕ ناکات، وەك چۆن تیر لە کەوان دەردەچێت ئاوا لە دین دەردەچن).

لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ماعیزی کوڕی مالیك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و وتی زینام کردووەو دەبێت پاك بکرێمەوە، پێغەمبەر (ﷺ) جوابی کرد، بۆ بەیانیش هەر وا هاتەوەو هەمان شتی وتەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بۆ لای هۆزەکەی تا بزانن ئایا ماعیز هیچ کێشەی عەقڵی نیە؟ وتیان نا، کە جاری سێیەم ماعیز هاتەوە ڕەجم کرا، ئینجا ئافرەتێکی غامیدی هات و ئەویش وتی زینام کردووەو داوا دەکەم پاکم بکەیتەوە، پێغەمبەر (ﷺ)زۆر هەوڵیدا مەسەلەکە وەلابنرێت، بەڵام ئافرەتەکە هەر دەهاتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی دا تا منداڵەکەی ببێت، دواتر تا شیری پێبدات تا دەکەوێتە نان خواردن، ئافرەتەکە هەر ئەو تەوبەی لەبیر نەکرد و هاتەوە تا ڕەجم بکرێت، ئەوەبوو خرایە ناو چاڵ تا ڕەجم بکرێت، خەڵکی بەردبارانیان کرد، خالیدی کوڕی وەلید بەردێکی بۆ وەشاند و دای لە سەری ژنەکەو خوێنی سەری ژنەکە بەر خالید کەوت، خالید قسەی وت بە ژنەکە، پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوەی بیست فەرمووی: (لەسەرخۆ خالید، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەو ئافرەتە تەوبەیەکی کردووە ئەگەر ئەو کەسەی دەیەك وەك باج وەردەگرێتوەرگر ئەو تەوبەی بکردایە لێخۆشبوونی بۆ دەبوو).[1]

خالید جگە لەوەی موجاهید و سەرکردەیەکی خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بوو، هاوکات نووسەری خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو و نامەی دەنووسی بۆ

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 3294، سنن الدارمي، الرقم 2285، سنن ابي داود، الرقم 3874، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6964، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22336،

پێغەمبەر (ﷺ) و لە کۆتایی نامەکەدا دەینووسی (خالیدی کوڕی وەلید بە فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمەی نووسیەوە).[1]

خالید لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکردا

پاش تەواوبوون لە ئەرکی سوپاکەی ئوسامەی کوڕی زەید، ئەوکات ئەبووبەکری صدیق یانزە لیوای بۆ جەنگی هەڵگەڕاوەکان پێکهێنا، ئینجا لیوایەکی تایبەت کرد بە خالیدی کوڕی وەلید و رایسپارد بچێت بەرەو لای طولەیحەی کوڕی خوەیلید، ئەگەریش لەو ئەرکەی لێبوویەوە ئینجا بڕوات بەرەو لای مالیکی کوڕی نوەیرە.[2]

ئەبووبەکر کاتێك خالیدی کردە بەرپرسی ئەو لیوایە بە خەڵکەکەی وت من بیستوومە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو:(نعم عبدالله و أخوُ العشيرة خالد بن الوليد سيف من سيوف الله سله الله على الكفار و المنافقين)، (خالید بەندەیەکی چاکی خوا و پیاوماقوولێکی ناو هۆزە، شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوا کە هەڵکێردووە بەڕووی بێباوەڕان و دووڕوواندا)، ئینجا خالید کەوتەڕێ و ئەبووبەکر ماڵئاوایی لێکرد و بەڵێنی پێدا لە ناوچەی خەیبەر لەگەڵ سەرکردەکانی تر پێیدەگاتەوە، ئەم پلانەش بۆ ئەوەبوو دوژمن بترسێت.[3]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 344.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 315.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 317.

لەناوبردنی فیتنەی طولەیحەی ئەسەدی

خالید بە سوپاکەیەوە چوو بەرەو لای طولەیحە کە خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردبوویەوە.[1]

خالید کە نزیك بوویەوە لە بەنی طەیئ، عەددی کوڕی حاتەم هات بۆ لای و وتی سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدە، چونکە ئەو خەڵکە دەترسن ئەگەر شوێن تۆ بکەون طولەیحە نێردراوەکەیان بکوژێت، خالیدیش مۆڵەتی دا، سێ ڕۆژەکە تەواو بوو، ئینجا عەددی بە پێنج سەد جەنگاوەرەوە هاتە لای خالید، دواتر خالید چوو بەرەو لای بەنی جدیلە، ئەویش وتی ئەی خالید چەند ڕۆژێك مۆڵەتم بدە بەڵکو خوا ئەمانیش وەك طەیئ ڕزگار بکات، موسڵمانەکانی ئەوێش دایانە پاڵ سوپاکەی خالید کە نزیکەی هەزار سوارەیان هەبوو، ئینجا لەوێوە خالید چوو تا گەیشتە ناوچەی بەئجەئو سەلما و لەوێ سوپاکەی ڕێکخست و لەوێ لە ناوچەیەك کە پێی دەوترێت بزاخە لەگەڵ طولەیحەدا پێکگەیشت،[2] جەنگ لەنێوانیاندا ڕوویدا، لە کاتی جەنگەکەدا طولەیحە وایگەیاندبوو کە جوبرەئیل دێت بۆ لای و پەیامی بۆ دێنێت، عویەینە ساتێك لە جەنگەکەدا بوو و ساتێکیش دەچوویەوە بۆ لای طولەیحەو دەیوت جوبرەئیل هات بۆ لات؟ دواتر کە زانی ڕاست ناکات پاشەکشەی کرد بە سوپاکەی، ئیتر سوپاکەی طولەیحە کەوتنە پەرت بوون، طولەیحەش خێرا ژنەکەی خۆی سوار کرد و ڕایکرد و بە سوپاکەی وت کامتان دەتوانن خۆتان و ژنتان ڕزگار بکەن، بەوە سوپای طولەیحە شکا، ئینجا هۆزەکانی لای طولەیحە خۆیان دا بەدەستەوەو وتیان

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 317.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 317.

دەگەڕێینەوە ناو ئیسلام و رازین بە هەموو حوکمێکی ئیسلام، خالیدیش نامەی نووسی بۆ ئەبووبەکر و هەواڵەکەی پێدا، ئەبووبەکریش وەڵامی دایەوەو فەرمانی پێکرد لەخواترسی لە کردارەکانیدا زیاتر بکات و فەرمانیشی پێکرد کامیان پێشتر کوشتاری موسڵمانانی کردووە تۆڵەی لێ بکاتەوەو هەرکەسیش سنووری خوای بەزاندووە بەو جۆرەی خالید خۆی بە بەرژەوەندی بزانێت بڕیار بدات بە کوشتن یان مانەوەیان، خالیدیش ماوەی مانگێك لەوێ مایەوەو کێشەکانی ئەوێی چارەسەر دەکرد چ لە گێڕانەوەی مافی ستەم لێکراوان و چ لە سزادانی تاوانباران، تەنانەت ئەوەی موسڵمانانی سووتاندبوو خالید سووتاندیەوە، ئەوەی لە شاخەوە موسڵمانانی دەخستە خوارەوە خالید وای پێکردەوە.[1]

لەناوبردنی مالیکی کوڕی نوەیرە

پاش ئەوە خالید چوو بەرەو لای مالیکی کوڕی نوەیرە، چونکە مالیکی کوڕی نوەیرە پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئیسلام هەڵگەڕابوویەوە، ئەوەبوو کاتێك خالید چوو بۆ ئەوێ قسەی لەگەڵدا کرد.

ئیتر لێرەوە راجیاییەکان پەیدا دەبن سەبارەت بە هەڵوێستی مالیك:

مالیك بە خالیدی وت سەبارەت بە نوێژ ئامادەم نوێژ بکەم، بەڵام سەبارەت بە زەکات ئامادە نیم زەکات بدەم.[2]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 318 – 319.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 33.

ئەمە هەڵوێستی پێشووتریشی بوو، ئەوەبوو کاتێك هۆزەکەی زەکاتیان کۆکردەوە تا بینێرن، مالیکی کوڕی نوەیرە ڕێی نەدا و هەر لەناو خۆیاندا دابەشی کرد.[1]

مالیکی کوڕی نوەیرە پەیوەندی بە سەجاحی ژنە شاعیرەوە هەبوو کە بانگەوازی پێغەمبەرایەتی کردبوو و بڕیاری دابوو بە شوێنکەوتەکانیەوە هێرش بباتە سەر مەدینە، مالیکیش چوو بەدەم بانگەوازەکەی سەجاحەوە، بەڵام کاتێك سەجاح پەیوەندی کرد بە موسەیلەمەی درۆزنەوە ئیتر مالیك پەشیمان بوویەوەو چوو بۆ ناوچەیەك کە پێی دەوترا بطاح، خالیدیش بڕیاری دا بچێت بۆ ئەوێ، بەڵام سوپای پشتیوانان کە لەگەڵ خالید بوون وتیان ئێمە نایەین و تەنها ئەوە دەکەین کە ئەبووبەکر فەرمانی پێداوین، خالیدیش لە وەڵامدا وتی ئەم کارە هەر دەبێت بکرێت و دەرفەتێکە دەبێت بە هەند وەربگیرێت، ئێستاش هیچ نامەیەکم لەو بارەوە بۆ نەهاتووە، من ئەمیرم و فەرمانەکانم بەدەستە، بەڵام ناچاریشتان ناکەم بێن لەگەڵم، وا من دەچم بەرەو بطاح، ماوەی دوو ڕۆژ ڕێی بڕی، ئینجا پشتیوانان ڕایان لەسەر ئەوە کۆك بوو کە دەبێت لەگەڵ خالید بچن چونکە ئەو ئەمیرە، خێرا نێردراویان نارد تا بە خالید بڵێت چاوەڕێیان بکات تا خۆیان دەگەیەننەوە پێی، ئەوەبوو خۆیان گەیاندەوە بە خالید.[2]

خالید کە گەیشتە ئەوێ بڕێ کەسی نارد تا خەڵکەکە کۆبکەنەوە، خەڵکەکەش کۆبوونەوەو گوێڕایەڵی خۆیان بۆ نواند و ئامادە بوون زەکاتیش بدەن، تەنها مالیکی

1 - شرح النووي على صحيح مسلم، ج1، ص 203.
2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج6، ص 320 – 322.

کوڕی نوەیرە نەبێت کە کەناری گرتبوو و خۆی یەکلا نەکردبوویەوەو نەیدەزانی چی بکات، ئەوەبوو خۆی و هاوەڵەکانی بە دیل گیران، ئەبووقەتادەی ئەنصاری دەڵێت: من شایەتیم دەدا کە نوێژیان دەکرد، کەسانێکی تر هەبوون شایەتییان دەدا کە نە بانگیان دەدا و نە نوێژیان دەکرد، شەوێك لە شەوەکان کە سەرمایەکی زۆر بوو هاوارکەرەکەی خالید هاواری کرد دیلەکانتان گەرم بکەنەوە، کەچی پاسەوانەکان وایانزانی مەبەستی ئەوەیە دیلەکان بکوژن، بۆیە کەوتنە کوشتنی دیلەکان، ضیراری کوڕی ئەوزیش مالیکی کوڕی نوەیرەی کوشت، هاوارکەرەکە کە هاواری کوشتنەکانی بیست خێرا هاتەدەرەوە، کەچی بینی تازە کار لەکار ترازاوە.[1]

رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو هۆکاری کوژرانەکەی مالیك ئەوەبوو کە خالید مالیکی بانگ کرد و پێی وت تۆ پێشتر شوێن سەجاح کەوتیت و ئامادە نەبوویت زەکات بدەیت، ئینجا خالید وتی مەگەر نازانیت نوێژ و زەکات پێکەوە باس کراون؟ مالیکیش وتی هاوەڵەکەی تۆ وای وتووە، خالید وتی مەگەر ئەوە بەس هاوەڵی ئێمەیە و هی تۆ نیە؟ ئەی ضیرار بدە لە گەردنی، ئەویش دای لە گەردنی.

گێڕانەوەیەکی تر وا هاتووە کە خالید ئەبو قەتادەو دەستەیەکی تری نارد، کە گەیشتنە لای مالیك وتی ئێوە کێن وتیان موسڵمانانین، مالیکیش وتی منیش بەندەی موسڵمانی خوام، ئەبوو قەتادە وتی دەی چەکەکانتان دابنێن، ئەوانیش چەکەکانیان دانان و بەسترانەوەو بران بۆ لای خالید، لەوێ ئەبوو قەتادە وتی ئەمانە موسڵمانن و

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 322.

پەنا دراون، بەڵام ئەندامانی تری دەستەکە وتیان بەڵکو هیچ پەنایەکمان نەداون و بە زۆرەملێ هێنراون، بۆیە خالید فەرمانی کرد بە کوشتنیان.[1]

قەتادە بە کوشتارەکەی خالید نارازی بوو و لەو بارەوە مشتومڕی لەگەڵ کرد و گەڕایەوە بۆ لای ئەبووبەکر و سکاڵای لە خالید کرد، هەروەها ئەوانەی بۆ عومەریش باس کرد،[2] عومەریش چوو ئەبووبەکری دواند و وتی خالید لابەرە چونکە شمشێرەکەی خوێن رێژی زیادە دەکات، ئەبووبەکر وتی شمشێرێ کە خوا هەڵیکردووە بە رووی بێباوەڕاندا نایخەمەوە کالان، ئینجا براکەی مالیکیش هاتە لای ئەبووبەکر و سکاڵای خالیدی کرد، عومەریش پاڵپشتی دەکرد، ئەبووبەکریش خوێن بابیەکەی مالیکی دا بە براکەی.[3]

سەبارەت بە کوژرانی مالیك ئەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:

یەکەم: راجیایی هەیە ئایا مالیك بە بێباوەڕی کوژراوە یان بە موسڵمانی، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین لە هەموو گێڕانەوەکاندا ئەوە چەسپاوە کە مالیك ئامادەیی ئەوەی نەبووە زەکات بدات، جا ئەگەر گێڕانەوەی یەکەم بێت کە شەو لەگەڵ دیلەکانی تر کوژرابێت ئەوە بە هەمان چەشنی هەڵەکەی پێشووتری (صبأنا، صبأنا) بووەو وەك لە گێڕانەوەکەدا هاتووە خالید مەبەستی نەبووە بیکوژێت، ئەگەریش بە گێڕانەوەی دووەم بێت کە تیایدا مالیك لەبەردەم خالیددا حاشای کردووە لە واجب

1 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 37.

2 - الكامل في التاريخ، ج2، ص 217.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 322.

بوونی زەکات، ئەوە دەزانین ئەبووبەکر لەبەر نەدانی زەکات فەتوای جیهاد و کوشتنی ئەوانەی دا کە ئامادەی زەکات دان نین.

دووەم: لەوانەیە رارایی زۆری مالیك وایکردبێت بارەکە ئاڵۆز بکات، سەرەتا چوونی بۆ لای سەجاح، دواتر دەستبەرداربوونی لە سەجاح و گەڕانەوە بەرەو ئیسلام، دواتر بەرگرتن لە هۆزەکەی تا زەکات نەدەن، هەروەها دواتر هەڵوێستێکی وای بووە کە موسڵمانانی دوو لەت کردووە، دەستەیەك بە موسڵمانیان داناوە وەك ئەبووقەتادە، دەستەیەکیش بە شیاوی کوشتنیان داناوە وەك خالید، لەسەر ئەو دوو بڕیارە جیاوازەش حوکمی دوو گەورە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری جیاواز دەبێت، عومەر خالید بە هەڵەو تاوانبار دەزانێت لەو کوشتنەدا و پێی وایە ئیتر دەبێت خالید پۆستەکەی لێ بسەنرێتەوە، ئەبووبەکریش لەوپەڕی قەناعەتیدا بە ئیجتیهادێکی هەڵەی خالیدی دەزانێت و ئامادە نیە خالید لابەرێت و خوێن بابیەکەی مالیك دەدات، ئەم هەڵوێستەی ئەبووبەکریش راستتر بوو، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) پێشتر لە بارێکی لەو چەشنەدا هەمان هەڵوێستی ئەبووبەکری هەبوو، ئەبووبەکریش پێشەنگی کرد بە پێغەمبەری خواوە(ﷺ)، ئەوەبوو کاتێك خالید لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بە ئیجتیهادێکی هەڵە خەڵکانێکی کوشت، پێغەمبەر (ﷺ) خالیدی لە بەرپرسیارێتیەکان لانەبرد، هاوکات خوێن بایی کوژراوەکانی دا.

سێیەم: سەبارەت بە هەڵوێستی ئەبوو قەتادەی ئەنصاری پێدەچێت راراییەکەی مالیك وای لە هەڵوێستی کردبێت، چونکە مالیکی کوڕی نوەیرە دوای دەستبەرداربوونی لە سەجاح رارا کەوتبوو، لەلایەکەوە دەیویست بەرنگاری سوپای موسڵمانان نەبێتەوە، لەلایەکیشەوە ئامادە نەبوو زەکات بدات، پێدەچێت لە

دواندنی ئەبووقەتادەدا جۆرێك لە بروابوونی بە زەكات دەربڕیبێت و لای خالیدیش هەڵوێستی بڕوانەبوونی هەبووبێت.

بەهەرحاڵ هەڵوێستەكەی خالید خۆی لە دوو ئەگەردا دەبینێتەوە:

یان بە ئیجتیهادێكی هەڵە مالیكی كوڕی نوەیرەی كوشتووە.

یان بە حەق پەیڕەوی بڕیاری خەلیفەی كردووە بۆ كوشتنی ئەوانەی حاشا لە زەكات دەكەن.

بەڵام بە هەڵوێستی ئەبووقەتادەو عومەر و ئەبووبەكردا دەردەكەوێت ئەگەری زیاتر ئەوە بووە كە خالیدی كوڕی وەلید بە ئیجتیهادێكی هەڵە مالیكی كوڕی نوەیرەی كوشتووە، حوكمی ئەبووبەكر و عومەریش لە بارەی خالیدەوە جیاواز بوو و حوكمەكەی ئەبووبەكریش دروستتر بوو چونكە پێشەنگی كردن بوو بە هەڵوێستێكی پێغەمبەر (ﷺ) لە هەمان چەشنی ڕووداودا.

هەروەها بەڵگەیەكی تر ئەوەیە كەكاتێك عومەر لای ئەبووبەكر دژی خالید قسەی كرد ئەبووبەكر وا وەڵامی دایەوە: لەسەرخۆ بە ئەی عومەر، خالید ئیجتیهادێكی كردووەو هەڵەی تێدا كردووە، دەی زمانت بگرەوە لە خالید، چونكە من شمشێرێك داناگرم كە خوا بە ڕووی بێباوەڕاندا هەڵیكردووە.[1]

1 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 217.

هاوسەرگیری خالید و ژنەکەی مالیکی کوڕی نوەیرە

ئەم بابەتە لە مێژوودا بووەتە تانەیەك بۆ خالیدی کوڕی وەلید، کاتێك خالید مالیکی کوڕی نوەیرەی کوشت دواتر لەگەڵ ژنەکەیدا هاوسەرگیری کرد، جا دەستەیەك بە چەند بەڵگەیەك ئەوە بە ڕەوا دەزانن، دەستەیەکیش بە نارەوای دەزانن و دەڵێن خالید لەبەر ژنەکەی مالیکی کوشتووە.[1]

بەپێی گێڕانەوەیەك هاتووە خالید پاش کوشتنی مالیك وەستا تا ژنەکەی ماوەی پاکبوونەوەی تەواو بوو، بەڵام ئەبووبەکر سەبارەت بە هاوسەرگیریەکەی لێی تووڕە بوو.[2]

کاتێك مەسەلەکە لای ئەبووبەکر و عومەر قسەی زۆری لێکرا، ئەبووبەکر فەرمانی کرد خالید بێتەوە مەدینە، کە خالید هاتەوە عومەر پێی وت بە ناحەق موسڵمانێکت کوشتووەو ژنەکەیشت بردووە، دەبێت سزا بدرێیت، کاتێك خالید چوو بۆ لای ئەبووبەکر و دواندی، خالید بەڵگەی هێنایەوە بۆ کارەکەی و توانی قەناعەت بکات بە ئەبووبەکر، ئەبووبەکر بەڵگەکانی خالیدی پەسەند کرد و خوێن بایی مالیکی دا و وازی هێنا لە خالید و لە پۆستەکەیدا هێشتیەوە.[3]

بەهەرحاڵ بەپێی دەقە مێژووییەکان مەسەلەی کوشتنی مالیك هیچ پەیوەندیەکی نەبووە بە ژنەکەیەوە، بەڵکو هاوسەرگیری دوای ئەوە قسەی لەسەرە کە ئایا ڕەوا بووە یان نا، ئەمەش نارەزایی عومەر و ئەبووبەکریشی لەسەر بووە.

---

1 - البدء و التاريخ، ج5، ص 159.

2 - تأريخ الطبري، ج2، ص 273.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 323.

جەنگی یەمامە

ئینجا خالیدی کوڕی وەلید دوای ئەوەی لەلایەن خەلیفەوە پۆزشی قبووڵ کرا، بە فەرمانی خەلیفە ئەبووبەکری صدیق چوو تا فیتنەی موسەیلەمەی درۆزن لەناوبەرێت[1] کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد و خەڵکێکی زۆری لەخشتە بردبوو.

خەلیفە سوپایەکی زۆری لە پشتیوانان و کۆچەران و کەسانی هۆزەکان نارد بۆ لای خالید تا بچنە ناو سوپاکەی، کاتێك ئەوانە گەیشتنە لای خالید ئیتر بەرەو یەمامە چوو.[2]

جەنگ لەنێوان هەردوولادا روویدا و سەرەتا سوپای موسەیلەمە بەهێز بوون و گەیشتنە لای چادرەکەی خالید و ویستیان ژنەکەی بکوژن، بەڵام مەجاعە کە لەوێ بوو نەیهێشت.[3]

لە جەنگی دژ بە موسەیلەمەدا خالید سوپایەکی پێ بوو کە نزیکەی سیانزە هەزارێك دەبوو، بەڵام لە کاتی جەنگەکەدا زۆرێك لە عەرەبە خێڵەکیە تازە موسڵمان بووەکان رایانکرد، بۆیە کۆچەران و پشتیوانان لەو ترسنۆکیەی ئەوانە بێزار بوون و وتیان ئەی خالیدی کوڕی وەلید تکایە ئەوانەمان لەکۆڵ بکەرەوە، خالیدیش سوپای کۆچەران و پشتیوانانی جیاکردەوە کە نزیکەی دووهەزار و پێنج سەد کەسێك دەبوون، ئیتر کۆچەران و پشتیوانان پێکەوەو جیا لە عەرەبەکانی تر هەڵیانکوتایە

1 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 219.
2 - الكامل في التاريخ، ج2، ص 219.
3 - الكامل في التاريخ، ج2، ص 221.

سەر دوژمن، هاواریان دەکرد ئەی هاوەڵانی سوورەتی بەقەرە وا ئەمڕۆ جادووەکە پووچەڵ کرایەوە، ئەوەبوو سەرکەوتن بەسەر دوژمندا و لە ناوچەیەکدا پەنگیان پێ خواردن، ئەو باخچەو شوێنە ناوی نرا باخچەی مەرگ، لەوێ سوپای موسەیلەمە گردبوونەوە،[1] بەرائی کوڕی مالیك وتی ئەی موسڵمانان من بەرزبکەنەوە تا بچم بۆیان، ئەوەبوو بەرزیان کردەوەو بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوت و کەوتە جەنگ دژ بە دوژمنان تا دەرگاکەی کردەوەو ڕێی کردەوەە موسڵمانان توانیان بچنە ناوەوە و سەربکەونو دواجاریش موسەیلەمە کوژرا.[2]

خالیدی کوڕی وەلید لە جەنگی یەمامەدا بە بەرائی کوڕی مالیکی وت هەستە، ئەویش هەستاو بە سوارەکەیەوە ڕاپەڕی و وتی ئەی خەڵکی مەدینە ئەمڕۆ بەس خوای گەورە وبەهەشتتان بۆ هەیە و بەتەما مەبن بگەڕێنەوە بۆ شارەکەتان، هەڵمەتی برد و خەڵکیش کەوتنە شوێنی و دایان بەسەر خەڵکی یەمامەدا و سەرکەوتن.[3]

بەمجۆرە خالید و هێزی موسڵمانان لە کۆچەران و پشتیوانان و دەستەیەکی ڕاستی سەربازانی تر توانییان فیتنەی موسەیلەمەی درۆزن لەناوبەرن.

1 - البداية والنهاية، ج6، ص 267-268.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة ، ج1، ص281-282.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص281.

خالید لە فتووحاتی عێراقدا

پاش ئەوەی خالیدی کوڕی وەلید لە جەنگی یەمامە لێبوویەوە، ئەبووبەکر فەرمانی بۆ نارد تا بەرەو عێراق بچێت و خەڵکی بانگ بکات بۆ ئیسلام، ئەگەر رازی بوون باشە، ئەگەرنا سەرانەیان لێ وەربگرێت، ئەگەر بەوەش رازی نەبوون ئەوە لەگەڵیان بجەنگێت، فەرمانیشی پێکرد کەس بە زۆر نەبات بۆ ئەو جەنگە و پشتیش نەبەستێت بە هەڵگەراوەکان با موسڵمانیش بووبنەوە، ئینجا لەولاشەوە خەلیفە کەوتە پێکهێنانی سوپا بۆ یارمەتیدانی خالید.[1]

خالید لە چوونی بۆ عێراق سوپاکەی کرد بە سێ بەشەوە تا بە سێ رێگەی جیاوازدا بچن، موثەننا پێش خۆی چووبوو، عەددی کوڕی حاتەم و عاصمی کوڕی عەمریش لەلایەکی ترەوە، خالیدیش خۆی لە کۆتای سوپاکەوە کەوتەڕێ و وادەیەکی دانا تا لە یەك شوێندا کۆببنەوە.[2]

لە ساڵی دوانزەی کۆچیدا خالید کەوتەڕێ و دای بەلای چەند گوندێکدا و سەرەتا جەنگ لەنێوانیاندا روویدا، بەڵام دواتر رێککەوتن سەرانە بدەن و خالیدیش نامەیەکی پەنادانی نووسی بۆیان، ئینجا لەوێوە خالید چوویە ناوچەی حیرەو بەرپرسی ئەوێ و خەڵکەکەی بانگهێشت کرد بۆ ئیسلام و سێ پێشنیازی موسڵمان بوون یان سەرانە یان جەنگی خستەڕوو بۆیان، قوبەیصەی بەرپرسی ئەوێ سەرانەی هەڵبژارد، دواتر خالید نامەی نووسی بۆ کاربەدەستانی کیسرای فارس لە مەدائین،

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 342.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 344.

تیایدا پێی ڕاگەیاندن هەرکەس موسڵمان بێت ئەرك و مافی ئێمەی هەیە، ئەگەرنا بەرەورووی جەنگ دەبنەوە.[1]

خالید لە فتووحاتی شامدا

خالید بەردەوام لە عێراقدا پێشڕەوی دەکرد و سەرقاڵی فتووحات بوو،[2] تا ئەوەی باری موسڵمانان لە بەرەی شامەوە سەخت بوو و داوای یارمەتییان لە خەلیفە کرد، بۆیە خەلیفە نامەی نارد بۆ خالید و فەرمانی پێکرد بۆ یارمەتیدانی موجاهیدان بچێت بۆ شام، خالیدیش موثەننای لە شوێن خۆی دانا تا بەرپرسیارێتی عێراق وەربگرێت و خۆی بە نۆ هەزار و پێنج سەد سەربازەوە بەرەو شام بەڕێکەوت، ڕێنیشاندەرەکەشی رافیعی کوڕی عومەیرە بوو، ڕێیەکی زۆر سەخت و وشکەڵانی پێ گرتەبەر کە کەسی پیایدا تێنەدەپەڕی، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕێگەکە زۆر کورت بێتەوەو زوو بگەنە ئەوێ، هێندە نارەحەت بوون کە وشترەکانیان سەردەبڕین تا ئاوی هەڵگیراوی بۆ خواردنەوەو گۆشتەکەی بۆ خواردن بەکاربێنن، بەڵام توانییان بە پێنج ڕۆژ بگەنە ئەوێ، بە ڕێککەوتن ناوچەی تەدموری گرت و بە فتوحات ناوچەی غەسسانی گرت و پێنج یەکی دەستکەوتەکانی ناردەوە بۆ مەدینە، دواتر خالید و ئەبووعوبەیدەو چەند کەسێکی تریش چوون بۆ لای عەمری کوڕی عاص و لەگەڵ ڕۆمەکاندا جەنگی ئەجنادەینیان ئەنجامدا، ئەمەش لە بیست و هەشتی جومادیلئوولای سیانزەی کۆچیدا بوو و ژمارەیەکی زۆری هاوەڵان شەهید بوون و

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج6، ص 343.

2 - لێرەدا کورتبڕیەکمان گرتووەتەبەر لەبەرئەوەی ئەگەر وردەکاری فتووحاتەکانی شوێن بە شوێنی ناو عێراق و شامیش باس بکەین زۆر زۆر دەخایەنێت، بۆیە ئەوەی زانیاری وردی لەو بارەوە بوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکان یان ئەو وەرگێڕانە کوردیانەی کە هەن.

دواجاریش ڕۆمەکان شکان، ئینجا جەنگی یەرمووك ڕوویدا و تیایدا موسڵمانان سەرکەوتن، خالید لە بەرەی شامدا بەردەوام لە جیهادی ڕێی خوادا بوو تا کاتێ ئەبووبەکری صدیق وەفاتی کرد، خالید ئەو هەواڵەی لە موسڵمانان شاردەوە چونکە لە کاتی جەنگدا بوون بەرامبەر بە ڕۆمەکان، دواتر خالید بەرەو دیمەشق و دوای ئەوەش بەرەو حیمص چوو.[1]

### خالید لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب بوو بە خەلیفە، خالیدی کوڕی وەلیدی لە پۆستەکەی لابرد و بە نامەیەك ئەوەی نارد بۆ ئەبوو عوبەیدە، خالیدیش لە وەڵامدا وتی گوێڕایەڵی فەرمانی ئەمیری باوەڕدارانم،[2] پاش ئەوەش لە ژێر فەرمانی ئەبوو عوبەیدەدا مایەوەو بەردەوام جیهادی دەکرد، وەك لە فەتحی دیمەشقدا بەشداری کرد و ئەبووعوبەیدەش بەرپرس بوو.[3]

کاتێك ئەبووعوبەیدە ئەو نامەی پێگەیشت کە خالید لە پۆستەکەی کەنار بخرێت خۆی ئامادە نەبوو بیڵێت بە خالید، بۆیە کەسێکی تر ئەوەی گەیاند بە خالید، خالید چوو بۆ لای ئەبوو عوبەیدەو وتی ڕەحمەتی خوات لێ بێت بۆچی خۆت پێت نەوتم؟ ئەویش وتی حەزم نەکرد هەواڵی ناخۆشت پێبدەم.[4]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 6-20.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 19.

3 - تاريخ دمشق، ج25، ص 475.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 380.

کاتێك ئەبووعوبەیدە ئەمیر بوو لە پیاوێك تووڕە بوو و ئازارێكی دا، خالیدیش وتی وا مەكە، خالیدی پێی وترا كە ئەمیرت تووڕە كردووە، بۆیە چوو بۆ لای ئەبووعوبەیدەو وتی من مەبەستم ئەوە نەبووە تۆ تووڕە بكەم، بەڵام بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(إن أشد الناس عذابا يوم القيامة أشد الناس عذابا للناس في الدنيا)،[1] (سەختترین سزای رۆژی دوایی بۆ ئەو كەسانەیە كە لە دنیادا سەختترین سزای خەڵكیان داوە).

لابردنی خالیدی كوڕی وەلید

لێرەدا تەمومژێك دروست كراوە سەبارەت بە هۆكاری لابردنی خالیدی كوڕی وەلید لەلایەن عومەری كوڕی خەتتابەوە، جا هەیانە هۆكارەكەی بە كینەیەكی سەردەمی جاهیلی دادەنێن، هەیانە هۆكارەكەی دەبەستنەوە بە كوشتنی مالیكی كوڕی نوەیرەوە، هەشیانە دەیبەستێتەوە بە گوێڕایەڵ نەبوونی خالید بۆ عومەر، وا لە خوارەوە گێڕانەوەكان دەخەینەڕوو:

كاتێك عومەر و خالید مێرمنداڵ بون زۆرانێكیان گرت، خالید قاچێكی عومەری شكاند، ئەو داخە لە دەروونی عومەردا مایەوە تا كە بوو بە خەلیفە تۆڵەی كردەوە.[2]

لە سەردەمی ئەبووبەكردا عومەر بە ئەبووبەكری وت نامەیەك بنێرە بۆ خالید و فەرمانی پێ بكە هیچ جووڵەیەك نەكات بە فەرمانی تۆ نەبێت، خالیدیش وەڵامی دایەوە یان لە هەڵسوكەوتمدا دەستم واڵا بكە یان لامبەرە، عومەریش وتی دەی

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16497، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3728، مسند الحميدي، الرقم 545، قال شعيب الأرناؤوط إسناده ضعيف.

2 - السيرة الحلبية، دار المعرفة(بيروت – 1400هـ)، ج2، ص 213.

لایبەرە، ئەبووبەکر وتی جا کێ جێی خالیدم بۆ دەگرێتەوە، لە سەردەمی عومەریشدا خەلیفە هەمان نامەی بۆ نووسی و خالیدیش هەمان وەڵامی بۆ عومەر نووسی کە بۆ ئەبووبەکری نووسیبوو، عومەریش لایبرد، پاش ماوەیەك داوای لە خالید کردەوە تا پۆست وەربگرێتەوە، بەڵام خالید ئامادەیی نەبوو مەگەر بەو مەرجەی دەستی واڵا بکات، عومەریش بەوە رازی نەدەبوو.[1]

بۆیە دەتوانین بڵێین تاکە هۆکاری لابردنی خالید لەلایەن عومەری کوڕی خەططابەوە بریتی بوو لەو جموجووڵە سەربەخۆییەی خالید لە کاتی جەنگ و فتووحاتیدا، عومەریش لای سەخت بوو لە پاڵ هەزار راستیدا ناحەقیەك هەبێت، بۆیە خالیدی لابرد، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین هۆکارێکی سەرکەوتنە گەورەکانی خالید ئەو جۆرە سەربەخۆیی و دەست واڵاییەی بوو کە هەیبوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبووبەکری صدیقیش ئەو دەرفەتەیان بۆ هێشتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لە لێپێچینەوەو لێ توندکردنەوەیان بۆ بەکاردەهێنا، بەڵام لە پۆستەکەی لایان نەدەبرد، چونکە ئەوە شمشێری هەڵکراوی خوا بوو بە رووی بێباوەڕاندا، دەبینین خالید بەو دەستواڵاییەی بڕیاردانەی لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چەند هەڵەیەکی کرد، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەناری نەخست، لە سەردەمی ئەبووبەکریشدا دووبارە لە کوشتنی مالیکی کوڕی نوەیرەدا ئیجتیهادی هەڵەی کرد، بەڵام ئەبووبەکر لای نەبرد، عومەریش کە بوو بە خەلیفە ئیجتیهادێکی کرد بە لابردنی خالید، ئایا پێکای یان نا، خوا زاناترە.

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 255.

## مردنی خالیدی کوڕی وەلید

خالید ماوەیەك پێش مردنی جارێك چوویەوە بۆ مەککەو عومرەیەکی کرد و گەڕایەوە بۆ حیمص،[1] لەوێ مایەوە تا کۆچی دوایی کرد.

خالیدی کوڕی وەلید لە ساڵی بیست و یەکی کۆچیدا وەفاتی کرد،[2] ئەو کات تەمەنی شەست ساڵان بوو.[3]

کاتێك خالید لە سەرەمەرگدا بوو دەیوت بەشداری ئەو هەموو جەنگەم کرد کەچی قەدەرم وابوو لەسەر جێگەکەم بمرم، دواتر وتی ئەگەر مردم چەك و ئەسپەکەم دابنێن بۆ ڕێی خوا.[4]

خالید کە لە سەرمەرگیدا بوو تەنها شتێك لە ژیاندا هەیبوو بریتی بوو لە ئەسپەکەی و چەکەکەی و کۆیلەیەکی، کە ئەم هەواڵە دواتر گەیشت بە عومەری کوڕی خەططاب، وتی ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئاوا نەبوو کە ئێمە گومانمان پێ دەبرد–واتە سامانی بۆ خۆی دانەنابوو–.[5]

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 383.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 397.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 367.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 255.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 397.

خالید دەگریاو دەیوت لە ئەوەندە جەنگدا بەشداریم کرد، جەستەم بستێکی بێ برینی پێوە نەماوە، یان شمشێری بەرکەوتووە یان رم یان تیر، کەچی وا لەسەر جێگەکەم دەمرد.[1]

خالید پێش مردنی بەو بارە نەخۆشیەی سەرەمەرگیەوە قسەی دەکرد بۆ ئەوانەی کە لەلای بوون و دەیوت: لەم سەرزەویەدا هیچ شتێك نیە هێندەی ئەوە لام خۆشەویست بێت کە لە شەوێکی سارددا لە ناو دەستەیەکی سوپایی کۆچەراندا بم کە بەرامبەر دوژمن لە چاوەڕوانی جەنگدان، دەی گرنگی بدەن بە جیهاد.[2]

کاتێك خالید لە سەرەمەرگدا بوو وەسیەتێکی کرد بۆ عومەر، عومەریش وەسیەتەکەی جێبەجێ کرد–ئەمەش بەڵگەیەکە کە خالید لە مەدینە مردووە– و باسی خالیدی دەکرد و دەیوت رەحمەتی خوا لە خالید، کەسێك ئاماژەی بە عومەر دا بۆچی کاتێك مابوو لاتبرد؟ عومەر وتی من تەنها لەبەرئەوە لامبرد چونکە دەستوالآیانە هەنگاوی دەنا و دەستوالآیانەش سامانی دەبەخشیەوە.[3]

خالید پێش مردنی دەیوت سەرقاڵ بوونم بە جیهاد بووە هۆکاری دواکەوتنم لە فێربوونی زۆربەی قورئان.[4]

گێڕانەوەیەك هاتووە دەڵێت: عومەر چوو بۆ ئەسپەردەکردنی تەرمی خالید، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی خالید لە مەدینە مردووە، بەڵآم رای زۆرینە

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 382.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 254.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 255.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 255.

لەسەر ئەوەیە خالید لە حیمص مردووە،[1] ذەهەبی دەڵێت: رای راستتر ئەوەیە خالید لە حیمص مردووە.[2]

کاروانێکی حاجیانی شام هاتنە مەدینە و هەواڵیان دا بە عومەر کە کاتێك ئەوان هاتون خالید مردووە، عومەر دڵگرانیەك دایگرت و زوو زوو رەحمەتی بۆ دەنارد.[3]

## خالیدی کوڕی وەلیدی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی وەلیدە، لە پشتیوانانە، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا یەکێك بوو لە بەشداربوانی جەنگی صفین.[4]

## خالیدی کوڕی ئەبی خالید(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی ئەبی خالیدە، لە پشتیوانانە، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا لە ناو سوپای عەلیدا لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 255.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 384.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 383.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 256.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 232.

خالیدی کوڕی ئەبی دوجانە(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی ئەبی دوجانەیە، لە پشتیوانانە، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا لە ناو سوپای عەلیدا لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد.[1]

خالیدی کوڕی ئیساف(رضي الله عنه)

ناوی خالیدی کوڕی ئیسافی جوهەنیە،[2] برایەکی هەبوو بە ناوی کولەیب،[3] برایەکی تریشی ناوی خوبەیب بوو[4] کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو، ئەم هاوەڵە یەکێك بووە لە بەشدار بوانی غەزای ئوحود، دواتریش بەشداری غەزاکانی کرد،[5] لە فەتحی مەککەشدا بەشدار بووە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ژیاو لە فتووحاتدا بەشداری کرد، سەبارەت بە کاتی مردنەکەی رایەك دەڵێت: لە جەنگی قادسیەدا کوژراوە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە جەنگی جسر ئەبی عوبەیددا کوژراوە.[6]

خالیدی ئەحدەب(رضي الله عنه)

ناوی خالیدە، ناوی لەناو هاوەڵاندا هاتووەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) گێڕاوەتەوە.[7]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 232.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 225.
3 - أسد الغابة، ج4، ص 524.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 109.
5 - أسد الغابة، ج2، ص 110.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 225.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 257.

خەبباب(رضي الله عنه)

ناوی خەببابەو مەولای عوتبەی کوڕی غەزوانە، کونیەکەی ئەبوو یەحیایە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیاو لە ساڵی نۆزدەی کۆچیدا لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد و عومەر نوێژی مردووی لەسەر کرد.[1]

خەببابی کوڕی ئەرەت (رضي الله عنه)

ناوی خەببابی کوڕی ئەرەتی کوڕی جەندەلەی کوڕی سەعدی تەمیمی یان خوزاعیە، کونیەکەی ئەبوو عەبدولایە،[2] هاوەڵێکی گەورە و ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) کە لە پێناو ئیسلامدا نارەحەتی زۆری چەشتووە.

خەبباب هەر بە منداڵی بەدیل گیرا و برا بۆ مەککەو لەوێ فرۆشرا، ئافرەتێك بە ناوی ئومموئەنمار ئەوی کڕی،[3] دواتر ئومموئەنمار خەببابی ئازاد کرد.[4]

خەبباب منداڵێکی هەبوو بە ناوی عەبدولا کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لەدایك بوو، دواتر بە دەستی خەواریجەکان شەهید کرا.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 260.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 258.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 164.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص 15.
5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 311.

کوڕێکی تری هەبوو بە ناوی عەبدورەحمان،[1] کچێکیشی هەبوو بە ناوی زەینەب کە فەرموودەی گێڕاوەتەوە.[2]

ژنەکەی خەبباب ناوی ملیکە بوو کە ئەویش موسڵمان بوو.[3]

موسڵمانبوونی

ئەم هاوەڵە لە کۆچەرانەو زۆر زوو موسڵمان بووە، بەڵکو شەشەم کەسە موسڵمان بوو.[4]

پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەم خەبباب موسڵمان بووبوو.[5]

خەبباب یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە مەککەدا موسڵمان بوونی خۆی ئاشکرا کرد و لەسەر ئەوەش سزا درا، بەڵکو لە ریزبەندی ئاشکراکردنی ئایینەکەیاندا ئاوا هاتووە(ئەبووبەکر، خەبباب، بیلال، صوهەیب، عەممار).[6]

سەبارەت بە کاتی موسڵمانبوونەکەی دەوترێت بیستەم کەس بووە موسڵمان بووە،[7] رایەکیش دەڵێت: بەڵکو شەشەم کەس بووە موسڵمان بووە.[8]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 35.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 672.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 123.
4 - معرفة الصحابة لابن مندة، ص 485.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 165.
6 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 324.
7 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 324.
8 - أسد الغابة، ج2، ص 141.

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر خەبابی خۆشدەویست و سەردانی دەکرد، کە خەڵکی ئەوەیان بینی هەواڵیان دا بە ئومموئەنمار، ئەو ئافرەتەش کە زانی خەبباب موسڵمان بووە کەوتە ئازاردانی.[1]

خەبباب کە موسڵمان بوو هەر لە مەککە خەریکی پەرستش و بانگەواز کردن بوو بۆ ئیسلام، دەچوو بۆ ماڵی فاطیمەی خوشکی عومەری کوڕی خەططاب کە لەگەڵ سەعیدی کوڕی زەیدی مێردی موسڵمان بووبوون، خەبباب لەوێ قورئانی فێری فاطیمەو مێردەکەی دەکرد، ڕۆژێك عومەری کوڕی خەططاب کە هێشتا موسڵمان نەبووبوو چوو بۆ ماڵی فاطیمەی خوشکی کاتێك بیستبووی خوشکەکەی موسڵمان بووە، کە نزیك بوویەوە گوێی لە قورئان خوێندنەکەی خەبباب بوو، کە چوویە ژوورەوە دای لە فاتیمەی خوشکی و خوێن لە دەموچاوی هات، عومەر کە ئەوەی بینی پەشیمان بوویەوە، پاشان داوای کرد ئەو قورئانەی دەیانخوێند بیدەنە دەستی، فاطیمە وتی تا خۆت نەشۆیت نایدەمە دەستت، عومەر خۆی شۆرد و قورئانەکەی وەرگرت و خوێندیەوە، وتی وتەکانی چەند جوانن، خەبباب کە ئەمەی بیست خێرا وتی ئەی عومەر سوێند بەخوا هیوانم هەیە خوای گەورە نزای پێغەمبەری بۆ گیرا کردبیت، چونکە من دوێنێ شەو گوێم لێ بوو نزای دەکرد و فەرمووی: خوایە بە موسڵمانبوونی ئەبولحەکەمی کوڕی هیشام یان بە موسڵمان بوونی عومەری کوڕی خەططاب پاڵپشتی ئیسلام بکە(ئیسلام سەربخە)، دەی عومەر دەرفەتە لەدەستی مەدە، عومەریش وتی ئەی خەبباب دەی بمبە بۆ لای موحەممەد

1 - أسد الغابة، ج2، ص 141.

تا موسڵمان بم، خەبابیش پێی وت پێغەمبەر (ﷺ) لە کوێیە، عومەریش چوو و موسڵمان بوو.[1]

لە مەککەدا جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ برێك لە هاوەڵانی دانیشتبوو کە خەبابیشیان تێدا بوو، ئەو هاوەڵانەش لە کەسە لاواز و بێکەسەکان بوون، ئەقرەعی کوڕی حابیس لە گەڵ عویەینە تێپەڕ دەبوون، سەیریان کرد پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ عەممار و صوهەیب و بیلال و خەبابو چەند موسڵمانێکی تری لاوازدا دانیشتووە، ئەوانیش گاڵتەیان پێکرد و دەیانوت کە وەفدی عەرەب دێن شەرم دەکەین بمانبینن لەگەڵ ئەوانەدا دانیشتبیت، ئەگەر هاتین بۆ لات تۆ ئەوانە دەرکە، پێغەمبەریش (ﷺ) رازی بوو، ئەوانیش وتیان دەی بەڵێنێکمان بۆ بنووسە، ئەویش ویستی بینووسێت و عەلی کوڕی ئەبوو تالیبی بانگ کرد تا بینووسێت، ئەوەبوو جبریل هات و ئەم ئایەتەی خوای بۆ هێنا (ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ما عليك من حسابهم من شئ وما من حسابك علبهم من شئ فتطردهم فتكون من الظالمين وكذلك فتنا بعضهم ببعض ليقولوا أهؤلاء من الله عليهم من بيننا أليس الله بأعلم بالشاكرين)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرەقەکەی فڕێ داو ئەو هاوەڵانەی بانگ کردەوەو پێی فەرموون (سلام عليكم)، ئەوانیش لێی نزیك بوونەوە.[2]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 79-80.

2 - البداية والنهاية، ج6، ص57، حلية الأولياء، 1، ص147.

نارەحەتیەکانی خەبباب لە مەککە:

پاش ئەوەی خەبباب موسڵمان بوونی خۆی ئاشکرا کرد ئازار و نارەحەتی زۆری دەچەشت، چ لە سووکایەتی پێکردن، چ لە سزای جەستەیی، چ لە سزای ئابووری و کۆمەڵایەتی.

خەبباب دەڵێت: من لە مەککە ئاسنگەریم دەکرد، کارێکم کرد بۆ عاصی کوڕی وائیل و شمشێرێکم بۆ دروست کرد، ئینجا چووم تا پارەی شمشێرەکە وەربگرم، کەچی وتی تا بێباوەڕ نەبیت بەرامبەر بە موحەممەد پارەکەت نادەمێ، منیش وتم بمریت و زیندووش بیتەوە شتی وا ناکەم، ئەویش وەك رابواردن وتی یانی من دەمرم و زیندووش دەبمەوە، وتم بەڵێ، وتی دەی کاتێك زیندوو بوومەوە ئەوکات پارەم دەبێت و پارەی شمشێرەکەت دەدەم، منیش چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و رووداوەکەم بۆ باس کرد، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی (أفرأيت الذي كفر بآياتنا و قال لأوتين مالا و ولدا).[1]

جارێك عومەری کوڕی خەططاب خەببابی دانیشاند و وتی لەم کۆڕەدا تەنها یەك کەس هەیە لە تۆ زیاتر شیاوی ئەم شوێنە بێت، خەبباب وتی کێیە ئەی ئەمیری باوەڕداران، خەلیفە وتی بیلال، خەبباب وتی ئەی ئەمیری باوەرداران بیلالیش لە من لەپێشتر نیە، بیلال لەناو بێباوەڕاندا کەسێکی هەبوو کە بەرگریەکی لێ بکات، بەڵام من کەسم نەبوو، رۆژێك منیان برد و ئاگرێکیان بۆ کردمەوەو لەناویدا تلیان دام، دواتر کەسێکیان قاچی خستە سەر سنگم، ئیتر ئەو زەویەی بەو ئاگرە گەرم بووبوو

1 - صحيح البخاري، الرقم 2177، صحيح مسلم، الرقم 5109، صحيح ابن حبان، الرقم 5087، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20564، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 10877، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3564.

بە پشتی من سارد بوویەوە، ئینجا خەبباب پشتی خۆی هەڵکرد هەموو پێستی پشتی پەڵە بوو.[1]

جار هەبوو جلی ئاسنینیان دەکردە بەر خەبباب و بە گەرمای مەککەدا دەیانبرد و لەبەر خۆر دایاندەدا، ئیتر گەرمای خۆر و گەرمبوونی ئاسن یەکیان دەگرت بۆ برژاندنی جەستەی خەبباب.[2]

ئەو ژنەی کە خەببابی کڕیبوو ئاسنی گەرم دەکرد و سەری خەببابی پێ داخ دەکرد، خەبباب زۆری بۆ هات و لای پێغەمبەر (ﷺ) شەکوای حاڵی خۆی کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای بۆ کرد(خوایە خەبباب سەر بخە)، ئەوەبوو ئوممونەنمار تووشی ژانەسەرێك بوو دەتلایەوە، چارەسەرەکەی ئەوەبوو دەبوایە خەبباب ئاسنێك گەرم بکات و سەری ئوممونەنماری پێ داخ بکات.[3]

رۆژێك خەبباب و چەند موسڵمانێکی تر کە ئاوا ئازار دەدران تەواو بێزار بوون و بڕیاریان دا بچن تا لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵا بکەن، چوون دەبینن پێغەمبەر (ﷺ) لە پاڵ کەعبەدایە، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی نزایەکمان بۆ ناکەیت تا خوا سەرمان بخات؟[4] پێغەمبەریش (ﷺ) رەنگی سوور هەڵگەڕاو[5] فەرمووی: (قد كان من قبلكم يؤخذ الرجل فيحفر له في الأرض فيجعل فيها، فيجاء بالمنشار فيوضع على رأسه فيجعل نصفين ويمشط بأمشاط الحديد ما دون لحمه

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 165.
2 - أسد الغابة، ج2، ص 141.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 141.
4 - صحيح البخاري، الرقم 6559.
5 - صحيح البخاري، الرقم 3661.

وعظمه، فما يصده ذلك عن دينه، والله ليتمن هذا الأمر حتى يسير الراكب من صنعاء إلى حضرموت لا يخاف إلا الله والذئب على غنمه ولكنكم تستعجلون)،[1] (کەسانی پێش ئێوە وابوون، کەسی وایان دەبرا چاڵێکی بۆ هەڵدەکەنرا و دەخرایە ناویەوە، ئینجا مشاریان دەهێنا و لە سەریەوە بۆ خوارەوە دەیانکرد بە دوو لەتەوە، تووڵە ئاسن دەکرا بە نێوان گۆشت و ئێسقانیدا، کەچی ئەوە نەدەبوویە هۆی وازهێنانی لە ئایینەکەی، سوێند بەخوا ئەم کارە(ئیسلام) دەگاتە ئەنجام تا ئەوەی سوار لە صەنعاوە بۆ حەزرەمەوت دەڕوات لە خوا نەبێت لە کەس ناترسێت، تەنها ترسیشی ئەوە دەبێت گورگ نەچێت بۆ مەڕوماڵاتەکەی، بەڵام ئێوە پەلەتانە).

کۆچکردنی خەبباب بۆ مەدینە:

کاتێك خەبباب کۆچی کرد بۆ مەدینە پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان خەببابی کوڕی ئەرەت و جابری کوڕی عەتیکەوە.[2]

خەبباب دەڵێت: شەوێك بینیم پێغەمبەر (ﷺ) نوێژێکی کرد هەرگیز نەمدیبوو ئەو نوێژەی کردبێت، ئینجا نوێژی بەیانی بۆ کردین، کە سەلامی دایەوە وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم، ئەمشەو نوێژێکت کرد کە پێشتر نەمدیبوو نوێژی وا بکەیت، ئەویش فەرمووی: (أجل إنها صلاة رغب ورهب سألت ربي فيها ثلاث خصال، فأعطاني اثنتين ومنعني واحدة، سألته أن لا يهلكنا بما

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 6559، صحيح ابن حبان، الرقم 2949، سنن أبي داود، الرقم 2292، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5720، مسند احمد بن حنبل، الرقم 20569، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3551.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 166.

أهلك به الأمم قبلها فأعطانيها، وسألته أن لا يظهر علينا عدوا من غيرنا فأعطانيها، وسألته أن لا يلبسنا شيعا فمنعنيها)،[1]

(بەڵێ، ئەوە نوێژی ترس و هیوا بوو، تیایدا داوای سێ شتم کرد لە خوای گەورە و ئەویش دوانی پێ بەخشیم و یەکێکیانی پێنەبەخشیم، داوام لێکرد بە سەزای چەشنی گەلانی پێش خۆتان لەناوتان نەبات، ئەوەی پێ بەخشیم، داوام لێکرد دوژمنێك جیا لە خۆمان بەسەر زۆرینەتاندا زاڵ نەکات، ئەوەشی پێ بەخشیم، داواشم لێکرد پەرتبوونتان تووش نەبێت و نەکەونە وێزەی یەکتر، بەڵام ئەوەی پێ نەبەخشیم).

بەشداری غەزاکان:

خەبابی کوڕی ئەرەت یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەدر و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تر.[2]

زەینەبی کچی خەبباب دەڵێت: لە غەزایەکدا لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) باوکم چوو بۆ غەزا، ئێمەش بزنێکمان هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەهات بۆ لامان و بزنەکەی بۆ دەدۆشین و شیرەکەی قاپەکەی پڕ دەکرد، دواتر کە باوکم هاتەوە بزنەکەی دەدۆشی شیرەکەی وەك جاران بوو (واتە قاپەکەی پڕ نەدەکرد).[3]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7343 و اللفظ له، سنن الترمذي، الرقم 2152 مع اختلاف قليل في اللفظ، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1308، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20553، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3537، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 1638، كما صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 166.

3 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2841.

خەبباب دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)

جارێك خەڵكی لە مزگەوت كۆبووبوونەوە تا خەبباب بێت و قسەیان بۆ بكات، كە خەبباب هات لە كونجێكەوە كەناری گرت و بێدەنگ بوو، خەڵكەكە وتیان ئەو خەڵكە كۆبوونەتەوە تا فەرمودەیان بۆ بگێڕیتەوە یان فەرمان بە چاكەیان پێ بكەیت، ئەویش وتی فەرمانی چییان پێ بكەم، لەوانەیە بڵێم فڵانە شت بكەن و خۆشم نەمكردبێت.[1]

خەبباب لەگەڵ هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) خۆشەویستی زۆری هەبوو، گوێی دەگرت لێیان، جارێك ئیبن مەسعوود هات بۆ لای خەبباب، خەببابیش خاتەمێكی زێڕی دەكردە پەنجەی، ئیبن مەسعوود وتی ئیتر كاتی نەهاتووە ئەو خاتەمە فڕێ بدەیت؟ خەبباب وتی ئیتر جارێكی تر نایبینیت لە دەستما.[2]

مردنی خەبباب

خەبباب لە سەردەمی عەلی كوڕی ئەبووطالیبدا نەخۆش كەوت، نەخۆشیەك كە ئازاری زۆری دەدا، حەوت جار سكی داخ كرابوو، تا ئاستێك خەبباب دەیوت ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە دەیفەرموو: كەستان داوای مەرگ مەكەن، بە دڵنیاییەوە نزای مەرگم دەكرد، ئینجا داوای كرد كفنەكەی هێنرا، خەبباب دەستی كرد بە گریان و وتی حەمزەی مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كفنەكەی بەرگێك بوو كە راماندەكێشا تا سەی دابپۆشێت قاچەكانی دەردەكەوتن، كە قاچەكانیمان دادەپۆشی سەری دەردەكەوت (واتە پێی ناخۆش بوو كفنەكەی ئەو

1 - أسد الغابة، ج2، ص 143.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 564.

لەوەی حەمزە باشتر بوو)، سەردەمێ لە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم دینار و درهەمێکیش چی بوو نەمبوو، ئێستاش لەماڵەکەمدا چل هەزارم هەیە، ئەترسم خوا خۆشیەکانی بۆ خستبینە ژیانی دنیاوە.[1]

نەخۆشیەکەی خەبباب ماوەیەکی زۆری خایاند و ماوەیەك لە جێگەدا کەوت.[2]

یەکێك لەوانەی لای خەبباب بوو دڵخۆشی خەببابی دەدایەوەو دەیوت موژدەت لێ بێت سبەینێ دەچیتەوە لای براکانت، خەبباب‌یش دەستی کرد بە گریان و وتی خۆ گریانی ئازارم نیە، بەڵام باسی کەسانێکتان بۆ کردم کە بە پاداشتی خۆیانەوە چوونەوە لای خوا، بەڵام من دەترسم بەو دەستکەوتەی دوای ئەوان دەستمان کەوتووە پاداشتەکەمان وەرگرتبێتەوە.[3]

ئینجا خەبباب بە کوڕەکەی وت (کوڕی شیرینم کە مردم لە چۆڵەوانی کووفە ئەسپەردەم بکە با بڵێن هاوەڵێکی پێغەمبەر (ﷺ) لە چۆڵەوانی (دەرەوە)ی کووفە ئەسپەردە کراوە)، چونکە خەڵکی لە کووفە کە کەسێکیان دەمرد لە ناوشارەکە ئەسپەردەیان دەکرد.[4]

عەلی دای بە لای چەند گۆڕێکدا، وتی ئەو گۆڕانە چین؟ وتیان ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەوە گۆڕی خەببابی کوڕی ئەرەتە، دوای ئەوەی تۆ دەرچوویت بۆ صفین ئەو کۆچی دوایی کرد و وەسیەتی کرد لە دەرەوەی کووفە ئەسپەردە بکرێت تا

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 166.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 143.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 166.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 167.

خەڵکیش ئیتر لە دەرەوە مردووەکانیان ئەسپەردە بکەن، عەلی وتی رەحمەتی خوا لە خەبباب بە ویستی خۆی و بێ زۆرکردن موسڵمان بوو، بە موجاهیدی ژیا، جەستەی تووشی ئازار و نەخۆشی بوو، خوای گەورە هەرگیز کەسی چاکەکار زایە ناکات، ئینجا لە گۆڕەکەی خەبباب نزیك بوویەوەو نزای سەرگۆڕستانی کرد(السلام علیکم أهل الدیار...).[1]

سەبارەت بە مردنەکەی رایەك هاتووە کە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا مردووە، بەڵام ئەوە راست نیە، چونکە ئەو خەببابە کە عومەر نوێژی لەسەر کرد خەببابی مەولای عوتبەی کوڕی غەزوانەو ئەویش هاوەڵێکی کۆچەری بوو، بەڵکو لە ساڵی سی و حەوت لە کووفە کۆچی دوایی کردو عەلی کوڕی ئەبوو طالیبیش نوێژی مردووی لەسەر کرد.[2]

بەڵام دەبێت نوێژ لەسەرکردنەکەی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب دوای ئەسپەردەکردنی بووبێت، چونکە کاتێك خەبباب مرد عەلی لە کووفە نەبوو و کە هاتەوە دواتر هەواڵی پێدرا ئەوە گۆڕی خەببابەو مردووە.

دەوترێت تەمەنی حەفتا و سێ ساڵ بووە،[3] رایەکی تریش دەڵێت کە مرد تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو.[4]

1 - أسد الغابة، ج2، ص 143.
2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 323-324.
3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 323.
4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 311.

ئایا خەبباب لە جەنگی صفیندا بەشدار بووە؟

ئەگەرچی گێڕانەوەیەك هاتووە كە دەڵێت: خەبباب لە جەنگی صفیندا بەشدار بووە و دوای ئەوە وەفاتی كردووە،[1] بەڵام ئەمە لە رووی مێژووییەوە هەڵەیە، ئەمەش بە چەند بەڵگەیەك:

یەكەم: خەبباب لە سەردەمی خیلافەتی عەلی كوڕی ئەبوو طالیبدا نەخۆش كەوتبوو و نەخۆشیەكەشی ماوەیەكی زۆر لە جێگەدا خستی تا ئاستێك حەوت جار داخكردنی بۆ بەكارهێنرا، بۆیە كەسێك بەو هەموو نەخۆشیەوە ناتوانێت بەشداری جەنگ بێت.

دووەم: لە زۆربەی سەرچاوەكاندا هاتووە كە عەلی كاتێك دەرچوو بۆ صفین لەو ماوەدا خەبباب كۆچی دوایی كردووە، هەروەها كاتێك عەلی لە صفینەوە هاتەوە گۆڕەكەی خەببابی لە دەرەوەی كووفە بینی، ئەمەش بەڵگەیە كە خەبباب بەشداری جەنگی صفین نەبووە.

خەببابی كوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی خەببابی كوڕی عەمری كوڕی حەممەی دەوسیە، لە جەنگی یەرمووكدا خالید خەببابی كرد بە بەرپرسی بەشێك لە سوپا، ئەمەش بەڵگەی هاوەڵ بوونیەتی، چونكە لە سەردەمی خەلیفە راشیدیەكاندا تەنها هاوەڵەكانیان دەكردنە ئەمیری فتووحات.[2]

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 143.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 259.

خەدیجەی کچی حوصەین (رضي الله عنها)

**ناوی خەدیجەی کچی حوصەینە، بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، لە غەزای خەیبەردا پێغەمبەر (ﷺ) بڕی سەد کۆڵ خورمای بۆ خەدیجەو هیندی خوشکی بڕیەوە.[1]**

خەدیجەی کچی خوەیلید(دایکی باوەڕداران) (رضي الله عنها)

**ناوی خەدیجەی کچی خوەیلیدی کوڕی عەبدولعوززای قوڕەیشی ئەسەدیە،[2] خێزانی یەکەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و یەکەم ئافرەتی موسڵمان بووە، دایکی ناوی فاطیمەی کچی زائیدەیە.[3]**

**خەدیجە برایەکی هەبوو بە ناوی عەووام کە باوکی زوبەیر و سائیب بوو.[4]**

خەدیجە(رضي الله عنها) پێش هاوسەری لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)

**خەدیجە سەرەتا هاوسەری ئەبی هالەی کوڕی زورارە بوو، دوای ئەو شووی کرد بە پیاوێکی تر کە ناوی عەتیقی کوڕی عابید بوو، ئەو پیاوەی مرد ئینجا هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) کرد.[5]**

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 227.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 600.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 600.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 119.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 600.

خەدیجە لە مێردی یەکەمی کوڕێکی هەبوو بە ناوی هالە کە هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[1] لە مێردی دووەمی کچێکی هەبوو بە ناوی هیند.[2]

خەدیجە لەناو هۆزەکەیدا زۆر ناسراو بوو، چونکە هەم لە خێزانێکی ناسراو بوو، هەم سامانێکی زۆر زۆری هەبوو و هەموان حەزیان دەکرد ئەو ئافرەتە بخوازن.[3]

خەدیجە هێندە بە پاکداوێن ناسرابوو کە لەناو هۆزەکەیدا بە ئافرەتە پاکەکە ناوی دەرچووبوو.[4]

سەرەتای یەکترناسین

خەدیجە سامانێکی زۆری هەبوو، بۆیە داوای لە پیاوانێکی شارەزا دەکرد تا کاری بازرگانی بۆ بکەن، بەرامبەر بەوە بڕێك قازانجی دەدا پێیان، جا کاتێك راستگۆیی و دەستپاکی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیست بڕیاریدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) مامەڵە بکات،[5] بۆیە داوای کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تا کاری بازرگانی بۆ بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) رازی بوو، ئەوکات هێشتا نەبووبوو بە پێغەمبەر و لە تەمەنی لاویدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ مەیسەرەی مەولای خەدیجەدا چوو بۆ شام تا کاری بازرگانی بکات بۆ خەدیجە، کە گەیشتنە شام پێغەمبەر (ﷺ) لە ژێر

1 - أسد الغابة، ج5، ص 393.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 15.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 131.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 15.

5 - أسد الغابة، ج7، ص 90.

سێبەری دارێکدا دانیشت، کابرایەکی راهیب ئەوی بینی، بە مەیسەرەی وت ئەم کابرایە کێیە؟ ئەویش وتی کەسێکی قورەیشیە، راهیبەکە وتی تەنها پێغەمبەران لەژێر سێبەری ئەم دارەدا دانیشتون، ئینجا وتی ئایا سوورایی‌ەك لەنێوچاوانیدا هەیە؟ مەیسەرە وتی بەڵێ، راهیبەکە وتی دەی هەرگیز لێی جیا مەبەرەوە، ئەە کۆتای پێغەمبەرانە و خۆزگە منیش دەگەیشتمە کاتی پێغەمبەرایەتیەکەی، ئینجا کە هاتنەوە خەدیجە قازانجی زۆر زۆری دەکرد لەو کارەی پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەها مەیسەرە ئەو قسەی راهیبەکەشی بۆ خەدیجە گێڕایەوە،[1] ئەوەبوو دڵی چوویە سەر پێغەمبەر (ﷺ) و پێشنیازی خۆی کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) تا ببێتە هاوسەری.[2]

پێشنیاری خەدیجە(رضي الله عنها) بۆ هاوسەرگیری

سەبارەت بە جۆری پێ وتنەکە بە پێغەمبەر (ﷺ) چەند گێڕانەوەیەك هاتووە:

عەمماری کوڕی یاسر دەڵێت: جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەچووین بەڕێدا و خوشکەکەی خەدیجەمان بینی دامان بە لایدا لەسەر پێستەیەك بوو دەیفرۆشت، کە منی بینی بانگی کردمە کەنارەوە، پێی وتم ئەرێ هاوڕێکەت رای چۆنە بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ خەدیجە؟ منیش چووم و ئەوەم بە پێغەمبەر (ﷺ) وت، ئەویش فەرمووی: بەڵێ بەخوا پێم خۆشە، هەواڵەکەم دایەوە بە خوشکەکەی خەدیجەو ئەویش وتی دەی بۆ بەیانی وەرن، ئێمەش چووین و سەیرمان کرد مانگایەکیان سەربڕیوەو جلی جوانیان کردوەتە بەر باوکی خەدیجە، منیش بە خوشکەکەیم وت

1 - دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 106.
2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 114.

ئەویش بە باوکی وت، باوکیشی ئەوکات سەرخۆش بوو، خوشکەکەی خەدیجە وتی موحەممەد هاتوەتە داوای خەدیجەو ئەویش رازی بوو و خەدیجەی لێ مارە کرد، لە گۆشتەکە خواردنێکیان ئامادە کرد و هەموان نانیان خوارد و باوکی خەدیجە خەوت، دواتر کە لە خەو هەستا هاواری کرد ئەم جلانە چین؟ ئەم خواردن و بەزمە چیە؟ کچەکەی پێی وت ئەو جلە هی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵایەو ئەو مانگایەی بە دیاری بۆ هێناویت و تۆیش کە خەدیجەت لێ مارە کرد ئەو ماگایەمان سەربڕی، بەڵام خوەیلید نارازی بوو و کەوتە بۆڵەو هاوارکردن.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) و مەیسەرە گەڕانەوەو مەیسەرە باسی قسەی راهیبەکەی کرد، خەدیجە کەسێکی نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێی وت پێی بڵێت:(ئەی ئامۆزا من دڵم چوەتە سەر تۆ لەبەر نزیکی و خزمایەتیت لێم، لەبەر کەسایەتی و نێوەندبوون و سپاردەکاریت لەنێو هۆزەکەتدا، لەبەر رەوشت حوانی و راستبێژیت)،[2] ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) چوو لای مامەکانی مەسەلەکەی باس کرد و دواتر حەمزەی مامی لەگەڵی چوو بۆ لای خوەیلید و داوای خەدیجەی کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش مارەی کرد لێی.[3]

نەفیسە کە ئافرەتێکە دەڵێت: خەدیجە منی نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا پیشنیازی بۆ بکەم داخوازی خەدیجە بکات و هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، منیش هەمان کارم کرد و چووم بۆ لای و وتم بۆچی هاوسەرگیری ناکەیت؟ فەرمووی

---

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12840، البداية والنهاية لابن كثير، ج2، ص 295-296، البحر الزخار، الرقم 1262.

2 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 394.

3 - أسد الغابة، ج7، ص 91.

هیچێکم لەدەستدا نیە تا هاوسەرگیری بکەم، وتم ئەگەر من ئەوەم بۆ چارەسەر کردیت و ئافرەتێکی لێهاتوو و دەوڵەمەند و جوانیش هەبوو بیهێنیت، فەرمووی کێیە؟ وتم خەدیجەیە، پێغەمبەریش (ﷺ) رازی بوو.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) داوای خەدیجەی کرد مامی خەدیجە عەمری کوڕی ئەسەد خەدیجەی لە پێغەمبەر (ﷺ) مارە کرد، رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو عەمری برای خەدیجە مارەی کرد لە پێغەمبەر (ﷺ).[2]

کات و تەمەنی هاوسەرگیریەکە

سەبارەت بە کاتی هاوسەرگیری خەدیجەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند رای جیاواز هاتووە، رایەکیان دەڵێت: ئەوکات خەدیجە تەمەنی چل ساڵان بووە، رایەکی تریش دەڵێت: بەڵکو تەمەنی بیست و هەشت ساڵان بووە،[3] رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو تەمەنی خەدیجە ئەوکات سی و پێنج ساڵان بووە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو بیست و پێنج ساڵان بوو.[4]

سەبارەت بە تەمەنی پێغەمبەریش (ﷺ) رایەك دەڵێت: تەمەنی بیست و یەك ساڵان بووە، رایەکی تریش دەڵێت: تەمەنی بیست و پێنج ساڵان بووە.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 602.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج2، ص 296.
3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 111.
4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج2، ص 295.
5 - أسد الغابة، ج7، ص 90.

ماوەی پێکەوە ژیانیشیان نزیکەی بیست و پێنج ساڵ بووە، چونکە بە گونجاندنی کاتی هاوسەرگیریەکەو تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) و کاتی وەفاتی خەدیجەدا دەزانین نزیکەی بیست و پێنج ساڵ پێکەوە ژیاون.

وەستانێك:

لەبەرئەوەی دەقێکی روونی صەحیح نیە سەبارەت بە تەمەنی خەدیجەی کچی خوەیلید لە کاتی هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)، بۆیە شیکاریەکی بۆ دەکەین:

یەکەم: تەمەنی خەدیجە چل ساڵان نەبووە، چونکە ئافرەت لە تەمەنی چل ساڵ بە دواوە ئەگەری منداڵ بوونی زۆر کەم دەکات، چ جای ئەوەی چەند منداڵێکی ببێت، پێغەمبەریش (ﷺ) پاش پانزە ساڵ لەو هاوسەرگیریە ئینجا بوو بە پێغەمبەر (ﷺ) تا بڵێین موعجیزەیەکی خودایی بوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و هیچ دەقێکیش لەو بارەوە نیە.

دووەم: دیارە خەدیجە زۆر گەنجیش نەبووە، ئەمەش بەپێی ئەو دەقەی کە عائیشە دەڵێت: کە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر باسی خەدیجەی دەکرد دەموت چیە هێندە باسی ئەو پیرەژنە قورەیشیە دەکەیت،[1] هەروەها لەبەرئەوەی پێشتر دوو جار شووی کردووەو دوو منداڵیشی هەبووە.

1 - صحیح البخاري، الرقم 3633.

سێیەم: ئەگەر تەماشا بکەین لە سەرچاوەکاندا چوار تەمەن هاتووە(بیست و پێنج، بیست و هەشت، سی و پێنج، چل)، کەچی ئەوەی چل ساڵەکە زەق کراوەتەوە، هۆکارەکەشی چیە؟!

ژیانی ژن و مێردایەتی

خەدیجە لە ماوەی ژیانی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) تەنانەت لەو کاتەش کە پێغەمبەر نەبوو زۆر رێزی دەگرت لێی و بە گەورە تەماشای دەکرد و پێغەمبەر (ﷺ) هەر چی بفەرموایە ئەو بڕوای پێدەکرد،[1] هەڵسوکەوتێکی ژنێکی سەلار بەرامبەرمێردێکی سەلار.

خەدیجە خزمەتکارێکی کڕیبوو بە ناوی زەیدی کوڕی حارثە، هێشتا پێغەمبەر (ﷺ) سروشی بۆ دانەبەزیبوو، بەڵام خۆشەویستی بۆ زەید زۆر بوو، خەدیجە کە بینی پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی زۆر خۆشدەوێت زەیدی پێ بەخشی.[2]

وەستانێك:

گومانێك لەلایەن رۆژهەڵاتناسانەوە سەبارەت بە هاوسەرگیری پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ خەدیجە خراوەتەڕوو گوایە مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) لەو هاوسەرگیریەدا بریتی بووە لە دەستکەوتی ماددی تا ببێتە بنەڕەت بۆ بانگەوازی داهاتووی، بەڵام ئەمە لە چەند روویەکەوە ناراستی ئەو مەسەلەیە دەخاتەڕوو:

---

1 الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 603.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 604.

یەکەم: پێغەمبەر (ﷺ) ئەوکات نەیدەزانی دەبێتە پێغەمبەری خوا و هیچ ئاگاداریەکی نەبوو، ئەگەریش بڵێت وەك کەسێکی کاریزما جووڵاوەتەوە ئەمە بڕوا نەبوونە بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) و کردنیەتی بە کاریزمایەکی ناو مرۆڤایەتی نەك پێغەمبەرێکی خوا، بۆ ئەوانەش وا دەڕوانن هەر لەوەدا هەڵەن، چونکە مێژوو بە کۆدەنگی پاکداوێنی پێغەمبەری خوای (ﷺ) سەلماندووەو لە گەرمەی گەنجێتیدا نەچووە بە لای هیچ چێژوەگرتنێکی جنسیدا، لەکاتێکدا ئەگەر هاوسەرگیریەکەی بۆ مادده بوایە ئەوە دەبوو بە نهێنی و یان هەر بە ئاشکراش خۆی بێبەش نەکردایە لە یەکەم چێژی رازێنراوەی سەر زەوی وەك خوا فەرموویەتی: (زين للناس حب الشهوات من النساء...)، بەڵکو دەبینین تا ئەو کاتەی خەدیجە وەفات دەکات پێغەمبەر (ﷺ) هیچ ژنێکی تر ناهێنێت و تەنانەت لە سەردەمی پێش پێغەمبەرایەتیشیدا سەیرێکی ئافرەتێکی تریشی نەکردووە، دەی خەدیجە لە ساڵی سێیەمی پێش کۆچیدا وەفاتی کردووە، واتە ئەوکات تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) نزیکەی پەنجا ساڵ بووە، واتە نزیکەی بیست و پێنج ساڵ پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ خەدیجە ژیا کەچی جارێکیش بیری نەکردەوە لە هاوسەرگیریەکی تر، لەکاتێکدا پاش ئەو ژنی زۆری هێنا، بۆیە ئەوە تەنها کینەیەکی بڕوانەبوونە بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) و لەو پێناوەشدا هەر هەنگاوێك دەگرنەبەر با ناحەقیش بێت.

باوەڕهێنانی خەدیجە(رضي الله عنها)

خەدیجە یەکەم کەس بوو باوەڕی هێنا بە پێغەمبەر (ﷺ)،[1] ئەمەش کۆدەنگی هەموو موسڵمانانی لەسەرە.[2]

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سروشی بۆ دابەزی جۆرێك لە دڵەخورپێ دایگرت و گەڕایەوە ماڵەوە بۆ لای خەدیجەی کچی خوەیلیدی خێزانی، فەرمووی: (دامپۆشن، دامپۆشن)، دایانپۆشی تا حاڵی ئاسایی بوویەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) بارەکەی گێڕایەوە بۆ خەدیجەو فەرمووی: (لقد خشيت على نفسي)، (بەراستی لە حاڵی خۆم دەترسم)، خەدیجەش پێی وت: نەبەخوا هەرگیز خوا سەرشۆڕ و شکت خواردەت ناکات، چونکە تۆ پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنیت و ئەرکی قورس و هاوکاری لەئەستۆ دەگریت و دەستگرۆیی هەژار و مایەپووچان دەکەیت و رێزی میوان دەگریت و خزمەتی دەکەیت و پاڵپشت و دڵدەرەوەی بارشێواوانیت، ئینجا پاش ئەو دڵدانەوەیە، خەدیجە پێغەمبەری خوای (ﷺ) برد بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل کە کابرایەکی نەصرانی بوو و نووسینی عیبرانیشی دەزانی، کابرایەکی پیری نابینا بوو، خەدیجە پێی وت ئامۆزاکەم گوێ لە برازاکەت بگرە، وەرەقە بە وردی گوێی گرت لە پێغەمبەر (ﷺ) و دواجار پێی وت کە ئەو بووە بە پێغەمبەر (ﷺ).[3]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 109.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 89.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3، صحيح مسلم، الرقم 257، صحيح ابن حبان، الرقم 33، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25297.

گەورەییەکانی خەدیجە(رضي الله عنها)

جارێك خەدیجە خواردنی ئامادە کردبوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و چوو بەرەو بەرزاییەکانی مەککە تا خواردنەکەی بۆ ببات، لە رێدا جبرەیل خۆی لە شێوەی مرۆڤێکدا نیشان دا و پرسیاری پێغەمبەری خوای (ﷺ) لە خەدیجە کرد، خەدیجەش ترس دایگرت و ترسا کەسێکی خراپ بێت و نیازی کوشتنی پێغەمبەری خوای (ﷺ) هەبێت، دواتر کە خەدیجە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی (ئەوە جبرەیل بوو، فەرمانی پێکردم سەلامت پێ بگەیەنم)، ئینجا موژدەی دا بە خەدیجە کە لە بەهەشتدا خانوویەکی بێ ژاوەژاوو و ماندووبوونی بۆ تایبەت کراوە.[1]

خەدیجە پشتیوانێکی گەورە بوو بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵکو هەرکات پێغەمبەر (ﷺ) لە دەرەوە بە دەست بێباوەڕانەوە قسەی ناخۆشی بەرامبەر بکرایە، کە دەگەڕایەوە ماڵەوە خەدیجە دڵی هێور دەکردەوەو خەفەتی سەر شانی لادەبرد.[2]

خەدیجە دایکی هەموو منداڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو جگە لە ئیبراهیم کە لە ماریە بوو.

خەدیجە ئەم منداڵانەی لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو:(قاسم کە کوڕە گەورەی بوو، طەیب، طاهیر، عەبدوڵا، روقییە کە کچە گەورەی بوو، زەینەب، ئوممکلثوم، فاتیمە)،[3] هەموو کوڕەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە خەدیجەوە پێش دابەزینی سروش

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 603-604.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 600.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج2، ص 294.

وەفاتیان کرد، بەڵام کچەکانی مانەوە تا ئیسلام هات و باوەڕیان هێنا بە ئیسلام و کۆچیان کرد بۆ مەدینە.[1]

خەدیجە زۆر خواناس بوو، پێغەمبەر (ﷺ) موژدەی پێدابوو کە لە بەهەشتدا خانوویەکی هەیە.[2]

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(إن أفضل نساء أهل الجنة خديجة بنت خويلد و فاطمة بنت محمد و مريم بنت عمران و آسية بنت مزاحم إمراة فرعون)،[3] (چاکترین ئافرەتانی بەهەشت بریتین لە خەدیجەی کچی خوەیلید و فاطیمەی کچی موحەممەد و مەریەمی کچی عیمران و ئاسیەی کچی موزاحیم کە ژنی فیرعەون بوو).

جارێك جیبریل هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و فەرمووی: : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە خەدیجەیە دێت بۆ لات و قاپێکی پێیە کە خواردنی تێدایە، ئەگەر هات بۆ لات سەلامی پەروەردگاری و منی پێ بگەیەنە و موژدەی بدەرێ بە خانوویەك لە بەهەشتدا کە مرواریەو هیچ ژاوەژاو و ماندووبوونێکی تێدا نیە.[4]

خەدیجە لە هەموو نارەحەتیەکاندا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو، تەنانەت لە گەمارۆدانی سەختی هاشمیەکانیشدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە شیوەکەدا بوو،

---

1 - أسد الغابة، ج7، ص 91.

2 - صحيح مسلم، الرقم 4566.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7120، المستدرك على الصحيحين، الرقم 3771، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8080، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2787، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18909، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 1507.

4 - صحيح البخاري، الرقم 3632، صحيح مسلم، الرقم 6975، صحيح ابن حبان، الرقم 7119، مسند احمد بن حنبل، الرقم 6975، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18918.

جارێك حەكیمی كوڕی حیزام ویستی بڕێك گەنم بەرێت بۆ خەدیجەی پووری، بەڵام ئەبووجەهل رێی پێگرت، ئەبولبوختەری هات و وتی ئەوە چیتانە؟ ئەبووجەهل وتی ئەمە خواردن دەبات بۆ هاشمیەكان، ئەبولبوختەری وتی بۆ پووری خۆی دەبات رێی ئەوەشی لێ ئەگریت؟ رێی بۆ چۆڵ كە كابرا، بەڵام ئەبوجەهل رازی نەبوو، بۆیە كەوتنە دەمەقاڵەو دەستەویەخە.[1]

كۆچی دوایی خەدیجە(رضي الله عنها)

سەبارەت بە كاتی مردنی خەدیجە چەند گێڕانەوەیەك هاتووە، لە عائیشەی دایكی باوەڕدارانەوە گێڕدراوەتەوە كە خەدیجە پێش فەرزبوونی نوێژ وەفاتی كردووە، دەوترێت لە مانگ رەمەزاندا كۆچی دوایی كردووە، رایەك دەڵێت: سێ ساڵ پێش كۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە كۆچی دوایی كردووە.[2]

رایەك دەڵێت كاتێك خەدیجە وەفاتی كرد تەمەنی نزیكەی شەست و پێنج ساڵ دەبوو،[3] ئەمەش بە پشت بەستن بەو گێڕانەوەی كە دەڵێت: خەدیجە لە تەمەنی چل ساڵیدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) هاوسەرگیری كردووە.

حاكم لە موستەدرەكدا دەڵێت: ئەم وتەیە شازە، چونكە ئەوەی لای منە(بەڵگە) ئەوەیە كە تەمەنی نەگەیشتوەتە شەست ساڵان.[4]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 88.
2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 117.
3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 112.
4 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4790.

سەبارەت بە ماوەی نێوان مەرگی خەدیجەو ئەبوو طالیب رایەك دەڵێت: خەدیجە تەنها دوای سێ رۆژ لە مەرگی ئەبووطالیب کۆچی دوایی کرد، رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو خەدیجە سی و پێنج رۆژ پێش ئەبووطالیب کۆچی دوایی کرد.[1]

خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خەدیجە(رضي الله عنها) پاش مردنیشی

خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خەدیجە بە مەرگی خەدیجە کۆتایی پێ نەهات، بەڵکو زۆرجار بە چاکە باسی دەکرد، ئەمەش چەند نموونەیەك لە خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خەدیجە لە دوای مردنی:

خەولەی کچی حەکیم دەڵێت: چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەتبینم بە مەرگی خەدیجە بۆشاییەك کەوتۆتە ژیانتەوە، ئەویش فەرمووی: : (بەڵێ، ئەو دایکی منداڵەکان و خاتوونی ماڵەوە بوو).[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) زۆر جار باسی خەدیجەی دەکرد، کاتێك ئاژەڵێکی سەردەبڕی بەشی هاوڕێکانی خەدیجەی جیا دەکردەوەو دەستی بگەیشتایەتە لای هەرکامیان بۆی دەنارد.[3]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت ئەو غیرەی بەرامبەر خەدیجە هەمبوو بەرامبەر هیچ کەسی تر هێندە نەمبوو، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر زۆر باسی دەکرد.[4]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 112.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 603، قال الحافظ ابن حجر وسنده قوي مع إرساله.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3628.

4 - صحيح البخاري، الرقم 3629.

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) کە گۆشتی دەنارد بۆ هاوڕێکانی خەدیجەو و هێندەش زۆر باسی خەدیجەی دەکرد، وام لێدەهات دەموت ئەڵێیت هەر خەدیجە ژن بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو: ئەو ئاواو و ئاوا بوو و من لەو منداڵم هەبوو).[1]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: جارێك هالەی خوشكی خەدیجە هاتە بەردەرگا، کە پێغەمبەر (ﷺ) زانی هالەیە خێرا راپەڕی و فەرمووی: : (اللهم هالە) (ئای خوایە هالە هاتووە)، منیش غیرە دایگرتم و وتم چیە ئەوەنە باسی ئەو پیرەژنە قوڕەیشیە دەکەیت،[2] پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوەی لێ بیستم دەموچاوی تووڕە و شێواو هەڵگەڕا.[3]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: کاتێك ناوی خەدیجە دەبرا ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) زۆر وەسفی دەکرد و زۆر یادی دەکردەوە، منیش رۆژێك غیرەم هەبوو وتم چیە ئەوەنە باسی ئەو لاجانگ سوورە ئەکەیت خوا لە بری ئەو چاکتری پێ بەخشیویت، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: (ما أبدلني الله عز وجل خيرا منها، قد آمنت بي إذ كفر بي الناس، وصدقتني إذ كذبني الناس، وواستني بمالها إذ حرمني الناس، ورزقني الله عز وجل ولدها إذ حرمني أولاد النساء)،[4] (خوای گەورە لەو چاکتری پێ نەبەخشیوم، خەدیجە کاتێك باوەڕی پێ هێنام کە خەڵکی بڕوایان پێ

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3630.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3633.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7118.

4 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 24309، قال الذهبي في البداية والنهاية (ج3، ص 128) إسناده لا بأس به، صححه شعيب الأرناؤوط.

نەدەهێنام، بەراستی زانیم کاتێك خەڵکی بە درۆیان دەخستمەوە، کاتێك خەڵك بێبەشیان دەکردم ئەو بە سامانەکەی دڵنەوایی و پاڵپشتی دەکردم، خوای گەورە لەو منداڵی پیٚ بەخشیم کەچی لە ژنەکانی ترم لە منداڵ بێبەشی کردم).

پەندو وانە:

هاوسەرگیری پرۆسەیەکی شەرعیە کە خوای گەورە دایناوە لەنێوان نێر و مێدا رووبدات، ئەوەش ویستێکی کاتی نیەو بەس، بەڵکو فەرمانی خوایی لەسەرەو هەر کەسیش لەو مەیدانەدا کەمتەرخەمی کردبێت نابێتە بیانوو بۆ رەوایی دەستبەردار بوون لە هاوسەرگیری، ئەگەر هاتو جەستە کامڵ بوو و عەقڵ تەواو بوو و کەسەکە توانای هاوسەرگیری هەبوو، ئیتر خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بە دەستەواژەی فرمان کردن رێی هاوسەرگیری پیٚ نیشان دەدەن، هەروەها مەسەلەیەکی تریش کە گرنگە لە هاوسەرگیریدا پاراستنی ئاییندارى تاکە، چ کوڕ کە ئافرەتێك هەڵدەبژێرێت هەڵبژاردنەکەی دەبێت بۆ ئافرەتێکی ئاییندار بێت کە هەم پێکەوە بگونجێن و هەم منداڵەکان لەسەر بیروباوەڕێکی چاك پەروەردە بکات، بۆیە خوا دەفەرمویت: (وأمة مؤمنة خير من مشركة و لو أعجبتكم)، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمويت: (فاظفره بذات الدين تربت يداك)،[1] چ ئافرەتیش دەبێت دەبێت زۆر زیاتر رەچاوی ئەو خاڵە بکات، چونکە ئافرەت زۆر زووتر کاریگەر دەبێت بە بیرکردنەوەو رامانی هاوسەرەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمويت: (إذا أتاكم من ترضون خلقه ودينه

1 - صحيح البخاري، الرقم 4802، صحيح مسلم، الرقم 2739، سنن أبي داود، الرقم 1764، صحيح ابن حبان، الرقم 4099، سنن ابن ماجة، الرقم 1854، سنن الدارمي، الرقم 2139، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5193، مسند احمد بن حنبل، الرقم 9317.

فزوجوه)،[1] (ئەگەر کەسێك هاتە داوای کچەکەتان، لە ئاکار و ئاییندارییەکەی رازی بوون ئەوە لێی مارە بکەن).

هەر سەبارەت بە هاوسەرگیری بابەتێك هەیە کە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا زەق کراوەتەوەو وەك تانەیەك دانراوە، ئەویش پێشنیازی هاوسەرگیریە لەلایەن ئافرەتەوە، ئیتر یان کەسی بەرامبەر ئەوە بە کەمی کچەکە دەزانێت، یان کۆمەڵگە تانەی لێدەدات، بەڵام لە راستیدا شەریعەت وا ناڵێت، هەر بە دیدە عەقڵیەکەشی تەماشا بکرێت، ئافرەتێك بە چەندەها ساڵ ماندووبوون تا پەروەردەیەکی تەواوی ئایینی و رەوشتی و کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، ئەگەر بیەوێت هەم ژیانێکی بەختەوەرانەی بێ باجدانی هەبێت و هەم ئەو دەستکەوتانەشی بپارێزێت، چاکترین رێچارە ئەوەیە بە دڵی خۆی کوڕێك هەڵبژێرێت کە هەم بەختەوەری پێکەوە ژیانی لێ بەدی بکات، هەم هۆکاری پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی بێت، ئەمە نەك کەموکورتی نیە، بەڵکو گەورەییە کە ئەو ئافرەتە دەیەوێت دەستکەوتەکانی دنیا و قیامەتی بپارێزێت، بەڵام باشتر وایە لە رێی کەسێکی دڵسۆزەوە ئەو پێشنیازە بگەیەنێت بە کوڕەکە، هەم بۆ دروست نەبوونی گومان لای ئەو کوڕە کە لەوانەیە جار هەبێت ئەوە بە شتێکی تر لێکبداتەوە، هەم بۆ ئەوەی ئەگەر نەگونجا ئافرەتەکە پێی نەشکێتەوە، چونکە ئەوان دڵیان ناسکە و هەستیارن، پێغەمبەریش (ﷺ) بە شووشەیی ناوی بردون (رويدك بالقوارير).[2]

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 1963، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 1967.

2 - صحيح البخاري، الرقم 5815، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 11854.

پێویستە هاوسەرەکان لە خۆشی و ناخۆشیەکاند پشت و هاودەمی یەکدی بن، نەك لە خۆشیەکاندا دۆستی یەك و لە ناخۆشیەکاند دڵسۆزێکی ناچار بە کەنارگیری بن، خەدیجەی دایکی باوەڕداران جوانترین نموونە بوو، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەم جۆرە پێناسی دەکات: (خەدیجە کاتێك باوەڕی پێ هێنام کە خەڵکی بڕوایان پێ نەدەهێنام، بەراستی زانیم کاتێك خەڵکی بە درۆیان دەخستمەوە، کاتێك خەڵك بێبەشیان دەکردم ئەو بە سامانەکەی دڵنەوایی و پاڵپشتی دەکردم)، تا دوا ساتەکانی ژیانیشی هاودەمی نارەحەتیەکانی هاوسەرەکەی بوو، ئیتر هیچ کات بیری لەوە نەدەکردەوە منێکی دەوڵەمەندی خاوەن ناوبانگ لەپێناو چیدا ئەم هەموو باجە بدەم، بەڵکو ئەوەی لای گرنگ بوو هاودەمی مێردی خواناسی بێت.

وەفاداری پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خەدیجە نموونەیەکی باڵای وەفاداری نێوان ژن و مێردە، وەفاداریەك کە دوای مردنیشی هێشتا هەمان خۆشەویستی هەیە بۆی، نە ئامادەیە کەس بە بچووکترین تانەوە ناوی ببات و باسی بکات، نە ئامادەیە هیچ ئافرەتێکی تر وەك ئەو تەماشا بکات، بە ناوهێنانی خێرا چاکەکانی خەدیجەی باس دەکرد، بە هاتنی کەس و دۆستانی خەدیجە دڵی دەگەشایەوە، کە دیاری و خێر و قوربانیەکیشی هەبوایە پشکی خۆشەویستانی خەدیجەی لەبیر نەدەکرد.

پێغەمبەر (ﷺ) تا دوای وەفاتی خەدیجە هیچ هاوسەرگیریەکی تری نەکرد، جا ئەمە لە سەرچاوەکاندا زۆر باسکراوەو وەك فەزڵێك بۆ دایکمان خەدیجە باس کراوە، لە راستیدا ئێمە نازانین ئایا پێغەمبەر (ﷺ) تایبەت لەبەر خەدیجە ئەوەی کردووە یان نا، بەڵام دەزانین پێغەمبەر (ﷺ) لەو ماوەی خەدیجەی هەبوو و پێغەمبەری خواش (ﷺ) بوو لەوپەڕی نارەحەتیدا بوو، لە مەککە بوو کە قۆناغی

ئازار و سزادانەکان بوو، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دوای خەدیجە عائیشەی بەهاوسەرگرت کە زۆر زۆر لای خۆشەویست بوو و کچی هاوەڵی هەرە خۆشەویستیشی بوو، بەڵام ئەوە نەبوویە ڕێگر لەوەی هاوسەرگیری تر بکات و ئافرەتانی تریشی بەهاوسەر گرت، بەڵام ئەوەی لە دەقەکاندا بەدیدەکەین پێغەمبەر (ﷺ) خەدیجەی لە هەر هەموو ژنکانی تری خۆشتر ویستووەو ئەوەشی نەشاردوەتەوە.

خەدیجەی کچی زوبەیر (رضي الله عنها)

ناوی خەدیجەی کچی زوبەیری کوڕی عەووامە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی ئەبووبەکری صدیقە، لەپێش غەزای ئەحزابدا لەدایك بووە و ماوەی پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بەسەر برد.[1]

ئەسمائی دایکی دەڵێت: سکم پڕ بوو بە خەدیجەوە، کە دراوسێیەکی جوولەکەمان گۆشتی لێنابوو، تەواو بێزووم پێوە کرد و خۆم پێ ڕانەگیرا و چووم بۆ لای ژنە جوولەکەکەو بە بیانووی هێنانی ئاگرەوە چووم بۆ لای، وتم بەڵکو خۆی تۆزێکم بەش بدات، کە چوومە ئەویَ و بۆنم کرد و گۆشتەکەم بینی زیاتر حەزم لێکرد، ئاگرەکەم برد و ژنەکە بەشی نەدام، ئاگرەکەم کوژاندەوەو هەمدی چوومەوە بۆ ئاگرەکە، سێ جار وامکرد، کەچی هیچی بەش نەدام، منیش دانیشتم و دەستم کرد بە گریان و نزاکردن، مێردی ژنە جوولەکەکە هاتەوە ماڵەوەو بە ژنەکەی وت کەس نەهاتووە بۆ لات؟ ژنەکە وتی ئافرەتێکی عەرەب هات داوای ئاگری کرد، کابرای

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 605.

جووله‌كه‌ وتی ده‌ی تا به‌شی ئه‌و ژنه‌ نه‌نێریت لێی ناخۆم، ئه‌وه‌بوو قاپێك گۆشتی بۆ ناردم، تا ئێستاش شتێكم نه‌خواردووه‌ هێنده‌ی ئه‌و خواردنه‌ چێژی پێدابم.[1]

خەدیجی کوڕی سەلامە(رضي الله عنه)

ناوی خه‌دیجی كوڕی سه‌لامه‌ یان كوڕی سالمه‌،[2] دواتر له‌ كووفه‌ نیشته‌جێ بوو.[3]

خه‌دیج یه‌كێك بوو له‌ به‌شداربوانی به‌یعه‌تی دووه‌می عه‌قه‌به‌، به‌ڵام دواتر نه‌یتوانی له‌ غه‌زای به‌در و ئوحوددا به‌شداری بكات، به‌ڵام له‌ غه‌زاكانی دواتردا به‌شداری كرد.[4]

خەرەشەی ثەقەفی (رضي الله عنه)

ناوی خه‌ره‌شه‌یه‌ و له‌ ثه‌قه‌فیه‌كانه‌، هاته‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) و له‌ خزمه‌تیدا موسڵمان بوو.[5]

خەرەشەی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی خه‌ره‌شه‌ی كوڕ حارثه‌یه‌، ئه‌م هاوه‌ڵه‌ له‌و هاوه‌ڵانه‌یه‌ كه‌ دواتر له‌ حیمص نیشته‌جێ بووه‌.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 605.
2 - أسد الغابة، ج2، ص 154.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 266.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 154.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 273.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 272.

خەرەشە فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو:

(ستكون من بعدي فتنة، النائم فيها خير من اليقظان، والقاعد فيها خير من القائم، والقائم فيها خير من الساعي، فمن أتت عليه فليمش بسيفه إلى صفاة فليضربه بها حتى ينكسر، ثم ليضطجع لها حتى تنجلي عما انجلت).[1]

(بەم نزیکانە فیتنەیەك دێت کە ئەوەی تیایدا خەوتووە باشترە لەوەی بێدارە، ئەوەی تیایدا دانیشتووە باشترە لەوەی لەسەر پێی وەستاوە، ئەوەی تیایدا لەسەرپێ وەستاوە باشترە لەوەی ڕێ دەکات، هەرکەس گەیشتە کاتی ئەو فیتنەیە با شمشێرەکەی هەڵگرێت و هێندە بیدات بە بەردی پتەودا تا شمشێرەکەی دەشکێت، ئینجا با بۆی راکشێت تا ئەوەی دەرکەوتووە نامێنێت و بارەکە هەڵدەگیرێت).

خەرەشەی کوڕی حارثی موڕادی (رضي الله عنه)

ناوی خەرەشەی کوڕی حارثی موڕادیە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، خەرەشە یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی میصر.[2]

خەرەشە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لا يشهدن أحدكم قتيلا، لعله أن يكون قتل ظلما فيصيبه السخط)،[3] (کەس لە ئێوە ئامادەی کوشتنی کەسێك مەبن،

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16679، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4065، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 273.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17182، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

چونکە لەوانەیە بە ستەم بکوژرێت و ئەوکات ئێوەش بە سزای بەشداری ئەو ستەمە بکەون).

خەرەشەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی خەرەشەی کوڕی مالیکی ئەودیە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بوو، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا لە ریزی سوپای عەلیدا بوو و لە جەنگەکانیدا بەشداری کرد.[1]

خەزرەجی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی خەزرەجە، کوڕێکی هەیە بە ناوی حارث کە فەرموودەیەکی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، حارث دەڵێت: لە خەزرەجی باوکمم بیست کە ئەویش لە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیست کاتێك لەسەر سەری کابرایەکی پشتیوانی وەستابوو کە لە سەرەمەرگیدا بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئەی مەلەکولمەوت لەگەڵ هاوەڵەکەم نەرم بە چونکە ئەو باوەڕدارە)، مەلەکولمەوتیش وتی ئەی موحەممەد دڵنیاو بێخەم بە، چونکە من لەگەڵ هەموو باوەڕدارێك نەرمونیانم و سۆزم دەبێت، ئەی موحەممەد بزانە من کە گیانی ئادەمیزادێك دەکێشم کەسێك لە کەسوکاری لەلایەکی ماڵەکەوە هاوار دەکات و گیانی مردووەکەش بە منە، دەڵێم ئەو هاوارە چیە؟ خۆ بەخوا ستەممان لێ نەکردووەو پێش وادەی خۆی گیانیمان نەکێشاوەو هەوڵمان نەداوە قەدەری پێش بخەین و هیچ تاوانێکیشمان نیە لە گیان کێشانیدا.[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 273.

2 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 1984، قال ابن حجر في الإصابة: عمرو بن شمر-في السند- متروك الحديث.

## خەشخاشی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی خەشخاشە، دەوترێت ناوی باوکی حارثە، یان دەوترێت مالیکە، خەشخاش دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و منداڵێکی خۆمم لەگەڵ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە منداڵی خۆتە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی: (لا يجنى عليك و لا تجني عليه)،[1] (حاڵی ئەو لەسەر تۆ نیەو حاڵی تۆیش لەسەر ئەو نیە).

## خەشرەمی کوڕی حوباب(رضي الله عنه)

ناوی خەشرەمی کوڕی حوبابە، لە جەنگی ئوحود و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، پاسەوانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، هەروەها لە بەیعەتی ریضواندا بەشداری کرد.[2]

## خەصفە(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە ناوی خەصفەیە یان رایەکی تر دەڵێت ناوی ئیبن خەصفە بووە، خەصفە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئایا دەزانن پاڵەوان کێیە؟) وتمان: کەسێك کە کەسێکی تر بدات بە زەویدا و بەسەریدا سەربکەوێت، ئەویش فەرموی (إن الشديد كل الشديد الذي يملك نفسه عند الغضب)، (پاڵەوانی تەواو پاڵەوان ئەو کەسەیە کە لە کاتی تووڕەییدا بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵەو خۆی رادەگرێت)..[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 284، قال ابن حجر إسناده لا بأس به.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 285.

3 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 3185، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2295، موضع إرسال، ضعفه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة(530/14).

## خەللاد (رضي الله عنه)

خەللاد لە جەنگی دژ بە بەنی قورەیضەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (پاداشتی دوو شەهیدی هەیە)، هاوەڵان وتیان بۆچی؟ فەرمووی: چونکە ئەهلی کیتاب کوشتوویانە، جا ئیبن ئەثیر دەڵێت: ئەوە خودی خەللادی کوڕی عەمرە، بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت: بەڵکو هاوەڵێکی ترە چونکە ئەمەیان گەنجێك بووە، بەڵام خەللادی کوڕی عەمر هێندە تەمەنی هەبوو کە کوڕەکەشی هاوەڵ بوو.[1]

## خەللادی کوڕی رافیع(رضي الله عنه)

ناوی خەللادی کوڕی رافیعە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، برایەکی هەبوو بە ناوی ریفاعە، خۆی و براکەیشی لە بەشداربوانی بەدرن،[2] دایکی ناوی ئوممومالیکە،[3] خەللاد ژنێکی هەبوو بە ناوی ئوممورافیع کە لەم ژنەی منداڵێکی هەبوو وبە ناوی یەحیا.[4]

زۆرینە پێیان وایە لە غەزای بەدردا شەهید بووە،[5] بەڵام ئیبن سەعد دەڵێت: خەللاد لە غەزای ئوحودیشدا بەشدار بوو.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 341.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 338.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 597.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 597.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 338.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 597.

خەللادی کوڕی سائیب(رضي الله عنه)

ناوی خەللادی کوڕی سائیبی کوڕی خەللادە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان.[1]

سائیبی باوکیشی لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و فەرموودەی گێڕاوەتەوەو خەللادی کوڕی فەرموودەکەی لێوە گێڕاوەتەوە.[2]

خەللاد دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك نزای دەکرد ناو لەپی دەستەکانی تا لای دەموچاوی بەرز و نزیك دەکردەوە.[3]

خەللاد دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو:(ما من شيء يصيب من زرع أحدكم ولا ثمرة من طير ولا سبع إلا وله فيه أجر)،[4] (هەرچیەك تووشی کشتوکاڵ یان بەرهەم بێت، چ باڵندە یان دڕندە لێی بخوات، ئەوە خاوەنەکەی لەسەر ئەوە پاداشتی بۆ دەنووسرێت).

ئەمە دنیابینیەکی جوانە بۆ موسڵمان، ئیتر لەوە دڵنیایە تەنانەت ئەو بەرهەمەشی کە بێ ویستی خۆی ئاژەڵیش لێی دەخوات و دەیبات یان زیانی پێ دەگەیەنێت، هەروا بێ مانا ناڕوات، بەڵکو لای خوا پاداشتی لەسەر وەردەگرێت.

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 339.

2 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 2447.

3 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 16244، ضعفه شعيب الأرناؤوط و قال مختلف عليه إسنادا و متنا.

4 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4022، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2235، حسنه الحافظ ابن حجر في الإصابة.

خەللادی کوڕی سوەید(رضي الله عنه)

ناوی خەللادی کوڕی سوەیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، لە بەیعەتی عەقەبەو غەزای بەدردا بەشداری کرد، لە هێرشی سەر بەنی قورەیضەدا شەهید بوو.[1]

خەللادی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی خەللادی کوڕی عەمری کوڕی جەمووحە، دایکی ناوی هیندی کچی عەمرە کە پووری جابیری کوڕی عەبدوڵا بوو، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە سولەمیەکان، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد و لە ئوحوددا شەهید بوو.[2]

خەلیفەی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

ناوی خەلیفەیە، یان دەوترێت عەلیفە، کوڕی عەددی کوڕی عەمرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ژیا و لە ناو سوپای عەلیدا لە جەنگی صفیندا بەشدار بوو.[3]

خەنسائی کچی خیذام (رضي الله عنها)

ناوی خەنسائی کچی خیذامە، خەنساء سەرەتا ژنی ئونەیسی کوڕی قەتادە بوو، ئەوەبوو ئونەیس لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو، ئیتر خەنساء بێوەژن کەوت.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 340.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 340.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 344.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 611.

خەنساء دەڵێت: من بێوەژن بووم و لای باوکم مابوومەوە باوکم بەبێ ویستی خۆم منی لە کەسێك مارە کرد، منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش هاوسەرگیریەکەی هەڵوەشاندەوە،[1] دواتر خەنساء چوو بە ویستی خۆی شووی کرد بە ئەبوو لوبابە.[2]

خەنسائی کچی ریئاب(رضي الله عنها)

ناوی خەنسائی کچی ریئابی کوڕی نوعمانە، دایکی ناوی ئیدامی کچی حەرامە، خەنسا پووری جابیری کوڕی عەبدوڵایە، واتە عەبدوڵای باوکی جابیر برای بوو، ئەم ئافرەتە بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، خەنساء لەگەڵ عامیری کوڕی عەددیدا هاوسەرگیری کرد.[3]

خەنساء کوڕێکی هەبوو بە ناوی طوفەیل کە یەکێکە لە هاوەڵە گەورەکان و لە بەشداربوانی عەقەبە و بەدر و ئوحود و خەندەق و لە خەندەقدا شەهید بوو.[4]

خەنسائی کچی عەمر (رضي الله عنها)

ناوی خەنسائی کچی عەمرە، شاعیرێکی ناودار بوو، لەگەڵ هۆزەکەیدا کە بەنی سولەیم بوو هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، پێغەمبەر (ﷺ)

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 4846، موطأ مالك، الرقم 1115، سنن أبي داود، الرقم 1810، سنن الدارمي، الرقم 2160، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5237، سنن الدارقطني، الرقم 3104، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26195.

2 - سنن الدارقطني، الرقم 3104.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 612.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 573.

داوای لێدەکرد شیعر بهۆنێتەوەو سەرسام بوو بە شیعرەکانی خەنساء و بە خواناس ناوی دەبرد و بە ئاماژەی دەستی ئاماژەی بۆ دەکرد و دەیفەرموو: ئادەی ئەی خوناس–شیعر بڵێ–.

کاتێك موعاویەی برای و دواتر صەخری برای کوژران، ئیتر خەنساء زۆر شیعری دەهۆنیەوە، بەتایبەت بەسەر صەخری برایدا کە تەنها لە سەری باوکیەوە برای بوو، بەڵام صەخری زیاتر خۆشدەویست چونکە زۆر نەرمونیان و بەخشندە و خوێن گەرم بوو.[1]

خەنساء دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا و لە جەنگی قادسیەدا بەشدار بوو، هەر چوار کوڕەکەی خۆی لەگەڵ بوو، خەنساء ئامۆژگاری منداڵەکانی دەکرد بەشداری جەنگەکە بن و هانی دەدان چاك بجەنگن و رانەکەن، بەوانی دەوت ئێوە بە ویستی خۆتان موسڵمان بوون و بە ویستی خۆتان کۆچتان کردووە، ئێوە کوڕانی یەك باوك و دایکن، کە بەیانی جەنگ دەستی پێکرد هەر چواریان مەردانە جەنگان تا یەك دوای یەك شەهید بوون.[2]

کاتێك هەواڵی کوژرانی منداڵەکانی گەیشتەوە بە خەنساء، وتی سوپاس بۆ خوای گەورە کە رێزداری کردم بە کوژرانی چوار منداڵەکەم، داوام لە خوایە لە پێگەی حەسانەوەی دوارۆژیدا لەگەڵ منداڵەکانم کۆم بکاتەوە.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 614.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 615.
3 - أسد الغابة، ج7، ص 101.

عومەری کوڕی خەططاب تا مابوو مووچەو پشکی چوار منداڵەکەی خەنسائی دەدا بە خەنساء.[1]

خەولەی خزمەتکار (رضي الله عنها)

ناوی خەولەیەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[2]

خەولە دەڵێت: جارێك تووتكەیەك هاتە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) و چووبوویە ژێر ڕاخەرێکەوەو لەژێریدا تۆپیبوو، چەند ڕۆژێك تێپەڕ بوو و سروش دانەبەزی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئەی خەولە لە ماڵی پێغەمبەری خوادا چی ڕوویداوە، جبرەیل نایەت بۆ لام، ئایا هیچ شتێك لە ماڵی پێغەمبەری خوادا ڕوویداوە؟)، منیش وتم لە هەموو ڕۆژێك باشترین و هیچ ڕووینەداوە، پێغەمبەر (ﷺ) عەباکەی سەرشانی هەڵگرت و لە ماڵ چوویە دەرەوە، منیش وتم با دەستێك بێنم بە ماڵەکەدا، سەرقاڵی گسك دانی بووم کە گسکەکەم کرد بە ژێر ڕاخەرەکەدا بینیم شتێکی قورسی لەژێرە، تەماشام کرد تووتکەیەکی تۆپیوە، منیش بردم و فڕێم دایە دەرەوە، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتەوە ماڵەوە سروشی بۆ دابەزی.[3]

خەولەی کچی ثامر (رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی ثامرە، لە پشتیوانانە، خەولە دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(الدنیا حلوة خضرة و إن رجالا یتخوضون في مال الله بغیر حق لهم

---

1 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج7، ص 616.

2 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج7، ص 628.

3 - المعجم الکبیر للطبراني، الرقم 20477، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 3035، امطالب العالیة لابن حجر، الرقم 3858، ضعفه الألباني في سلسلة الاحادیث الضعیفة(316/13).

النار يوم القيامة)،[1] (دنیا خۆش و سەوزە، خەڵكانێكیش هەن بە ناحەق هەڵسوكەوت دەكەن بە سامانی خواوە، لە ڕۆژی دواییدا دۆزەخیان بۆ هەیە).

خەولەی كچی حەكیم (رضي الله عنها)

ناوی خەولەی كچی حەكیمی كوڕی ئومەییەیە، هاوسەری عوثمانی كوڕی مەظعوونە، كونیەكەی ئومموشەریكە، ئافرەتێكی زۆر خواناس و چاكەكار بوو،[2] دایكی خەولە ناوی چەعیفەی كچی عاصە.[3]

خەولە لە عوثمانی هاوسەری دوو كوڕی هەبوو بە ناوەكانی عەبدوڕەحمان و سائیب.[4]

خەولەی كچی حەكیم دەڵێت: كاتێك خەدیجەی كچی خوەیلید وەفاتی كرد، چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەتبینم بە مەرگی خەدیجە بۆشاییەك كەوتۆتە ژیانتەوە، ئەویش فەرمووی: (بەڵێ، ئەو دایكی منداڵەكان و خاتوونی ماڵەوە بوو).[5]

عائیشەی دایكی باوەڕداران دەڵێت: جارێك خوەیلەی كچی حەكیم هاتەژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بینی شێوەیەكی شپرز و شێواوی هەیە، بە عائیشەی

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 26693، صححه شعيب الأرناؤوط، كما أخرجة البخاري من (إن رجالا...)، الرقم 2967.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 621.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 401.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 393.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 603، قال الحافظ ابن حجر وسنده قوي مع إرساله.

فەرمووو ئەوە بۆ وایە؟ عائیشە وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەو ژنە مێردی نیە، چونكە مێردەكەی بە رۆژ رۆژوو دەگرێت و بە شەویش شەونوێژ دەكات، دەستی لە خۆی شتووەو خۆی وێران كردووە،[1] پێغەمبەریش (ﷺ) ناردی بە شوێن عوثمانی كوڕی مەظعووونداو ئەویش هات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی عوثمان پشتت كردوەتە سوننەتم؟) عوثمان وتی نەبەخوا ئەی پێغەمبەری خوا ( بەڵكو بە شوێن سوننەتی تۆدا هەنگاو دەنێم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (فإني أنام وأصلي وأصوم وأفطر، وأنكح النساء، فاتق الله يا عثمان، فإن لأهلك عليك حقا، وإن لضيفك عليك حقا، وإن لنفسك عليك حقا، فصم وأفطر وصل ونم)،[2] (دەی من دەخەوم و نوێژیش دەكەم، رۆژوو دەگرم و بەربانگیش دەكەمەوە، ژن بەهاوسەر دەگرم، دەی ئەی عوثمان لەخوا بترسە چونكە ژن و منداڵت مافیان هەیە بەسەرتەوەو میوانت ماف هەیە بەسەرتەوەو جەستەشت ماف هەیە بەسەرتەوە، دەی رۆژوو بگرەو رۆژووش بشكێنە، نوێژ بكەو بشخەوە).

## خەولەی كچی خەولی (رضي الله عنها)

ناوی خەولەی كچی خەولی كوڕی عەبدوڵایە، لە پشتیوانانە، برایەكی هەبوو بە ناوی ئەوس، خەولە بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[3]

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25733، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25733،حسنة شعيب الأرناؤوط، سنن أبي داود، الرقم 1175، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 1369.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 623.

خەولەی کچی عوقبە(رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی عوقبەی کوڕی رافیعی ئەشهەلیە، خوشکی ئوممولحەکەم و ئوممومسەعدە، بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، هاوسەرەکەشی حارثی کوڕی صیممە بوو کە سەعدی لێ بوو و دواتر مێردەکەی مرد و دوای ئەوە شووی کرد بە عەبدوڵای کوڕی قەتادە.[1]

خەولەی کچی قەیس(رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی قەیسە، ئەم ئافرەتە هاوسەری هیشامی کوڕی عامیر بوو، خەولە موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

خەولەی کچی قەیسی ئەنصاری (رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی قەیسی کوڕی قەهدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەججار، کونیەکەی ئەبوومحەممەدە، دەوترێت هاوسەری حەمزەی مامی پێغەمبەر (ﷺ) بووە.

خەولە لە حەمزە ئەم منداڵانەی هەبوو (عومارەی کوڕی حەمزە،[3] ئومامەی کچی حەمزە،[4] یەعلای کوڕی حەمزە).[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 624.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 624.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 8.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 158.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 444.

کاتێك حەمزە هاتە مەدینە خەولەی کچی قەیسی بەهاوسەر گرت، ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی ماڵی حەمزەی دەکرد، بەو هۆیەوە خەولە فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەبیست، خەولە دەڵێت: رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ ماڵمان و منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیستوومە فەرمووتە لە رۆژی دواییدا حەوزێکت هەیە نێوانی ئەوەو ئەوە فراوانە، ئەویش فەرمووی: (بەڵێ) خەولە دەڵێت: ئینجا قاپێکم بۆ هێنا خواردنێکی تێدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خستە ناو قاپەکەوە دەستی سووتا و فەرمووی: (حەسسی).[1]

خەولە دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(إن الدنيا حلوة خضرة، فمن أخذها بحقها بورك له فيها، ورب متخوض في مال الله ومال رسوله له النار يوم القيامة)،[2] (دنیا شیرین و سەوزە، هەرکەس بە دروستی لێی بنەوێت بەرەکەتدار دەکرێت بۆی، لەوانەیە هەبێت بە نارەوا بنەوێتە سامانی خوا و سامانی پێغەمبەرەکەی لە رۆژی دواییدا بۆی دەبێتە دۆزەخ).

جارێك دەشتەکیەك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای قەرزدانەوەی لێکرد، زۆر لەسەری چوو و وتی ئەگەر ئێستا قەرزەکەم نەدەیتەوە ئازارت دەدەم، هاوەڵان پیایدا هەڵشاخان و وتیان دەزانیت لەگەڵ کێ قسە ئەکەیت؟ وتی من هێندە دەزانم داوای مافی خۆم دەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو دەبێت لەگەڵ خاوەن حەق بن، ئینجا ناردی بۆ لای خەولەی کچی قەیس و فەرمووی: (ئەگەر بەرهەمت

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 26691، قال شعيب الارناؤوط رجاله ثقات رجال الصحيح.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 4582، سنن الترمذي، الرقم 2353، مسند احمد بن حنبل، الرقم 26510، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2374.

لایە بە قەرز بماندەرێ تا بەرهەمەکەی خۆمان بۆ دێت ئەوکات قەرزەکەت دەدەینەوە)، ئەویش وتی بە باوکمەوە بە قوربانت بم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)،قەرزەکەی پێدا و کابرای دەشتەکی چوو.[1]

خەولە دوای شەهیدبوونی حەمزە شووی کرد بە حەنظەلەی کوڕی نوعمان و لەو مێردەشی کوڕێکی بوو بە ناوی موحەممەد.[2]

خەولەی کچی مونذیر (رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی مونذیری کوڕی زەیدەو کونیەکەی ئومموبوردەیەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، ئەم ئافرەتە دایەنی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و شیرپێدانی ئەوی لەئەستۆ گرتبوو.[3]

پشتیوانان زۆر حەزیان دەکرد ئەرکی شیرپێدانی ئیبراهیم بگرنە ئەستۆ تا سەرقاڵی ماریە نەهێڵن، چونکە دەیانزانی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ماریەی خۆشدەوێت، بۆیە هەموان هەوڵیاندەدا ئەرکی شیرپێدانی بگرنەئەستۆ.[4]

ئوم بەردەی کچی مونذیری کوڕی زەیدی ئەنصاری کە ژنی بەرائی کوڕی ئەوس بوو، هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای لێکرد تا شیرپێدانی ئیبراهیمی پێ بسپێرێت، ئەم ئافرەتە ناوی خەولەی کچی مونذیر بوو لە بەنی مازن بوو، داوای کرد

1 - سنن بن ماجة، الرقم 2423، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 2426.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 444.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 626.
4 - أسد الغابة ج1ص63، الاستيعاب ج1 ص55.

ڕۆژانە شیر بدات بە ئیبراهیم و دواتر بیباتەوە بۆ لای ماریەی دایکی، پێغەمبەریش (ﷺ) بەشە دارخورمایەکی هەبوو دای بە ئوم بەردە.[1]

## خەولەی کچی ئیاس(رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی ئیاسی کوڕی جەعفەری حەنەفیە، سەنەدێکی لاواز هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) خەولەی دیوەو پێکەنیوەو دواتر فەرموویەتی: ئەی عەلی تۆ دوای من ئەم ئافرەتە بە هاوسەر دەگریت و منداڵێکت لێی دەبێت، دەی ناوی منی لێ بنێ و کونیەی منی لێ بنێ.[2]

خەولە هاوسەری عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و دایکی موحەممەدی کوڕی عەلیە، واتە باوەژنی حەسەن و حوسەینی کچەزاکانی پێغەمبەرە(ﷺ).

## خەولەی کچی عوبەید(رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی عوبەیدە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، خەولە لەگەڵ صامتی کوڕی زەید هاوسەرگیری کرد و کوڕێکی بوو بە ناوی موعاویە.[3]

---

[1] - الاستيعاب ج1 ص55،56.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 617.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 624.

خەولەی کچی قەعقاع(رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی قەعقاعی کوڕی میعبەدە، تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ژیا.[1]

خەولەی کچی قەیس(ئوموموصوبەییە) (رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی قەیسەو بە ئومموصوبەییە ناسراوە، هەرچەندە ئیبن مەندە ئەم خەولەیە لەگەڵ ئامۆژنەکەی پێغەمبەر (ﷺ) خەولەی ژنی حەمزە بە یەکێك دادەنێت بەڵام هەریەك لە ئەبوو نوعەیم و ئیبن حەجەر بە هاوەڵێکی جیای دادەنێن.[2]

خەولە دەڵێت: جار هەبوو کە دەستنوێژم دەگرت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە یەك تەشتدا دەستنوێژمان دەگرت و هەردووکمان دەستمان لەناویدا بوو.[3]

خەولەی کچی مالیك (رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی مالیکی کوڕی بیشرە، لە پشتیوانانەو بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، خەولە هاوسەری زیادی کوڕی زەید بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 624.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 626.

3 - سنن ابن ماجة، الرقم 379، سنن أبي داود، الرقم 71، سنن الدارقطني، الرقم 71، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26456، صححه شعيب الأرناؤوط، قال الألباني فصحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 382 حسن صحيح.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 393.

خەولەی کچی یەمان (رضي الله عنها)

ناوی خەولەی کچی یەمانە، خوشکی حوذەیفەی کوڕی یەمانە،[1] بەڵام یەمان نازناوی حیسلی باوکی بووە، رایەکیش دەڵێت پێی وتراوە یەمان چونکە کەسێکی کوشتووەو رایکردووە بۆ مەدینەو لەگەڵ بەنی عەبدولئەشهەل هاوپەیمانی بەستووە، ئیتر هۆزەکەی پێیان وتووە یەمان لەبەرئەوەی لەگەڵ پشتیوانان هاوپەیمانی کردووە لەکاتێکدا ئەوان یەمەنین،[2] حیسلی باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو و لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، بەڵام بە دەستی یەکێك لە هاوەڵان کوژرا چونکە ئەو هاوەڵە نەیناسیەوەو وایزانی لە بێباوەڕانە، چونکە سوپای موسڵمانان زۆریان دەموچاویان داپۆشیبوو، بۆیە دەبوو نیشانەیەکیان هەبوایە تا بناسرێنەوە، حوذەیفە کاتێك بینی هێرش برا بۆ باوکی هاواری دەکرد باوکم باوکم، بەڵام دەنگی نەگەیشت و باوکی بە هەڵە کوژرا، دواتر حوذەیفە خوێن بایی باوکی وەرنەگرت و لە موسڵمانان خۆش بوو.[3]

برایەکی هەبوو بە ناوی صەفوان کە ئەویش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد،[4] برایەکی تری ناوی عەبدولعەزیز بوو کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[5]

---

[1] ـ الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 627.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 572-573.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2،ص 362.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 33.

5 - أسد الغابة، ج3، ص 523.

خوشکێکی هەبوو ناوی لەیلا بوو کە دایکی هاوەڵی گەورەی پێغەمبەر (ﷺ) سەلەمەی کوڕی ثابتی کوڕی وەقش بوو،[1] خوشکێکی تری ناوی فاطیمە بوو کە ئەمیش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[2]

## خەولی کوڕی عومەر (رضي الله عنه)

ناوی خەولی کوڕی عومەرە کە باوکی بە ئەبی خەولی ناسراوە، دوو برای هەبو بە ناوەکانی عەبدولڵا و هیلال، ئەم سێ برایە هەموویان لە غەزای بەدردا بەشدار بوون، خەولی لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا کۆچی دوایی کرد.[3]

## خەوواتی کوڕی جوبەیر (رضي الله عنه)

ناوی خەوواتی کوڕی جوبەیری کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کونیەکەی ئەبوو عەبدولڵایە، یان دەوترێت کونیەکەی ئەبوو صالحە.[4]

برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدولڵا کە ئەویش یەکێك بوو لە هاوەڵە گەورەکان و لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە و بەدر بوو و لە غەزای ئوحوددا بەرپرسی تیرهاوێژەکان بوو و تا دواسات لە شوێنی خۆی مایەوەو دواجار شەهید بوو.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 441.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 252.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 348.

4 - أسد الغابة، ج2، ص 182.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 35.

خەووات یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، بەڵام بەهۆی بریندارى قاچیەوە نەیتوانی بەشداری خودی جەنگەکە بکات، بەڵام لە دەستکەوت و پاداشتیشدا وەك بەشداربوویەك حسابی بۆ کرا.[1]

دوای ئەوەش خەووات لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشدار بوو.[2]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەوواتی کوڕی جوبەیری نارد بۆ لای بەنی قورەیضە تا بانگەوازیان بکات بۆ ئیسلام، ئەوانیش وتیان ئێمە وەك پیاوێکی دوو پەل واین کە پەلێکی بڕاوەو یەکێکی ماوە، بۆیە رازی نەبوون.[3]

خەووات دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە مەڕوظەهران بووم، ئینجا لە خەیمەکەی خۆم هاتمە دەرەوە دەبینم بڕێك ئافرەت قسە ئەکەن، منیش کەیفم هات بە وەزعەکە، بۆیە چوومەوە ناو چادرەکەم و جلە جوانەکانم پۆشی و هاتمەوە لەگەڵ ئافرەتەکان دانیشتم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خێوەتەکەی هاتە دەرەوەو و پێی فەرمووم (ئەی ئەبوو عەبدوڵا ئەوە بۆ چ شتێك لەگەڵ ئەو ئافرەتانە دانیشتویت؟) منیش کە پێغەمبەرم (ﷺ) بینی سام دایگرتم و قسەم لێ شێوا و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وشترێکم دەرچوو و منیش ویستم گوریسێکم دەست بکەوێت تا بچم وشترەکەمی پێ بهێنمەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) عەباکەی خۆی بۆ فڕێدام و چوو تارەتی گرت و دەستنوێژی گرت و هاتەوە، ئاو لە ریشیەوە دەچۆڕایە سەر

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 330.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 346.

3 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4376.

سنگی، ئینجا فەرمووی  ئەی ئەبووعەبدولَّا وشترەکەت چی لێهات؟ ئیتر کەوتینە ڕێ، لەو ڕێیەدا هەرکات پێم دەگەیشت دەیفەرموو ئەی ئەبوو عەبدولَّا وشترە ڕاکردوەکەت چی لێهات؟ منیش بەوە شەرمەزار دەبووم و هەوڵم دەدا زوو بگەمەوە مەدینە، ئیتر رووم نەبو وبچمە مزگەوت و کۆڕی پێغەمبەر (ﷺ)، ماوەیەکی زۆر وا بووم، ئیتر جارێك کە زانیم مزگەوت چۆڵە دەرفەتم قۆستەوەو چوومە مزگەوت و نوێژم کرد، لە نوێژدا بووم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە مزگەوت، دوو رکاتی کورت نوێژی کرد، منیش هەر نوێژەکەم درێژ ئەکردەوە بەو هیوایەی پێغەمبەر (ﷺ) بڕوات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سەلامت لێ بێت ئەبوو عەبدولَّا وشترە ڕاکردووەکەت چی بەسەرهات؟) منیش وتم سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئەو وشترەم تا ئێستا بۆ تاکە جارێکیش ڕاینەکردووە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (ڕەحمەتی خوات لێ بێت) سێ جار ئەوەی فەرموو، ئیتر دوای ئەوە ئەو پرسیارەی لێ نەدەکردم.[1]

جا لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە خەووات دەڵێت: جارێك نوێژم ئەکرد و نوێژەکەم درێژ ئەکردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (نوێژەکەت درێژ مەکەرەوە، ئێشمان پێتە)،[2] پێدەچێت لە هەمان ڕووداودا بووبێت کاتێك خەووات نوێژەکەی درێژ کردوەتەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) بڕوات.

خەووات دەڵێت: جارێك لەگەڵ عومەری کوڕی خەططاب چووین بۆ حەج، لە کاروانێکدا بووین کە ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەرراح و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4035، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2258،

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4039.

تێدا بوو، خڵکەکە وتیان ئەی خەووات شیعرێکمان بە ئاوازەوە بۆ بڵێ، منیش بە ئاوازەوە برێ شیعرم بۆ وتن، ئینجا وتیان لە شیعری فڵانمان بۆ بڵێ، عومەری کوڕی خەططاب وتی وازی لێ بێنن با لەوانەی ناخی دڵی خۆیمان بۆ بڵێت، منیش شیعری دڵی خۆمم بە ئاوازە دەهۆنیەوە بۆیان تا هێندە بەردەوام بووم دەمەو پارشێو هات، عومەر وتی بەسە وا دەمەو بەیانە، ئەبووعوبەیدە وتی خەووات وەرە بۆ لای من لە عومەر خراپتر نیم (یانی مەجالت دەدەم)، پێکەوە چووینە ئەولاوەو هەتا کاتی نوێژی بەیانی هەر بە ئاوازەوە شیعرم بۆ هۆنیەوە.[1]

خەووات لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا لەناو ریزی سوپای عەلیدا بوو.[2]

خەووات لە ساڵی چلی کۆچی و لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کرد،[3] رایەکی تریش دەڵێت: لە ساڵی چل و دووی کۆچیدا وەفاتی کردووە.[4]

خەووات بۆ رەنگی ریشی خەنەو وسمەی بەکاردەهێنا،[5] دیارە دەبێت ئەمەش لە دواییەکانی تەمەنیدا بووبێت.

---

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 8620.
2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4031.
3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5734.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 347.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 477.

خەیبەری کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی خەیبەری کوڕی نوعمانە، ئەم هاوەڵە فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) سەیری شاخەکەی ئەوانی کردووە کە ناوی ئەجەء بووەو نزای نەبوونی برسێتی کردووە بۆیان و لێیان رازی بووە.[1]

خەیثەمەی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی خەیثەمەی کوڕی حارثی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کوڕێکی هەبوو بە ناوی سەعد کە لە غەزای بەدردا شەهید کرا.[2]

کاتێك هاوەڵان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ جەنگی بەدر، خەیثەمە بە سەعدی کوڕی وت دەبێت یەکێکمان بچین و ئەوی ترمان لەماڵەوە بمێنێتەوەو لای ژن و مناڵەکان بێت، بۆیە تۆ لێرە بە با من بچم، سەعد وتی باوکە گیان ئەگەر مەسەلەکە جگە لە بەهەشت بوایە بەدڵنیاییەوە رازی دەبووم، بەڵام من هیوام هەیە ئەمجارە شەهیدیم بە نسیب بێت، دواجار باوك و کوڕ گەیشتنە ئەوەی تیرو پشك بکەن، ئەوەبوو سەعد ناوی دەرچوو، بۆیە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)لە بەدردا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

خەیثەمە یەکێکە لە بەشداربوانی ئوحودو لەو غەزایەدا بە دەستی هوبەیرەی کوڕی ئەبی وەهب شەهید کرا.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 350.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص 458.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 411.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 350.

بەوجۆرە ئەو تاسەی شەهیدیەی کە لەگەڵ کوڕەکەی تیروپشکی بۆ دەکرد، لە یەکەم غەزادا بۆ کوڕەکەی بوو کە پاداشتی ئەوەشی دەستکەوت، لە دووەم غەزاشدا بۆ خۆی بوو.

پەندو وانە

ئەم بەسەرهاتە نیشانەی راستگۆیی ئەو باوك و کوڕەیە کە چەندە بڕوایان بەو جیهادە هەبووەو تاسەی شەهیدیان هەبووە، بە داخەوە موسڵمانانێکی ئەمڕۆ هەر جەنگێك کە بە دیدی خۆیان بە رەوای بزانن دەیکەنە جیهاد و هەندێ جار خوێنە رەواکان حەرام و خوێنە نارەواکان حەڵاڵ دەکەن، کەچی ئەو جیهادەی هاواری بۆ دەکەن و خەڵکی بۆ هان دەدەن و ئەو شەهیدیەی دڵی گەنجانی بۆ جۆش دەدەن و تاسەی مەرگیان لا زیاد دەکەن، لای خۆیان لەوپەڕی بەهێزی بیرکردنەوەیاندا موستەحەببێکە کە سەدان شتی گەورەتر هەیە لەپێشیەوە، بۆ ئەم کارەیان دەیان بیانوو ریز دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەو بیانوانەش بشەرعێنن، جا ئەگەر جیهادێك هەبێت و مەرگ تیایدا شەهیدی بێت و پاداشتەکەشی بەهەشتی فیردەوس بێت، چ گەمژەییەکە بانگەوازکەرەکە خۆی لێ بێبەش بکات، مەگەر برسیەك کە خوانێکی گەورەی رازاوە بەدی بکات و ماف هەبێت لە خواردنیدا، گەمژە نیە ئەگەر برسێتی خۆی بەو خوانە خۆشە زۆرە نەشکێنێت! ئەوەتا ئەم باوك و کوڕە مادەم دەزانن مەسەلەی بەهەشتە، تیرو پشکی بۆ دەکەن، ئایا ئەمە لە ئەزموونی ئەمڕۆی موسڵماناندا هەیە؟ بە دڵنیاییەوە زۆر کەمە، بەڵکو بگرە بووەتە بەسەرهاتێك.

خەیرەی کچی ئەبی ئومەییە(رضي الله عنها)

ناوی خەیرەی کچی ئەبی ئومەییەیە، لە پشتیوانانە، هاوسەری میکنەفی ئەنصاریە، ئەم ئافرەتە موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[1]

خوبەیبی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

ناوی خوبەیبی کوڕی عەددی کوڕی مالیکی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[2] یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دە کەسی لە هاوەڵانی بە سریەیەك نارد، عاصیمی کوڕی ثابتی ئەنصاری کرد بە ئەمیریان، کە گەیشتنە ناوچەیەکی نێوان عوسفان و مەککە، دەستەی بەنوولیحیان بە نزیکەی دووسەد کەسەوە هاتن و کەوتنە شوێنیان، کە گەیشتنە شوێنەکەیان بینییان ناوکی خورما جێماوە، وتیان ئەم ناوکە هی خورمای مەدینەیە، بۆیە کەوتنە شوێنیان، کاتێك عاصیم و هاوەڵەکانی ئەوانیان بینی هەستیان بە مەترسی کرد و لە شوێنێك خۆیان پەنا دا، بەڵام بەنولیحیان گەمارۆیان دان و وتیان خۆتان بدەن بە دەستەوە لە پەنادا دەبن و کەستان ناکوژین، عاصمی ئەمیری سریەکە وتی بەخوا من خۆم نادەمە بەر پەنای بێباوەڕ، خوایە هەواڵی ئێمە بگەیەنەرە پێغەمبەرەکەت، ئەوەبوو بەنولیحیان تیربارانیان کردن، ئەوەبوو عاصم و حەوت کەسی تریان شەهید بوون، سێ کەسەکەی تر کە مابوونەوە خۆیان دا بە دەستەوەو داوای پەنایان کرد، یەکێك لەو سێ کەسە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 629.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 262.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 262.

خوبەیب بوو، کاتێك گەیشتنە لای بەنولیحیان خێرا ئەوانیان بەستنەوە، یەکێك لە سیانەکە وتی ئەمە سەرەتای ناپاکیەکەیانە، بەخوا من لەگەڵتان نایەم، ئەو کوژراوانەمان پێشەنگی ڕەوان، ئەوانیش بە زۆر ڕایاندەکێشا تا لەگەڵیان بچێت بەڵام ئەو نەدەچوو، بۆیە ئەویشیان کوشت، ئینجا خوبەیب و ئەو کەسەکەی تریان برد و ئەوانیان فرۆشتن بە خەڵکی مەککە، ئەوەبوو بەنو حارثی کوڕی عامیر خوبەیبیان کڕی، چونکە خوبەیب لە جەنگی بەدردا باوکی ئەوانی کوشتبوو، خوبەیبیان کڕی و بە دیلی لای خۆیان هێشتیانەوە، لەماڵەوە لە شوێنێك بەندیان کردبوو تا ئەو کاتەی بیکوژن، خوشکەکەیان لەوێ پاسەوانی بوو، خوبەیب داوای گوێزانی لەو ئافرەتە کرد تا خۆی پێ پاك بکاتەوە، کوڕێکی ئەو ئافرەتەش لای خوبەیب بوو، خوبەیب لەسەر ئەژنۆی خۆی داینیشاندبوو، ئافرەتەکە دەیوت منیش ترسام بە مووسەکە ئەو کوڕەم ئازار بدات، بۆیە بە ترسەوە بەرەو ئەوێ چووم، خوبەیب کە منی بینی زانی ترساوم، وتی ترسایت ئەم منداڵە بکوژم؟ من شتی وا ناکەم، ئافرەتەکە دواتر دەیوت بەخوا هیچ بەندیەکم نەدیبوو هێندەی خوبەیب چاك بێت، سوێند بەخوا ڕۆژێك بینیم هەرچەندە لای ئێمە بەندکراو بوو کەچی ترێی دەخوارد لەکاتێکدا بە زنجیر بەسترابوویەوە و لەو کاتەشدا لە هەموو مەککە ترێ دەست نەدەکەوت، بۆیە دڵنیام ئەوە ڕۆزیەکی خوایی بوو ناردبووی بۆ خوبەیب،[1] ئەوان خوبەیبیان بە بەند کراوی هێشتەوە تا مانگە حەرامەکان تەواو بوون،[2] خوبەیب بە یەکێك لەوانەی وت کە بەندیان کردبوو سێ داواکاریم لێت هەیە، ئاوی سازگارم بۆ بهێنیت و گۆشتی بە حەرام سەربڕاوم بۆ نەهێنیت (گۆشتی قوربانی کراو بۆ بتەکان) ئەگەریش ویستیان

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 2901، سنن أبي داود، الرقم 2301

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 67.

بمكوژن پێم بڵێیت،[1] ئینجا هاتن و خوبەیبیان برد تا بیكوژن، خوبەیب وتی دەرفەتم بدەن تا دوو ركات نوێژ بكەم، ئەوانیش مۆڵەتیان دا، خوبەیب دوو ركات نوێژی كرد، دواتر كە تەواو بوو تی ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە كە وابزانن لە ترسا نوێژەكەم درێژ دەكەمەوە زۆر نوێژەكەم درێژە پێدەدا،[2] ئەمەش بوو بە یەكەم سوننەتی دوو ركات نوێژی پێش كوشتنی موسڵمانان كە خوبەیب ئەنجامی دا، ئینجا نزای كرد لێیان و وتی خوایە هەموویان كۆكەرەوەو بە جارێ لەناویان بەرەو تاقیان مەهێڵە،[3] ئینجا ئەم شیعرەی وت:

ولست أبالی حین أقتل مسلما

علی أی شق كان لله مصرعی[4]

هیچ باكم نیە وەك موسڵمانێ كاتێ دەكوژرێم

لەبەرخـودایە، بەهەر جـۆرێ بێ با لەنـاو ببرێـم

جۆری كوشتنەكەی بە وجۆرە بوو لەخاچدرا و ئینجا لێی دەدرا تا دەمرد،[5] كاتێك بەرزیان كردەوە بۆ سەر دارخورماكە تا بیبەستنەوە خوبەیب ئەم شیعرەی دەوت:

هـــــەموان لە دەورم تینیـــــان گرتــووە

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 248.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2901، سنن أبي داود، الرقم 2301.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3788، مسند احمد بن حنبل، الرقم 7722، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5143.

4 - صحيح ابن حبان، الرقم 7149.

5 - صحيح البخاري، الرقم 2901، سنن أبي داود، الرقم 2301، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8565،

هۆز و دەستەکـان پـــەنگیـان خواردووە

ژن و منـــداڵیــان خــڕ بــوون لەو لاوە

منیــش هەڵــواســراو بە دار خــورمــاوە

نــاڵـــەی بێکەســی و ئاهــی هەر ژانــێ

بــۆ ئـــەم کوشتنـــەم خودا دەیــزانـــێ

پەروەردگارم! صەبرێکــم هــەبێ

بـــۆ مەرگێ کـــە وان لـــە منیان دەوێ

ئـــــەمـــــەش لەپێنــاو پــەروەردگــارێ

بۆ جەستەی لەت بووم گەر ویستی هەبێ

خــــۆی دەیپارێـــزێ و رێــزی لێ دەنێ[1]

ئینجا خوبەیب وتی: خوایە وا ئێمە پەیامی پێغەمبەرەکەتمان گەیاند، دەی تۆیش هەواڵی ئێمە بە پێغەمبەرەکەت بگەیەنە.[2]

جا لەو کاتەی تیریان بۆ دەهاویشت پێیان دەوت حەزت ئەکرد ئێستا موحەممەد لە شوێنی تۆدا بێت؟ ئەویش دەیوت نە سوێند بە خوای گەورە، حەز ناکەم لە بری ئەم لەناوچوونەی من دڕکێکیش بچێت بە پێیدا، ئەوانیش پێدەکەنین.[1]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5143، ئەگەرچی وتەکان دەقی تەواوی عەرەبییەکە نین، بەڵام کرۆکی واتای عەرەبییەکەن، بۆیە کردمان بە کوردی تا خوێنەر ئاهی سەرەمەرگی ئەو هاوەڵە تێبگات.

2 - حلية الاولياء، ج1، ص 113.

کاتێك خوبەیب کوژرا دەموچاوی خوبەیبیان بە پێچەوانەی کەعبەوە وەرچەرخاند، کەچی دواتر تەماشایان کرد دەموچاوی روو بە کەعبەیە، چەند جار وایان لێکرد کەچی هەر دەموچاوی رووی دەکردەوە بەرەو قیبلە، بۆیە وازیان لێهێنا.[2]

موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان دەڵێت: من ئەو رۆژە ئامادەی کوشتنەکەی خوبەیب بووم، لە ترسی نزاکەی خوبەیب وام دەزانی زەوی قووتم دەدات.[3]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە هەواڵی خوبەیبی پێ گەیشت، هەریەك لە میقداد و زوبەیری نارد تا تەرمی خوبەیب لە دارخورماکە دابگرن، کە گەیشتنە ناوچەی تەنعیم دەبینن چل کەس لەوێن، هەرچۆنێك بێت تەرمەکەی خوبەیبیان داگرت، زوبەیر تەرمەکەی خستە سەر ئەسپەکەی و تەرمەکەشی هیچ تێك نەچووبوو، بەڵام بێباوەڕەکان پێیان زانین، کاتێك کەوتنە شوێنیان زوبەیر تەرمەکەی خستە خوارەوە، زەوی تەرمەکەی خوبەیبی قووتدا و تەرمەکەی دیار نەماو نەکەوتە دەست بێباوەڕان.[4]

رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو پێغەمبەر (ﷺ) تەنها عەمری کوڕی ئومەییەی نارد تا تەرمەکەی خوبەیب ببات، ئەویش چوو و تەرمەکەی خوبەیبی خستەخوارەوە،

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5143.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 263.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 66.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 263.

زەوی تەرمەکەی خوبەیبی قووت دا، دواتر کەمێك گەڕام بۆ تەرمەکە لە هیچ شوێنێك تەرمەکە دیار نەبوو، تا ئێستاش تەرمی خوبەیب دیار نیە.[1]

پەندو وانە

کەمجار لە مێژوودا بینراوە دەوڵەت و دەسەڵاتە بێباوەڕەکان وەفایان بووبێت بۆ پەنادانێك، کە داویانە بە تایبەت بەرامبەر بە موسڵمانان، ئەگەرچی ئەمە پێوەر نیە بۆ سفرکردنەوەی پەنای کەسانێ یان دەگمەنە دەسەڵاتێکی بێباوەڕ لە ماوەیەکی مێژووییدا لە بەڵێن و پەناکاندا راستگۆ بووبێ.

موسڵمان هیچ کات لە بەرامبەر ناحەقیدا هەنگاوی ناحەق نانێت، ئەوە رێنماییەکی خواییە بۆ بەندەکانی خوا، هیچ لاریەك بە هەنگاوی لار راست ناکرێتەوە، خوبەیب کە ناپاکی لێکرا و چاوەڕێی مەرگ بوو بە دەست باوك و مام و کەسانی ئەو منداڵەی کە هاتبوو بۆ لای، نەك ئەوەی بیری لەوە نەکردەوە بیکوژێت، بەڵکو نەیهێشت هیچ هەستێك بە ترس و بیم بکات، خستیە سەر ئەژنۆی و نازی پێدا، کە دەموچاوی شێواوی دایکیشی بینی دڵنیایی دایەوە بەو دڵەو رۆشنایی دایەوە بەو دەموچاوەو دڵنیای کردەوە کە هەرگیز نیازی نەبووە ئازاری منداڵەکەی بدات.

ئەوەی لەسەر موسڵمانە تا دواساتی ژیانی بەو جۆرە بژی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە، لە هەموو بارێکدا خۆی بپارێزێت لە حەرام و ئەوەی چاکەیە پەیڕەوی بکات، خوبەیبیش ئەگەرچی چاوەڕێی مەرگەو لە بەندی بێباوەڕاندایە، بەڵام لەوێشدا ترسی هەیە لە حەڵاڵی خۆراکەکەی و تکادەکات گۆشتی حەرامی بۆ

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 67.

نەهێنن، بەڵام دەبینین ئەمڕۆ موسڵمانانێك كە كەمێك خۆشگوزەرانی ژیانیان دەشێوێ، بێ ئەوەی ناچار بن بە وەرگرتنی كەمترین حەرام، لە ترس و بێ متمانەییان پەنا دەبەنە بەر حەرامەكان و زۆر جاریش دەیان بیانووی بۆ پەیدا دەكەن، بۆ نموونە كەسانێك ئامادەن سوو وەربگرن بۆ شتێك كە مان و نەمانی ژیانیان بەوەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵكو بۆ كڕینی ئۆتۆمبێلێكە یان بۆ بازرگانیەكە، هێندەی هەوڵ دەدەن حەرامەكە بشەرعێنن، هێندە بیر لەوە ناكەنەوە خۆیان دوور بگرن لە حەرامەكە.

### خوبەیبی كوڕی ئیساف(ﷺ)

ناوی خوبەیبی كوڕی ئیسافی كوڕی عینەبەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەكان،[1] دایكی ناوی سەلمای كچی مەسعوودە.[2]

خوبەیب ژنێكی هەبوو بە ناوی جەمیلەی كچی عەبدوڵا كە لەم ژنەی كوڕێكی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا، كوڕێكی تریشی هەبوو لە كەنیزەیەكی بە ناوی عەبدورەحمان، ژنێكی تری ناوی زەینەبی كچی قەیس بوو كە دایكی ئەنیسە بوو.[3]

كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە خوبەیب هێشتا موسڵمان نەبووبوو، كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو غەزای بەدر چوو، خوبەیبیش چوو بە دوای

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 261.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 534.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 534.

پێغەمبەردا (ﷺ) و لە ڕێدا پێی گەیشت و لەوێ موسڵمان بوو، یەکسەریش چووە ناو غەزاکەو بەشداری غەزای بەدری کرد.[1]

خوبەیب دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ غەزایەك، من و کەسێکی تریش هێشتا موسڵمان نەبووبووین چووین بۆ لای، وتمان شەرم دەکەین هۆزەکەمان لە جەنگدا بێت و ئێمە لە ماڵ بین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئایا موسڵمان بون؟ وتمان نا، فەرمووی: (دەی ئێمە دژ بە بێباوەڕان پشت بە بێباوەڕان نابەستین)، ئێمەش موسڵمان بووین و لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەشداری غەزاکە بووین.[2]

دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد.[3]

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە ئەرکێکی پێ سپارد و ناردی بۆ بەرپرسیارێتیەك.[4]

خوبەیب لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 261.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2497، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 32505، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16617، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4078.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 261.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 261.

5 - أسد الغابة، ج2، ص 146.

خوەیلەی کچی خوەیلید(رضي الله عنها)

ناوی خوەیلەی کچی خوەیلیدەو هاوسەری ئەوسی کوڕی صامت بووە، ئەوسی مێردی کەسێکی بە تەمەن بوو و لەگەڵ خوەیلە کێشەی هەبوو.[1]

چەند گێڕانەوەیەك هاتووە سەبارەت بەوەی ئەوس یەکەم کەس بووە لە سەردەمی ئیسلامدا ظیهاری بەکارهێناوە،[2] ئەم مەسەلەش بریتیە لەوەی پیاو بە خێزانەکەی بڵێت وەك دایکم وابیت بۆم، یان بڵێت وەك خوشکم وابیت بۆم، ئەم نەریتە لە پێش ئیسلامدا لە ناو عەرەبەکاندا زۆر باو بوو، بەڵام کە ئیسلام هات ئەمەی حەرام کرد.

ئەوس ئەو ظیهارەی بەرامبەر بە ژنەکەی بەکارهێنا و دواتریش پێش ئەوەی کەفارەتەکەی بدات لەگەڵ ژنەکەی جیماعی کرد، بۆیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی پێکرد پانزە صاع جۆ ببەخشێت بە شەست هەژار.[3]

ئەوس کەسێکی بە تەمەن و پیر بوو،[4] هاوکات جۆرێك لە فێی لەگەڵ بوو، بۆیە جارێکیان لەکاتی تووشبوونی بە فێ خوەیلەی ژنی بێزاری دەربڕی و ئەویش ظیهاری بەرامبەری بەکارهێنا.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 618.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص547، الإصابة في تمييز الصحابة، 1، ص156.

3 - أسد الغابة، ج1، ص220.

4 - صحيح ابن حبان، الرقم 4341، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 14255، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26694.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص547.

خوەیلە دەڵێت ئەوس کەسێکی بە تەمەن بوو و کەسێکی تووڕەو ئازاربەخش بوو، ڕۆژێك هاتەوە ماڵو منیش لەسەر شتێك قسەم لەگەڵ کرد، ئەویش تووڕە بوو و وتی تۆ وەك پشتی دایکم بیت بۆم، ئینجا چوویە دەرەوە، پاشان لەوێ لەگەڵ خەڵکیدا ماوەیەك دانیشت و دواتر هاتەوە ماڵەوە، دەیویست سەرجێم لەگەڵ بکات، منیش وتم نا سوێند بەوەی گیانی خوەیلەی بەدەستە دەستت پێم ناگات، قسەش هەر ئەوەیە کە وتم تا ئەو کاتەی خواو پێغەمبەری خوا بڕیارمان لەسەر دەدەن، بەڵام ئەو هەر هەڵمەتی بۆ بردم، بەڵام من ڕێم پێ نەدەدا تا چۆن ژنێك زاڵ دەبێت بەسەر پیرەپیاوێکدا خستمەژێرەوەو چوومە دەرەوە بۆ لای دراوسێیەکمان و داوای جلێکم لێ کردو چوومەدەرەوە تا چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، مەسەلەکەم بۆ باس کرد و سکاڵام کرد لەسەر خراپی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئەوس لەگەڵمدا، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دەیفەرموو:(یا خویلة ابن عمك شیخ كبیر فاتقي الله فیه)، (ئەی خوەیلە ئامۆزاکەت پیرێکی بەتەمەنە، دەی لە ئاستیدا لەخوا بترسە)، خوەیلە دەڵێت سوێند بەخوا نەچووم تا سروش دابەزیو پێغەمبەر (ﷺ) ئەو بارەی بەسەریدا هات کە لە کاتی سروشدا بەسەریدا دەهات، پاشان باری ئاسایی بوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی خوەیلە خوای گەورە لەسەر تۆ و هاوەڵەکەت ئایەتی دابەزاند، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە بەسەرمدا (قد سمع الله قول التي تجادلك في زوجها وتشتكي إلى الله..... وللكافرين عذاب أليم)، پاشان فەرمووی بڵێ بە مێردەکەت با کۆیلەیەك ڕزگار بکات، وتم ئەی پێغەمبەری خوا هێندەی نیە بتوانێت کۆیلەیەك ئازاد بکات، فەرمووی دەی با دوو مانگ بەسەر یەکەوە ڕۆژوو بگرێت، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو پیرێکی بەتەمەنەو توانای ڕۆژووگرتنی نیە، فەرمووی دەی با کۆڵێك خورما ببەخشێت بە شەست هەژار، وتم

ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەشی نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی ئێمە یارمەتی دەدەین بە كۆڵە خورمایەك، خوەیلە وتی دەی منیش كۆڵە خورمایەكی پێ دەدەم بۆ ئەوە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی (أصبت و أحسنت، فاذهبي فتصدقي به عنه، ثم استوصي بابن عمك خيرا)، (پێكات و چاكت كرد، دەی برۆ و بەوە صەدەقەكەی بۆ بدە، دواتر لەگەڵ ئامۆزاكەت چاك بەو چاكە بنوێنە)، خوەیلە دەڵێت منیش چووم‌و وامكرد.[1]

لە ریوایەتی ئەبوو داوددا هاتووە لەو كاتەدا كۆڵە خورمایەك(عرق)–شەست صاع دەكات– هات بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش ئەوەی دانا بۆ یارمەتی ئەوس.[2]

## خوەیلیدی كوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی خوەیلیدی كوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەكان لە سولەمیەكان، یەكێكە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی صفیندا لەناو سوپای خەلیفە عەلی كوڕی ئەبوو طالیبدا بوو.[3]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 4341، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 14255، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26694، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 615، و أخرجه مختصرا أبي داوود في سننه، الرقم 1906، و حسنة الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داوود، الرقم 2214.

2 - سنن أبي داوود، الرقم 1906.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 350.

## خورەیمی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

**ناوی خورەیمی کوڕی ئەوسی کوڕی حارثەیە، کونیەکەی ئەبوو لەجەئە.[1]**

**پاش جەنگی تەبووك موسڵمان بوو، کاتێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە تەبووکەوە گەڕایەوە خورەیم چوویە خزمەتی، دەڵێت: لەوێ موسڵمان بووم، ئینجا لەوێ بووم کە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب وتی ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەمەوێت وەسفت بکەم و شیعرت پێدا هەڵبدەم، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتی دا و ئەویش شیعرێکی بەسەر پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) هۆنیەوە.[2]**

**خورەیم دەڵێت لە جەنگی دژ بە موسەیلەمەدا بەشداریمان کرد، کە لەوە بووینەوە ئینجا بەرەو رووی هورمز بووینەوەو خالید داوی لە هورمز کرد جەنگی رووبەڕوو بکەن، ئەوەبوو خالید هورمزی کوشت.[3]**

**خورەیم دەڵێت: دوای ئەوە چووین تا گەیشتینە ناوچەی حیرە و چووینە ناوی، جا من پێشتر لە پێغەمبەری خوام (صلى الله عليه وسلم) بیستبوو کە دەیفەرموو: (وا حیرەم لەبەرچاوەو شەیمائی کچی بوقەیلەشم لەبەرچاوە کە لەچکێکی رەشی داوە بەسەریدا) منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) جا ئەگەر رۆژ بوو چووینە ناو حیرەو ئەو ئافرەتم بینی بۆ من بێت؟ فەرمووی: بەڵێ، بۆیە کە چووینە ناو حیرە یەکەم کەس بینیمان شەیمائی کچی بوقەیلەی ئەزدی بوو لەسەر هێسترێك بوو، هەمان نیشانەکانی تێدا بوو، منیش گرتم و وتم پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەم ئافرەتەی دا بە**

1 - أسد الغابة، ج2، ص 159.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5390.

3 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11963، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3709.

من، خالید داوای بەڵگەی لێکردم، منیش بەڵگەم خستە بەردەست، خالیدیش ئافرەتەکەی پێدام، ئینجا ئەو ئافرەتە برایەکیشی هەبوو ناوی عەبدولمەسیح بوو، هات بۆ لام و وتی خوشکەکەمم پێ بفرۆشە، منیش وتم بەخوا لە سەد درهەمێ کەمتر نایدەم، ئەویش هەزار درهەمی پێدام و وتی بتوتایە هەزار درهەمیش پێمدەدایت، منیش وتم وامدەزانی لە سەد درهەم پارەی زیاتر بوونی نیە و ئەوە ئەوپەڕی داواکاری و دەوڵەمەندیە.[1]

خورەیمی کوڕی فاتیك(رضي الله عنه)

ناوی خورەیمە، سەبارەت بە ناوی باوکی دەوترێت فاتیکە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو ئەخرەمە، ئەم هاوەڵە لە ئەزدیەکانە، سەبارەت بە کونیەکەی هەریەك لە ئەبووئەیمەن و ئەبوو یەحیا هاتووە.[2]

خورەیم برایەکی هەبوو بە ناوی سەبرەوە کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[3]

رایەك هاتووە کە بەشدار بووبێت لە غەزای بەدردا، ئیبن حەجەر دەڵێت: رای دروست ئەوەیە لە رێکەوتنی حودەیبیەدا بەشدار بووە، هەرچەندە رایەکیش دەڵێت: لە دوای فەتحی مەککە موسڵمان بووە.[4]

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4055، دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 452.
2 - الإصابة في تميز الصحابة، ج2، ص 275.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 30.
4 - الإصابة في تميز الصحابة، ج2، ص 275.

خورەیم دەڵێت: لە سەروبەندی کۆچی پێغەمبەردا (ﷺ) بوو کە بە چەند وشترێکەوە دەرچووم، برووسکەیەك هات و دای لە باڵێکی وشترێکم، منیش وەك نەریتی ئەو کاتی عەرەبەکان وتم پەنا دەگرم بە گەورەی ئەم دۆڵە، دەنگێك هات و بە شیعرێك پێی وتم دەبێت پەنا بگریت بە خوای گەورە، ئینجا پێی وتم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتووە، منیش وتم رەحمەتی خوات لێ بێت تۆ کێیت؟ وتی من مالیکی کوڕی مالیکم پێغەمبەر (ﷺ) منی لە خاکی خەڵکی نەجدەوە ناردووە، منیش وتم ئاخ یەکێك ئەبوو لای ئەم وشترانەم ئەبوو تا دەچوومە خزمەتی و باوەڕم پێ دەهێنا، ئەویش وتی دەی پشت بە خوا من لایان دەبم و وشترەکانت دەبەمەوە ماڵی خۆتان، منیش بە وشترێکیانەوە چووم تا چوومە مەدینە، ئەوکات نوێژی هەینی بوو، خەریك بووم وشترەکەم مۆڵ دەدا کە ئەبووذەر هاتەدەرەوەو وتی پێغەمبەر (ﷺ) پێت دەفەرمویت (وەرە ژوورەوە) منیش چوومە ژوورەوە، کە منی بینی فەرمووی: (ئەو پیرە پیاوەی کە بەڵێنی دا وشترەکانت بگەیەنێتەوە ماڵەوە چی کرد) منیش وتم رەحمەتی خوای لێ بێت بە سەلامەتی وشترەکانی دایەوە بە خاوخێزانم؟ فەرمووی: (بەڵێ رەحمەتی خوای لێ بێت)، منیش خێا شایەتومانم هێنا.[1]

خورەیم دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(من أنفق نفقة في سبيل الله كتب له سبع مائة ضعف)،[2] (هەرکەس لە پێناو خوادا شتێك ببەخشێت ئەوە بە حەوت سەد بەرامبەر بۆی دەنووسرێت).

خورەیم دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو:

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6648، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4053، قال الذهبي في التلخيص لم يصح.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 4720، صححه شعيب الأرناؤوط.

(الناس أربعة والأعمال ستة: موجبتان ومثل بمثل، وحسنة بعشر أمثالها، وحسنة بسبع مائة ضعف، والناس موسع عليه في الدنيا والآخرة، وموسع عليه في الدنيا مقتور عليه في الآخرة، ومقتور عليه في الدنيا موسع عليه في الآخرة، ومقتور عليه في الدنيا والآخرة، وشقي في الدنيا وشقي في الآخرة، والموجبتان من قال لا إله إلا الله، أو قال: مؤمنا بالله دخل الجنة، ومن مات وهو يشرك بالله دخل النار، ومن هم بحسنة فعملها كتبت له عشرة أمثالها، ومن هم بحسنة فلم يعملها كتبت له حسنة، ومن هم بسيئة فلم يعملها كتبت له حسنة، ومن هم بسيئة فعملها كتبت له سيئة واحدة غير مضعفة، ومن أنفق نفقة فاضلة في سبيل الله فبسبع مائة ضعف)،[1] (خەڵکی چوار چەشنن، کردەوەکانیش شەش چەشنن، دوو واجبەکە کە وێنە بە وێنەن، چاکەیەك کە بە دە بەرامبەرە، چاکەیەك کە بە حەوت سەد بەرامبەرە، خەڵکێ هەیە دنیا و قیامەتی بەروودا کراوەیە، خەڵکێ هەیە دنیای بەروودا کراوەیەو قیامەتی بەروودا داخراوە، خەڵکێ هەیە دنیای بەروودا داخراوەو قیامەتی بە ڕوودا کراوەیە، خەڵکێ هەیە دنیا و قیامەتی بە ڕوودا داخراوە، خراپەکارو ماڵوێرانی دنیا و قیامەتیشە، دوو واجبەکە ئەوەیە کە بڵێت لا اله الا الله، —یان فەمووی— ئەوەی بڕوای هەیە بە خوا دەچێتە بەهەشت، هەرکەسیش بمرێت و هاوەڵی دانابێت بۆ خوا دەچێتە دۆزەخ، هەرکەسیش نیازی بووبێت چاکەیەك بکات و بیکات دە بەرامبەر بۆی دەنووسرێت، هەرکەسیش نیازی بێت چاکەیەك بکات و نەیکات بە چاکەیەك بۆی دەنووسرێت، هەرکەسیش نیازی بێت خراپەیەك بکاتو نەیکات بە چاکەیەك بۆی دەنووسرێت، هەرکەس نیازی بێت خراپەیەك بکات و بیکات بە خراپەیەك بۆی دەنووسرێت و

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6262، صححه شعيب الأرناؤوط.

زیاتری لەسەر نانووسرێت، هەرکەسیش بەخشێکی چاك و زیادە لە رێی خوادا ببەخشێت ئەوە بە حەوت سەد بەرامبەر بۆی دەنووسرێت).

خورەیم دەڵێت: جارێك چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی (ئەی خورەیم ئەگەر دوو خەسڵەت هەن تیاتدا نەبوایە دەبوویتە پیاوی پیاوانە)، منیش وتم ئەوانە چین بە دایك و باوكمەوە بەقوربانت بم؟ فەرمووی (زۆری قژت و شۆڕكردنەوەی جلەكانت)، ئەوەبوو خورەیم چوو قژی كورت كردەوەو شۆڕی جلەكانیشی نەهێشت.[1]

دوای شەهیدبوونی عوثمانی كوڕی عەففان خورەیم لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، وابیصە دەڵێت: چووم بۆ لای و وتم ئیبن مەسعوود فەرموودەیەكی بۆ گێڕاومەتەوەو دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إنها ستكون فتنة يكون المضطجع فيها خيرا من الجالس والجالس خيرا من القائم، والقائم خيرا من الماشي والماشي خيرا من الساعي...قتلاها كلهم في النار)، (فیتنەیەك دێت كە ئەوەی تیایدا راكشاوە باشترە لەوەی دانیشتووە، ئەوەی دانیشتوە باشترە لەوەی بە پێوەیە، ئەوەی بە پێوەیە باشترە لەوەی دەڕوات، ئەوەی دەڕوات باشترە لەوەی بە راكەراك و هەڵەبەزە دەڕوات، كوژراوەكانی ئەو فیتنەیە هەموو لە دۆزەخدان)، خورەیم وتی سوێند بەو خوایەی تاكە پەرستراوە منیش ئەو فەرموودەم لە پێغەمبەر (ﷺ) بیستووە.[2]

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6649، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4047، قال الذهبي إسناده مظلم.

2 - سنن أبي داود، الرقم 3732، ضعفه الألباني في صحيح و شعيف سنن أبي داود، الرقم 4258.

خوزاعی کوڕی عەبدنەهم (رضي الله عنه)

ناوی خوزاعی کوڕی عەبد نەهمی موزەنیە، ئەم کەسە سەرپەرشتیاری بتەکەی هۆزەکەی خۆی بوو، ناوی بتەکەیان نەهم بوو، جارێك چوو تا قوربانی بۆ بتەکە بکات، کەچی ختوورەیەك کەوتە دڵی، وتی بۆ ئەم بتە لاڵە وا قسە ناکات؟ بتەکەی شکاند و وتی لەمڕۆوە ئایینی من ئایینی موحەممەدە، چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێدا کە ئایینەکەی لەناو هۆزەکەشیدا بڵاو بکاتەوەو بێتەوە بۆ لای و ئەوانیشی لەگەڵ بێت،[1] کە چویەوە بینی هۆزەکەی وا زوو نایەن بە دەم بانگەوازەکەیەوە، بۆیە ماوەیەك دواکەوت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە حەسسان بە شیعرێك سەرکۆنەی ئەو دواکەوتنەی بکات، بەڵام هێرشی نەکاتەسەر، حەسسانیش شیعرێکی لەو جۆرەی هۆنیەوە، کە خوزاعی ئەوەی بیستەوە پێی بێتاقەت بوو، خێرا هاودەم بە ژمارەیەك لە موسڵمان بوانی هۆزەکەی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[2]

لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا موزەنیەکان کە نزیکەی هەزار چەکدار دەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵای ئەوانی دایە دەست خوزاعیەوە، هەروەها ئەو دەستکەوتەکانی –غەنیمەتەکانی– پێغەمبەری خوای (ﷺ) وەردەگرت.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 276.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 291.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 163.

خوزەیمەی کچی جەهم (رضي الله عنها)

ناوی خوزەیمەی کچی جەهمی کوڕی قەیسی عەبدەریە، هاودەم بە باوك و دایکی لە کۆچی حەبەشەدا بەشدار بوو.[1]

خوزەیمەی کوڕی ثابت (رضي الله عنه)

ناوی خوزەیمەی کوڕی ثابتی کوڕی فاکیهە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان لە خەطمیەکان، زۆر زوو موسڵمان بوو، دایکی ناوی کەبشەی کچی ئەوسی ساعیدیە.[2]

خوزەیمە ژنێکی هەبوو بە ناوی جەمیلەی کچی زەید کە لەم ژنەی دوو منداڵی هەبووبە ناوەکانی عەبدوڵا و عەبدوڕەحمان، ژنێکی تری هەبوو بە ناوی صەفییەی کچی عامیر کە لەم ژنەی کوڕێکی هەبوو بە ناوی عومارە.[3]

خوزەیمە کە موسڵمان بوو هەوڵیدەدا بێتوانایی بتەکان بە هۆزەکەی خۆی نیشان بدات، بۆیە دەچوو و بتەکانی ناو هۆزەکەی خۆی دەشکاند.[4]

خوزەیمە یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[5] بەڵام ذەهەبی دەڵێت: راستتر وایە بەشداری جەنگی بەدر نەبووە، بەڵکو لە ئوحود و غەزاکانی دواتردا بەشدار

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 608.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 278.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 378.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 279.
5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 253.

بووه،[1] له جه‌نگی ئوحوددا به‌شداری کرد، دواتریش له غه‌زاکاندا به‌شدار بوو، له فه‌تحی مه‌ککه‌شدا ئاڵای هۆزه‌که‌ی خۆی به‌ده‌سته‌وه بوو.[2]

خوزه‌یمه لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هێنده جێمتمانه و خۆشه‌ویست بوو که شایه‌تی ئه‌وی له‌بری شایه‌تی دوو پیاو وه‌رده‌گرت،[3] ئه‌مه‌ش ببوو به شانازیه‌ك که ئه‌وسیه‌کان له‌ناو خۆیان و له کۆڕو کۆبوونه‌وه‌ی موسڵمانانندا شانازییان پێوه ده‌کرد که که‌سی وایان تێدایه.[4]

هۆکاره‌که‌ش ئه‌وه‌بوو، که جارێك پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئه‌سپێکی له کابرایه‌کی ده‌شته‌کی ده‌کڕی، کابرا مله‌جیڕه‌ی له‌گه‌ڵ ده‌کرد و ده‌یوت پێم نه‌فرۆشتویت، خوزه‌یمه شایه‌تی دا که پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) لێی کڕیوه، دواتر پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی: تۆ چۆن شایه‌تیت دا له‌کاتێکدا له‌وێ ئاماده نه‌بوویت؟ ئه‌ویش وتی: من بڕوام هێناوه به‌وه‌ی تۆ هێناوته‌و ده‌شزانم ئه‌وه‌ی حه‌ق نه‌بێت نایڵێیت، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی: هه‌رکه‌س خوزه‌یمه شایه‌تی بۆ بدات به‌سیه‌تی.[5]

شه‌وێك خوزه‌یمه خه‌وی بینی له‌سه‌ر ته‌وێڵی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) سوجده‌ی برد، ئینجا خوزه‌یمه هات بۆ لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و خه‌وه‌که‌ی بۆ گێڕایه‌وه، پێغه‌مبه‌ریش

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 485.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 279.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2672، مسند احمد بن حنبل، الرقم 21086 .

4 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4073.

5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3638، مسند ابن أبي شيبة، الرقم 19، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 19084، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2130.

(ﷺ) راکشا و فەرمووی: (خەوەکەت بهێنەرەدی)، ئەوەبوو خوزەیمە لەسەر تەوێڵی پێغەمبەر (ﷺ) سوجدەی برد.[1]

خوزەیمە دەڵێت: لە غەزای موئتەدا بەشدار بووم، لەگەڵ کابرایەك جەنگی دەستەیەخەم کرد کە کڵاوێکی لەسەر بوو کڵاوەکە یاقووتێکی تێدابوو، ئەو یاقووتەم کردبووە ئامانج، ئەوەبوو دەستم کەوت، کە گەڕامەوە بۆ مەدینە چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش لێی نەسەندمەوەو رازی بوو بۆ خۆم بێت، منیش هێشتمەوە تا لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا فرۆشتم بە سەد دینار و باخێکم پێ کڕی.[2]

لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکردا کاتێك زەید راسپێردرا بۆ نوسینەوەی قورئان، بۆ ئایەتێك رامابوو تا شایەتێ هەبێت بۆ ئەوەی بینووسێتەوە، ئەویش ئایەتی (من المؤمنین رجال صدقوا...) بوو، بۆ ئەوەش تەنها خوزەیمەی دەستکەوت، بۆیە نووسیەوە، چونکە خوزەیمە ناسرابوو بەوەی لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی بە دوو شایەتی وەرگیراوە.[3]

خوزەیمە تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ژیا، لە فیتنەی نێوان هاوەڵاندا بەشداری نەکرد، بەڵکو شمشێرەکەی لە کالان نابوو، لە جەمەلدا هەرچەندە ئامادە بوو بەڵام شمشێری لە کالان دەرنەکرد،[4] بەڵام کاتێك لە جەنگی

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7256، ضعفه شعيب الأرناؤوط.
2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11950، سير أعلام النبلاء، ج2، ص 486.
3 - صحيح البخاري، الرقم 2672، مسند احمد بن حنبل، الرقم 21086 .
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 259.

صفیندا بینی عەمماری کوڕی یاسر کوژرا، پێشتر دەیوت جەنگ ناکەم تا بزانم کێ عەممار دەکوژێت، هەرکەس کوشتی ئەوکات دەجەنگم، چونکە بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: دەستەی باغی عەممار دەکوژن، کە عەممار کوژرا خوزەیمە وتی وا گومڕایی و نەپێکانم بۆ روون بوویەوە، شمشێری لە کالان دەرکرد و جەنگا تا کوژرا،[1] واتە خوزەیمە حوکمی عەلی پێ رەوا و دروست بوو و لەناو ریزی سوپای ئەودا مایەوەو کوژرا.[2]

### خوزەیمەی کوڕی عاصم (ﷺ)

ناوی خوزەیمەی کوڕی عاصمی عەکلیە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) خوزەیمەی کرد بە بەرپرسی کۆکردنەوەی زەکاتی هۆزەکەی و داوای کرد ستەمیان لێ نەکات.[3]

### خوزەیمەی کوڕی ئەوس(ﷺ)

ناوی خوزەیمەی کوڕی ئەوسی کوڕی یەزیدە،[4] بەڵام ئیبن سەعد بە ئەبوو خوزەیمە ناوی هێناوە،[5] ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحود و خەندەق و سەرجەم غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد،[6] دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو لە جەنگی جسردا

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5641.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 278.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 282.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 278.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 490.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 490.

شەهید بوو،[1] بەڵام ئیبن سەعد دەڵێت: لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا مردووە.[2]

خوزەیمەی کوڕی خەزمە(رضي الله عنه)

ناوی خوزەیمەی کوڕی خەزمەی کوڕی عەددیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، ئەم هاوەڵە بەشدار بووە لە غەزای ئوحودو غەزاکانی تریشدا.[3]

خوزەیمەی کوڕی عەبدعەمر (رضي الله عنه)

ناوی خوزەیمەی کوڕی عەبدعەمری عەصریە، وەك وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.

خوضرە(رضي الله عنها)

ئەم ئافرەتە ناوی خوضرەیە و خزمەتکاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.[4]

خوفافی غیفاری (رضي الله عنه)

ناوی خوفافی کوڕی ئیمائی کوڕی رەحضەی غیفاریە،[1] خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون،[2] خوفافیش بەرنوێژ و وتاربێژی غیفاریەکانی دەکرد.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 278.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 490.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 282.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 497.

کاتێك ئەبووسوفیان بیستی خوفاف موسڵمان بووە وتی ئەمشەو گەورەی غیفاریەکان لە ئایین هەڵگەڕایەوە.[4]

خوفاف لەگەڵ باوکیدا زوو زوو دەهات بۆ مەدینە بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ).[5]

خوفاف لە حودەیبیەو بەیعەتی ریضواندا بەشداری کرد.

خوفاف دەگێڕێتەوە جارێك لە دوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) نوێژی کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) نزای لێخۆشبونی بۆ غیفاریەکان کردووە.[6]

خوفاف لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد.[7]

خوفافی کوڕی نەضلە(رضي الله عنه)

ناوی خوفافی کوڕی نەضلەی کوڕی عەمرە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) لە مزگەوت دانیشتبوو کە خوفاف هاتە خزمەتی و بە چەند دێڕە شیعرێك حاڵی خۆی بۆ باس کرد و موسڵمان بوو.[8]

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 170.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج
3 - أسد الغابة، ج2، ص 170.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 171.
5 - أسد الغابة، ج2، ص 171.
6 - صحيح مسلم، الرقم 1131، صحيح ابن حبان، الرقم 2008، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16251.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 335.
8 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 548،معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2347.

خوفافی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی خوفافی کوڕی عومەیرە، دایکی ناوی نودبەیە، کاتێك باپیرەی خوفاف هێرشی بردە سەر هۆزەکەی دایکی، نودبەی بە کەنیزەك گرت و دای بە عومەیری کوڕی، ئەوەبوو خوفافی بوو.[1]

خوفاف شاعیرێکی ناسراو و بەهێز بوو، موسڵمان بوو و لە فەتحی مەککەشدا بەشاری کرد و ئاڵا بەنی سولەیم بەدەست ئەوەوە بوو،[2] لە غەزای حونەین[3] و طائیفیشدا بەشداری کرد.[4]

دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) کە هەڵگەراوەکان دەرکەوتن خوفاف بە چاکی لەسەر ئیسلامەتی مایەوەو تا سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب ژیا.[5]

خولەیدەی کچی حوباب(رضي الله عنها)

ناوی خولەیدەی کچی حوبابە، لە پشتیوانانە، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێدا.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 336.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 275.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 336.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 172.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 336.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 609.

خولەیدی کوڕی مونذیر (رضي الله عنه)

ناوی خولەیدی کوڕی مونذیری عەبدیە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد باوکی خولەیدیش مرد، عەلائی حەضرەمی ئەوی کردە بەرپرسی یەکەیەك تا لە ساڵی حەڤدەی کۆچیدا هێرش ببەنە سەر فارس.[1]

خولەیدی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی خولەیدی کوڕی قەیسە، یان دەوترێت ناوی خولەیدەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە سولەمیەکان،[2] دایکی ناوی ئیدامی سولەمیە،[3] خولەید لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشدار بوو،[4] پاش مردنی خۆی هیچ نەوەیەکی بەجێنەهێشت.[5]

خولەیسەی کچی قەیس(رضي الله عنها)

ناوی خولەیسەی کچی قەیسی ئەشجەعیە، بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[6]

خولەیسە ژنی بەررائی کوڕی مەعروور بوو، منداڵێکی لێی هەبوو بە ناوی بیشر کە پێشتر باسی ژیانیمان کردووە.[7]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 342.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 343.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 574.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 343.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 574.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 610.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 610.

جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی ماڵی خولەیسەی کرد و خولەیسەش خواردنێکی ئامادە کرد بۆی، ئینجا کاتی نوێژی نیوەڕۆ هات و پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ نوێژ.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە کۆتا نەخۆشیدا بوو، خولەیسە چوو بۆ لای، کە حاڵی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تای وەك ئەمەی تۆم بە کەسەوە نەدیوە، پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو (ئازارمان بۆ دوو بەرامبەرە وەك چۆن پاداشتیشمان بۆ دوو بەرامبەرە، خەڵکەکە چی دەڵێن؟)، خولەیسە وتی خەڵکی ئەڵێن ژانەسکی هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ما كان الله ليسلطها على رسوله، إنها همزة من الشيطان، ولكنها من الأكلة التي أكلتها أنا وابنك)،[2] (خوا ئەو دەردە زاڵ ناکات بەسەر پێغەمبەرەکەیدا، ئەوە نەفەسێکی شەیتانیە، بەڵام ئەم نەخۆشیەم لەو پاروە خواردنەوەیە کە من و کوڕەکەت خواردمان).

## خونەیسی کوڕی حوذافە (رضي الله عنه)

ناوی خونەیسی کوڕی حوذافەی کوڕی قەیسی کوڕی عەددی قوڕەیشیە، یەکێکە لە یەکەمین موسڵمان بووەکان و لە کۆچەرانی حەبەشەیە، دایکی ناوی ضەعیفەی کچی حیذیمە.[3]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 242.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 236.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 3، ص 392.

برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە یەکێکە لە هاوەڵانی دیاری پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

برایەکی تری ناوی قەیس بوو کە ئەویش لە کۆچەرانی حەبەشە بوو و دواتر گەڕایەوە مەککەو ئینجا کۆچی کرد بۆ مەدینە.[2]

هێشتا بانگەوازی پێغەمبەر (ﷺ) نەچووبووە ناو ماڵی ئەرقەمەوە کە خونەیس موسڵمان بوو.[3]

کاتێك موسڵمانان کۆچیان کرد بۆ حەبەشە خونەیسیش یەکێك بوو لە کۆچەرەکان،[4] ئیبن سەعد دەڵێت لە کۆچی دووەمی حەبەشەدا بەشدار بووە،[5] پاش ئەوە گەڕایەوە مەککەو دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە.[6]

خونەیس زاوای عومەری کوڕی خەططاب بوو، چونکە حەفصەی کچی عومەر ژنی بوو، ئەوەبوو دوای مەرگی خونەیس حەفصە بوو بە هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ).[7]

خونەیس هاودەم بە حەفصەی خێزانی کۆچی کرد بۆ مەدینە.[8]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج 4، ص 57.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 461.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 3، ص 392.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 344.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 392.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 344.

7 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 294.

8 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 81.

کاتێك خونەیس کۆچی کرد بۆ مەدینەو دواتر پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینەو برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان خونەیس و ئەبی عەبسەوە.[1]

خونەیس یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دوای غەزای بەدر زۆر نەمایەوەو پاش بیست و پێنج مانگ لە کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە خونەیس کۆچی دوایی کرد، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) خۆی نوێژی مردووی لەسەر کرد و لە گۆڕستانی بەقیع و لەپاڵ گۆڕی عوثمانی کوڕی مەظعووندا ئەسپەردە کرا.[2]

رایەکی تر دەڵێت: خونەیس لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد و تیایدا بریندار بوو و بە هۆی برینەکەیەوە کۆچی دوایی کرد.[3]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دوای تەواوبوونی واددەی عیددەی حەفصە ئینجا بەهاوسەری گرت،[4] هەروەها بە دەقی دروست هاتووە کە لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا بەهاوسەری گرتووە، جەنگی ئوحودیش لە مانگی شەواڵی ساڵی دووەمی کۆچیدا بوو.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 3، ص 392.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 3، ص 392.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 181.

4 - سير اعلام النبلاء، ج2، ص 227.

5 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 165.

ذەهەبی ئەو رایەی هێناوە کە دوای غەزای بەدر خونەیس مردووە،[1] ئیبن کەثیر هێناویەتی کە لە بەدردا پێکراوەو بەو هۆیەوە مردووەو حەفصەی ژنی بێوەژن کەوتووە.[2]

## خونەیسی ئەوسی (رضي الله عنه)

ناوی خونەیسی کوڕی ئەبووسائیبە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، دواتریش لە غەزاکاندا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لە فتووحاتی عێراقدا بەشدار بوو.[3]

## خیداشی کوڕی بوشەیر (رضي الله عنه)

ناوی خیداشی کوڕی بوشەیری کوڕی ئەصەممە، رایەك دەڵێت: ئەم هاوەڵە بوو لە جەنگی یەمامەدا موسەیلەمەی کوشت،[4] بەڵام رای راستتر ئەوەیە کە وەحشی موسەیلەمەی کوشتووە، وەك وەحشی خۆی دەگێڕێتەوە و پاش ئەوەی باس دەکات چۆن حەمزەی مامی پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) کوشت و دواتر چۆن هات و موسڵمان بوو، دەڵێت: کە سەردەمی ئەبووبەکر هات و سوپای نارد بۆ یەمامە، منیش وتم ئەچم تا موسەیلەمە بکوژم بەوە حەقی کوشتنەکەی حەمزە بکەمەوە،[5] لەگەڵ

---

1 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 142.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 318.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج 2، ص 346.

4 - أسد الغبة، ج2، ص 151.

5 - صحيح البخاري، الرقم 3862، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15759.

خەڵکەکە چووم و موسەیلەمەم کردە چاو،[1] بینیم کەسێك لای کەلەبەرێکی دیوارێك وەستاوەو دەتوت وشترە رەشەیەکی پرچ بڵاوە،[2] لەگەڵ یەکێك لە پشتیوانان هەڵمانکوتایە سەری و بە هەمان ئەو رمەی کە حەمزەم پێ کوشتبوو دام لە موسەیلەمە،[3] رمەکەم دا لە نێوەندی مەمکەکانی و لە پشتەوە رمەکە دەرچوو، پشتیوانیەکەش بە شمشێر لێیداو دای لە سەری،[4] ئیتر خوا زاناترە کاممان کوشتمان، ئەگەر من کوشتبێتم ئەوە چاکترین کەس و خراپترین کەسیشم کوشتون[5](واتە حەمزەو موسەیلەمە).

## خیداشی کوڕی عەبیاش (رضي الله عنه)

ناوی خیداشی کوڕی عەبیاشە، لە پشتیوانانە، ە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[6]

## خیداشی کوڕی قەتادە(رضي الله عنه)

ناوی خیداشی کوڕی قەتادەی کوڕی ڕەبیعەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و لەو غەزایەدا شەهید بوو.[1]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم2878، مسند الطيالسي، الرقم 1396، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16915.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3862، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15759.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم2878، مسند الطيالسي، الرقم 1396، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16915.

4 - صحيح البخاري، الرقم 3862، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15759.

5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم2878، مسند الطيالسي، الرقم 1396، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16915.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 266.

## خیداشی کوڕی ئەبی خیداش (رضي الله عنه)

ناوی خیداشی کوڕی ئەبی خیداشی مەککیە، مامی صەفییەی کچی بەحریەیە، خیداش جارێك پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی لە قاپێکدا نانی دەخوارد، دواتر خیداش داوای کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تا ئەو قاپەی پێ ببەخشێت، ئیتر ئەو قاپەی لا مابوویەوە تا لە خیلافەتی عومەردا خەلیفە کە دەچوو بۆ لایان داوای دەکرد ئەو قاپەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بۆ بهێنن و ئاوی زەمزەمیان پێ دەخواردەوە.[2]

## خیذامی کوڕی وەدیعە(رضي الله عنه)

ناوی خیذامە، سەبارەت بە باوکی دەوترێت ناوی وەدیعە بووە، رایەکیش دەڵێت باوکی ناوی خالید بووە، کونیەکەی خیذام ئەبوو وەدیعەیە.[3]

خیذام کچێکی هەبوو بە ناوی خەنساء، خەنساء دەڵێت: من بێوەژن بووم و لای باوکم مابوومەوە باوکم بەبێ ویستی خۆم منی مارە کرد لە کەسێك، منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش هاوسەرگیریەکەی هەڵوەشاندەوە،[4] دواتر خەنساء چوو بە ویستی خۆی شووی کرد بە ئەبوولوبابە.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 266.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 265.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 269.

4 - صحيح البخاري، الرقم 4846، موطأ مالك، الرقم 1115، سنن أبي داود، الرقم 1810، سنن الدارمي، الرقم 2160، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5237، سنن الدارقطني، الرقم 3104، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26195.

5 - سنن الدارقطني، الرقم 3104.

## خیراشی کوڕی صیممە(رضي الله عنه)

ناوی خیراشی کوڕی صیممەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە سولەمیەکان،[1] دایکی ناوی ئومموحەبیبە کە خەڵکی طائیف بوو.[2]

ژنەکەی خیراش ناوی فەکیهە بوو کە لەم ژنەی کوڕێکی بوو بە ناوی سەلەمە، دوو منداڵی تریشی هەبوو بە ناوەکانی عەبدورەحمان و عائیشە کە دایکیان ئومموەلەد بوو،[3] کوڕێکی تریشی ناوی طەلحە بوو کە فەرموودەی لە هاوەڵانەوە گێڕاوەتەوە.[4]

خیراش یەکێکە لە بەشداربووانی غەزای بەدر،[5] لەو غەزایەدا خیراش دوو ئەسپی پێ بوو.[6]

خیراش خزمەتکارێکی هەبوو بە ناوی تەمیم کە لەگەڵ خۆیدا بردی تا لە غەزای بەدردا بەشدار بێت و پێکەوە بەشداری غەزاکەیان کرد.[7]

دواتریش خیراش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا بریندار بوو، لە غەزای ئوحوددا یانزە جار پێکرا، خیراش یەکێك بوو لە تیرهاوێژەکانی ناو ئەو غەزایە.[1]

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 156.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 564.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 564.
4 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1185.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 270.
6 - أسد الغابة، ج2، ص 156.
7 - أسد الغابة، ج1، ص 322.

خیراشی کوڕی ئومەییە (رضي الله عنه)

ناوی خیراشی کوڕی ئومەییەی خوزاعیە، کونیەکەی ئەبوو نەضلەیە.[2]

لە غەزای مورەیسیعدا بەشدار بوو، هەروەها لە حودەیبیەشدا بەشدار بوو و لەوێ سەری پێغەمبەری خوای (ﷺ) تاشی، رایەکی تریش دەڵێت بەڵکو لە عومرەی دوای حودەیبیەدا سەری پێغەمبەری خوای (ﷺ) تاشی.[3]

پێغەمبەر (ﷺ) لە حودەیبیەدا خیراشی بە وشترێکەوە نارد بۆ مەککە، قوڕەیشیەکان ئازاریان دا و ویستیان بیکوژن، بەڵام حەبەشیەکان نەیانهێشت، بۆیە خیراش گەڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) عوثمانی کوڕی عەففانی نارد.[4]

خیراش لە غەزای خەیبەریشدا بەشداری کرد.[5]

خیرباق (رضي الله عنه)

لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە، دەستەکانی ئەم هاوەڵە درێژ بوون، جارێک پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی عەسری کرد و سێ رکات نوێژی کرد، ئینجا چوویەوە بۆ ماڵەوە، خیرباق چوویە ژوورەوە بۆ ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ سێ رکات نوێژی عەسرت کرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە تووڕەییەوە هاتە دەرەوەو عەباکەی بەدوای خۆیدا رادەکێشا تا هاتە ناو خەڵکەکەوەو فەرمووی

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 270.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 269.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 269.

4 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18525، حسنه شعيب الأرناؤوط.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 269.

ئەرێ ئەمە راست دەکات؟ هاوەڵانیش وتیان بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) رکاتی چوارەمیشی خوێند و دواتر سەلامی دایەوەو دواتر دوو سوجدەی برد و ئینجا سەلامی دایەوە.[1]

خێرنیقی کچی حوصەین (رضي الله عنها)

ناوی خێرنیقی کچی حوصەینی خوزاعیە، ئەم ئافرەتە موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[2]

1 - صحيح مسلم، الرقم 930، سنن ابن ماجة، الرقم 1211، مستخرج أبي عوانة، الرقم 1521، سنن أبي داود، الرقم 872، مصنف ابن أبي شيبتن الرقم 4362.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 608.

# ئەو هاوەڵانەی

# کە ناویان

# بە پیتی (د)

# دەست پێدەکات

داوودی کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه)

ناوی داوودی کوڕی سەلەمەیە، لە پشتیوانانە.[1]

کاتێك جوولەکەکان پێش هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ پشتیوانەکان قسەیان دەکرد دەیانوت بەم زوانە کۆتای پێغەمبەران دێت، کەچی کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بەرامبەری بێباوەڕ بوون، ئەوەبوو برێك لە پشتیوانان ئامۆژگاری جوولەکەکانیان دەکرد کە بۆچی وان، لەوانە موعاذی کوڕی جەبەل و بیشری کوڕی بەڕراء و داوودی کوڕی سەلەمە، دەیانوت ئەی گرۆی جوولەکەکان لەخوا بترسن و موسڵمان بن، ئێوە پێشتر باسی هاتنی ئەم پێغەمبەرەتان بۆ ئێمە دەکرد.[2]

دەهری کوڕی ئەخرەم (رضي الله عنه)

ناوی دەهری کوڕی ئەخرەمی کوڕی مالیکی ئەسلەمیە، بوخاری دەڵێت هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و فەرموودەی لێوە نەگێردراوەتەوە.[3]

دەوس(رضي الله عنه)

ناوی دەوسەو خزمەتکاری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، لە گێڕانەوەیەکی لاوازدا هاتووە کاتێك عوسمانی کوڕی عەففان لە مەککە بوو پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی بۆ نارد(وا دەوسی مەولای پێغەمبەری خوام ناردووە بۆ لات و فەرمانم پێکردووە ئاڵاکە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 383.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 383.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 391.

بخاتە بەردەستت، وە خالیدی کوڕی وەلیدم ناردووە بۆت تا لای راستی سەربازگەکەت بۆ ببات بەڕێوە).[1]

دەومی کوڕی قەیس (رضي الله عنه)

ناوی دەومی کوڕی قەیسی کەلبیە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەویش ئاڵایەکی دایە دەست تا ئەمیری موسڵمانانی کەلبیەکان بێت.[2]

دەیلەمی حیمیەری (رضي الله عنه)

ناوی دەیلەمی کوڕی فەیروزە، لە حیمیەر نیشتەجێ بوو و بەو هۆیەوە بە دەیلەمی حیمیەری ناسراوە، یەکەم کەس بوو دوای چوونی موعاذ بۆ یەمەن لە یەمەنەوە هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، واتە لە دواساڵەکانی ژیانی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتە خزمەتی.[3]

لەسەر هەریەك لە فەیروزی دەیلەمی و دەیلەمی حیمیەری تێکەڵبوونێك لە نێوان زانایاندا روویداوە، هەرچەندە ئەوانە دوو هاوەڵی جیاوازن، بەڵام لەبەرئەوەی هەردووکیان یەك فەرموودەیان گێڕاوەتەوە بۆیە ئەو تێکەڵبوونە روویداوە.[4]

دەیلەم دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە لە ناوچەیەکی ساردی و سەرمادان و کاری زۆر دەکەین، جا لەم جۆیە کە هەیە ئاوەکەی دەگرین بۆ ئەوەی هەم وزەمان پێ بدات و هەم بەرگەی سەرماش بگرین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2318.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 392.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 392.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 393.

ئایا کەس سەرخۆش دەکات؟ وتم بەڵێ، فەرمووی: دەی دووربکەونەوە لێی، وتم دەی خەڵکی وازی لێ ناهێنن، فەرمووی: (فإن لم يتركوه فقاتلوهم)،[1] (ئەگەر وازیان لێ نەهێنا لەگەڵیان بجەنگن).

دەیلەم یەکێك بوو لە بەشداربوانی فەتحی میصر.[2]

دجاجە(رضي الله عنه)

ناوی دجاجەیە، کچێکی هەبوو بە ناوی جسر، ئیبنولموبارەك لە کتێبەکەیدا (الزهد) گێڕانەوەیەکی هێناوە کە دجاجە سەبارەت بە ئەبووزەر گێڕوایەتیەوە کە ئەبووزەر خۆی دوورگرتووە لە دەنگەدەنگی منداڵان.[3]

دجاجەی کچی ئەسماء (رضي الله عنها)

ناوی دجاجەی کچی ئەسمائە، سەرەتا ژنی عومەیر بوو بەڵام عومەیر تەڵاقی دا، بۆیە عامیری کوڕی کورز بەهاوسەری گرت و کوڕێکی لێی بوو بە ناوی عەبدوڵا.[4]

1 - سنن أبي داود، الرقم 3216، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 23235، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17694، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4088، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه شعيب الأرناؤوط في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3683.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 393.

3 - الزهد لابن المبارك، دار الكتب العلمية، بيروت، ص470.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 633.

دلیجە(رضي الله عنه)

ناوی دلیجەیەو وردەکاری سەبارەت بە باوك و بنەماڵەی نەهاتووە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو، پەرستشی زۆر بوو، تەنانەت هێندە شەونوێژی هەبوو کە قاچەکانی قلێشیان بردبوو.[1]

دوبیەی کچی خالید(رضي الله عنها)

ناوی دوبیەی کچی خالیدی کوڕی نوعمانە، کونیەکەی ئوممومسەمماکە، موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

دورەیدی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی دورەیدی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە ساعیدیەکان، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

دورەیدی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی دورەیدی کوڕی کەعبە، یەکێك بوو لە سەرکردەکانی فتووحاتی ئیسلامی، ئەمەش بەڵگەی هاوەڵ بوونیەتی، چونکە پێشتر باسمان کرد کە گەورە هاوەڵانی خیلافەتی راشیدین تەنها هاوەڵانیان دەکرد بە سەرکردە.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص 390.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج 7، ص 633.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 391.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 387.

دورەیدی راهیب(رضي الله عنه)

ناوی دورەیدە، یەکێکە لەو کەسانەی کە نەجاشی وەك وەفد ئەوانی نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، کاتێك گوێیان لە قورئان بوو دەستیان کرد بە گریان، ئەوەبوو ئایەتی خوا لەبارەیانەوە دابەزی (وإذا سمعوا ما أنزل إلى الرسول ترى أعينهم تفيض من الدمع).[1]

پێشتر باسی ئەوەمان کردووە کە ئەو وەفدەی نەجاشی کێ و کێ بوون و بۆچی هاتن بۆ مەدینە.

دوڕڕەی کچی ئەبووسوفیان (رضي الله عنها)

ناوی دوڕڕەی کچی ئەبووسوفیانی کوڕی حەربە، رایەکیش دەڵێت: بەڵ:و ناوی حەمنەیە، رایەکیش دەڵێت: ناوی عیززە بووە، خوشکی ئوممومحەبیبەی دایکی باوەڕداران و هاوسەری پێغەمبەری خوایە.[2]

ئوممو حەبیبە دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) خوشکەکەم بەهاوسەر بگرە، فەرمووی بۆ مەگەر حەڵاڵە بۆم؟، ئینجا پێی فەرمووم (کچ و خوشك و پوور و دایکەکانتان پێشنیاز مەکەن بۆم).[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 386.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 633.
3 - صحيح ابن حبان، الرقم 4171، صححه شعيب الأرناؤوط.

دوڕڕەی کچی ئەبوولەهەب(رضي الله عنها)

ناوی دوڕڕەی کچی ئەبوولەهەبی مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، ئەم ئافرەتە باوەڕی هێنا بە پێغەمبەر (ﷺ) و کۆچیشی کرد بۆ مەدینە.[1]

دایکی دوڕڕە ناوی ئومموجەمیلی کچی حەربە.[2]

کاتێك دوڕڕە کۆچی کرد بۆ مەدینە لە ماڵی رافیعی کوڕی موعەللا دابەزی، ئەوەبوو برێ لە ئافرەتان پێیان دەوت تۆ کچی ئەبوولەهەبیت کە ئایەتی خوای لەسەر دابەزیوە ئیتر کۆچکردنت چ دادێکت دەدات؟ دوڕڕەش چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مەسەلەکەی بۆ باسکرد، ئەویش فەرمووی: (دابنیشە)، ئینجا بەرنوێژی کرد بۆ خەڵکەکەو نوێژی نیوەڕۆش بوو، پاشان ساتێك لەسەر مینبەرەکە دانیشت و دواتر فەرمووی: (يا أيها الناس مالي أوذى في أهلي؟ فوالله إن شفاعتي لتنال قرابتي حتى أرحاء وحكما وصدى وسلهب بما لها يوم القيامة لقرابتي)،[3] (ئەی خەڵکینە ئەوە چیە ئازاری کەسوکارم دەدرێت؟ سوێند بەخوا شەفاعەتم نزیکانم دەگرێتەوە تا ئەوەی هەریەك لە ئورحائو حەکەم و صودا و سەلهەبیەکانیش دەگرێتەوە لە رۆژی دواییدا لەبەرئەوەی نزیك و خزمی منن).

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 634.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 50.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 6986، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20500، الآحاد و المثاني ابن أبي عاصم، الرقم 2802.

دوڕڕە هاوسەری حارثی کوڕی نەوفەل بوو، ئەوەبوو عوقبەو وەلید و منداڵی تریشی لێ بوو، مێردەکەی بە بێباوەڕی لە بەدردا کوژرا، دوای ئەوە شووی کرد بە دیحیەی کەلبی.[1]

دوڕڕە دەڵێت: بە پێغەمبەری خوام (ﷺ) وت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چ کەسێك باشترینە؟ فەرمووی: (أتقاهم لله عزوجل أوصلهم لرحمه و آمرهم بالمعروف و أنهاهم عن المنكر)،[2] (ئەوەیان کە لەخواترس ترینەو ئەوەیان زیاتر فەرمان دەکات بە چاکەو ڕێگری زیاتر دەکات لە خراپە).

دوعثووری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی دوعثووری کوڕی حارثە و سەرەتا بێباوەڕێکی سەرسەخت بووەو دواتر بوویە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ).[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بیستی دەستەیەك لە غەطەفانیەکان دەیانەوێت گورزی خۆیان بوەشێن، بە چوارسەدو پەنجا کەسەوە دەرچوو بۆیان، غەطەفانیەکان کە ئەوەیان بیست ڕایانکرد بەرەو بەرزاییەکان، پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ دایکوتا و مایەوە، لێزەمەیەك دایکرد، جا پێغەمبەر (ﷺ) چوو دەست بە ئاو بگەیەنێت، ئەوەبوو بەهۆی بارانەکەوە جلەکەی تەواو تەڕ بوو، دوایی جلەکەی لابرد و هەڵیخست بە دارێکدا تا وشك بێتەوەو خۆیشی لەژێر دارەکەدا ڕاکشا، ئەوانەش ڕایانکردبوو ئاگاداری ئەمە بوون، بۆیە بە دوعثووری کوڕی حارثیان وت دەرفەتت

1- الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 634.

2 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2804.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 34.

لەبەردەستە وا موحەممەد لە هاوەڵەكانی دابڕاوە و كەس دادی نادات، بڕۆ و بیكوژە، ئەویش شمشێرێكی زۆر چاك و تیژی هەڵبژارد و هاتە سەر سەری پێغەمبەر (ﷺ) و شمشێرەكەی هەڵكرد و وتی ئەی موحەممەد ئەمڕۆ كێ هەیە لە دەستی من رزگارت بكات؟ ئەویش فەرمووی: (الله عزوجل) خوای گەورە، ئەوەبوو جیبریل پاڵی نا بە سنگی دوعثوورەوەو شمشێرەكەی لە دەست كەوتە خوارەوەو پێغەمبەر (ﷺ) شمشێرەكەی هەڵگرت و لەسەر سەری دوعثوور وەستا و فەرمووی: : ئەی كێ تۆ لەدەست من رزگار دەكات؟ دوعثوور وتی كەس نیە، ئینجا شایەتومانی هێنا و وتی ئیتر هەرگیز بەرامبەرت ناوەستمەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) شمشێرەكەی دایەوە دەستی و دوعثووریش چوو، ئینجا لایكردەوەو وتی سوێند بەخوا تۆ زۆر لە من باشتریت، كە درا لەسەر سنگم زانیم ئەوە فریشتەی خوایە، ئینجا دوعثوور چوویەوە ناو هۆزەكەی و كەوتە بانگەواز كردن بۆ ئیسلام، ئەوەبوو ئایەتی خوا دابەزی (یا أیها الذین آمنوا اذكروا نعمة الله علیكم إذ هم قوم أن یبسطوا إلیكم أیدیهم فكف أیدیهم عنكم).[1]

## دوكەینی كوڕی سەعید(رضي الله عنه)

ناوی دوكەینی كوڕی سەعیدی موزەنیە، ئەم هاوەڵە لەو هاوەڵانەیە كە دواتر لە كووفە نیشتەجێ بوو.[2]

---

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1030، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 34.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 390.

دوکەین دەڵێت: ئێمە نزیکەی چوارسەد کەس دەبووین کە هاتین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای خواردنمان لێکرد،[1] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە دەڵێت: چوارسەد و چل کەس دەبووین، پێغەمبەریش (ﷺ) بە عومەری فەرموو (هەستەو خواردنیان پێ بدە)، عومەر بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) فەرموو خواردنەکە کەمە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد پێیان بدات، ئەویش وتی بەسەرچاو ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)،هەستا و ئەوانی برد بۆ ژوورێك و کلیلەکەی هێنا و دەرگاکەی کردەوە، سەیرمان کرد هێندەی بەچکەوشترێك چەندە ئەوەندە خورما هەیە، دەستمان کرد بە بردنی خورما و هەرکەسمان بەشی پێویستی خۆی خورمای برد، دوای هەموویان من لامکردەوە چونکە من کۆتا کەسیان بووم، کەچی دەتوت ئەو خورمایە دەستی لێنەدراوە.[2]

## دیحیەی کوڕی خەلیفە(رضي الله عنه)

ناوی دیحیەی کوڕی خەلیفەی کوڕی فەروەی کەلبیە، یەکێکە لە هاوەڵە گەورەو ناسراوەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، هێندە شێوەی جوان بووە کە بە نموونە باس کراوە.[3]

دیحیە لەپێش غەزای بەدردا موسڵمان بووە، بەڵام تیایدا بەشدار نەبوو،[4] ئەمەش تانەیەك نیە بۆ ئەم هاوەڵە، چونکە هاوەڵانێکی زۆر لە غەزای بەدردا بەشدار نەبوون.

1 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 977.

2 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 17243، صححه شعيب الأرناؤوط.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 384-385.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، 551.

رایەك دەڵێت لە غەزای ئوحودەوە بەشداری غەزاکان بووە، رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو لە غەزای خەندەقەوە بەشداری غەزاکان بووە.[1]

دوڕرە هاوسەری حارثی کوڕی نەوفەل بوو، ئەوەبوو عوقبەو وەلید و منداڵی تریشی لێ بوو، مێردەکەی بە بێباوەڕی لە بەدردا کوژرا، دوای ئەوە شووی کرد بە دیحیەی کەلبی.[2]

جارێك جبرەئیلی فریشتە لە شێوەی دیحیەی کەلبیدا دابەزی بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ).

دیحیە نێردراوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو بۆ لای پاشای بوصرا و نامەیەکی پێدا ناردبوو تا پاشای بوصرا نامەکە بدات بە قەیصەری گەورەی رۆمەکان.[3]

دیحیە دەڵێت: کە گەیشتمە ئەوێ وتم مۆڵەت وەربگرن بۆ نێردراوی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوەبوو چوون بۆ لای قەیسەر و وتیان پیاوێك لەبەردەرگایە دەڵێت: ئەو نێردراوی پێغەمبەری خوایە، بەو قسە ترسێك دایگرتن، ئینجا قەیسەر وتی بیکەنە ژوورەوە، کە چوومە ژوورەوە دەبینم بەتاریقەکانی لە دەوریدان، منیش نامەکەم دایە دەست و بۆی خوێنرایەوە، لە نامەکەدا هاتبوو (بەناوی خوای گەورە، لە موحەممەدی پێغەمبەری خواوە بۆ قەیسەری بەرپرسی رۆم)، برازایەکی لەوێ بوو هەڵچوو و وتی ئەو نامە مەخوێنەرەوە، ئەو سەرەتا ناوی خۆی هێناوە، هەروەها لەبری ئەوەی بنووسێت پاشای رۆم نووسیویەتی بەرپرسی رۆم، بەڵام نامەکە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 384-385.

2- الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 634.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2803، مستخرج أبي عوانة، الرقم 5397.

خوێنرایەوە تا تەواو بوو، ئینجا قەیسەر فرمانی کرد هەموان چوونەدەرەوە، ئینجا داوای کرد من بە تەنیا چوومە ژوورەوە، سەبارەت بە پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێکردم و منیش وەڵامم دایەوە، ئینجا داوای ئوسقوفێکی کرد و هاتە ژوورەوە، ئەو کابرایە خاوەن رای یەکەم بوو کە لە هەموو شتێکدا رای وەردەگیرا، کاتێك ئوسقوفەکە نامەکەی خوێندەوە وتی سوێند بەخوا ئەمە هەمان کەسە کە مووسا موژدەی هاتنی پێداوین و عیسا ئاگاداری کردینەوە لە هاتنی، قەیسەر وتی ئەی ئەڵێیت چی بکەم؟ ئوسقوفەکە وتی من خۆم باوەڕی پێ دێنم و شوێنی دەکەوم، قەیسە وتی منیش دەزانم وایە بەڵام ناتوانم شوێنی بکەوم، چونکە ئەگەر وا بکەم دەسەڵاتەکەم نامێنێت و رۆمەکانیش دەمکوژن.[1]

لە غەزای خەیبەردا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەستکەوتەکانی دابەش دەکرد، دیحیە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەنیزەکێکم پێ ببەخشە، ئەویش فەرمووی: (برۆ کەنیزەکێك ببە)، دیحیەش چوو صەفییەی کچی حویەی برد، کەسێك هات وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن کچی سەرۆك هۆزەکە دەدەیت بە دیحیە، دەبێت بۆ تۆ بێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای کرد دیحیە هاودەم بە صەفییە بێت، ئەویش هات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی لەبری صەفییە کەنیزەکێکی تر هەڵبژێرە، دیحیەش وایکرد و پێغەمبەر (ﷺ) صەفییەی ئازاد کرد و مارەی کرد.[2]

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4081، دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 236.

2 - صحيح البخاري، الرقم 367، صحيح مسلم، الرقم 2639.

جارێك دیحیەی کەلبی دوو جووت خوففی لەگەڵ جبەیەکدا بە دیاری بەخشی بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش قبووڵی کرد و بەکاری هێنان تا دڕان.[1]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) جارێك بە تەنها دیحیەی وەك سریەیەك نارد.[2]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) بڕێك قوماشی قیبتی بۆ هات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەکێك لەو جلانەی بەخشی بە دیحیە و فەرمووی: بیکە بە دوو کەرتەوە، کەرتێك بکە بە جل بۆ خۆت و ئەوی تری بدە بە ژنەکەت تا سەرو ملی خۆی پێ دابپۆشێت، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) کە ویستی بڕوات فەرمووی: (فەرمان بکە بە ژنەکەت تا لەژێریشیەوە جلێك بپۆشێت تا جەستەی دەرنەکەوێت).[3]

دیحیە هێندە کەسێکی جوان و کەشخە بوو کە دەهاتە دەرەوە چی کیژۆڵەی (کچانێ کە زۆریان نەمابوو باڵغ بن) مەدینە هەبوو تەماشایان دەکرد.[4]

بە گێڕانەوەیەکی لاواز هاتووە کە جارێك دیحیە لە گوندێکی دیمەشقەوە چوو بۆ گوندی قدر کە نزیکەی سێ میل دوور بوو، ئەو چوونەشی لە ڕەمەزاندا بوو، ڕۆژووی شکاند و خەڵکانێکیش لەگەڵیدا ڕۆژویان شکاند و هەندێکی دیکەشیان ڕۆژووەکەیان نەشکاند، کاتێك گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی وتی بەخوا ئەمڕۆ

---

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 32787،

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 553.

3 - سنن أبي داود، الرقم 3607، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 4116.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 554.

خەڵکانێکم بینی لە سوننەتی پێغەمبەی خوا و هاوەڵانی لایاندا، مەبەستی ئەوانە بوو کە ڕۆژووەکەیان نەشکاندبوو.[1]

دیحیە یەکێك بوو لە بەشداربوانی جەنگی یەرمووك،[2] تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان ژیا.[3]

دیرهەم (رضي الله عنه)

ناوی دیرهەمە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی زیاد کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، دیرهەم دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (اختضبوا بالحناء و الكتم، فإنه يزيد في جمالكم و شبابكم و نكاحكم)،[4] (خەنەو کەتەم بەکاربهێنن چونك جوانی و گەنجی و هاوسەرگیریتان زیاد دەکات).

کەتەم جۆرە گیایەکە لە یەمەن کە ڕەنگێکی لێ بەرهەم دێ مەیلەو ڕەشە، خەنەش سووررەنگە، کاتێ هەردووکیان بەکاردێن ڕەنگێکی سوورو ڕەش تێکەڵ دەبێت.

سەبارەت بە بەکارهێنانی خەنەو کەتەم لەلایەن پیاوانەوە بۆ کەسانی پیر سوننەتەو پێغەمبەری خواش (ﷺ) لە چەندین فەرموودەدا فەرمانی پێکردووە،

1 - سنن أبي داود، الرقم 2073، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4080، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2413.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 551.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 385.

4 - معرفة الصحابة لابي نعيم الاصبهاني، الرقم 2314.

وەك دەفەرمویت: : (إنَّ اليهود والنصارى لا يصبغون فخالفوهم)،[1] بەڵام ڕەنگی ڕەش نابێتو بە حەرام دانراوە، بەڵکو ئەوەی هەیە بەکارهێنانی خەنەو کەتەم حەڵاڵە، بە داخەوە ئەمڕۆ لەلایەن گەنجانی موسڵمانەوە بۆیەی ڕەش تەنانەت بۆ تۆخکردنی ڕەشی ڕیشو سەریش بەکاردێت بێ گوێدانە ئەوەی ئایا حەڵاڵە یان نا.

دیناری کوڕی حەبیان (رضي الله عنه)

ناوی دیناری کوڕی حەبیانی ریبعیە، دەڵێت: لەگەڵ باوکم چووینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و من ئەو کات منداڵ بووم، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نام دینار، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) باوکمی ناردو باوکم شەهید بوو.[2]

1 - صحيح البخاري، الرقم 3293 و 5566، صحيح مسلم، الرقم 4019، سنن أبي داود، الرقم 3689، سنن ابن ماجة، الرقم 3618، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 9048، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 13847، صحيح ابن حبان، الرقم 5548، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 7092 و 7875 و 9002، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 5820.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 394.

# ئەو هاوەڵانەی کە ناویان بە پیتی (ذ) دەست پێدەکات

ذابیلی کوڕی طوفەیل (رضي الله عنه)

ناوی ذابیلی کوڕی طوفەیلی کوڕی عەمری دەوسیە، ئەم هاوەڵە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) لە مزگەوتەکەیدا دانیشتبوو کە خوفافی کوڕی نەضلە هات بۆ لای و شیعرێکی هۆنیەوە، پێغەمبەر (ﷺ) شیعرەکەی بەدڵ بوو.[1]

ذبابی کوڕی فاتیک (رضي الله عنه)

ناوی ذبابی کوڕی فاتیکە، یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکان و سەرکردەی هۆزەکەی خۆیشی بوو، جار جارە هێرشی دەکردە سەر پێغەمبەر (ﷺ)، دواتر پەنای هێنا بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هاتە خزمەتی و موسڵمان بوو، دوای سەردەمی پێغەمبەریش (ﷺ) چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[2]

ذەری کوڕی ئەبی ذەر (رضي الله عنه)

ناوی ذەری کوڕی ئەبی ذەرەی غیفاریە، باوکی یەکێکە لە گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)، ذەر شوانی وشترەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، جارێك عویەینەی کوڕی حیصن هێرشی برد بۆ وشترەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و شوانەکەی کوشت و ژنەکەشی فڕاند، بەم هۆیەوە غەزای غابە روویدا.[3]

---

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 548، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2347.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 403.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 404.

ذەکوانی سولەمی (رضي الله عنه)

ناوی ذەکوانی سولەمیەو یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی مەککە.[1]

ذەکوانی کوڕی عەبدقەیس(رضي الله عنه)

ناوی ذەکوانی کوڕی عەبدقەیسی کوڕی خەلدەیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان.[2]

کاتێ لەگەڵ ئەسعەدی کوڕی زورارەی هاوڕێیدا دەچوون بۆ مەککە بۆ لای عوتبەی کوڕی رەبیعە، لەوێ هەواڵی پێغەمبەریان (ﷺ) بیستو چوون بۆ لای، پێغەمبەریش (ﷺ) بانگی کردن بۆ ئیسلامو قورئانی بۆ خوێندنەوە، ئەوانیش موسڵمان بوون،[3] ئیتر نەچوون بۆ لای عوتبە.[4]

لە بەیعەتی عەقەبە و غەزای بەدر[5] و ئوحوددا بەشداری کرد و لە ئوحوددا شەهید بوو.[6]

پێش رووداوی جەنگی ئوحود، پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو کێ ئەمشەو سەنگەرنشینی ئەو سەنگەرەمان بۆ دەگرێت؟ ذەکوان هەستا و وتی من، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی تۆ کێیت؟ وتی من کوڕی عەبدقەیسم، پێغەمبەری

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 408.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 405.
3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص302.
4 - أسد الغابة، ج1، ص111.
5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4099.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 405.

خوا (ﷺ) فەرمووی دابنیشە، ئینجا هەمان شتی فەرموو کەچی تەنها ذەکوان هەستا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لە فلانەو فلانە شوێن بن)، ذەکوان هەستا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە ئیشی منە، هاوەڵان ترسان بووبێتە هاودەستی بێباوەڕان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (کێ حەز دەکات پیاوێك ببینێت کە سبەی پێ دەخاتە ناو سەوزایی بەهەشتەوە با بڕوانێت بۆ ئەو)، ذەکوان چوو ماڵئاوایی لە ژن و منداڵەکانی کرد، ژنەکانی جلەکەی ذەکوانیان دەگرت و دەیانوت ئەی ذەکوان دەڕۆیت و ئێمە جێدەهێڵیت؟ لە وەڵامدا ذەکوان بەوانی وت (وادەی دیدارم لەگەڵتان ڕۆژی دواییە)، دواتر ذەکوان چوو و ئەوەبوو کوژرا.[1]

ذەکوانی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی ذەکوانی کوڕی عوبەیدی کوڕی ڕەبیعەیە، لە پشتیوانانەو بەشداری غەزای بەدر بوو.[2]

ذەهبەن (رضي الله عنه)

ناوی ذەهبەنی کوڕی قرضمی مهریە، دەهاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خواش (ﷺ) زۆر ڕێزی لێدەنا چونکە ماڵی زۆر دوور بوو، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی و ئەو نامە بەردەوام لای ئەم هاوەڵە پارێزراو بوو.[3]

1 - الجهاد لابن المبارك، الرقم 150.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 406.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 424.

ذورڕە(رضي الله عنها)

ناوی ذورڕەیە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: (أنا و كافل اليتيم له و لغيره كهاتين في الجنة)، (من و ئە کەسەی سەرپەرشتی هەتیوێکی خۆی یان هەتیوی کەسی تر دەکات لە بەهەشتدا ئاواین) ئینجا بە پەنجەکانی ئاماژەی کرد و پەنجەکانی لەپاڵ یەکەوە بوون..[1]

ذوئەیبی کوڕی حارثە(رضي الله عنه)

ناوی ذوئەیبی کوڕی حارثەیە، حەوت برای تری هەبوو، هەموویان پێکەوە موسڵمان بوون و هاودەمی پێغەمبەر (ﷺ) بوون و لە بەیعەتی ریضوانیشدا بەشدار بوون.[2]

ذوئەیبی کوڕی حەلحەلە(رضي الله عنه)

ناوی ذوئەیبی کوڕی حەلحەلەیە، لە خوزاعیەکانە، رایەك دەڵێت لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) مردووە، رایەکیش دەڵێت تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان ژیاوە.[3]

ذوئەیبی کوڕی شوعثەم (رضي الله عنه)

ناوی ذوئەیبی کوڕی شوعثەمی تەمیمیە، شوعثەم دەڵێت لە سێ غەزادا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) بەشداریم کردووە.[4]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 6992.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 156.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 422.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 423.

# ئەو هاوەڵانەی کە ناویان بە پیتی (ر) دەست پێدەکات

رابیطەی کچی حارث(رضي الله عنها)

ناوی رابیطەی کچی حارثی کوڕی جبیلەی قورەیشی تەیمیە، دایکی ناوی صبیحەیە، مێردەکەی ناوی حارثی کوڕی خالیدە، ئەم ژنە هەر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و نارەحەتیەکانی مەککەی بینی،[1] دواتر کۆچی کرد بۆ خاکی حەبەشە، لەوێ چەند منداڵێکی بوو بە ناوەکانی عائیشەو مووسا، لەوێ موسای کوڕی کۆچی دوایی کرد، لە کاتی گەڕانەوەش لە حەبەشەوە رابیطە تەواو پەکی کەوت و کۆچی دوایی کرد.[2]

رابیطەی کچی حەسسان (رضي الله عنها)

ناوی رابیطەی کچی حەسسانە، ئەم ئافرەتە یەکێك بوو لە کەنیزەکەکانی هەوەزانیەکان کە پێغەمبەر (ﷺ) بەخشی بە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عەلیش بڕێك لە قورئانی فێر کرد.[3]

رابیطەی کچی سوفیان (رضي الله عنها)

ناوی رابیطەی کچی سوفیانی خوزاعیە، هاوسەری قودامەی کوڕی مەظعوونە، کچێکی هەبوو بە ناوی عائیشە.[4]

عائیشە دەڵێت: من لەگەڵ دایکمدا بووم کە پێغەمبەر (ﷺ) بەیعەتی لە ئافرەتان وەردەگرت و دەیفەرموو:

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 638.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 255.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 638.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 638.

( أبايعكن على أن لا تشركن بالله شيئا، ولا تسرقن ولا تزنين ولا تقتلن أولادكن، ولا تأتين ببهتان تفترينه بين أيديكن وأرجلكن، ولا تعصين في معروف)، (بەیعەتتان لێ وەردەگرم لەسەر ئەوەی هیچ هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار نەدەن و دزی نەکەن و زینا و داوێن پیسی نەکەن و منداڵەکانتان نەکوژن و بەهیچ جۆرێ بوهتان بۆ دەوروبەرتان نەکەن و لە چاکە یاخی و لادەر نەبن)، ئەوانیش سەریان نزم کردەوەو هیچیان نەدەوت، پێغەمبەر (ﷺ) لێی دووبارە کردنەوە، ئەوانیش وتیان بەڵێ تا چەندە بتوانین، ئەوان کە ئەوەیان دەوت منیش دەموتەوەو دایکیشم پێی دەوتمەوە تا دووبارەی بکەمەوە و دەیوت کچە شیرینەکەم بڵێ بەڵێ تا چەندە بتوانم، منیش وەك ئەوانم دەوت.[1]

رابیعەی کچی ثابت (رضي الله عنها)

ناوی رابیعەی کچی ثابتی کوڕی فاکیهە، لە پشتیوانانەو هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێدا.[2]

راشیدی کوڕی حەفص(رضي الله عنه)

ناوی راشیدی کوڕی حەفصە، کونیەکەی ئەبوو ئەثیلەیە،[3] راشید سەرەتا ناوی ظالم بوو، بەڵام کە هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بە راشید.[4]

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26452، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 538.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 433.

4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2477.

راشیدی کوڕی شەهاب(رضي الله عنه)

**ناوی راشیدی کوڕی شەهابە، سەرەتا ناوی قورصاف بووە، کاتێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی گۆڕی بە راشید.[1]**

راشیدی کوڕی عەبد رەببەه (رضي الله عنه)

**ناوی راشیدی کوڕی عەبدرەببەهی سولەمیە، شاعیرێکی ناسراو بوو، سەرەتا ناوی غەوی بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بە راشید.[2]**

راشیدی کوڕی موعەللا (رضي الله عنه)

**ناوی راشیدی کوڕی موعەللایە، لە پشتیوانانە، برایەکی هەبوو بە ناوی رافیعی کوڕی موعەللا،[3] رافیع یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر و تیایدا شەهید بوو،[4] راشیدیش لە غەزای بەدردا بەشدار بوو.[5]**

رافیعی تەمیمی (رضي الله عنه)

**ناوی رافیعی کوڕی عومەیری تەمیمیە، ئەم هاوەڵە زۆر شارەزا بووە بە ناوچەکان و رێی نیشانی خەڵك دەدا و لەناو عەرەبدا ناسراو بوو، ئەم هاوەڵە گوێبیستی دوو جنۆکە بوو کە باسی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەکرد و دواتر**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، 434.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 434.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 435.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 236.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 435.

چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێش ئەوەی ئەم بەسەرهاتەکە باس بکات پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، ڕافیعیش موسڵمان بوو.[1]

رافیعی کوڕی خەدیج(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی خەدیجی کوڕی رافیعە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایە، هەروەها بە ئەبووخەدیجیش هاتووە.[2]

دایکی ناوی حەلیمەی کچی مەسعوودە.[3]

رافیع خوشکێکی هەبوو بە ناوی ئومامە.[4]

رافیع چەند کوڕێکی هەبوو بە ناوەکانی عەبدوڵا و عوبەیدوڵا و عەبدوڕەحمان و سەهل و ریفاعە و عوبەید.[5]

ژنەکانی رافیع بریتی بوون لە ئەسمائی کچی زیاد و لەبنای کچی قوڕە.[6]

لە ڕۆژی جەنگی بەدردا رافیع ویستی لە غەزای بەدردا بەشداری بکات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) دەرفەتی پێنەدا چونکە بچووک بوو، بەڵام لە جەنگی ئوحوددا دەرفەتی پێدا، ئیتر لەوە بەدوا لە هەموو غەزاکاندا بەشداری کرد.[7]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، 442.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 436.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 224.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 327.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 256-258.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 256-258.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 436.

لە غەزای ئوحود و خەیبەردا رافیع تیری دەهاویشت، جا تیرێك بەر سەر سنگی کەوتبوو، رافیع چوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیرەکەم بۆ لاببە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ئەی رافیع ئەگەر بتەوێت تیرەکە و نووکەکەشی لادەبەم، ئەگەریش بتەوێت تیرەکە لادەبەم و نووکەکەی دەهێڵمەوە و لە رۆژی دواییدا شاهیدیت بۆ دەدەم کە تۆ شەهیدیت)، رافیع وتی ئەی پێغەمبەی خوا (ﷺ) دەی تیرەکە لابەرە و نووکەکەی بهێڵەرەوە و رۆژی دوایی ئەو شاهیدیەم بۆ بدە، پێغەمبەریش (ﷺ) وایکرد،[1] ئەو تیرەی بەر رافیع کەوت لە غەزای ئوحوددا بەریکەوت.[2]

رافیع دەڵێت: جار هەبوو لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) کە نوێژی عەسرمان دەکرد دوای ئەوە نێرە وشترێکمان سەردەبڕی و دەمانکرد بە دە بەشەوەو لە پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت گۆشتەکەیمان دەخوارد.[3]

رافیع دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەیفەرموو:(الحمى من فور جهنم فأبردوها عنكم بالماء)،[4] (تا لە بلێسەو تینی دۆزەخەوەیە، دەی بە ئاو سارد و فێنکی بکەنەوە).

رافیع لە ساڵی حەفتا و چواری کۆچیدا وەفاتی کرد، ئەوکات تەمەنی هەشتا و شەش ساڵ بوو،[5] بەڵام بوخاری دەڵێت: لە سەردەمی موعاویەی کوڕی

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26513، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4119، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 181.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2373.

4 - صحيح البخاري، الرقم 3105، صحيح مسلم، الرقم 4194.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 436.

ئەبووسوفیاندا وەفاتی کردووە،[1] ئیبن حەجەر دەڵێت: ئەوەیان راستە،[2] ذەهەبی دەڵێت رافیع دوای وەفاتی موعاویەش لە مەدینە فەتوای دەدا.[3]

کاتێك ئیبن عەبباسی گەورە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، رافیع زۆر پێی کاریگەر بوو، دەیوت ئەمڕۆ کەسێك مرد کە رۆژهەڵات و رۆژئاوا پێویستیان بە زانستەکەی بوو.[4]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا رافیع لەناو سوپای عەلیدا لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد.[5]

دواتر لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا رافیع موفتی مەدینە بوو، دوای سەردەمی موعاویەش فەتوای دەدا.[6]

لەو کاتەی رافیع وەفاتی کرد ئیبن عومەر لە مەدینە بوو و لەسەر تەرمەکەی نوێژی مردووی کرد، جا ئیبن عومەر بینی ئافرەتان بۆی دەگریان، ئیبن عومەر وتی بێدەنگ بن ئەو پیاوێکی پیر بوو و هیچ توانایەکی بەرگەگرتنی دۆزەخی نیە، واتە دۆزەخ نابینێت.[7]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 436.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 436.
3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 182.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 372.
5 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 182.
6 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 182.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 436.

کاتێك رافیع وەفاتی کرد شەو بوو، ئیبن عومەر وتی ئەسپەردەی مەکەن تا ڕۆژ دەبێتەوە، ئەوەبوو چاوەڕێیان کرد تا بەیانی.[1]

ئیبن عومەر دوو لای دارەمەیتەکەی گرتەدەستی و خستیە سەرشانی و تا سەر گۆڕەکەی تەرمەکەیان برد.[2]

## رافیعی کوڕی جەعدەبە(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی جەعدەبەیە، لە پشتیوانانە، یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

## رافیعی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی حارثی کوڕی سەوادە، لە پشتیوانانە،[4] رافیع لە غەزای بەدرو ئوحود و خەندەقیشدا بەشداری کرد،[5] دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەشدار بوو،[6] لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد.[7]

1 - سير أعلام النبيلاء، ج3، ص 183.
2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 182.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 435.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 223.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 435.
6 - أسد الغابة، ج2، ص 223.
7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 491.

## رافیعی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[1]

## رافیعی کوڕی سەهل(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی سەهلی کوڕی رافیعە، لە پشتیوانانە، سەبارەت بە بەشداربوونی لە غەزای بەدردا راجیایی هەیە، بەڵام سەبارەت بە بەشداریکردنی لە ئوحوددا یەکدەنگی هەیە کە بەشدار بووە، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشدار بوو، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

## رافیعی کوڕی سەهلی ئەوسی (رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی سەهلی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا، رافیع یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، خۆی و عەبدوڵای برای تیایدا بەشدار بوون و بریندار بوون، هەروەها پێکەوە لە غەزای خەندەقیشدا بەشداریان کرد و تیایدا عەبدوڵا شەهید بوو، بەڵام مەرگی رافیع نەزانراوە.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 438.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص 481.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 228.

## رافیعی کوڕی سینان (رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی سینانه، له پشتیوانانه له ئەوسیەکان، کونیەکەی ئەبولحەکەمە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی جەعفەر کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[1]

رافیع دەڵێت: من موسڵمان بووم کەچی ژنەکەم ئامادە نەبوو موسڵمان بێت، ژنەکەم هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی منداڵەکەم تازە لە شیر بڕاوەتەوە، رافیعیش وتی ئەوە کچی منە نەك هی ئەو، پێغەمبەر (ﷺ) بە رافیعی فەرموو (لەو کەنارەوە دانیشە)، بە ژنەکەشی فەرموو لەو کەنارەوە دانیشە، ئینجا منداڵەکەی لە نێوان هەردووکیاندا دانیشاند، پاشان فەرمووی هەردووکتان منداڵەکە بانگ بکەن، ئەوەبوو منداڵەکە بەرەو لای دایکی چوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (خوایە ئەو کچە منداڵە رێنموونی بکەی)، خێرا منداڵەکە رووی بەرەو لای باوکی وەرگێڕا و بەرەو لای چوو.[2]

ئەم فەرموودەیە مشتومڕێکی فیقهی زۆری هێناوەتە ئاراوە کە ئایا منداڵ لە کاتی جیابوونەوەی دایك و باوکدا مافی خۆیەتی کەسێك هەڵبژێرێت یان نا، لەو بارەیەوە دەستەیەك رایان وایە تا خواروو حەوت ساڵ لای دایك بێت، لە حەوت ساڵ بەرەو سەر باوك پێی شیاوترە یان دەکرێت بە تیروپشك بۆیان، یان منداڵەکە بە دڵی

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 438.

2 - سنن أبي داود، الرقم 1929، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6195، سنن الدارقطني، الرقم 3522، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23119، مسند الروياني، الرقم 1495، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2759، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه الألباني في صحيح أبي داود، الرقم 1941.

خۆی لایەکیان هەڵبژێرێت، بەڵام لەوەدا هاودەنگن کە منداڵێ گەیشتبێتە تەمەنی جیاکردنەوەی چاك و خراپ، ئیتر دەبێت خۆی لایەکیان هەڵبژێرێت.[1]

رافیعی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی عەمری کینانیە و بە غیفاری ناسراوە، کونیەکەی ئەبووجوبەیرە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[2]

رافیع دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو:(سیکون بعدي من أمتي قوم یقرءون القرآن لا یجاوز حلاقیمهم یخرجون من الدین کما یخرج السهم من الرمیة، ثم لا یعودون فیه، هم شر الخلق و الخلیقة)،[3] (دوای خۆم لە ئوممەتەکەمدا خەڵکانێ دەردەکەون کە قورئان دەخوێنن بەڵام لە قوڕگیان زیاتر تێپەڕ ناکات، ئەوانە وێنەی دەرچوونی تیر لە کەوان لە ئیسلام دەردەچن و ئیتر ناگەڕێنەوە ناو ئیسلام، ئەوانە خراپترین دروستکراو و بەدیهێنراون).

ئەمەش مەبەست پێی خەواریجەکانن کە لە نموونەی پەرستشتدا هەنگاوی کەموێنە دەنێن، بەڵام تەنها بە رووکەشەو لە بنەرەتدا لە رێڕەوی دروستی ئیسلام لایانداوە.

1 - تحفة الأحوذي لمحمد عبدالرحمن المبارکفوري، دار الکتب العلمیة، بیروت، ج4، ص 492.

2 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج2، ص 441.

3 - صحیح مسلم، الرقم 1840، صحیح ابن حبان، الرقم 6846، سنن ابن ماجة، الرقم 168، سنن الدارمي، الرقم 2393، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19846، المعجم الکبیر للطبراني، الرقم 4331.

### رافیعی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی عومەیره، دواتر له شام نیشتەجێ بوو، فەرموودەیەکی له پێغەمبەری خواوه(ﷺ) گێڕاوەتەوه.[1]

### رافیعی کوڕی عونجوده(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی عونجودەیه، له پشتیوانانه له ئەوسیەکان، یەکێکه له بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

### رافیعی کوڕی مالیکی زورقی (رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی مالیکی کوڕی عەجلانه، له پشتیوانانه له خەزرەجیەکان له زورقیەکان، یەکێکه له بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو یەکێکه له نەقیبەکان، دەوترێت یەکەم کەسی ناو خەزرەجیەکان بووه که موسڵمان بووه.[3]

رافیع کوڕێکی هەبوو بە ناوی خەلاد، کوڕێکی تری ناوی مالیك بوو، کوڕێکی تریشی ناوی ریفاعه بوو، هەریەك له خەلاد و ریفاعه له غەزای بەدردا بەشدار بوون.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 443.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 443.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 233.
4 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 660.

وەستانێك:

ئایا رافیعی کوڕی مالیك یەکەم موسڵمان بووی خەزرەجیەکان بوو یان ئەسعەدی کوڕی زورارە ؟

لە وەڵامدا دەڵێین: لە سەرچاوەکاندا هاتووە ئەسعەدی کوڕی زورارە یەکەم کەسی پشتیوانان بوو کە موسڵمان بوو،[1] ئەو و ذەکوان پێکەوە موسڵمان بوون.[2]

سەبارەت بە موسڵمان بوونی ئەسعەد ئەوەبوو کاتێ لەگەڵ ذەکوانی هاوڕێیدا دەچوون بۆ مەککە بۆ لای عوتبەی کوڕی رەبیعە، لەوێ هەواڵی پێغەمبەریان (ﷺ) بیستو چوون بۆ لای، پێغەمبەریش (ﷺ) بانگی کردن بۆ ئیسلامو قورئانی بۆ خوێندنەوە، ئەوانیش موسڵمان بوون،[3] ئیتر نەچوون بۆ لای عوتبە.[4]

بەڵام لە هەمان ئەو یەکتر بینینەی کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەسعەد و ذەکەوانی بینی رافیعیش هاودەم بە پێنج کەسی تر بەشدار بوو،[5] بۆیە دەکرێت موسڵمانبوونی ئەوانە پێکەوە بووبێت.

لەو یەکتر بینینەدا پێغەمبەر (ﷺ) چی قورئانی بۆ دابەزیبوو هەمووی فێری رافیع کرد، ئەویش هاتەوە مەدینەو هۆزەکەی خۆی کۆکردەوەو بۆی دەخوێندنەوە.[1]

---

1 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج3، ص608.
2 - سیر أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص302.
3 - سیر أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص302.
4 - أسد الغابة، ج1، ص111.
5 - البداية والنهاية لابن کثیر، ج3، ص 149.

رافیعی کوڕی مالیك لە غەزای بەدردا بەشدار نەبوو، هاوکات ریفاعەی کوڕی لە عەقەبە بەشدار نەبوو بەڵام لە بەدردا بەشداربوو، ئیتر ریفاعە دەیوت لەبری بەشدار نەبوونم لە عەقەبە بە بەشداربوونم لە بەدر قەرەبووم کردەوە.[2]

بەپێی چەند گێڕانەوەیەك کە هاتووە رافیع لە غەزای بەدردا بەشدار بووە،[3] هەروەك لە موستەدرەکی حاکمدا هاتووە رافیع دەڵێت: رۆژی بەدر بەدوای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەگەڕاین و هاوارمان لە یەکتر دەکرد ئەریٚ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای ئێوە نیە؟ هەموا وەستان تا پێغەمبەر (ﷺ) هاودم بە عەلی هات، هەموان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر بۆت گەڕاین، ئەویش فەرمووی ئەبوحەسەن ژانەسکێکی هەبوو، لەبەر ئەو دواکەوتم.[4]

بەڵام ئەم گێڕانەوەیە دروست نیە، چونکە لە جەنگی بەدردا هێشتا حەسەنی کوڕی عەلی لەدایك نەبووبوو تا عەلی بە ئەبولحەسەن ناو ببرێت، چونکە حەسەنی کوڕی عەلی لە ساڵی سێیەمی کۆچی و لە ناوەڕاستی مانگی رەمەزاندا لەدایك بوو، رایەکیش دەڵێت: ساڵێك پاش ئوحود لەدایك بوو، رایەك دەڵێت: بەڵکو دوو ساڵ پاش ئوحود لەدایك بووە.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 444.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 444.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 233.

4 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4978، سكت عنه الذهبي في التلخيص.

5 - أسد الغابة، ج2، ص 16.

ریفاعە دەڵێت: لە رافیعی باوکمم بیست دەیگێڕایەوە جبریل (علیه السلام) هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و پێی فەرموو (بەشداربوانی بەدر لەنێوتاندا چۆن سەیر ئەکەن؟)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لە بە فەزلترینی موسڵمانانن) یان شتێکی لەو چەشنە، جبریلیش فەرمووی: : (بۆ فریشتە بەشداربووەکانی بەدریش هەر وایە).[1]

رافیع لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

## رافیعی کوڕی مەکیث(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی مەکیثی جوهەنیە، برایەکی هەبو وبە ناوی جوندوب[3] کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و لە پێشتردا لە پیتی جیمدا باسمان کردووە.

رافیع کوڕێکی هەبوو بە ناوی حارث  کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[4]

رافیع یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، دواتریش لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد و ئاڵایەکی جوهەنیەکانی بەدەستەوە بوو، دواتریش پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی جوهەنیەکان ئەوی راسپارد.[5]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4325.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 233.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 237.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 478.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 445.

رافیع دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(البر زيادة في العمر و الصدقة تمنع ميتة السوء)،[1] (چاکەکاری تەمەن درێژ دەکات و خێرکردن و بەخشینیش بەندە دەپارێزێت لە مەرگی خراپ).

رافیعی کوڕی موعەللا (رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی موعەللایە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و تیایدا بە دەستی عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهل شەهید کرا.[2] رافیع برایەکیشی هەبوو بە ناوی هیلال کە ئەویش لە غەزای بەدردا بەشدار بوو.[3]

رافیعی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی نوعمانی عەدویە، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[4]

رافیعی مەولا (رضي الله عنه)

ناوی رافیعەو مەولای عائیشەی دایکی باوەڕدارانە، رافیع دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی عائیشە بوایە من خزمەتی عائیشەم دەکرد و ئەوکاتیش هێشتا مێرمنداڵێك بووم.[5]

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15761، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4321، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 445.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 236.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 446.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 448.

## رافیعی مەولای غەزیە(رضي الله عنه)

**ناوی رافیعەو مەولای غەزیەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[1]**

## رافیعی موزەنی (رضي الله عنه)

**ناوی رافیعی کوڕی عەمری کوڕی هیلالی موزەنیە، هەم خۆی و هەم باوکی و هەم عائیذی برایشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، یەکێك بوو لە بەشداربوانی حەجی ماڵئاوایی، تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ژیا.[2]**

**رافیع دەڵێت: لە حەجی ماڵئاواییدا لەگەڵ باوکم بووم، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لەسەر وڵاخەکەی وتاری دەدا بۆ خەڵك .. منیش دەستم لە دەستی باوکم بەردا و بەناو خەڵکەکەدا چووم تا خۆم گەیاندە پێغەمبەر (ﷺ) و دەستم دا لە قاچی و دەستم هێنا بە قاچیدا، دەستم خستە نێوان قاچی و نەعلەکەی، وادەزانم ئێستایە کە هێشتا هەست بە ساردی قاچی دەکەم لەسەر دەستم.[3]**

**بەم دەربڕینەیدا دەردەکەوێت کە رافیع لەو کاتەدا تەمەنی گەورە نەبووە، چونکە لە ئاستێکدا بووە کە باوکی دەستی گرتووە، لەوانەیە مێردمنداڵێك بووبێت.**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 448.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 442.

3 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 3966، مسند الروياني، الرقم 931، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2372، سنن أبي داود، الرقم 1684 إنه رأى النبي (ﷺ) بمنى يخطب على بغلة، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سن ابي داود، الرقم 1956.

رافیع هاودەم بە براکەی لە بەصرە نیشتەجێ بوو و هەر لەوێ مایەوە.[1]

ربتەس(رضي الله عنه)

ناوی ربتەسەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسیوە.[2]

ربعی کوڕی تەمیم (رضي الله عنه)

ناوی ربعی کوڕی تەمیمی کوڕی یەعارە، لە پشتیوانانە، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

ربعی کوڕی رافیع(رضي الله عنه)

ناوی ربعی کوڕی رافیعی کوڕی یەزیدی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

ربعی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی ربعی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا لە ناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی صفینی کرد.[5]

1 - أسد الغابة، ج2، ص 230.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 453.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 454.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 455.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 455.

رەبابی کچی نوعمان (رضي الله عنها)

ناوی رەبابی کچی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان،[1] دایکی ناوی موعاذەی کچی ئەنەسە،[2] پووری سەعدی کوڕی موعاذە، هاوسەری زورارەی کوڕی عەمری ئەوسیە و لەو مێردەی کوڕێکی بوو بە ناوی موعاذ،[3] دوای مەرگی ئەو مێردەی رەباب شووی کرد بە مەعرووری کوڕی صەخر و کوڕێکی لێی بوو بە ناوی بەڕائی کوڕی مەعروور کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەرە(ﷺ).[4]

ئەم ئافرەتە چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[5]

رەبابی کچی حارثە(رضي الله عنها)

ناوی رەبابی کچی حارثەیە، لە پشتیوانانە، دایکی حوذەیفەی کوڕی یەمانی گەورە هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، واتە رەباب هاوسەری یەمان بوو، ئەم هاوەڵە چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، رەباب جگە لە حوذەیفە چەند منداڵێکی تری لە یەمان هەبوو بە ناوەکانی سەعد و صەفوان و مودلج و لەیلا.[6]

حوذەیفە دەڵێت جارێك دایکم پێی وتم لە کەیەوە نەچوویتەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)؟ منیش وتم ماوەیەکە، ئەوەبوو لێم تووڕە بوو، منیش وتم باشە ئێستا دەچم بۆ

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 639.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 315.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 639.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 315.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 639.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 639.

لای پێغەمبەر و نوێژی لەگەڵ دەکەم بەڵکو داوای لێخۆشبوون بۆ من و تۆیش بکات، چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و لە دوایەوە نوێژی ئێوارەم کرد، ئینجا کە پێغەمبەر (ﷺ) چوو منیش شوێنی کەوتم، فەرمووی ئەوە کێیە؟ وتم حوذەیفەی کوڕی یەمان، فەرمووی بۆچی هاتویت؟ منیش بۆم باس کرد دایکم چی پێ وتووم و چی روویداوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خوا لە تۆ و دایکیشت خۆش بێت).[1]

رەباح(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە زانیاری لەبارەوە نەهاتووە، هێندە نەبێت کە ناوی هاتووەو یەکێك بووە لەو هاوەڵانەی لە شام نیشتەجێ بووە.[2]

رەباحی فەهری (رضي الله عنه)

ناوی رەباحە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەریەك لە وەهب و عەمر هاتووە، کونیەکەی ئەبوو حەسسانە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، رەباح لە بازرگانیدا هاوپشکی عەبدورەحمانی کوڕی عەوف بوو.

سائیبی کوڕی یەزید دەڵێت لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتابدا ئێمە لە رێی حەجدا بەرەو مەککە دەچووین و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفیشمان لەگەڵدا بوو، عەبدوڕەحمان کەناری گرت لە رێگەکەو بە رەباحی وت ئەی ئەبووحەسسان کەمێك گۆرانیمان بۆ بڵێ، چونکە رەباح دەنگێکی خۆشی هەبوو، ئەویش دەستی پێکرد، لەو کاتەدا عومەری کوڕی خەططاب هات و وتی ئەمە چیە؟

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7233، صححه شعيب الأرناؤوط.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 453.

عەبدورەحمان وتی کێشەیەك نیە دەمانەوێت رێگەکەمان لێ بڕوات، عومەریش وتی هەر دەیڵێیت ئەوا شیعرەکەی ضیراری کوڕی خەطاب بڵێ.[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کاتێك داوایان لە رەباح کرد گۆرانی بڵێت، وتی تا لای عومەر مۆڵەتم بۆ وەرنەگرن نایڵێم، ئەوانیش چوون و هاتنەوەو وتیان مۆڵەتمان بۆ وەرگرتوویت، وتی نابێت، تا خۆی پێم نەڵێت نایڵێم، ئەوەبوو عومەر خۆی وتی ئەی رەبباح بۆیان بڵێ تا رێیان لێ بڕوا، بەڵام کە کاتی پارشێو هات ئیتر دەست هەڵگرە.[2]

ئەبوو نوعەیم دەڵێت: پێم وا نیە هاوەڵ بێت.[3]

رەباحی کوڕی رەبیع(رضي الله عنه)

ناوی رەباحی کوڕی ڕەبیعە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[4]

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە حونەینەوە ویستی رووەو طائیف بڕوات، خالیدی کرد بە پێشڕەوی سوپاکە تا پێشتر بڕوات،[5] لە رێدا خالید لەگەڵ بێباوەڕاندا جەنگا و تیایدا ئافرەتێکیشی کوشت، رەباحی کوڕی رەبیع دەڵێت: کە پێغەمبەر (ﷺ) بەوێدا تێپەڕ بوو و ئەو ئافرەتە کوژراوەی بینی فەرمووی: نەدەبوو ئەوە

1 - السنن الکبری للبیهقي، الرقم 19543.
2 - حدیث هشام بن عمار، الرقم 123.
3 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج2، ص 451.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 239.
5 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج2، ص 158.

بکوژرایە، ئینجا بە یەکێکی فەرموو خۆت بگەیەنە بە خالید و پێی بڵێ با ژن و کرێگرتە–کۆیلەی ناچار هێنراو– نەکوژێت.[1]

رەباحی مەولا (رضي الله عنه)

ناوی رەبباحەو مەولای ئومموسەلەمەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و خزمەتکارێکی رەش پێست بوو.

رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتەژوورەوەو بینی رەباح نوێژ دەکات، کاتێك رەباح دەچوو بۆ سوجدە بردن فووی دەکرد تا خۆڵ و تۆزەکەی ژێر سەری لابەرێت، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (یا رباح ترب وجهك)،[2] (ئەی رەبباح نێوچاوانت بخەرە سەر خۆڵەکە).

رەباحی مەولای پێغەمبەر (ﷺ)

ناوی رەباحەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کەناری گرت لە ژنەکانی، چووم بۆ لای حەفصەو وتم پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کوێیە؟ وتی لە ژوورە بچووکەکەیدایە، منیش چوومە ژوورەوە، دەبینم رەباحی خزمەتکاری پێغەمبەر (ﷺ) لەوێیە و لەبەردەرگای ژوورەکە دانیشتووە، هەردوو قاچی لەسەر قەدی دارخورمایەکی بڕاو رووەو خوار شۆڕ کردبوویەوە، ئەو دارخورمایە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوویە سەری و

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 2838، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15684، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره، قال الالباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 2842: حسن صحيح.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 1937، ضعفه شعيب الأرناؤوط، مسند احمد بن حنبل، الرقم 26154، المستدرك على الصحيحين، الرقم 937، صححه الذهبي في التلخيص.

دادەبەزی، منیش وتم ئەی ڕەباح لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتم بۆ وەربگرە، ڕەباحیش سەیرێکی ژوورەکەی کرد و دواتر تەماشای منی کرد و هیچی نەوت، منیش دووبارە وتم ئەی ڕەباح لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتێکم بۆ وەربگرە، هەمتر ڕەباح سەیرێکی ژوورەکەی کرد و تەماشایەکی منی کردەوەو هیچ نەوت، ئەمجار بە دەنگی بەرز پێم وت ئەی ڕەباح لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتێکم بۆ وەربگرە، چونکە وادەزانم پێغەمبەری خوا (ﷺ) وایزانیبێت من لەبەر حەفصە هاتوم، بەخوا ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانم پێ بکات بدەم لە گەردنی حەفصەدەدەم لە گەردنی، لەگەڵ قسەکانیشمدا دەنگم بەرز دەکردەوە، ئەویش ئاماژەیەکی پێدام سەرکەوەمنیش چوومە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) بینیم لەسەر حەسیرێك ڕاکشابوو، چووم و دانیشتم، دەمبینی حەسیرەکە بەسەر جەستەیەوە شوێنەواری جێهێشتبوو، سەیرم کرد کۆگاکەی تەنها نزیکەی مشتێ گەنمی تێدابوو لەگەڵ دارگەڵایەك کە بۆ خۆشە بەکاردەهات و کونەیەك لەولاوە هەڵواسرابوو، ئیتر چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسك، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەی کوڕی خەططاب بۆچی دەگریت؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن نەگریم کە دەبینم حەسیرەکە شوێنەواری لەسەر جەستەت جێهێشتووەو ئەوەش کۆگاکەتە دەبینم هیچی تێدا نیە، لەولاشەوە قەیسەرو کیسرا دەبینم چیان هەیە، تۆش پێغەمبەر و هەڵبژێردراوی خوایت و ئەوەش کۆگاکەتە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی کوڕی خەططاب ئایا ڕازی نیت ڕۆژی دوایی بۆ ئێمە بێت و دنیاش بۆ ئەوان بێت؟) وتم بەڵێ ڕازیم.[1]

1 - صحيح مسلم، الرقم 2782، صحيح ابن حبان، الرقم 4249، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 153.

### رەباحی مەولای حارث(رضي الله عنه)

ناوی رەباحەو مەولای حارثی کوڕی مالیکی ئەنصاریە، ئەم هاوەڵە یەکێ:ە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

### رەبیعەی سەعدی (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەیە و فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی خوایە دین شکۆدار بکەیت بە ئەبوو جەهلی کوڕی هیشام یان بە عومەری کوڕی خەططاب.[2]

### رەبیعەی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی حارثی کوڕی عەبدولموطەلیبە، برازای عەبباسی مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[3] واتە ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.

دایکی ناوی غەزیەی کچی قەیسی فەهری بوو.[4]

منداڵەکانی رەبیعە بریتی بوون لە (موحەممەد، عەبدوڵا، عەبباس، حارث، عەبدشەمس، ئەروای گەورە، هیند)، ژنەکەشی ناوی ئوممولحەکەمی کچی زوبەیر

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 452.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 478.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 460.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 47.

بوو، ئەم منداڵانەی لەم ژنەی بوون، ژنێکی تریشی ئوم وەلەد بوو کە ئەروای بچووك و عەبدولموطەلیبی لێی هەبوو.[1]

ڕەبیعە منداڵێکی تری هەبوو بە ناوی ئادەم کە لە جەنگێکدا کوژرا، کاتێك ئادەم لەبەر دەرگا گاگۆڵکێی دەکرد بە بەردێك لێیاندا و کوشتیان، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا هەموو خوێنێکی سەردەمی نەفامی هەڵوەشاندەوەو فەرمووی: پێش هەموویان ئەم خوێنە هەڵوەشاوەتەوە،[2] وەك لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ألا كل شيء من أمر الجاهلية تحت قدمي موضوع، ودماء الجاهلية موضوعة، وإن أول دم أضع من دمائنا دم ابن ربيعة بن الحارث)،[3] (بزانن هەرچی بارێکی سەردەمی نەفامی هەیە دەیخەمە ژێر پێکانم، خوێنی سەردەمی نەفامیش نەماوە، یەکەم خوێنیشمان کە لە کاری دەخەم خوێنی کوڕەکەی ڕەبیعەی کوڕی حارثە).

لە سەردەمی نەفامیدا ڕەبیعە هاوبەشی کاری بازرگانی عوثمانی کوڕی عەففان بوو.[4]

کاتێك بێباوەڕان دەرچوون بۆ جەنگی بەدر، ڕەبیعە هێشتا موسڵمان نەبووبوو، بەڵام بەشداری جەنگەکە نەبوو چونکە لە شام بوو.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 47.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 47.

3 - صحيح مسلم، الرقم 2212.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 460.

5 الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 47.

رەبیعە لە دەوروبەری جەنگی خەندەقدا هاودەم بە عەبباس و نەوفەل موسڵمان بوو و نەگەڕایەوە بۆ مەککە، دواتر لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد، دواتریش لە جەنگی طائیف و حونەینیشدا بەشداری کردو لەوانە بوو کە لە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە، دواتر رەبیعە لە مەدینە خانوویەکی بنیاد ناو لەوێ مایەوە.[1]

جارێك رەبیعە هاودەم بە عەبباسی مامی پێکەوە قسەیان دەکرد، وتیان خۆزگە ئەم دوو کوڕەی خۆمان دەنارد، واتە (عەبدولڵای کوڕی عەبباس و عەبدولموطەلیبی کوڕی رەبیعە) بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا سەرپەرشتی کۆکردنەوەی ئەو زەکاتەی بسپاردایە بەوان، ئیتر خەڵکی چی دەستکەوتایە ئەوانیش دەستیان دەکەوت و خەڵکی چی ببەخشیایە ئەوانیش دەیانبەخشی لەو کاتەدا عەلی کوڕی ئەبوو طالیب هات و ئەوانیش مەسەلەکەیان بۆ باس کرد، عەلی وتی شتی وا مەکەن چونکە سوێند بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە ناکات، بەڵام رەبیعە کەناری گرت لێی و پێی وت بەخوا لە حەسوودیتەوەیە وا دەڵێیت، تۆ بوویت بە زاوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە حەسوودیمان پێ نەبردیت، عەلی وتی دەی بیاننێرن، ئینجا عەلی راکشا، ئەوەبوو ئەو دوانە چوون، دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی کرد عەبباس و هاوڕێکەی چوون بۆ ژوورەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوەی لە ناختاندایە دەریبڕن)، ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی زەینەبی کچی جەحش بوو، عەبدولموطەلیب دەڵێت: هەریەکەمان چاوەڕێ بووین ئەوی ترمان قسە بکات، دواجار یەکێکمان قسەی کرد و وتی ئەی پێغەمبەری خوا

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، 47.

(ﷺ) تۆ چاکترین و خزم دۆستترین کەسیت، بیستوومانە هاوسەرگیریت کردووە، جا هاتوین تا هەندێ لە کۆکردنەوەی زەکات بسپێریتە دەستمان، ئیتر ئێمەش وەك ئەو خەڵکە ماف و ئەرکەکان بەجێ دەگەیەنین، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و لەولاشەوە زەینەبی خێزانی بە ئاماژەی چاو پێی دەوتین هیچی پێ مەڵێنەوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (إن الصدقة لا تنبغي لآل محمد إنما هي اوساخ الناس)،[1] (زەکات بۆ بنەماڵەی موحەممەد ڕەوا نیە، بەڵکو زەکات پاشماوەی چڵکی دەستی خەڵکە).

پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر بۆ هەر ساڵێك سەد کۆڵ خورمای بۆ ڕەبیعە بڕیەوە.

ڕەبیعە لە سەردەم خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا وەفاتی کرد.[2]

ڕەبیعەی کوڕی حارثی کوڕی نەوفەل(رضي الله عنه)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی حارثی کوڕی نەوفەلە، دانیشتووی مەدینە بوو،[3] فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هەرکامتان رکوعی برد با بڵێت اللهم لك ركعت و بك امنت و لك اسلمت و أنت ربی خشع سمعی و بصری و لحمی و دمی).[4]

1 - صحيح مسلم، الرقم 1849.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 461.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 462.
4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2423.

## رەبیعەی کوڕی رواء (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی روائی عەنبەسیە، هاتوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، [1] کاتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بینی نانی ئێوارە دەخوات، پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کرد تا نانی لەگەڵ بخوات، ئەویش هات و نانی خوارد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (ئایا شایەتی دەدەیت هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و موحەممەدیش بەندەو نێردراوی خوایە؟)، رەبیعەش وتی أشهد أن لا اله الا الله و أن محمدا عبده و رسوله، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەمەت بە دڵی خۆت وت یان لە ترسەوە بوو؟ رەبیعە وتی بەخوا سەبارەت بەوەی بە حەزی خۆم بێت ئەوە لە دەست تۆدا نیە، سەبارەت بەوەش لە ترسەوە بێت ئەوە من لە وڵاتێکم کە سوپا و سوارەت هەرگیز ناگاتە ئەوێ، بەڵام من ترسێنرام بۆیە ترسام، پێم وترا بڕوا بهێنە بۆیە بڕوام هێنا، ئیتر ماوەیەك رەبیعە لە مەدینە مایەوەو دەهات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سەردانی دەکرد، دواجار هات وماڵئاوایی کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لە رێی گەڕانەوەشیدا کۆچی دوایی کرد.[2]

## رەبیعەی کوڕی روفەیع (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی روفەیعی سولەمیە، پێی دەوترا ئیبنودوغنە، دوغنەش ناوی دایکی بوو، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 466.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4464.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 250.

رەبیعەی کوڕی روقەیع (رضي الله عنه)

**ناوی رەبیعەی کوڕی روقەیعی تەمیمی عەنبەریە، وەك وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]**

**کاتێ وەفدی تەمیم هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەقرەعیش لەگەڵ وەفدەکەدا بوو، کە گەیشتنە مەدینە ئەقرەع هاواری دەکرد ئەی موحەممەد وەسفو سەنام جوانە و سەرکۆنەو لەدژ خوێندنیشم زۆر خراپە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ذلکم الله سبحانە)، لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کە هەموو وەفدەکە پێکەوە هاواریان دەکرد و ئەوەیان دەوت، پێغەمبەریش (ﷺ) هاتە دەرەوە بۆ لایان و فەرمووی (ذلکم الله فما تریدون). ئەوانیش وتیان ئێمە خەڵکێکین لە بەنو تەمیم بە شاعیرو وتاربێژمانەوە هاتوین تا لە بەرامبەرت شیعر بڵێین و فەخر بنوێنین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ما بالشعر بعثنا و لا بالفخار أمرنا ولکن هاتوا)، (ئێمە بە شیعر نەنێرداوین و فەرمانمان پێ نەکراوە فەخر بکەین بەڵام ئادەی)، ئەقرەعیش بە یەکێك لە گەنجەکانی وت: فلانە کەس هەستە و باسی فەزڵی خۆت و هۆزەکەت بکە، ئەویش وتارێکی دا و وتی: سوپاس بۆ خوایەك کە ئێمەی کردۆتە چاکترین دروستکراوی و سامانی پێ بەخشیوین تا چیمان بوێت پێی بکەین، جا ئێمە چاکترین کەسانی سەرزەوین، لە هەموان زۆرترین و زیاترین چەکیشمان هەیە، هەرکەس نکوڵی ئەو قسەمان دەکات با هەستێت و قسەیەکی باشتر لەوەی ئێمەو کارێکی باشتر لە کاری ئێمە نیشان بدات، پێغەمبەریش (ﷺ) بە ثابیتی کوڕی قەیسی ئەنصاری فەرموو وتاربێژی فەرموو: هەستەو وەڵامی بدەرەوە، ئەویش هەستاو لە**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 465.

وەڵامیدا وتی: سوپاس بۆ خوا، سوپاسی دەکەم و پشتی پێ دەبەستم و بڕوام پێی هەیە و پشتم بەو بەستووەو شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تاك وتەنهای بێ هاوەڵ، شایەتی دەدەم موحەممەد بەندەو نێردراوی خوایە، کۆچەرانی ئامۆزای خۆی بانگ کرد کە چاکترین و دیارترینی کەسان بوون و ئەوانیش چوون بەدەم داواکەیەوە، سوپاس بۆ خوا کە ئێمەشی کردە پشتیوان و وەزیرانی پێغەمبەرەکەی و مایەی شکۆمەندی بۆ ئایینەکەی، ئێمە لەگەڵ خەڵك دەجەنگین تا کاتێ شایەتی دەدەن هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا، هەرکەس ئەوەی وت گیان و ماڵی لێمان حەرام دەبێت، هەرکەسیش وانەکات لەگەڵی دەجەنگین و لەبەرخوا لامان سووك و بێ بایەخ دەبێت، ئەمە دەڵێم و داوای لێخۆشبوون لای خوا دەکەم بۆ هەموو باوەڕداران چ پیاوان و چ ئافرەتانیان ... ئەقرەع هەستاو وتی ئەی خزمینە نازانم بۆ وایە، وتاربێژیان لە ئێمە بەهێزتر و شاعیریان لە ئێمە چاکترە، دواتر نزیك بوویەوە لە پێغەمبەر (ﷺ) و شایەتومانی هێنا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (لا یضرك ما كان قبل هذا)، (چی پێش ئەمە روویداوە زیانت پێ ناگەیەنێت). ئەم ئایەتەش لەسەر بەنی تەمیم دابەزی (إن الذين ينادونك من وراء الحجرات أكثرهم لا يعقلون)،[1] دواتر هەموویان موسڵمان بون و ماوەیەك لە مەدینە مانەوە تا فێری قورئان و ئایین بن، دواتر کە ویستیان بگەڕێنەوە پێغەمبەر (ﷺ) جلو بەرگ و بەخششی پێ بەخشین.[2]

1 - الحجرات: 4.

2 - أسد الغابة، ج1، ص164-166.

### رەبیعەی کوڕی زورعە(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی زورعەیە، لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[1]

### رەبیعەی کوڕی سەکەن (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی سەکەنەو کونیەکەی ئەبوورووەیحەیە، ئەم هاوەڵە دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، من تەنها مامەوە تا ئەو کاتەی کابرایەکی حەبەشی هات و پێغەمبەر (ﷺ) من و ئەوی کرد بە برای یەکتر و فەرمووی: (تۆ برای ئەویت و ئەویش برای تۆیە).[2]

رەبیعە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵایەکی دایە دەستم و ئاڵاکەش سپی بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی ئەبوورووەیحە بڕۆ بۆ ناو هۆزەکەت و لەناویاندا بانگەواز بکە هەرکەس بچێتە ژێر ئاڵای ئەبوو روەیحەوە ئەوە پارێزراوە)، منیش چووم و وامکرد.[3]

ئەم هاوەڵە دواتر چوو لە فەلەستین نیشتەجێ بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 466.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 467.
3 - الكنى و الأسماء للدولابي، الرقم 187.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 253.

رەبیعەی کوڕی عامر (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی عامری ئەزدیە، دواتر چوو لە فەلەستین نیشتەجێ بوو و لەوێ مایەوە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[1]

رەبیعەی کوڕی عەبباد (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی عەببادی دوئلیە، سەرەتا بێباوەڕ بوو و دواتر موسڵمان بوو.[2]

رەبیعە بەسەرهاتی رۆژانی نارەحەتی و سەختی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککەدا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لە مەککە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بانگەوازی دەکرد، من گەنجێ بووم لەگەڵ باوکم بووم، بینیم پێغەمبەر (ﷺ) بانگەوازی دەکرد و کەسێکیش لە دوایەوە دەیوت ئەم کابرایە بانگتان دەکات تا واز لە ئایینی باوباپیرانتان بهێنن و واز لە لات و عوززا بهێنن، منیش وتم باوکە ئەو کابرای دواوە کێیە؟ وتی ئەوە ئەبوولەهەبی مامیەتی.[3]

رەبیعە دەڵێت: جارێك لە بازاڕی عوکاظ پێغەمبەرم (ﷺ) بینی و لە دوایەوە ئەبوولەهەبیش دەگەڕا و دەیوت ئەی خەڵکینە ئەم کابرایە لەخشتەبراوە جا ئێوەش لە خواوەندەکانی باوباپیرانتان لە خشتە نەبات، پێغەمبەریش (ﷺ) لە دەست

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 468.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 469.

3 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 877، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15714، ضعفه شعيب الأرناؤوط بهذا السند.

ئەبوولەهەب هەڵدەهات کەچی ئەو هەر بە دوایدا دەچوو، ئێمەش هێشتا مێرمنداڵێك بووین و بە دوایاندا دەچووین.[1]

رەبیعە دوای وەفاتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ژیا و تەمەنێکی زۆری کرد تا لە سەردەمی وەلیددا کۆچی دوایی کرد.[2]

رەبیعەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی عەمری کوڕی عومەیرە، برایەکی هەیە بە ناوی حەبی، دەوترێت ئایەتی (وإن تبتم فلكم رؤوس أموالكم...) سەبارەت بەم هاوەڵەو یارانی دابەزیوە.[3]

رەبیعەی کوڕی عەیدان (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی عەیدانە، هاوەڵی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو، جارێك لەگەڵ هاوەڵێکی تر بە ناوی ئیمروئولقەیس کوڕی عابس کێشەیەکیان هەبوو بردیانە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئەویش کێشەکەی چارەسەر کرد بۆیان.[4]

رەبیعەی کوڕی عوثمان (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی عوثمانی کوڕی رەبیعەی تەیمیە، رەبیعە دەڵێت: لە مزگەوتی خەیف لە مینا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەرنوێژی بۆ کردین، جا لە پێغەمبەری

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15707، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 469.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 470.

4 - المنتقى لابن الجارود، الرقم 977.

خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو:(خوا ئاگاداری ئەو کەسە بێت کە پەیامی منی بیست و وەریگرت بیگەیەنێت بەوەی نەیبیستووە).[1]

رەبیعەی کوڕی فەضل(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی فەضلی کوڕی حەبیبە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحودو تیایدا شەهید بوو.[2]

رەبیعەی کوڕی فیراس(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی فیراسە، دەوترێت بەڵکو رەبیعەی فارسیە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە،[3] دواتر لە میصر نیشتەجێ بوو.[4]

رەبیعەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی قەیسی عدوانیە، لە سەردەمی خیلافەتی عەلیدا لە ناو سوپای عەلیدا لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد.[5]

رەبیعەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکە، یەکێك بوو لە هاوەڵانی صوففە.[6]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2448.
2 - أسد الغابة، ج2، ص 257.
3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2446.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 473.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 474.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 474.

رەبیعە دەڵێت: جار هەبوو لای پێغەمبەر (ﷺ) شەو دەمامەوە، ئینجا ئاوی دەستنوێژم بۆ دەبرد و خزمەتم دەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (چیت دەوێ داوای بکە)، منیش وتم داوام لێت ئەوەیە لە بەهەشتیشدا هاودەمت بم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بۆ داوایەکی تر ناکەیت)، منیش وتم هەر ئەو داوایەم هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (فأعني على نفسك بكثرة السجود)،[1] (دەی بۆ داواکەت بە زۆر سوجدە بردن هاوکاریم بکە).

لە گێڕانەوەیەکی تردا کەعب بە وردتر مەسەلەکە باس دەکات و دەڵێت: من خزمەتی پێغەمبەری خوام (ﷺ) دەکرد و بە رۆژ لە خزمەتیدا دەبوم تا نوێژی عیشای دەکرد، دوای ئەوە لەبەر دەرگای ماڵی دادەنیشتم تا دەچوویەوە ماڵەوە، دەموت خۆزگە جارێك پێغەمبەر (ﷺ) پێویستیەکی هەبوایە و بۆم بکردایە، بەردەوام دەمبیست پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(سبحان الله، سبحان الله، سبحان الله و بحمده)، هێندە ئەوەی دەفەرموو تا منیش ماندوو دەبووم و دەگەڕامەوە، یان خەو زۆری دەهێنا بۆ چاوەکانم و رادەکشام، جارێك کە بینی من هێندە لە خزمەتیدام فەرمووی: (ئەری رەبیعە چیت دەوێت لێم داوابکە تا پێت ببەخشم)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) با بیرێکی لێ بکەمەوە و دواتر وەڵامت دەدەمەوە چیم دەوێت، ئینجا لای خۆمەوە بیرم لێکردەوە وتم ئەم دنیایە زوو کۆتایی دێت و دەبڕێتەوە و لەم دنیایەشدا هێندە هەیە بەشم بکات، بۆیە داواکاریەکەم لە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ رۆژی دوایی تایبەت دەکەم، چوومەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش فەرمووی (ئەی رەبیعە چیت کرد؟) وتم بەڵێ ئەی

1 - صحيح مسلم، الرقم 783 و اللفظ له، سنن أبي داود، الرقم 1138.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوات لێدەکەم لای پەروەردگارت شەفاعەتم بۆ بکەیت تا لە دۆزەخ بمپارێزێت، ئەویش فەرمووی (ئەی رەبیعە کێ فەرمانی پێکردیت ئەو داوایە بکەیت؟) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە کەس فەرمانی ئەوەی پێ نەکردم، بەڵام کاتێك تۆ فەرمووت چیت دەوێت لێم داوا بکەو زانیم تۆ لای خوا چ پایەیەکت هەیە و بیرم لە باری خۆم کردەوەو زانیم دنیا کاتیەو دەبڕێتەوەو لەم دنیایەدا بەشی پێویست رۆزیم پێ دراوە، وتم داوای رۆژی دوایی لە پێغەمبەر (ﷺ) دەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، دواتر فەرمووی: (إني فاعل فأعني على نفسك بكثرة السجود)،[1] (من ئەوە دەکەم، دەی تۆیش بە سوجدەی زۆر بردن یارمەتیم بدە بۆ داواکەت).

رەبیعە دەڵێت: جار جارە کە شەوان لای پێغەمبەر (ﷺ) دەمامەوەو ئاوی دەستنوێژم بۆ دەبرد، دەیفەرموو:(سبحان ربی و بحمده سبحان ربی و بحمده الهوي) پاشان دەیفەرموو:(سبحان رب العالمين سبحان رب العالمين الهوي).[2]

رەبیعە دەڵێت: من خزمەتی پێغەمبەری خوام (ﷺ) دەکرد، رۆژێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووم ئەی رەبیعە ئەرێ ژن ناهێنیت؟ منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نا بەخوا نامەوێت ژن بهێنم، من هیچم نیە تا ژنی پێ بهێنم، حەزیش ناکەم کەس سەرقاڵم بکات تا دوورم بخاتەوە لە تۆ، پێغەمبەریش (ﷺ) وازی لێ هێنام، دوای ماوەیەکی تر فەرمووی: ئەی رەبیعە ئەرێ ژن ناهێنیت؟ منیش وتم نا بەخوا نامەوێت ژن بهێنم، من هیچم نیە تا ژنی پێ بهێنم،

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16260، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4439، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 2636، مستخرج أبي عوانة، الرقم 1474، صححه شعيب الأرناؤوط.

حەزیش ناکەم کەس سەرقاڵم بکات تا دوورم بخاتەوە لە تۆ، هەمدی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وازی لێ هێنام، منیش دواتر کەوتمە بەخۆداچوونەوەو وتم بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ لە خۆم زاناتریت چی بۆ دنیا و قیامەتم باشە، ئینجا لە دەروونی خۆمدا دەموت ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم جارە پرسیارم لێ بکات دەڵێم بەڵێ، ئەوەبوو بۆ جاری سێیەم پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی رەبیعە ئایا ژن ناهێنیت؟ وتم با ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چۆنت پێ خۆشە وا فەرمانم پێ بکە، ئەویش فەرمووی: (برۆ بۆ لای فلانە دەستەی پشتیوانان و پێیان بڵێ پێغەمبەر (ﷺ) سەلامتان لێ دەکات و فەرمانتان پێ دەکات فلانە ئافرەت مارە بکەن لە رەبیعە)، منیش چووم و ئەوەم پێ وتن، ئەوانیش وتیان مەرحەبا لە پێغەمبەر (ﷺ) و نێردراوەکەشی، بەخوا دەبێت نێردراوەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بە داواکەیەوە بگەڕێتەوە، رێزێکی زۆریان لێ گرتم و ئافرەتەکەشیان لێ مارە کردم و نەرمی و سۆزێکی زۆریان لەگەڵ نواندم، داوای هیچ بەڵگەیەکیشیان لێ نەکردم، منیش بە دڵتەنگیەوە گەڕامەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە چیتە؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووم بۆ لای خەڵکانێکی زۆر بەڕێز و بەخشندەو ئافرەتەکەیان لێ مارە کردم و ڕێزیان لێ گرتم و نەرمییان لەگەڵ نواندم و داوای هیچ بەڵگەیەکیان لێ نەکردم، ئەی مارەیی لە کوێ بهێنم؟ پێغەمبەریش (ﷺ) بە بورەیدەی فەرموو ئەی بورەیدە هێندێ زێڕی بۆ کۆبکەنەوە، پاشان وتم ئەی نانی شاییەکە لە کوێ بێنم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی بورەیدە مەڕێکیشی بۆ ئامادە بکەن، ئەوەبوو بەرانێکی قەڵەویان بۆ هێنام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: برۆ بۆ لای عائیشەو پێی بڵێ (سەیرێکی سەتڵ–ئەوەی خواردنی تێدا هەڵدەگیرا ـ بکەو بینێرە) منیش چووم بۆ لای عائیشەو پێم وت، ئەویش پێی دام، نزیکەی سی مشتێك

گەنمی تێدا بوو، عائیشە وتی بەخوا ئەوە هەموو خواردنی ناو ماڵمان بوو، منیش بردمە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی (ئەوانە بەرە بۆیان - بۆ ماڵ خەزوورانی – و بڵێ بەمە نانێ ئامادە بکەن)، منیش ئەوەو بەرانەکەم برد، ئەوانیش خواردنەکەیان وەرگرت و وتیان ئێوە بەرانەکە لای خۆتان بێت، ئینجا خەڵکێ لە ئەسلەمیەکان هاتن و بەرانەکەیان سەربڕی و ئامادەیان کرد و لێیان نا، ئیتر نان و گۆشت ئامادە بوو و منیش خوانەکەم دەست پێکرد و پێغەمبەری خواشم (ﷺ) بانگهێشت کرد،[1] پاشان پێغەمبەر (ﷺ) زەویەکی پێدام و زەویەکیشی دا بە ئەبووبەکر، رۆژان هات و رۆژان چوو تا رۆژێك لەسەر بنە دارخورمایەك لەگەڵ ئەبووبەکر کێشە کەوتە نێوانمانەوە، من وتم هی منەو ئەویش وتی هی منە، ئیتر قسەو بۆڵەیەك کەوتە نێوانمانەوە تا ئەوەی ئەبووبەکر قسەیەکی ناخۆشی پێ وتم و خۆیشی خێرا لە قسەکەی پەشیمان بوو، ئەبووبەکر وتی ئەی رەبیعە ئەو قسەیەم پێ بڵێرەوە تا ببێتە تۆڵە، منیش وتم شتی وا ناکەم، ئەبووبەکر وتی بەخوا یان پێم دەڵێیتەوە یان لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵات لێ دەکەم، منیش وتم هەرگیز پێت ناڵێمەوە، ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و منیش بە دوایدا چووم، خەڵکێ لە ئەسلەم هاتن و وتیان رەحمەتی خوا لە ئەبووبەکر لەسەر چی تۆی هێناوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتێکدا ئەو وای پێ وتوویت؟ منیش وتم دەزانن ئەوە کێیە؟ ئەوە ئەبووبەکری صدیقە، ئەوە دووەم کەسە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) – کە لە قورئاندا باس کراوە– ئەوە ریش سپی موسڵمانانە، وریا بن لا نەکاتەوەو وا بزانێت ئێوە هاتون بۆ پشتیوانی من، بەوە توورە دەبێت و دەچێتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2674، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16258، مسند الطيالسي، الرقم 1254.

ئەویش بۆ پشتیوانی ئەبووبەکر تووڕە دەبێت و خوای گەورەش لەبەر تووڕەیی ئەو دوانە تووڕە دەبێت و رەبیعەش ماڵوێران دەبێت، ئەوانیش وتیان ئەی ئەڵێیت چی بکەین؟ وتم بگەڕێنەوە، ئینجا ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مەسەلەکەی بۆ باسکرد، منیش بە تەنیا چوومە خزمەتیان، پێغەمبەر (ﷺ) سەری بەرز کردەوە بەرووی مندا و فەرمووی: (ئەی رەبیعە تۆ و صدیق چ کێشەیەکتان هەیە؟) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەسەلەکە ئاوەها و ئاوا بوو، دواتر قسەیەکی پێ وتم کە خۆیشی پێی ناخۆش بوو و دەڵێت: دەبێت پێم بڵێیتەوە تا ببێتە تۆڵە، منیش رازی نەبوم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ پێی مەڵێرەوە، بەڵکو بڵێ خوا لێت خۆش بێت ئەی ئەبووبەکر)، منیش ئاوام وت، ئەبووبەکریش بە گریانەوە شوێنەکەی جێهێشت.[1]

رەبیعە بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو، لە سەفەرو غەزاکانیدا، لە مانەوەی ناو مەدینەو چوونە دەرەوەکانیدا هاودەمی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد،[2] تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، ئیتر رەبیعە مەدینەی جێهێشت و چوویە ناوچەی ئەسلەم و لەوێ مایەوە تا سەردەمی رووداوی الحرة،[3] لەو ماوەدا نامەبەریی مەدینەی لە ئەستۆدا بوو،[4] لە مانگی ذیلحیججەیساڵی شەست و سێی کۆچیدا وەفاتی کرد.[5]

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16258، قال شعيب الأرناؤوط إسناده ضعيف جدا.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 258.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 474.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 474.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 313.

## ڕەبیعەی کوڕی لوهەیعە (رضي الله عنه)

**ناوی ڕەبیعەی کوڕی لوهەیعەیە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، ڕەبیعە دەڵێت: هاتمە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و زەکاتی ماڵو سامانەکەم هێنا و خستمە خزمەتی، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسیم کە تیایدا نووسرابوو: بسم الله الرحمن الرحيم، لربيعة بن لهيعة).[1]**

**بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین پێغەمبەر (ﷺ) لە نامەکانیدا پاش ناوهێنانی خوا بە ناوی خۆیەوە دەستی پێکردووە، واتە لە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا، یان لە موحەممەدی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بۆ فلانەکەس، بۆیە جیا لە لاوازی سەنەدەکەی، نەگونجاوی دەقەکەشی دووبارە لاوازی فەرموودەکە نیشان دەدات.**

## ڕەبیعەی کوڕی ئەبی خەرشە (رضي الله عنه)

**ناوی ڕەبیعەی کوڕی ئەبی خەرشەی کوڕی عەمری قوڕەیشی عامریە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]**

## ڕەبیعەی کوڕی دراج (رضي الله عنه)

**ناوی ڕەبیعەی کوڕی دراجی کوڕی عەنبەسی قورەیشی جومەحیە، سەرەتا بێباوەڕ بوو و لە جەنگی بەدردا بە بێباوەڕی بەشداری کرد و بەدیل گیرا، دواتر ئازاد**

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2442.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 463.

کرا، هەر بە بێباوەڕی مایەوە تا فەتحی مەککە، پاش فەتحی مەککە موسڵمان بوو و تا سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب ژیا.[1]

### ڕەبیعەی کوڕی ئەبی صەلت (رضي الله عنه)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی ئەبی صەلتە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو و لەوێ خانوویەکی بنیادنا.[2]

### ڕەبیعەی کوڕی ئەکثەم (رضي الله عنه)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی ئەکپەمی ئەسەدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[3] دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد،[4] لە غەزای خەیبەریشدا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو، ئەوکاتیش تەمەنی سی ساڵان بوو و بە دەستی حارثی جوولەکە شەهید کرا،[5] بەڵام ئیبن سەعد دەڵێت: کاتێك لە غەزای بەدردا بەشداری کرد تەمەنی سی ساڵان بوو و کاتێك شەهید بوو لە خەیبەر تەمەنی سی و حەوت ساڵان بوو.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 463.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص468.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 247.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 95.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 460.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 95.

رەبیعی کوڕی سەهل(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعی کوڕی سەهلە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[1]

رەبیعی کوڕی قارب(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعی کوڕی قاربی عەبسیە، وەك وەفد چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) عەبایەکی سەر شانی پێبەخشی و وشترێکیشی پێدا.[2]

رەبیعی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعی کوڕی نوعمانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[3]

رەبیعی کوڕی ئیاس(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعی کوڕی ئیاسی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

رەبیعی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەو لە پشتیوانانە، کچێکی هەبوو بە ناوی ئوموسەعد کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[5]

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 246.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 459.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 459.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 455.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 460.

رەجائی غەنەوی (رضي اله عنها)

ناوی رەجائە، ئەم ئافرەتە دەڵێت: لای پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە ئافرەتێك کوڕێکی خۆی هێنا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای بەرەکەت بکە بۆ منداڵەکەم، چونکە سیٚ برای تری هەبوو کە خۆم ئەسپەردەم کردون، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی لەو کاتەوەی کە موسڵمان بویت؟ وتی بەڵیٚ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (جنة حصينة)، (قەڵغانێکی پتەوە)، پیاوێکیش لەولاوە پێی وتم ئەی رەجاء گویٚ بگرە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی فەرموو.[1]

رەزینەی خزمەتکار (رضي اله عنها)

ناوی رەزینەیەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، هەروەها خزمەتی صەفییەی هاوسەری پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردووە.[2]

رەزینە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) صەفییەی بە کەنیزەك گرت، کاتێك ئافرەتانی بینی شایەتومانی هێنا، پێغەمبەریش (ﷺ) ئازادی کرد، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) داوای کرد و بەهاوسەری گرت و رەزینەی کرد بە مارەیی بۆی.[3]

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20252، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2913، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 644.

3 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4198.

رەشدانی جوهەنی (رضي الله عنه)

**ناوی رەشدانی جوهەنیە، سەرەتا ناوی غەیان بوو، کاتێك وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێکرد ناوت چیە؟ وتی ناوم غەییانە، فەرمووی: بەڵکو ناوت رەشدانە.[1]**

رەقادی کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه)

**ناوی رەقادی کوڕی رەبیعەی عوقەیلیە، رەقاد دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) لە سەد مەڕ یەك مەڕی لێ وەردەگرتین، ئەگەر لەوە زیاتر بوایە دوانی لێ وەردەگرتین.[2]**

رەملەی کچی حارث(رضي الله عنها)

**ناوی رەملەی کچی حارثە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، هاوسەری موعاذی کوڕی حارثە، بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]**

رەملەی کچی شەیبە(رضي الله عنها)

**ناوی رەملەی کچی شەیبەی کوڕی رەبیعەی عەبشەمیە، باوکی لە غەزای بەدردا بە بێباوەڕی کوژرا.**

**دەوترێت رەملە هاوسەری عوثمانی کوڕی عەففانی گەورە هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، دەوترێت لەگەڵ عوثماندا بەشداری کۆچ بووە، بەڵام وانیە، چونکە ئەو**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 484.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4491.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 651.

**کاتەی عوثمانی کوڕی عەففان کۆچی کرد روقییەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) هاوسەری بوو، بۆیە یان عوثمان دواتر بە هاوسەری گرتووە، یان دەکرێت عوثمای کوڕی عەففانێکی تر بێت، یان دەکرێت عوثمانی کوڕی ئەبیلعاص هاوسەری بووبێت.[1]**

رەملەی کچی عەبدولا (رضي الله عنها)

**ناوی رەملەی کچی عەبدولای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوولە، بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[2]**

رەملەی کچی ئەبووسوفیان (رضي الله عنها)

**ناوی رەملەی کچی ئەبوسوفیانە، هاوسەری پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و بە ئوممحەبیبە ناسراوە، هەرچەند ناوی بە هیندیش هاتووە، بەڵام راستتر ئەوەیە کە ناوی رەملەیە،[3] دایکی ناوی صەفییەی کچی ئەبیلعاصە.[4]**

**برایەکی هەبوو بە ناوی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئومەوی بوو،[5] برایەکی تریشی هەبوو بە ناوی عەبدولا کە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) نەبوو،[6] برایەکی تری ناوی عوتبە بوو کە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا والی طائیف بوو.[7]**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 654.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 655.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 651.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 96.
5 - أسد الغابة، ج5، ص 220.
6 - أسد الغابة، ج3، ص 267.
7 - أسد الغابة، ج3، ص 580.

رەملە کە لەدایك بوو تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) نزیکەی بیست و سێ ساڵان بوو، سەرەتا شووی کرد بە عوبەیدوڵای کوڕی جەحش و هەردووکیان پێکەوە موسڵمان بوون، دواتر پێکەوە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، لەوێ حەبیبە منداڵێکی بوو، رایەکی تریش دەڵێت: بەڵکو لە مەککەو پێش چوون بۆ حەبەشە سکی هەبووەو لە حەبەشە منداڵەکەی بووە، دواتر لەوێ عوبەیدوڵای هاوسەری لە ئیسلام هەڵگەرایەوەو لە یەکدی جیابوونەوە،[1] ئەو منداڵەشی ناوی حەبیبە بوو و کچ بوو.[2]

ئوممحەبیبە دەڵێت: لە خەومدا عوبەیدوڵای کوڕی جەحشم لە شێوەیەکی زۆر ناشیریندا بینی، منیش ترسام، بەیانی کە هەستام دەبینم بووە بە مەسیحی، منیش خەوەکەم بۆ گێڕایەوە، کەچی ئەو هیچ گرنگی پێ نەدا و کەوتە مەی خواردنەوەو بەردەوام لەو حاڵەدا بوو تا مرد، دوای ئەوە خەوێکم بینی کەسێك بانگی کردم ئەی دایکی باوەڕداران، منیش ترسام و راچڵەکیم، ئەوەبوو ماوەی خۆم تەواوکرد خێرا نێردراوی نەجاشی هات و داوای کردم بۆ پێغەمبەر (ﷺ).[3]

پێغەمبەر (ﷺ) عەمری کوڕی ئومەییەی نارد بۆ لای نەجاشی تا داوای ئوممو حەبیبەی بۆ بکات،[4] نەجاشیش ئافرەتێکی نارد بە ناوی ئەبرەهە تا هەواڵ بدات بە ئوممحەبیبە، ئەبرەهە وتی پاشا دەڵێت: کەسێك بکەرە وەکیلی خۆت تا هاوسەرگیریەکەت بۆ بکات، منیش هەواڵم نارد بۆ خالیدی کوڕی سەعید و ئەوم کرد بە وەکیل.

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 651.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 96.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 651-652.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص602.

لە حەبەشە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) پەیامی نارد تا ئوммوحەبیبەی لێ مارە بکرێت، خالیدی کوڕی سەعید کە ئامۆزای ئوммوحەبیبە بوو بەرپرسیارێتی مارەکردنی ئوммوحەبیبەی گرتەئەستۆو نەجاشیش وەکیلی پێغەمبەر (ﷺ) بوو بۆ قبوولّی گرێبەستی هاوسەرگیریەکە، نەجاشی بە ئوммوحەبیبەی راگەیاند کەسێك راسپێرە تا مارەت بکەم لە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش هەوالّی نارد بۆ خالیدی کوڕی سەعید و ئەوی کرد بە وەکیل.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) پەیامی نارد بۆ نەجاشی تا ئوммوحەبیبەی لێ مارە بکات، نەجاشی ئامادەسازی بۆ کرد و ناردی بە شوێن جەعفەردا و موسلّمانانی هاودەمی جەعفەریشی بانگ کرد، کە هاتن نەجاشی وتارێکی پێشکەش کرد و بەبەرچاویانەوە شایەتومانی دووبارە کردەوە.[2]

دەمەو ئێوارە بوو نەجاشی هەوالّی نارد بۆ جەعفەرو هاوەلاّنی، کە هاتن جەعفەر سوپاس و ستایشی خوای کرد و شایەتومانی وتەوەو دواتر وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نامەی بۆ ناردوم تا ئوммوحەبیبەی لێ مارە بکەم و منیش چوم بە دەم داواکەیەوەو مارەییەکەی چوارسەد دینارم داناوە، دواتر دینارەکانیشی هەلّڕشت، ئینجا خالیدی دواند و ئوммحوحەبیبەی مارە کرد و دینارەکانی دایە دەست خالید،[3] ئینجا جەعفەر و هاوەلاّن ویستیان هەستن، نەجاشی وتی نابێت، سوننەتی پێغەمبەران وایە کە هاوسەرگیرییان کرد خوانێك ساز بکەن،[4] بۆیە نەجاشی

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 143-144.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 443.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 652.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 98.

خواردنێکی ئامادە کرد و هەموان لە خوانەکەیان خوارد، ئوممو حەبیبە دەڵێت: کە پارەکەم گەیشتە دەست پەنجا دیناریم دا بە ئەبرەهە، ئەویش بۆی گێڕامەوەو وتی پاشا ئەو کارەی پێ سپاردوم،[1] پێی وتوم هیچت لێ وەرنەگرم، بەڵکو فەرمانی کردووە بە ژنەکانی چی بۆنی خۆشیان لا هەیە ئامادەی بکەن بۆت،[2] بۆ بەیانیەکەشی ئەبرەهە بە کۆڵێك بۆن و شمەکی ناوازەوە هاتەوە بۆ لام و منیش ئەوانەم بردەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)،[3] ئینجا کە چوومەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو ئەو وردەکاریانەم بۆ باسکرد، ئەویش بزەیەکی کرد، پاشان سەلامی ئەبرەهەم پێگەیاند، ئەویش وەڵامی سەلامەکەی دایەوە.[4]

مارەییەکەی ئوممو حەبیبە زیاترین مارەیی ناو هەمو خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.[5]

کاتێك ئوممو حەبیبە گەیشتەوە مەدینە تەمەنی نزیکەی سی و ئەوەندە ساڵ بوو.[6]

پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەردا نزیکەی هەشتا کۆڵ خورما و بیست کۆڵ گەنمی بەخشی بە ئوممو حەبیبە.[7]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 652.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 98.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 652.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 98.
5 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 219.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 99.
7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 99.

ئەبووسوفیان کە ئەو هەواڵەی بیست زۆر دڵتەنگ بوو و پێی ناخۆش بوو.[1]

کاتێك قورەیشیەکان بەڵێنی حودەیبیەیان شکاند و پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری دا هێرش بباتەسەر مەککە، ئەبووسوفیان هاتە مەدینە بەو هیوایەی ئاگربەستەکە درێژ بکاتەوە، ئینجا چوویە ماڵی ئوممو حەبیبەی کچی، کاتێك ویستی لەسەر جێگەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دابنیشێت، ئوممو حەبیبە ڕاخەرەکەی لابرد و نەیهێشت، ئەبووسوفیان پێی وت بۆچی وادەکەیت؟ ئوممو حەبیبەش وتی ئەوە ڕاخەری پێغەمبەری خوایەو تۆش کەسێکی بێباوەڕی پیسیت، ئەبوسوفیان وتی کچەکەم پاش خۆم خراپت لێ قەوماوە.[2]

ئوممو حەبیبە دەڵێت: جارێك وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوشکەکەم بە هاوسەر بگرە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوەت پێ خۆشە؟ وتم بەڵێ،... پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوەم بۆ حەڵاڵ نیە).[3]

ئوممو حەبیبە دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو:(ما من عبد مسلم يصلي لله كل يوم ثنتي عشرة ركعة تطوعا غير فريضة، إلا بنى الله له بيتا في الجنة)،[4] (هەر بەندەیەکی موسڵمان هەموو ڕۆژێك دوانزە ڕکاتی سوننەت بە خۆبەخشی و جیا لە فەرز بۆ خوا ئەنجام بدات، ئەوە خوای گەورە لە بەهەشتدا خانوویەکی بۆ بنیاد دەنێت).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 652.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 100.

3 - صحيح البخاري، الرقم 4813.

4 - صحيح مسلم، الرقم 1235 واللفظ له، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1116، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1452، مسند احمد بن حنبل، الرقم 26783.

ئومموحەبیبە جارێك سەردانی دیمەشقی کرد بە نیازی سەردانی کردنی موعاویەی برای،[1] ئومموحەبیبە لە دەوڵەتەکەی موعاویەدا رێز و ناوبانگێکی زۆری هەبوو.[2]

کاتێك ئەبووسوفیان کۆچی دوایی کرد، هەواڵ گەیشتە ئومموحەبیبەی کچی، لە رۆژی سێیەمدا بۆنێکی دا لە لاجانگ و باڵەکانی و وتی خۆ من هیچ پێویستم بەوە نیە لەبەرئەوە نەبێت کە بیستوومە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(لا یحل لامرأة تؤمن بالله والیوم الآخر أن تحد علی میت فوق ثلاث، إلا علی زوج فإنها تحد علیه أربعة أشهر وعشرا)،[3] (بۆ هیچ ئافرەتێك کە بڕوای بە خوا و رۆژی دوایی هەبێت دروست نیە زیاد لە سێ رۆژ پرسە بگێرێت بۆ مردوویەك تەنها بۆ مێردی نەبێت کە بۆی هەیە چوار مانگ و دە رۆژ پرسە بگێڕێ– بەو واتایەی خۆی دوور بگرێت لە خۆرزاندنەوەو خۆشی گێڕان–).

سەبارەت بە کاتی کۆچی دوایی ئومموحەبیبە راجیایی هەیە، رایەك دەڵێت: لە ساڵی چل و دووی کۆچی بووە، رایەك دەڵێت: ساڵی چل و چوار بووە، رایەك دەڵێت: ساڵی پەنجاو نۆی کۆچی بووە کە ئەم رایەیان دوورە لە راستیەوە.[4]

---

1 - سیر أعلام النبلاء، ج2، ص 220.

2 - سیر أعلام النبلاء، ج2، ص 222.

3 - صحیح البخاري، الرقم 1233، صحیح مسلم، الرقم 2808، صحیح ابن حبان، الرقم 4366، سنن الترمذي، الرقم 1152.

4 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج7، ص 653.

### ره‌مله‌ی كچی ئه‌بی عه‌وف(رضي الله عنها)

ناوی ره‌مله‌ی كچی ئه‌بی عه‌وف كوڕی صوبه‌یره‌یه، هاوسه‌ری موطه‌لیبی كوڕی ئه‌زهه‌ره، پێش ئه‌وه‌ی بانگه‌واز بچێته ماڵی ئه‌رقه‌مه‌وه موسڵمان بوو، هاوده‌م به مێرده‌كه‌ی كۆچی كرد بۆ حه‌به‌شه‌و له‌وێ منداڵێكی بوو به ناوی عه‌بدوڵا.[1]

### ره‌وضه‌(رضي الله عنها)

ناوی ره‌وضه‌یه، ئه‌م ئافره‌ته كه‌نیزه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بوو، جارێ كابرایه‌ك هات تا بێت بۆ لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)، داوای مۆڵه‌تی كرد، به‌و ده‌ربڕینه وتی خۆمی پیا كه‌م؟ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به ره‌وضه‌ی فه‌رموو هه‌سته بۆ لای ئه‌و كابرا و قسه‌ی له‌گه‌ڵ بكه، چونكه ئه‌و نازانێت جوان داوای مۆڵه‌ت بكات، پێی بڵێ با بڵێت السلام عليكم ئایا بێمه ژووره‌وه؟ كابراش ئه‌مه‌ی بیست و وای وت، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی: وه‌ره ژووره‌وه.[2]

### ره‌یحانه‌ی كچی شه‌معوون (رضي الله عنها)

ناوی ره‌یحانه‌ی كچی شه‌معوون یان كچی زه‌یده، ئه‌م ئافره‌ته جووله‌كه بوو،[3] پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به كه‌نیزه‌كی گرت، ئینجا ره‌یحانه سوور بوو له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی به جووله‌كه‌یی بمێنێته‌وه، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌وه بێتاقه‌ت بوو، جارێك له‌گه‌ڵ هاوه‌ڵانی

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 655.

2 - تفسير الطبري، ج18، ص 110.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 658.

بوو کە دەنگی نەعلی لە پشتیەوە بیست، فەرمووی: ئەوە ثەعلەبەی کوڕی سەعیەیە موژدەی موسڵمانبوونی رەیحانەی بۆ هێناوم، هەر واش بوو،[1] ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) پێشنیازی بۆ رەیحانە کرد ئازادی بکات و بە هاوسەری بگرێت، بەڵام رەیحانە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێم خۆشە بە موڵکیت بمێنمەوەو ئەوەش بۆ من و بۆ تۆش ئاسانتر و باشترە، پێغەمبەریش (ﷺ) وازی لێ هێنا.[2]

ئیتر رەیحانە هەر وا مایەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) زۆری خۆش دەویست و دەچوویە لای و تا مردن لای مایەوە، رەیحانە داوای هەرچی بکردایە پێغەمبەر (ﷺ) پێی دەدا و زۆر نازی دەکێشا، پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لە حەجیماڵئاوایی رەیحانە مرد.[3]

## رەیطەی کچی مونەببیه(رضي الله عنها)

ناوی رەیطەی کچی مونەببیهی کوڕی حەججاجی سەهمیە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایە، دایکی ناوی زەینەبی کچی وائیلە، رەیطە موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[4]

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1368.
2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 6861.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 659.
4 - أسد الغابة، ج7، ص 134.

رەیطەی کچی ئەبوو طالیب(رضي الله عنها)

**ناوی رەیطەی کچی ئەبووطالیبەو خوشکی ئومموهانیئە، کونیەکەی ئەمموطالیبە،[1] خوشکی عەلی کوڕی ئەبووطالیبە، پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر چل کۆڵ خورمای بۆ بڕیەوە.[2]**

رەیطەی کچی ئەبی ئومەییە(رضي الله عنها)

**ناوی رەیطەی کچی ئەبی ئومەییەیە، هاوسەری صوهەیبی کوڕی سینانە، یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ).[3]**

روبەیعی کچی نەضر (رضي اله عنها)

**ناوی روبەیعی کچی نەضرە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە، خوشکی ئەنەسی کوڕی نەضرە کە پێشتر باسمان کردووە، پووری ئەنەسی کوڕی مالیکی هاوەڵی نزیك و خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[4] دایکی ناوی هیندی کچی زەیدە، روبەیع لەگەڵ سوراقەی کوڕی حارثدا هاوسەرگیری کرد، ئەم ئافرەتە چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[5]**

**روبەیعی کچی نەضر دایکی حارثەی کوڕی سوراقە بوو، جا ئەوەبو حارثەی کوڕی لە غەزای بەدردا شەهید بوو، روبەیع چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 659.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 245.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 659.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 642.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 424.

ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێم بڵێ حارثە چۆنە؟ ئەگەر خێری هاتبێتە ڕێ خۆڕادەگرم و لای خوا چاوەڕێی پاداشت دەبم، ئەگەریش خێری نەهاتبێتە ڕێ ئەوە تا دەتوانم نزای بۆ دەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (یا أم حارثة إنها جنان في جنة، وإن ابنك أصاب الفردوس الأعلى والفردوس ربوة الجنة وأوسطها وأفضلها)،[1] (ئەی دایکی حارثە بەهەشت چەند بەهەشتێکە، کوڕەکەشت چووەتە فیردەوسی باڵا، فیردەوسیش بەرزایی و نێوەندو و باشترین شوێنی بەهەشتە).

جارێك روبەیعی خوشکی دانی دراوسێیەکیانی شکاندبوو، ئەنەس‌و کەسوکاری داوایان کرد بیانبوورن، بەلام ئەوان رازی نەبوون‌و داوای تۆڵەیان کرد، هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و ئەویش فەرمانی قیصاصی کرد، ئەنەس وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانی روبەیع بشکێنن؟ نا سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئەوە ناکەن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەنەس کتێبی خوا بریتیە لە قیصاص_واتە ئەوەی داناوە−، ئەوەبوو بەرامبەرەکە رازی بوون‌و لێی خۆش بوون، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرموی (إن من عباد الله من لو أقسم على الله لأبره)،[2] (لە بەندەکانی خوا کەسانێ هەن کە ئەگەر سوێندی خوا بدەن خوا سوێندەکەیان ناشکێنێت).

---

1 - سنن الترمذي، الرقم 3180، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3174.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2576، صحيح مسلم، الرقم 3260، صحيح ابن حبان، الرقم 6584، سن أبي داود، الرقم 4000، سنن ابن ماجة، الرقم 2645، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6744،السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 14985، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12060، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3423، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20504.

روبەیعی کچی طوفەیل(رضي الله عنها)

**ناوی روبەیعی کچی طوفەیلی کوڕی نوعمانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

روبەیعی کچی میعوەذ(رضي الله عنها)

**ناوی روبەیعی کچی میعوەذی کوڕی عەفرائە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەجار، هاوسەری ئیاسی کوڕی بوکەیرە،[2] باوکی روبەیع یەکێکە لە هاوەڵە گەورەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و لە بەیعەتی عەقەبەو بەدریشدا بەشدار بوو.[3]**

**دایکی ناوی ئوممویەزیدی کچی قەیسە، روبەیع خوشکێکی هەبوو بە ناوی عومەیرە[4] کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.**

**ئیاس لە دوای غەزای بەدر ئەو ژنەی هێنا، بە بەڵگەی گێڕانەوەیەك کە روبەیعی ژنی دەڵێت: رۆژی هاوسەرگیریەکەم پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆماڵمان و دوو کیژ گۆرانییان دەوت، لە گۆرانیەکەیاندا دەفیان لێدەدا و باسی باوباپیرانی منیان دەکرد کە لە بەدر کوژران و دەشیانوت پێغەمبەرێکمان تێدایە کە دەزانێت سبەینێ چی دەبێت، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ئەم قسەیان مەڵێن.[5]**

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 641.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 641.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 492.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 492.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص447.

روبەیع کوڕێکی هەبوو بە ناوی موحەممەد، بەڵام هیچ بەڵگە نیە لەسەر هاوەڵبوونی موحەممەدی کوڕی.[1]

روبەیع دەڵێت: ئەو شەوەی گوازرامەوە بۆ بەیانیەکەی پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ ماڵمان و لەسەر جێگەکەم لە نزیکمەوە دانیشت، بڕێك ئافرەتی تازە پێگەیشتووش گۆرانییان دەوت و دەفیان لێدەداو باسی باوکە کوژراوەکانیان لە بەدر دەکرد، تا ئەوەی یەکێکیان وتی

وفينا نبى يعلم ما فى غد

(لەنێوماندا پێغەمبەرێك هەیە کە دەزانێت سبەی چی روودەدات)،

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بەوجۆرە مەڵێ و ەوەی پێشتر دەتوت ئەوە بڵێ).[2]

روبەیع لە غەزاکاندا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری دەکرد، لە بەیعەتی ریضوانیشدا بەشدار بوو.[3]

روبەیع دەڵێت: ئێمە لە غەزاکاندا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین ئاومان دەگێڕاو تیماری بریندارەکانمان دەکرد و کوژراوەکانیشمان دەگێڕانەوە بۆ مەدینە.[4]

---

1 - أسد الغابة، ج5، ص83.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3798.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 641.

4 - صحيح البخاري، الرقم 2747.

روبەیع دەڵێت: جارێك پوورم منی نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، منیش کە چووم دەبینم برێك کاڵای لایە کە پاشای بەحرەین بە دیاری بۆی ناردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) پڕی هەردوو دەستی پڕکرد و فەرمووی: (کچە شیرینەکەم ئەمە بۆ تۆ).[1]

روبەیع دەڵێت جار هەبوو پێغەمبەر (ﷺ) دەهات بۆ ماڵمان و دەستنوێژی دەگرت و منیش ئاوی دەستنوێژم دەکرد بە دەستیدا.[2]

روبەیع دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) لە رۆژی عاشووورادا هەواڵی نارد بۆ پشتیوانان هەرکەس بەرۆژوو نیە ئەوا با ئەو بەشەی تری رۆژەکەی ماوە بە رۆژوو بێت، هەرکەسیش رۆژی کردوەتەوەو هیچی نەخواردووە با بەرۆژوو بێت، ئیتر ئێمەش خۆمان رۆژوومان دەگرت و منداڵەکانیشمان فێری رۆژوو دەکردن، تەنانەت بە شمەکی یاری سەرقاڵمان دەکردن و ئەگەریش یەکێکیان بگریایە بۆ خواردنێك بەو یاریانە سەرقاڵمان دەکرد تا ئێوارە دەهات.[3]

وەستانێك:

سەبارەت بە مەسەلەی رۆژووگرتن لە رۆژی عاشووورادا چەند فەرموودەیەك هەن کە رای جیاواز لەو بارەوە دەخەنەڕوو، لێرەدا بۆ بەرچاوروونی و زانینی دەقە جیاجیاکان چەند فەرموودەیەك لەو بارەوە دەخەینەڕوو، چونکە هەندێ پێیان وایە رۆژوگرتن تیایدا دروست نیە و زۆرینەش رایان وایە رۆژووگرتن تیایدا سوننەتە:

1 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 3919.

2 - سنن الدارمي، الرقم 727، سنن أبي داود، الرقم 110، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 126.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1873، صحيح مسلم، الرقم 1984، صحيح ابن حبان، الرقم 3680.

ئیبن عەبباس دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە بینی جوولەکە ڕۆژی عاشووراء بەڕۆژوو دەبن، فەرمووی ئەوە چیە؟ وتیان ئەوە ڕۆژێکی باشە تیایدا خوای گەورە بەنی ئیسرائیلی لە دوژمنەکانیان ڕزگار کرد، بۆیە مووسا ڕۆژووی تێدا گرت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دەی من لە ئێوە شیاوترم بە مووسا) بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژووی تێدا گرت و فەرمانی کرد خەڵکیش ڕۆژووی تێدا بگرن.[1]

ئەبووقەتادە دەڵێت: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت ڕۆژوی ڕۆژی عاشووڕا ، ئەویش فەرمووی: (أحتسب على الله أن يكفر السنة التي قبله)،[2] (هیوام وایە خوا بەو ڕۆژووە تاوانی ساڵێکی پێشتری بسڕێتەوە).

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: پێش ڕۆژووی ڕەمەزان لە عاشوورادا ڕۆژوو دەگیرا، کاتێك ڕۆژووی ڕەمەزان واجب کرا ئیتر هەرکەس بیویستایە ڕۆژووی عاشوورای دەگرت و هەرکەسیش بیویستایە ڕۆژووی عاشوورای نەدەگرت.[3]

ئیبن عومەر دەڵێت: خەڵکی سەردەمی نەفامی ڕۆژووی عاشوورایان دەگرت، جا کاتێك ڕەمەزان واجب بوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (کێ دەیەوێت بەڕۆژوو بێت و کێ دەیەوێت بەڕۆژوو نەبێت).[4]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 1917واللفظ له، صحيح مسلم، الرقم 1975، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2779.

2 - صحيح مسلم، الرقم 2050، صحيح ابن حبان، الرقم 3692، سنن الترمذي، الرقم 716، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22039.

3 - صحيح البخاري، الرقم 4241، صحيح مسلم، الرقم 1962، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1936، صحيح ابن حبان، الرقم 3681، سنن الترمذي، الرقم 717، سنن أبي داود، الرقم 2099، سنن الدارمي، الرقم 1760، مسند احمد بن حنبل، الرقم 25539.

4 - صحيح البخاري، الرقم 4240.

ئیبن عومەر دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژوی عاشوورای دەگرت و فەرمانی دەکرد خەڵك بەڕۆژوو بن، کاتێك ڕەمەزان واجب کرا ئیتر واز هێنرا لە ڕۆژووی عاشوورا، ئیتر ئیبن عومەر ڕۆژووی عاشوورای نەدەگرت مەگەر کاتێك بکەوتایەتە بەر ئەو ڕۆژانەی کە ئیبن عومەر هەمیشە ڕۆژووی تێدا دەگرت.[1]

ئەمەو چەندین فەرموودەی تری هاوشێوە لەم بارەوە هاتوون و زانایان رای جیاوزیان لەو بارەوە خستووەتە ڕوو، بۆ نموونە:

ئیبن حەجەر لە فتح الباری دا دەڵێت: لە کۆی فەرموودەکانەوە دەردەکەوێت ڕۆژووی عاشوورا پێشتر واجب بووە...بەڵام دواتر کە واجب بوونی نەما سوننەت بوونی هەر مایەوە...بە تایبەت بەو بەڵگەی کە پێغەمبەر (ﷺ) تا ساڵی وەفاتیشی گرنگی پێداوە.[2]

نەوەوی دەڵێت: زانایان لەسەر ئەوە کۆدەنگن لەمڕۆدا ڕۆژووی ڕۆژی عاشوورا سوننەتەو واجب نیە.[3]

روبەیع دەڵێت: ڕۆژێك من و برێك لە پشتیوانان چووین بۆ لای ئەسمائی کچی مەخرەبە کە دایکی ئەبووجەهل بوو، عەبدوڵای کوڕی لە یەمەنەوە بۆنی خۆشی بۆ دەنارد و ئەویش دەیفرۆشت، منیش لەو بۆنی خۆشم دەکڕی، جارێك برێکی بۆ کێشام و منیش لە کیفی یەکێکی تردا دامنا، ئەویش وتی مافەکەی من لای خۆت بنووسە، منیش بە نووسەرەکەم وت بینووسە لەسەر روبەیع، ئەویش وتی تۆ کچی

1 - صحيح البخاري، الرقم 1802، صحيح مسلم، الرقم 1968.

2 - فتح الباري، ج4، ص 247.

3 -شرح النووي على صحيح مسلم، ج8، ص 5.

ئەو کەسەیت کە گەورەکەی ئەوی کوشت، منیش وتم بەخوا من کچی بکوژی گەورەکەی ئەو نیم، بەڵکو من کچی بکوژی کۆیلەکەی ئەوم، ئەویش وتی بەخوا ئیتر هەرگیز هیچت پێ نافرۆشم، منیش وتم بەخوا ئیتر هەرگیز هیچت لێ ناکڕم، بەخوا بۆنی خۆش نیەو هیچ بۆنی نیە، دواتر روبەیع وتی کچەکەم بەخوا بۆنی لەوە خۆشترم نەکردبوو، بەڵام کاتێك ئەو قسەی کرد تووڕە بووم و وا وەڵامم دایەوە،[1] ئەم رووداوەش لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا بوو.[2]

روبەیع دەڵێت –لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا– بە مێردەکەمم وت چیم هەیە دەیدەم بە تۆ بەڵام لێم جیا ببەرەوە، ئەویش وتی باشە، ئەوەبوو چی شتم هەبوو پێم دا جگە لە قەڵغانەکەم، کەچی ئەو نارازی بوو و لای عوثمانی کوڕی عەففان شکاتی لێکردم، دواجار عوثمان وتی دەبێت مەرجەکەت بێتەدی، منیش قەڵغانەکەشم پێدا، ئەم رووداوەش لە ساڵی سی و پێنجی کۆچیدا بوو.[3]

روەیفیعی کوڕی ثابت (ﷺ)

ناوی روەیفیعی کوڕی ثابتە، لە پشتیوانانە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە لە ساڵی خەیبەردا فەرمووی: (من کان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يسقين ماءه ولد غيره، ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يأخذن دابة من المغانم فيركبها حتى إذا أعجفها ردها في المغانم، ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا

1 - المطالب العالية، الرقم 1392.
2 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2807.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 641.

يلبس ثوبا من المغانم حتى إذا أخلقه رده في المغانم)،[1] (هەرکەس لە ئێوە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با ئاوی نەداتە منداڵی کەسانی تر، هەرکەس بڕوای هەیە بە خوا و ڕۆژی دوایی با ئاژەڵی دەستکەوت نەبات تا تەواو ماندوو و پەککەوتەی بکات ئینجا بیگێڕێتەوە بۆ ناو دەستکەوتەکان، هەرکەس بڕوای هەیە بە خوا و ڕۆژی دوایی با جلێکی دەستکەوت نەکاتەبەری تا ئەو کاتەی بیدڕێنێت ئینجا بیگێڕێتەوە ناو دەستکەوتەکان).

هەروەها ڕوەیفیع دەڵێت: بڕێ خورما هێنرا بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و لە خورماکەیان خوارد تا تەنها چەند ناوکە خورمایەك مایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (دەزانن ئەوە چیە؟) وتیان خواو پێغەمبەرەکەی زاناترە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (چاکەکانتان یەك دوای یەك دەڕۆن تا تەنها وەك ئەوە چاکەکانتان دەمێننەوە).[2]

ڕۆژێك ڕوەیفیعی کوڕی ثابت وتاری دەدا وتی من تەنها شتێکتان پێ دەڵێم کە لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە لە ڕۆژی حونەیندا دەیفەرموو:، ئینجا فەرموودەیەکی گێڕایەوە.[3]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 4927، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7332، المستدرك على الصحيحين، الرقم 8401، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4362، صححه الذهبي في التلخيص، حسنه شعيب الأرناؤوط.

3 - سن أبي داود، الرقم 1857، حسنة الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2158.

روەیفیعی خزمەتکار (رضي الله عنه)

ناوی روەیفیعەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.[1]

روخەیلەی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی روخەیلەی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی خالیدە، لە پشتیوانانە،[2] لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[3]

روشەیدی موزەنی (رضي الله عنه)

ناوی روشەیدی موزەنیەو کونیەکەی ئەبوو عومەیرەیە، دواتر لە میصر نیشتەجێ بوو.[4] روشەید دەڵێت: ئێمە کاتێك بچووینایە بۆ غەزا جەنگمان نەدەکرد تا پرسیارمان لە بەرامبەر دەکرد کەس لە ئێوە پەنا نەدراوە؟.[5]

روشەیدی فارسی (رضي الله عنه)

ناوی روشەیدی فارسیەو مەولای بەنی موعاویە بووە لە پشتیوانەکان، یەکێك بووە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزاکەدا یەکێك لە بێباوەڕەکانی کوشت، کاتێك لێیدا وتی بگرە من روشەیدی فارسیم، پێغەمبەر (ﷺ) بە کونیەی ئەبوو عەبدوڵا بانگی کرد.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 501.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 481.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 600.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 485.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 486.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 485.

روشەیدی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی روشەیدی کوڕی مالیکەو کونیەکەی ئەبوو عەمیرەیە، روشەید دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك شتێکی بۆ دەهێنرا پرسیاری دەکرد ئایا ئەوە زەکاتە یان دیاریە، ئەگەر بیانوتایە زەکاتە نەیدەخوارد، ئەگەریش بیانوتایە دیاریە دەیخوارد.[1]

روشەید دەڵێت: رۆژێك لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووین کە پیاوێك بڕێ خورمای هێنا و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوە چیە؟ دیاریە یان زەکاتە؟ ئەویش وتی زەکاتە، پێغەمبەر (ﷺ) دای بە خەڵکەکە، حەسەنیش لەبەردەم پێغەمبەر (ﷺ) بوو، چوو خورمایەکی هەڵگرت و خستیە دەمیەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی زانی و دەستی کرد بە دەمیدا و خورماکەی لە دەمی دەرهێنایەوەو فەرمووی: (ئێمە بنەماڵەی موحەممەد زەکات ناخۆین).[2]

روغەینەی کچی سەهل(رضي اله عنها)

ناوی روغەینە یان دەوترێت زوغەینەیە، کچی سەهلە، لە پشتیوانانە، بەیعەتی داوە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

روفەیدەی ئەنصاری (رضي اله عنها)

ناوی روفەیدەیەو لە پشتیوانانە، ئەم ئافرەتە خۆی تایبەت کردبوو بۆ تیمار و خزمەتی نەخۆش و ناساغانی موسڵمانان، ئەوەبوو کاتێك لە غەزای خەندەقدا

1 - سنن الترمذي، الرقم 623، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 656 حسن صحيح.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4492، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2475.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 645.

سەعدی کوڕی موعاذ پێکرا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بیبەن بۆ ناو چادرەکەی روفەیدە -کە لە مزگەوتدا بوو- تا خۆم لە نزیکەوە سەردانی بکەم.[1]

روقەیقەی ثەقەفی (رضي اله عنها)

ناوی روقەیقەی ثەقەفیە، هاوسەری قەیسی کوڕی ئەبانە، دوو کوڕی هەبوو بە ناوی سوفیان و وەهب و کچێکیشی هەبوو،[2] ئەم هاوەڵە دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ تائیف تا بانگەواز بگەیەنێت، هات بۆ لای من و منیش برێك خواردنەوەم بۆ برد، فەرمووی: (ئەی روقەیقە تاغووتی ئەوان مەپەرستەو نوێژی بۆ مەکە)، منیش وتم دەی دەمکوژن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (دەی ئەگەر پێیان وتیت بڵێ پەروەردگارم پەروەردگاری ئەو تاغووتەیە، کە نوێژت کرد پشت بکەرە ئەو تاغووتە)، دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) چوویە دەرەوە، دواتر سەردەم چوو و پاش موسڵمانبوونی هۆزی ثەقیف، ئەو دوو کوڕەی روقەیقە چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: دایکتان چی کرد؟ ئەوانیش وتیان هەر بەو حاڵەوە مایەوە کە تۆ جێتهێشت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دایکتان موسڵمان بوو.[3]

روقەیمی کوڕی ثابت (رضي الله عنه)

ناوی روقەیمی کوڕی ثابتی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[4] لە غەزای طائیفدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 646
2 - أسد الغابة، ج7، ص 123.
3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 6304، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 3099.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 281.
5 - أسد الغابة، ج2، ص 281.

روقییەی کچی ثابت (رضي اله عنها)

**ناوی روقییەی کچی ثابتی کوڕی خالیدە، لە پشتیوانانەو بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]**

روقییەی کچی پێغەمبەر (ﷺ)

**دایکی ناوی خەدیجەی کچی خوەیلیدە، دایکی باوەڕداران و ژنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، یەکەم کەس بوو باوەڕی هێنا بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ)، ئافرەتێکی دەوڵەمەند بوو کە سامانەکەی بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەکارهێنا، دایکی هەموو منداڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو جگە لە ئیبراهیم کە لە ماریە لەدایك بوو،[2] چاکترینی ئافرەتانی بەهەشتە،[3] سێ ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە کۆچی دوایی کرد.[4]**

**براکانی روقییە بریتی بوون لە قاسم کە برا گەورەی بوو، طەیب، طاهیر، عەبدوڵا،[5] برایکی تری هەبوو بە ناوی ئیبراهیم کە لە سەری باوکیەوە بوو و دایکیان جیا بوو، ئیبراهیمیش لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا لەدایك بوو و پاش هەژدە مانگ**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 648.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 88-92.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2571، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2659، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18826، صحيح ابن حبان، الرقم 7120، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8080، المستدرك على الصحيحين، الرقم 3771، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 1508.

4 - أسد الغابة، ج7، ص 95.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج2، ص 294.

هەر بە منداڵی کۆچی دوایی کرد،[1] جا هەموو کوڕەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە خەدیجەوە پێش دابەزینی سروش وەفاتیان کرد، بەڵام کچەکانی مانەوە تا ئیسلام هات و باوەڕیان هێنا بە ئیسلام و لەگەڵ باوکیان کۆچیان کرد بۆ مەدینە.[2]

سەبارەت بە خوشکەکانی

زەینەب خوشکی گەورەی روقییە و کچە گەورەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، بەڵام لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا وەفاتی کرد.[3]

ئومموکلثوم کە لە روقییە بچووکتر بوو و دوای مردنی روقییەی خوشکی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی لە عوثمانی کوڕی عەففان مارە کرد، بەڵام ئەمیش لە ساڵی نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد و باوکی (پێغەمبەری ئازیز(ﷺ)) نوێژی لەسەر کرد.[4]

خوشکێکی تری هەبوو ناوی فاطیمەی کچی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا بوو، کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و[5] گەورەی ژنانی بەهەشت[6] و دایکی دوو رەیحانە و

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 172.
2 - أسد الغابة، ج7، ص 91.
3 - أسد الغابة، ج7، ص 144.
4 - أسد الغابة، ج7، ص 421.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 19.
6 - صحيح البخاري، الرقم 3446.

خۆشەویستەکەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)،[1] یەکەم کەسی ناو بنەماڵەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە دوای پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد.[2]

سەبارەت بەوەی ئایا کچەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کامیان گەورەتر بوون، یەکدەنگی هەیە کە زەینەب کچە گەورە بووە، دواتر راجیایی هەیە، رایەك دەڵێت فاطیمە کچە بچووك بووە، رایەك دەڵێت: روقییە کچە بچووك بووە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو ئومموکلثوم کچە بچووك بووە.[3]

روقییە هاوسەری کوڕێکی ئەبوو لەهەب بوو کە ناوی عوتبە بوو، ئەمەش پێش ماوەی پێغەمبەرایەتی بوو، بەڵام کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) سروشی بۆ هات و ئەبوولەهەب دژایەتی کرد، فەرمانی کرد بە کوڕەکەی تا روقییە تەڵاق بدات، ئەوکات هێشتا روقییە نەگوازرابوویەوە، ئەوەبوو تەڵاقی دا، دواتر عوثمانی کوڕی عەففان روقییەی بەهاوسەر گرت و لەگەڵیدا خۆشی و ناخۆشیەکانی بەشکرد، پێکەوە کۆچیان کرد بۆ حەبەشەو پێکەوە گەڕانەوەو کۆچیان کرد بۆ مەدینەو لە مەدینەش تا وەفاتی روقییە عوثمان هەر لە لای روقییە بوو.[4]

کاتێك عوثمان و روقییە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەك هەواڵی ئەوانی نەزانی، هەوڵی دەدا هەواڵیان بزانێت، ئەوەبوو ئافرەتێك هات بۆ لای

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3564، صحيح ابن حبان، الرقم 7079، سنن الترمذي، الرقم 3788، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8258، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 5753، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 5606، مسند الطيالسي، الرقم 2025، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2815.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4179، صحيح مسلم، الرقم 4590.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 648.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 648-649.

و هەواڵی عوثمان و روقییەی پێ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (إن عثمان أول من هاجر إلى الله بأهله بعد لوط)،[1] ( عوثمان یەکەم کەسە دوای پێغەمبەر لووط لەپێناو خوادا بە خۆیو ژنیەوە کۆچی کردبێت).

روقییە لە عوثمانی کوڕی عەففان کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا، بەڵام ئەو کوڕەی مرد و ئیتر دوای ئەوە روقییە منداڵی تری نەبوو،[2] عەبدوڵای کوڕی تەمەنی گەیشتبوویە شەش ساڵان کە کەڵەشێرێك دەنووکی دا لە دەموچاوی و مرد.[3]

کۆچی دوایی روقییە:

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوو بۆ غەزای بەدر روقییە نەخۆش بوو، بۆیە عوثمانی کوڕی عەففان لای روقییەی خێزانی مایەوە، ئەو رۆژەی زەیدی نێردراوی پێغەمبەر (ﷺ) بە موژدەوە هاتەوە بەرەو مەدینە تا هەواڵی سەرکەوتنی بەدر بدات، روقییە کۆچی دوایی کرد.[4]

مانەوەی عوثمان لای روقییەو نەچوونی بۆ غەزای بەدر بە فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.[5]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 141.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 648-649.
3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 251.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 649.
5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 347.

کاتێك عوثمان و هاوەڵان سەرقاڵی ئەسپەردەکردنی تەرمی روقییە بوون، عوثمان دەنگێکی الله أکبری بیست، وتی ئەی ئوسامە ئەوە چیە، کە تەماشایان کرد زەیدی کوڕی حارثەیە لەسەر وشترەکەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و هەواڵی شکستی بێباوەڕانی پێیە.[1]

کاتێك روقییە وەفاتی کرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (الحقي بسلفنا عثمان بن مظعون)، (پەیوەست بە بە پێشینمان عوثمانی کوڕی مەظعوون)، پێشتر کە عوثمانی کوڕی مەظعوون وەفاتی کردبوو، ژنەکەی وتی بەهەشتت لێ پیرۆز بێت، پێغەمبەر (ﷺ) بە توورەییەوە تەماشای کرد و فەرمووی: تۆ چووزانیت؟ ئەویش وتی ئەو سوارچاك و هاوەڵی تۆ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەخوا نازانم چی پێ دەکرێت)، ئیتر هاوەڵان ئەوەیان زۆر لەسەر سەخت بوو کە چۆن پێغەمبەر (ﷺ) بۆ عوثمان وای فەرموو، بەڵام کاتێك روقییە مرد و پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی فەرموو ئیتر هاوەڵان تێگەیشتن.[2]

ژنان بۆ مەرگی روقییە دەگریان و عومەری کوڕی خەتتابیش رێگری دەکرد لێیان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: وازبێنە ئەی عومەر، پاشان فەرمووی: (إياكن ونعيق الشيطان، فإنه مهما يكون من العين والقلب فمن الرحمة، وما يكون من اللسان واليد فمن الشيطان)، (خۆدوور بگرن لە قیژەی شەیتان، چونکە تا لە چاو و دڵەوە بێت ئەوە لە رەحم و سۆزەوەیە، ئەوەش لە زمان و دەستەوە بێت ئەوە لە شەیتانەوەیە)، فاطیمەی خوشکی لە کەناری گۆڕی روقییەوە بۆ روقییەی خوشکی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 649.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 8193، مسند الطيالسي، الرقم 2807.

دەگریا، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بە لایەکی جلەکەی فرمێسکی چاوانی فاطیمەی دەسڕی.[1]

لەبەرئەوەی کاتێك روقییە وەفاتی کرد پێغەمبەر (ﷺ) لە بەدر بوو، دیارە ئەو رووداوانە دوای هاتنەوەی بووە لە بەدر.

روکانەی کوڕی عەبدیەزید(رضي الله عنه)

ناوی روکانەی کوڕی عەبدیەزیدی کوڕی هاشمی قوڕەیشیە.[2]

کاتی خۆی ئەم هاوەڵە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) زۆرانی گرت و دوو جار یان سێ جار پێغەمبەر (ﷺ) روکانەی دا بە زەویدا.[3]

کاتێك روکانە لە سەفەرێکەوە هاتەوە بیستی پێغەمبەر (ﷺ) بانگەوازی پێغەمبەرایەتی کردووە، ئەویش بەوە نارازی بوو، ئەوەبوو لە نزیك شاخێکی مەککەدا گەیشت بە پێغەمبەر (ﷺ)، روکانە وتی برازا بیستوومە شتێکی وات باس کردووە، جا وەرە با زۆرانبازی بکەین، ئەگەر منت دا بە زەویدا، ئەوە دان بەوەدا دەنێم کە راستگۆیت، ئەوەبوو زۆرانبازییان کرد و پێغەمبەر (ﷺ) روکانەی دا بە زەویدا.[4]

1 - مسند الطيالسي، الرقم 2807، قال الذهبي هذا منكر.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 497.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 281.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 497.

ئەم هاوەڵە لە کاتی فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو،[1] رایەکیش دەڵێت: بەڵکو راستەوخۆ دوای ئەو زۆرانبازیە موسڵمان بووە.[2]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دەستکەوتەکاندا برِی پەنجا کۆڵ خورمای برِیەوە بۆ روکانە.[3]

روکانە دواتر چوو بۆ مەدینە، لەوێ ژنەکەی تەڵاق دا کە ناوی سوهەیمەی کچی عوەیمیر بوو.[4]

روکانە دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ژنەکەم بە یەکجارەکی تەڵاق دا، چووم لەو بارەوە پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، فەرمووی: مەبەستت بەوە چی بوو؟ وتم مەبەستم یەك تەڵاق بوو، فەرمووی تۆخوا؟ وتم بەخوا، فەرمووی دەی بەپێی نیازەکەتە،[5] ئەوەبوو روکانە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەردەمی عومەری کورِی خەططابدا بۆ جاری دووەم ژنەکەی تەڵاق دا، لە سەردەمی عوثمانی کورِی عەففانیشدا بۆ جاری سێیەم تەڵاقی دا.[6]

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 281.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 497.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 497.

4 - أسد الغابة، ج2، ص 281.

5 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2739.

6 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2740، سنن أبي داود، الرقم 1899، ضعفه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2206.

## رومەیثەی کچی عەمر (رضي الله عنها)

ناوی رومەیثەی کچی عەمری کوڕی هاشمە، ئەم ئافرەتە موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

رومەیثە دەڵێت جارێك لای عائیشە بووم، بۆ بەیانیەکەی هەستا و خۆی شۆرد و دواتر چوویە ژوورێکەوەو دەرگای داخست، منیش وتم ئەی دایکی باوەڕداران تەنها لەبەر ئەم کاتە ئەمشەو لات مامەوە، ئەویش وتی وەرە ژوورەوە، منیش چوومە ژوورەوە، عائیشەم بینی هەشت رکات نوێژی کرد، نازانم وەستانەکەی زیاتر بوو یان چەمینەوەو کڕنووشەکەی، دواتر لای کردەوە بەلامدا و دای بەسەر رانمداو وتی ئەی رومەیثە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینیوە ئەم نوێژەی دەکرد، ئەگەر باوکم لە گۆڕەکەی بێتە دەرەوە بەو مەرجەی واز لەم نوێژە بهێنم وازی لێ ناهێنم.[2]

## رومەیثەی ئەنصاری (رضي الله عنها)

ناوی رومەیثەیەو لە پشتیوانانە، دایەگەورەی عاصمی کوڕی عومەرە، رومەیثە فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوەو دەڵێت: جارێك هێندە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نزیك بووم کە ئەگەر بمویستایە دەمتوانی نیشانەی نێوان دوو شانی ماچ بکەم، بیستم ئەو رۆژەی سەعدی کوڕی موعاذ وەفاتی کرد فەرمووی: عەرشی خوای گەورە بۆی لەریەوە.[3]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 654.

2 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 477.

3 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 26202، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20540، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

روميصاء (رضي الله عنها)

ئەم هاوەڵە ناوی رومەیصائە، جیایە لە رومەیصائی دایکی ئەنەس، جارێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و سکاڵای لە مێردەکەی کرد و وتی مێردەکەم نایەتە لام، ئەوەبوو مێردەکەی هات، مێردەکەی وتی ئەم ژنە راست ناکات، ئەم حەز دەکات بگەڕێتەوە بۆ لای مێردی پێشووی، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (ليس لك ذلك حتى يذوق عسيلتك رجل غيره)،[1] (ئەوەت بۆ نیە تا پیاوێکی تر جگە لە پیاوە کۆنەکەت تامی هەنگوینت نەکات)، واتە مەبەستی ئەوەبوو تا شوو نەکات بە پیاوێکی تر و سەرجێی لەگەڵ نەکات.

روميصائى كچى ميلحان (رضي الله عنها)

ناوی رومەیصائە، بە گێڕانەوەی تریش هاتووە ناوی غومەیصائە، کچی میلحانە، هاوسەری ئەبووطەلحەیە، دایکی ئەنەسە، بە ئوممومسولەیم ناسراوە.[2]

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویت: : (چوومە بەهەشتەوەو خشەخشێکم بیست، وتم ئەوە کێیە؟ وتیان رومەیصائی کچی میلحانە).[3]

هەمان گێڕانەوە لە صەحیح موسلیمدا هاتووە بەڵام بە غومەیصا ناوی هاتووە.[4]

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1767، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 656.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7297، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3409، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 21201، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13252، صححه شعيب الأرناؤوط.

4 - صحيح مسلم، الرقم 4598، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 11722،

## ریاحی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

**ناوی ریاحی کوڕی حارثی تەمیمیە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و یەکێکە لە ئەندامانی وەفدی بەنی تەمیم کە هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).**[1]

## ریعیەی سوحەیمی (رضي الله عنه)

**ناوی ریعیەی سوحەیمیە، چوویە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش نامەیەکی بۆ نووسی.**

**ریعیە کە چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی، ریعیەش نامەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) برد و کونێکی سەتڵەکەی پێ گرت، پاش ماوەیەك پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی نارد و سریەکە ژن و منالّ و کەلوپەلی ریعیەیان برد، ریعیە بە بێ جل و بە رووتی بەسەر ئەسپەکەیەوە هات و هات بۆ لای کچەکەی کە شووی کردبوو بە کوڕێکی بەنی هیلال، ئەوان پێشتر موسڵمان بووبوون و ئەو ئافرەتەش لەگەڵیان موسڵمان بووبوو، کە چوو بۆ لای کچەکەی بینی لە سووچی ماڵەکەیەوە دانیشتووە، کە کچەکەی باوکی بینی خێرا جلێکی دا بە سەریدا و وتی چیتە؟ ئەویش وتی هەرچی خراپ بێت ئەوەمە، هیچیان بۆ نەهێشتوومەتەوە، ریعیە وتی ئەی پیاوەکەت کوا؟ وتی لەناو رانە وشترەکاندایە، خێرا چوو و هەواڵی پێدا، هەرچەند ویستی شمەك بدات بە ریعیە بەڵام ئەو وتی تەنها**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 502.

کونەیەك ئاو و برێ خواردنی رێبوارم بدەنێ تا بچمە لای موحەممەد تا ماڵ و سامان و ژن و منداڵەکەی دابەش نەکردوم، ئەوەبوو کەوتەرێ و جلێکی لەبەردا بوو کە ئەگەر سەری داپۆشیایە قنگی دەردەکەوت و ئەگەریش خوارووی داپۆشیایە سەری دەردەکەوت، چوو تا بە شەو گەیشتە مەدینە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بەیانی کرد ریعیە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستت بکەرەوە تا بەیعەتت پێ بدەم، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کردەوە، کە ریعیە دەستی برد پێغەمبەر (ﷺ) دەستی قوچی، ریعیە وتی ئەی  پێغەمبەر (ﷺ) دەستت بکەرەوە تا بەیعەتت پێ بدەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:  تۆ کێیت؟ وتی من ریعیەی سوحەیمیم، پێغەمبەر (ﷺ) باسکی گرت و بەرزی کردەوەو فەرمووی:  ئەی خەڵکینە ئەمە ئەو ریعیەیە کە من نامەم بۆ نووسی و ئەویش بە نامەکەم کونی سەتڵەکەی گرت، پاشان ریعیە وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ژن و منالْ و سامانەکەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سامانەکەت لەنێو موسڵماناندا دابەش کرا، بەڵام بۆ ژن و منداڵەکانت برۆ بزانە کامیانت دەست دەکەوێتەوە) ریعیەش چوو سەیری کرد کوڕێکی لە لایەکەوە وەستاوە، چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەوە منداڵی منە، پێغەمبەر (ﷺ) بیلالی لەگەڵ نارد و فەرمووی:  لەگەڵی برۆ و پرسیار لێ بکە ئایا ئەوە باوکتە؟ ئەگەر وتی بەڵێ ئەوە بیدەرەوە پێی، بیلال چوو و پرسیاری لێکرد ئایا ئەوە باوکتە؟ منداڵەکەش وتی بەڵێ، بۆیە منداڵەکەی دایەوە بە ریعیە، ئینجا بیلال چوویەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی بەخوا نەمدی هیچکامیان هاوسۆزی بنوێنن بۆ ئەوی تریان، پێغەمبەر

(ﷺ) فەرمووی: (ذلك جفاء العرب)،[1] (ئەوە جەفا و هەست ساردی عەرەبە)، لە گێڕانەوەکەی ئەحمەددا هاتووە(ئەوە جەفای ئەعرابیەکانە).

## ریفاعەی قورەظی (رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی سموئالی قورەظیە، بەسەرهاتی لە فەرموودەیەکدا هاتووە.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: ژنەکەی ریفاعەی قورەظی هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ریفاعە منی تەڵاق داوە، تەڵاقەکەشی وایە کە گەڕانەوەی تێدا نیە، دوای ئەوە من شووم کردووە بە عەبدوڕەحمانی کوڕی زوبەیر، بەڵام ئەوەی چێژ و خۆشی بێت لەم پیاوە نایبینم،[3] پێغەمبەریش (ﷺ) کە قسەکانی ئەو ژنەی بیست زەردەخەنەیەکی کرد،[4] پاشان فەرمووی: (لعلك تريدين ترجعي إلى رفاعة؟ لا حتى يذوق عسيلتك و تذوقي عسيلته)،[5] (لەوانەیە مەبەستت ئەوە بێت بتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ لای ریفاعە، نا شتی وانیە تا ئەوەی دەبێت تۆ و عەبدوڕەحمان تامی هەنگوینی یەکدی بکەن–واتە تا جیماع لەنێوانتاندا روودەدات–)، لەو کاتەدا ئەبووبەکریش لای پێغەمبەر (ﷺ)

---

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 35957، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21869، قال شعيب الأرناؤوط رجاله ثقات رجال الشيخين لكنه منقطع.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 491.

3 - صحيح البخاري، الرقم 4962.

4 - صحيح مسلم، الرقم 2665.

5 - صحيح البخاري، الرقم 4962،

بوو و خالیدی کوڕی سەعیدیش لەبەردەرگا بوو چاوەڕێ بوو مۆڵەتی پێ بدرێت بچێتە ژوورەوە، خالید هاواری کرد ئەی ئەبووبەکر گوێت لەو ژنە نیە لای پێغەمبەر (ﷺ) چی باس دەکات؟![1]

ئەم فەرموودەیە مەسەلەیەکی زۆر وردی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی باس کردووە کە ئەویش گەڕانەوەی پاش تەڵاقە، چونکە نەریتێکی ناشیرین و دزێو لە کۆمەڵگەدا هەیە کە بریتیە لە مارەبەجاش، ئەویش ئەوەیە کە بیانەوێت ئافرەتێك بگێڕنەوە بۆ پیاوێك کە تەڵاقی تەواوەتی داوە، دەچن مارەی دەکەن لە کەسێك تا ئەوەندەی مارەی دەکات و پێی تەڵاق دەدەنەوە بۆ ئەوەی ئیتر مارەی بکەنەوە لە کەسی پێشوو، ئەمەش نارەواو حەرامە، وەك لە فەرموودەکەشدا هاتووە تا جیماع لەنێوان ئەو ژن و مێردە نوێیەدا نەبێت دروست نیە ئەو ئافرەتە تەڵاق وەربگرێت، هەروەها نابێت ئەو ئافرەتە بە مەبەستی تەڵاق وەرگرتنەوە ئەو شووە بکات یان پیاوەکە بەو نیازە مارەی بکات، ئەوەش رای هەرە زۆرینەی زانایانە، تەنها بە نموونە چەند رایەکی دەگمەن هەن لەو بوارەوە وەك رایەکی سەعیدی کوڕی موسەیب هەیە کە دەڵێت: ئەگەر پیاوی دووەم ئەو ئافرەتەی بە شێوەیەکی دروست و بێ فێڵ مارە کرد و مەبەستی بەو مارەکردنە حەڵاڵ کردنەوەی ئەو ژنە نەبێت بۆ هاوسەرگیری لە پیاوی یەکەم (مارەبەجاش) ئەوە کێشە نابێت کە –پێش چوونەلای ئافرەتەکە– ئافرەتەکە تەڵاق وەربگرێت و پیاوی یەکەم بەهاوسەری بگرێتەوە.[2]

1 - صحيح مسلم، الرقم 2665.

2 - فتح الباري، ج9، ص 467.

ئەم مەسەلەیە لێرەدا بە دوورودرێژی باس ناکرێت و پێویستە خوێنەر بە وردی لە کتێبەکانی فیقهدا ئەو بابەتە رووماڵ بکات تا وردەکاری را جیاوازەکان وەربگرێت و رای دروست لەو بارەیەوە بەدەست بخات.

مەسەلەیەکی تر لەم بوارەدا کە بە پەندو وانە دەگیرێت بریتیە لە کراوەیی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ کێشەکاندا کە چۆن هەم کێشەکەی بە ئاسایی گرتووە ئافرەتێك ئەوەی لا باس بکات و بە روونی و بە تەواوی ریزیشەوە چارەسەری کۆتایی پیٚ دەڵێت:، هەم ئەوەی لای هاوەڵێکی وەك خالید سەخت بووە لای پێغەمبەر (ﷺ) ئاسایی بووە، خۆ دەکرا پێغەمبەر (ﷺ) یەکێك لە خێزانەکانی رابسپێرێت تا هەر ئافرەتێك کێشەیەکی هەبوو بروات ئەو خێزانەی تێبگەیەنێت و ئەویش بیگەیەنێت بە پێغەمبەر (ﷺ) و دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەتوای بۆ بدایە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بە باشتر زانیوە راستەوخۆ ئافرەتەکان بێن کێشەکانیان بخەنەروو تا ئەگەر مەسەلەکان پەیوەست بن بەو بابەتانەوە کە جۆرێك لە شەرمی تەواوەتییان تێدایە وەك کێشە جنسیەکانیش، هاوکات بە تەواوی شەرم و بیٚ بەزاندنی سنوور وەڵامی تەواویشی بەخشیوە پێیان.

ریفاعەی کچی ثابت (رضي اله عنها)

ناوی ریفاعەی کچی ثابتی کوڕی فاکیهە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 645.

ریفاعەی کوڕی رافیع(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی رافیعی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە زروقیەکان، کونیەکەی ئەبوو موعاذە، دایکی ناوی ئوممومالیکی کچی ئوبەی کوڕی سەلوولە.[1]

ریفاعە یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، هاودەم بە باوکی لە بەیعەتی عەقەبە و بەدریشدا بەشداری کرد، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کردووە.[2]

ریفاعە ژنێکی هەبوو بە ناوی ئوم عەبدوڕەحمان کە لەم ژنەی کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڕەحمان، کوڕێکی تری هەبوو لە ئوم وەلەدێك کە ناوی کوڕەکەی عوبەید بوو، کوڕێکی تری ناوی موعاذ بوو کە دایکی ناوی سەلما بوو، هەریەك لە عوبەیدولاّ و نوعمان و رەملە و بوثەینەو ئوم سەعد کە منداڵی بوون لە ژنێکی بوون بە ناوی ئوم عەبدولاّی کچی فاکیه، ئوم سەعدی صوغراشی لە ئوم وەلەدێك بوو.[3]

ریفاعە برایەکی هەبوو بە ناوی خەللاد، برایەکی تری ناوی مالیك بوو، هەریەك لە خەللاد و ریفاعە لە غەزای بەدردا بەشدار بوون.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 489.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 489.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 596.
4 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 660.

بە پێی گێڕانەوەیەك كە هاتووە ریفاعەی كوڕی رافیع لە عەقەبە بەشدار نەبوو بەڵام لە بەدردا بەشداربوو، ئیتر ریفاعە دەیوت لەبری بەشدار نەبوونم لە عەقەبە بە بەشداربوونم لە بەدر قەرەبووم كردەوە.[1]

بەڵام ئیبن كەثیر دەڵێت: لە هەریەك لە عەقەبە و بەدریشدا بەشدار بووە.[2]

ریفاعە دەڵێت: لە رافیعی باوكمم بیست دەیگێڕایەوە جبریل (علیه السلام) هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و پێی فەرموو (بەشداربوانی بەدر لەنێوتاندا چۆن سەیر ئەكەن؟)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لە بە فەزلترینی موسڵمانانن) یان شتێكی لەو چەشنە، جبریلیش فەرمووی (بۆ فریشتە بەشداربووەكانی بەدریش هەر وایە).[3]

ریفاعە دەڵێت: رۆژێك لە دوای پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نوێژمان دەكرد كە لە ركوع هەستایەوە فەرمووی: سمع الله لمن حمده، كابرایەك لە دواوە وتی (ربنا و لك الحمد حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه) كە لە نوێژ تەواو بووین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی كێ بوو ئەوەی وت، كابرا وتی من بووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (رأيت بضعة وثلاثين ملكا يبتدرونها أيهم يكتبها أول)،[4] (سی و ئەوەندە فریشتەم بینی شانەخڕێیان بوو تا بزانن كامیان یەكەمجار دەینووسن).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 444.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 22.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4325.

4 - صحيح البخاري، الرقم 778، صحيح ابن حبانن الرقم 1934، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18601، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4400.

ریفاعە دەڵێت: رۆژێك لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووین لە مزگەوت کە کابرایەکی دەشتەکی هات و نوێژێکی بە پەلەی کرد و سەلامی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی دایەوەو فەرمووی: (بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکە چونکە تۆ نوێژت نەکرد)، کابرا گەڕایەوەو نوێژەکەی کردەوەو هەمدی هاتەوەو سەلامی کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش وەڵامی دایەوەو هەمان شتی پیێ فەرموو، کابرا دووبارە چوویەوە، چەند جارێك ئەوە روویدا، خەڵکی ترسان و مەسەلەکەیان لا سەخت بوو و وایانزانی هەرکەس نوێژەکەی کورت بێت نوێژەکەی دروست نەبێت، دواجار کابرا وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژم فێر بکە چونکە منیش مرۆڤێکم و راست و هەڵەشم هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ، کە هەستایت بۆ نوێژ دەست نوێژ بگرە وەك ئەوەی خوا فەرمانی پێکردویت، دواتر شایەتومان بهێنە، دواتر هەستەو الله اکبر بکە، ئەگەر قورئانت لەبەر بوو بیخوێنە، ئەگەرنا ستایشی خوا بکەو الله اکبر و لا اله الا الله بڵێ، دواتر بچەمێرەوەو تیایدا ئارام بگرە، دواتر رێك راست بەرەوە، دواتر بە رێکی سوجدە بەرە، دواتر دابنیشەو تیایدا ئارام بگرە، دواتر هەستە، ئەگەر ئەوەت کرد ئەوە نوێژەکەت دروستە، ئەگەر شتێك لەوەت کەم کرد ئەوە نوێژەکەت کەموکورتی تێدایە).[1]

ریفاعە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا لە جەنگی جەمەل و صفینیشدا بەشدار بوو، دواجار لە ساڵی چل و یەك یان چل و دووی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 524، سنن الترمذي، الرقم 284، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 302.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 489.

ریفاعەی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی زەیدی کوڕی عمره، له پشتیوانانه، مامی قەتادەی کوڕی نوعمانه.[1]

قەتادەی کوڕی نوعمان دەڵێت: ماڵێك هەبوون ناسرابوون به بەنو ئوبەیرق، بەنی ئوبەیرق بریتی بوون له بیشر و بەشیر و موبەشیر، بەشیر کەسێکی دووڕوو بوو و شیعری دژ به هاوەڵان دەوت و دواتر شیعرەکەی دەدایەوە پاڵ کەسێکی تر، زۆر دەستڕۆیش نەبوون و هەژار بوون، ...رەفاعەی کوڕی زەید که مامی قەتادە بوو له کاروانێکی شام برێ خواردنی کڕی و لەناو گۆزەیەکدا داینا و برێ چەکیشی لەگەڵدا بوو، شەو خواردنو چەکەکان برابوون، بۆ بەیانی رفاعه هاتو و وتی برازاکەم ئەمشەو شتەکانمان براون، دوای پرسیارکردن وتیان بینیمان ئەمشەو بەنی ئوبەیرق ئاگریان کردبوویەوەو وادەزانین خواردنەکەی ئێوەیان بردبوو، بەنوئوبەیرق وتیان بەخوا ئێمه لوبەیدی کوڕی سەهل شك ئەبەین که پیاوچاك و ئیماندار بێت، با مەسەلەکه ببەینەوە لای ئەو، چونکه گومان بەو نابرێت، لوبەید که ئەوەی بیست شمشێری هەڵکردو وتی من دزی بکەم؟ بەخوا دەبێت ئەو دزه دەربکەوێت یان ئەم شمشێره خوێنتان تێکەڵ دەکات، ئەوانیش بێباکی خۆیان نیشان دا، دواتر رفاعه به قەتادەی وت برازا برۆ بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش چوو و بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە که دزی له رەفاعەی مامی کراوە، وتی ئەی پێغەمبەری خوا گوێمان له خواردنەکه نیه، بەڵام با چەکەکانمان بۆ بگێڕنەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی فەرمان دەکەم بەوە، کاتێ بەنو ئوبەیرق ئەوەیان بیست چوون بۆ لای کەسێك که

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 490.

ناسرابوو بە ئوسەیدی کوڕی عوروە (ئوسەیری کوڕی عوروە)، لەوبارەیەوە قسەیان لەگەڵ کرد و چەند کەسێ لەسەر ئەوە رێککەوتن و چوون بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتیان ئەی پێغەمبەری خوا قەتادە و رفاعەی مامی کەسێکی ئێمەیان تۆمەتبار کردووە کە پیاوچاك و باوەڕدارەو بێ بەڵگە تۆمەتی دزی دەدەنە پاڵ، قەتادە چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و ئەویش پێی فەرموو رووت کردوەتە کەسیانك کە باسی چاکەو باوەڕدارییان دەکرێت، تۆمەتی دزییان دەدەیتە پاڵ بێ هیچ بەڵگەیەك، قەتادە گەڕایەوەو وتی خۆزگە برێ لە سامانم بفەوتایە بەڵام لای پێغەمبەر (ﷺ) قسەم نەکردایە، رەفاعەی مامی هات و وتی برازا چیت کرد، ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، رفاعە وتی خواپشت و پەنایە، ئەوەبوو هێندەی نەبرد ئایەت دابەزی (إنا أنزلنا إليك الكتاب بالحق لتحكم بين الناس بما أراك الله ولا تكن للخائنين خصيما....)، دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) چەکەکەی لەوانە سەندەوەو گەڕاندیەوە بۆ رفاعە.[1]

ریفاعەی کوڕی زەیدی جوذامی (رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی زەیدی جوذامیە، لە کاتی رێککەوتنی حودەیبیەدا و پێش فەتحی خەیبەر هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، موسڵمانبوونەکەشی زۆر بە چاکی بوو.[2]

1 - تفسير ابن كثير: ج1، ص553، سنن الترمذي، الرقم 3045، المستدرك على الصحيحين، الرقم 8235، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15756، تأريخ المدينة لابن شبة، الرقم 715، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3036.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 490.

ریفاعە خزمەتکارێکیشی پێشکەشی پێغەمبەر (ﷺ) کرد، کۆیلەیەکی رەش بوو کە پێی دەوترا میدعەم، ئەو جڵەوی وڵاخەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەگرت، لە سەروبەندی غەزای خەیبەردا کە گەیشتنە وادیلقورا و گەیشتنە لای جوولەکە، میدعەم بارو شمەکەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) داگرت،[1] لەو کاتەدا تیرێکی وێڵ هات و میدعەمی کوشت، هەموان وتیان خۆزگە بە خۆی بەهەشتی بەدەست هێنا، کەچی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نەخێر سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە ئێستا بەرگەکەی بەری لە دۆزەخدا پێوەیەوە دەسووتێت چونکە لە دەستکەوتی موسڵمانان لە رۆژی خەیبەردا ناپاکی نواند.[2]

کاتێك ریفاعە موسڵمان بوو مۆڵەتی لە پێغەمبەر (ﷺ) وەرگرت و چەند رۆژێك لە مەدینە مایەوە تا فێری قورئان خوێندن بێت، دواتر داوای کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تا نامەیەکی بۆ بنووسێت بۆ هۆزەکەی تا بانگیان بکات بۆ ئیسلام،[3] پێغەمبەری خوایش (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی کە تیایدا هاتبوو:

(بسم الله الرحمن الرحيم هذا كتاب من محمد رسول الله لرفاعة بن زيد إني بعثته إلى قومه عامة ومن دخل فيهم يدعوهم إلى الله وإلى رسوله فمن أقبل ففي حزب الله ومن أدبر فله أمان شهرين)[4]

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1616.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4292، صححه الذهبي في التلخيص و قال على شرط مسلم.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 435.

4 - أسد الغابة، ج2، ص 271.

(بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئەمە نامەیەکە لە موحەممەدی پێغەمبەی خواوە(ﷺ) بۆ ریفاعەی کوڕی زەید، من ئەوم ناردووە بۆ هەموو هۆزەکەی و ئەوانەی لەناویاندان، تا بانگیان بکات بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی، جا هەرکەس هات بەدەم بانگەوازەکەوە ئەوە لە حیزب و دەستەی خوادایە، هەرکەسیش پشتی کردە بانگەوازەکە ئەوە پەنای دوو مانگی هەیە).

ئەوەبوو ریفاعە گەڕایەوە ناو هۆزەکەی خۆی و هاودەم بە خۆی نامەکەی هەڵگرت و کەوتە بانگەواز کردن لە ناو هۆزەکەیدا تا بەرەو ئیسلام بانگهێشتیان بکات، هۆزەکەشی خێرا هاتن بە دەم بانگەوازەکەیەوەو موسڵمان بوون، پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی کوڕی حارثەی ناردبوو بۆ ناوچەکەی ئەوان، کەچی زەید کەوتبوویە کوشتنی پیاوانیان و بەدیل گرتنی ژن و منداڵیان، بۆیە ریفاعە هاودەم بە ئەندامانی هۆزەکەی کە چەند کەسێك بوون هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و نامەکەی پێغەمبەری خوایشی (ﷺ) پێ بوو، ئینجا نامەکەی خوێندەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵی پێدا کە زەید چی کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی چی بکەم بۆ کوژراوەکان؟ ئەبوویەزید کە ئەندامێکی وەفدەکە بوو وتی ئەوانەی زیندوو ماون ئازادیان بکەو هەرکامیشیان مردووە ئێمە دەستبەردای دەبین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەبوویەزید راست دەکات، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ لای زەید و ئەویش ئەوەی دیل بوو ئازادی کرد و چییان برابوو بۆی گێڕانەوە.[1]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 435.

ریفاعەی کوڕی عەبدولمونذیر (رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی عەبدولمونذیری کوڕی ریفاعەی کوڕی زەنبەرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، برایەکی هەبوو بە ناوی ئەبوولوبابە کە هاوەڵێکی ناسراوە، برایەکی تریشی هەبوو بە ناوی موبەشیر، هەرچەندە رایەك دەڵێت: ریفاعە ناوی لوبابە بووە، بەڵام راستتر ئەوەیە کە ریفاعە برای بووە.[1]

دایکی ریفاعە ناوی نوسەیبەی کچی زەیدە.[2]

ریفاعە پێشوازیەکی گەرمی کۆچەرانی دەکرد، هەریەك لە عومەری کوڕی خەططاب و زەیدی برایشی کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە لای ریفاعە دابەزین و لەوێ مانەوە،[3] هەروەها عەمر و عەبدوڵای کوڕانی سوراقە لە کاتی کۆچکردنیان بۆ مەدینە لە قوبائدا لەلای ریفاعە لایاندا و بڕێك لای ئەو مانەوە،[4] هاوکات کاتێك سەعیدی کوڕی زەید کۆچی کرد بۆ مەدینە لای ریفاعە دابەزی و ماوەیەك لەوێ مایەوە،[5] هەوەها هەریەك لە عاقل و خالید و عامر و ئیاسی کوڕانی ئەبولبکیر هاودەم بە ژنەکانیان کە کۆچیان کرد لای ریفاعە دابەزین و لەوێ مانەوە،[6] واقیدی کوڕی عەبدوڵاش کە کۆچی کرد لای ریفاعە دابەزی و لەوێ مایەوە،[7] خونەیسی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 492.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 456.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 173.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 385.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 382.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 388.
7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 390.

کوڕی حوذافەش لە کاتی کۆچکردنیدا لای ریفاعە دابەزی و لەوێ مایەوە،[1] حاطیبی کوڕی عەمریش بە هەمان شێوە.[2]

ریفاعە یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، دواتریش هاودەم بە دوو براکەی تری خۆیان ئامادە کرد بۆ غەزای بەدر، ئەوەبوو ئەبوولوبابە بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری نەکرد و گەڕایەوە، بەڵام هەریەك لە موبەشیر و ریفاعە تیایدا بەشدارییان کرد، موبەشیر لە جەنگەکەدا شەهید بوو و ریفاعە بە سەلامەتی مایەوە.

ئیبن سەعد دەڵێت: رافیع لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو،[3] رایەکی تر دەڵێت ریفاعە لە غەزای خەیبەردا شەهید بوو.[4]

## ریفاعەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی عەمری کوڕی زەیدی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبولوەلیدە.[5]

دایکی ناوی ئومموریفاعەی کوڕی قەیسە.[6]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 392.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 405.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 456.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 492.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 493.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 544.

ریفاعە یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، هەروەها لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشدار بوو و لە ئوحوددا شەهید بوو.[1]

ریفاعەی کوڕی عەمری کوڕی نەوفەل(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی عەمری کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبدوڵایە، لە پشتیوانانە، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشدار بوو و لە ئوحوددا شەهید بوو.[2]

ریفاعەی کوڕی عورابە(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی عورابەی جوهەنیە، ریفاعە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککەوە دەرچووین، خەڵکانێ هاتبوون لای پێغەمبەر (ﷺ) داوای مۆڵەتیان دەکرد، ئەویش مۆڵەتی دەدا پێیان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی (ئەوە چیە لای ئەو درەختەی پاڵ پێغەمبەر (ﷺ) لاتان بێزراوترە لەو لایەی تری؟) ئیتر خەڵکەکە هەموو دەستیان کرد بە گریان، ئەبووبەکر هەستا و وتی ئەوەی لەم ساتەوە بەدوا داوای مۆڵەتت لێ بکات من بە گەمژە تەماشای دەکەم، پێغەمبەریش (ﷺ) هەستا و پاش سوپاس و ستایشی خوای گەورە فەرمووی: (والذي نفسي بيده، أشهد عند الله ما منكم من أحد يؤمن بالله ثم يسدد إلا سلك به في الجنة، ولقد وعدني ربي أن يدخل من أمتي الجنة سبعين ألفا بغير حساب ولا عذاب)، (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە لای خوا شایەتی دەدەم هەرکام لە ئێوە باوەڕ بە خوا

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 544.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 494.

بهێنێت و دواتر ڕێك ڕێ بگرێتەبەر ئەوە بەرەو بەهەشتی دەبات، پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم حەفتا هەزار کەس لە ئوممەتەکەم بەبێ حیساب و سزادان بخاتە بەهەشتەوە...)، پاشان فەرمووی: (إذا مضى شطر الليل أو ثلثاه، ينزل الله تبارك وتعالى إلى السماء الدنيا فيقول لا أسأل عن عبادي غيري، من ذا الذي يسألني فأعطيه، من ذا الذي يستغفرني فأغفر له، من ذا الذي يدعوني فأستجيب له، حتى ينفجر الصبح)،[1] (کاتێك نیوە یان دوو لە سێ بەشی شەو چوو، خوای گەورە دادەبەزێتە ئاسمانی دنیا و دەفەرمویت: : بەندەکانم جگە لە من داوا لە کەس نەکەن، هەرکەس داواکاری هەیە لێم با پێی ببەخشم، هەرکەس داوای لێخۆشبوونم لێ دەکات با لێی خۆش بم، کێ نزای هەیە لێم با نزاکەی وەڵام بدەمەوە، ئەمە بەردەوام دەبێت تا بەری بەیان دێت).

## ریفاعەی کوڕی مەسرووح(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی مەسرووحی ئەسەدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر و تیایدا شەهید بوو.[2]

## ریفاعەی کوڕی موبەشیر (رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی موبەشیرە، لە پشتیوانانە، هاودەم بە باوکی یەکێك بووە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[3]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 212، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15891، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4422، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 494.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 494.

ریفاعەی کوڕی وەقش (رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی وەقشی کوڕی زەغبەیە، لە پشتیوانانە، ریفاعە برایەکی هەبوو بە ناوی ثابت کە هاودەم بە یەکدی بەشداری غەزای ئوحود بوون، جا هەردووکیان لە غەزای ئوحوددا شەهید بوون، ریفاعە بە دەستی خالیدی کوڕی وەلید شەهید بوو.[1]

ریفاعەی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی ئەوسە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[2]

ریئابی کوڕی حونەیف(رضي الله عنه)

ناوی ریئابی کوڕی حونەیفی کوڕی ریئابە، لە پشتیوانانە.[3]

حونەیفی باوکیشی یەکێك بوو لە هاوەڵان و لە غەزای ئوحودو غەزاکانی تریشدا بەشدار بوو.[4]

ریئاب یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزاکاندا بەشدار بوو و لە ڕووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[5]

1 - أسد الغابة، ج2، ص 277.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 489.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 502.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 139.
5 - أسد الغابة، ج2، ص 288.

ریئابی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

**ناوی ریئابی کوڕی عەمری کوڕی عەوفە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[1]**

زارعی کوڕی عامر (رضي الله عنه)

**ناوی زارعی کوڕی عامر یان عەمری عەبدیە، وەك ئەندامێکی وەفد لەگەڵ ئەشەججی عەصری هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).[2]**

زاهیری کوڕی حەڕام (رضي الله عنه)

**ناوی زاهیری کوڕی حەڕامی ئەشجەعیە، بۆچونێ دەڵێت لە غەزای بەدردا بەشدار بووە، بەڵام راکە پشت ڕاست نیە.[3]**

**ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: پیاوێکی لادێکانی دەوروبەری مەدینە کە پێی دەوترا زاهیری کوڕی حەرام دیاری بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەهێنا، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) کە بیویستایە بچێتە دەرەوە ئامادەکاری بۆ دەکرد، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو (إن زاهر بادينا و نحن حاضروه)، (زاهیر کاری دەرەوەی شاری ئێمە دەکات و ئێمەش کاری ناوشاری دەکەین)، جارێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هات بۆ لای زاهیر، لەو کاتەدا زاهیر شمەکەکانی دەفرۆشت، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە پشتەوە دەستی لە مل کرد و چاوەکانی**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 502.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 546.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 546.

گرت، زاهیر وتی بەرمبدە، ئەوە کێیە؟ لایکردەوە، کە زانی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) پشتی خۆی دەنووسان بە سنگی پێغەمبەری خواوە (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو:(کێ ئەم کۆیلەیە دەکڕێت؟) زاهیریش دەیوت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندە بە کەمنرخم دادەنێیت؟ پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو:(بەڵام تۆ لای خوا کەمنرخ نیت)، یان دەیفەرموو: (بەڵکو تۆ لای خوا گرانبەهایت).[1]

زاهیر کابرایەك بوو باڵای کورت و شێوەی ناشیرین بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) زۆر ئەوی خۆشدەویست.[2]

پەندو وانە

ئەمە لە لایەکەوە نیشانەو ئاماژەیەکی روونی خاکی بوونی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) کاتێك دەبینین سەرۆکی دەوڵەتێکەو پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، کەچی لەگەڵ هاوڵاتیەکی سادەدا گاڵتەو بزەبەخشی هەیە، ئەمە سەرمەشقێکی گەورەیە بۆ ئەوانەی کە جۆرێك لە پۆستی سیاسی یان ماددی یان کۆمەڵایەتییان هەیەو خۆیان لە ژیانی ئاسایی خەڵك و تێکەڵی کردنیان دوور گرتووە.

پێغەمبەر (ﷺ) رەچاوی حاڵی تایبەت و سادەیی ژیانی گوند و کەنار لە شاری کردووەو بە هەمان شێوەی ئەوان هەڵسوکەوتی نواندووە، هەڵسوکەوتێکی سادە، بەڵام بەخشینی سۆزێکی گەورە.

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 5869، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12399، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3360، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 19689، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - جامع معمر بن راشد، الرقم 286.

شێوەو روخسار بنەما نیە بۆ ئاستی مرۆڤەکان لای خوا وبەندەکانیشی، ئەوەتا زاهیر هەم باڵای کورت بووەو هەم شێوەشی ناشیرین بووە، کەچی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر زۆر خۆشی دەوێتو راشکاوانەش رایدەگەیەنێت کە زاهیر لای خوای گەورە زۆر گرانبەها و بەبەهایە.

بزەبەخشی و کەیف و رووخۆشیەك کە سنووربەزێنی تێدا نەبێت نەك تەنها ئەوەی تاوان و گوناه نیە، بەڵکو سوننەتی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) وەك بزەبەخشیەك ئەمەی لەگەڵ هاوەڵێکی خۆیدا کرد، لە گەرمەی سەرقاڵی ئابووری زاهیردا، لەناو جەرگەی بازاڕدا، کاتێك خەڵکی لە دەوری ئەودان و قەرەباڵغیە، پێغەمبەر (ﷺ) لەو کاتەدا لە پشتەوە بە دەستە پیرۆزەکانی چاوەکانی دەگرێت و بەو خەڵکەش دەفەرمویت: : کێ ئەم بەندەیە دەکڕێت؟

زاهیری کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

ناوی زاهیری کوڕی ئەسوەدی کوڕی حەججاجە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان،[1] دواتریش لە غەزای خەیبەردا بەشدار بوو.[2]

دواتر لە کووفە نیشتەجێ بووە، لە سەردەمی خیلافەتی عوشمانی کوڕی عەففاندا ژیاوە.[3]

1 - أسد الغابة، ج2، ص 289.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 546

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 546.

زاهیر کوڕێکی هەبوو بە ناوی مەجزەئە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[1]

زەمعەی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

ناوی زەمعەی کوڕی ئەسوەدی کوڕی عامیری قوڕەیشیە، بەڵگەی هاوەڵبوونی ئەوەیە کە لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا ئاڵای سوپای بەدەستەوە بووە.[2]

زەمعەی کوڕی ئوبەی (رضي الله عنه)

ناوی زەمعەی کوڕی ئوبەی کوڕی خەلەفە، باوکی لە جەنگدا بە بێباوەڕی کوژرا، لەلایەن پێغەمبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) کوژرا، زەمعە دواتر لە مەدینە نیشتەجێ بوو و لەوێ مایەوە.[3]

زەملی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی زەمل یان زومەیلە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەریەك لە عەمر و رەبیعە هاتووە، وەك وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاڵای هۆزەکەی دایە دەستی و نامەیەکیشی بۆ نووسی، ئەویش بەردەوام ئەو ئاڵایەی دەپاراست تا لە جەنگی صفینیشدا کە لەناو سوپای موعاویەدا بوو ئەو ئاڵایەی پێبوو،[4] لە مەسەلەی تەحکیمیشدا زەمل یەکێك بوو لە شایەت و ئامادەبووەکان.[5]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 319.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 567.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 566.

4 - أسد الغابة، ج2، ص 307.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 567.

لە سەردەمی موعاویەدا بەرپرسیارێتی شورتەی لەدەست بوو، دواتر لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەدا مۆرەکەی یەزیدی پێ بوو، ئینجا ئامادەی بەیعەتی مەڕوانی کوڕی حەکەم بوو، دواتر لە سەردەمی مەروانی کوڕی حەکەمدا لە رۆژی مەرج راهطدا کوژرا، ئەمەش لە ساڵی شەست و چواری کۆچیدا بوو.[1]

زەهرەی کوڕی حەویە(رضي الله عنه)

ناوی زەهرەی کوڕی حەویەی کوڕی عەبدولایە، پاشای هەجەر ئەوی وەك نوێنەر نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش موسڵمان بوو.

زەهرە لە غەزای قادسیەدا بەشداری کرد و بکوژی گالینۆسیش ئەم هاوەڵە بوو، رایەك دەڵێت لە قادسیەدا کوژراوە، رایەکی تریش دەڵێت لە سەردەمی حەجاج و لە ساڵی حەفتا و حەوتدا کوژراوە.[2]

زەوبەعەی جنۆکە(رضي الله عنه)

ناوی زەوبەعەیەو ئەم هاوەڵە لە جنۆکەکان بووە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) سەرقاڵی قورئان خوێندن بوو برێك جنۆکە هاتن بۆ لای و گوێیان لێی بوو، وتیان وس بن، ئەو جنۆکانە نۆ کەس بوون، ئەوەبوو خوای گەورە لەبارەیانەوە ئایەتی دابەزاند﴿ وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ۖ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ قَالُوا۟ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 567.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 571.

مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِيٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٠﴾ يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُواْ دَاعِيَ ٱللَّهِ وَءَامِنُواْ بِهِۦ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣١﴾ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِيَ ٱللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٢﴾﴾.[1]

زەید ئەبووحەسەن (رضي الله عنه)

ناوی زەیدەو بە ئەبوو حەسەن ناسراوە، زەید دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو:(لە فەرمایشتی پێغەمبەران تەنها ئەو قسەی خەڵك ماوە کە دەڵێت: ئەگەر شەرمت نەبوو چی دەکەیت بیکە).[2]

زەید ئەبووعەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی زەیدەو کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، زەید باسی وەستانی پێغەمبەر (ﷺ) لە کێوی عەرەفە دەکات، واتە لە حەجیماڵئاواییدا بەشدار بووە.[3]

زەید(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە ناوی زەیدە، بەڵام زانیاری لەسەر باوك و بنەماڵەکەی نەهاتووە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین، کاتێك موسڵمانان شکستیان خوارد و رایاندەکرد، زەید لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو جڵەوی ئەو سوارەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) گرتبوو کە نەجاشی بە دیاری بۆی ناردبوو، پێغەمبەر

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 3636، قال ابن حجر في الإصابة إسناده جيد، كما صححه الذهبي في التلخيص.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2662.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2663.

(ﷺ) فەرمووی: (ماڵوێران زەید، ئەو خەڵکە بانگ بکە)، ئەویش هاواری دەکرد ئەی خەڵکینە ئەوە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) بانگتان دەکات، کەچی کەس نەدەهات بەدەم بانگەوازەکەیەوە، ئینجا فەرمووی: هاوار بکە لە ئەوس و خەزرەجیەکان، ئەویش هاواری کرد ئەی گرۆی ئەوس و خەزرەج ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) بانگتان دەکات، کەچی کەس نەهات بەدەم بانگەوازەکەوە، ئینجا فەرمووی هاوار بکە لە کۆچەران چونکە بەیعەتی خوایان لە گەردنە، ئەوکات کۆچەریەکان هاتن و قەڵغانیان فڕیداو گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[1]

زەیدولخەیر (رضي الله عنه)

ناوی زەیدولخەیری کوڕی موهەلهەلە، لە ساڵی نۆی کۆچیدا وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) ناوی نا زەیدولخەیر، خۆی ناوی زەیدولخەیل بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵکو ناوت زەیدولخەیرە.[2]

زەیدولخەیر شاعیرێکی بەهێز و کەسێکی ڕەوانبێژ و زۆر دلێریش بوو، بە بەخشندەیی و دەروون کراوەیی ناسرابوو، باڵایەکی بەرزو هەڵکەوتەی هەبوو.[3]

کاتێك زەیدولخەیر چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (باسی گەورەیی هەر پیاوێکی عەرەبیان بۆ کردبم و دواتر هاتبێت بۆ لام وەك وەسفەکە نەبووە جگە لە زەیدولخەیل کە هێشتا ئەو وەسفەی کرابوو لە

---

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 36310.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 622.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 623.

ئاستیدا کەمتر بوو)، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی نا زەیدولخەیر، پاشان دوو پارچە زەوی بۆ بڕیەوەو ئەوەشی بە نامەیەك بۆ نووسی، دواتر زەیدولخەیر لای پێغەمبەر (ﷺ) چوو تا بگەڕێتەوە بۆ لای هۆزەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر زەید بە سەلامەتی لە دەست تای مەدینە دەربازی بێت باشە)، ئەوەبوو کە گەیشتە لای ئاوێکی ناوچەی نەجد تووشی تا بوو و بەهۆی ئەو تایەوە مرد، ئینجا ژنەکەی هات چی نامەی زەیدولخەیر هەبوو و لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە هەموویانی سووتاند.[1]

رایەکی تر دەڵێت لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا کۆچی دوایی کردووە.[2]

کاتێك زەیدولخەیر لای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، عەلی کوڕی ئەبووطالیب لە یەمەنەوە بڕێك زێڕی ناردەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش دابەشی کرد بەسەر چەند کەسێکدا کە یەکێکیان زەیدولخەیر بوو.[3]

### زەیدی کوڕی ئەبی ئەوفا (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی ئەبی ئەوفای کوڕی خالیدە، زەید دەڵێت: چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش دەیفەرموو فڵانە کەس لە کوێیە؟ بەردەوام هەواڵی یەکەیەکەیانی دەپرسی و دەینارد بە شوێنیاندا تا هەموویان هاتن و کۆبوونەوە، ئینجا فەرمووی: (إني أحدثكم بحديث فاحفظوه وعوه وحدثوا به من بعدكم، إن الله

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 2080.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 623.

3 - صحيح البخاري، الرقم 7016، صحيح مسلم، الرقم 1826، صحيح ابن حبان، الرقم 25، سنن أبي داود، الرقم 4157، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 3441، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 10771.

عز وجل اصطفى من خلقه خلقا، ثم تلا هذه الآية الله يصطفي من الملائكة رسلا ومن الناس خلقا يدخلهم الجنة، وإني مصطف منكم من أحب أن أصطفيه ومواخي بينكما كما آخى الله عز وجل بين الملائكة عليهم السلام)، (من قسەیەکتان بۆ دەکەم جوان وەریبگرن و لەبیرتان بمێنێت و لێی تێبگەن و بیگەیەنن بەوانەی دوای خۆتان، خوای گەورە لە دروستکراوەکانی دەستەیەکی هەڵبژاردووە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە (الله يصطفي من الملائكة رسلا و من الناس)، منیش لەنێوتاندا ئەوانە هەڵدەبژێرم کە حەز دەکەم هەڵیبژێرم، برایەتی دەخەمە نێوانتانەوە وەك چۆن خوای گەورە برایەتی خستە نێوان فریشتەکانەوە)، پاشان هەریەك لە ئەبووبەکر و عومەری بەدوای یەکدا بانگ کرد و تایبەتمەندی هەرکامیانی فەرموو و ئەوانی کرد بە برای یەکدی، عوثمانی کوڕی عەففانی بانگ کرد و پێی ڕاگەیاند کە تووشی چ نارەحەتیەك دەبێت، پاشان عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی بانگ کرد و باسی بەخشندەییەکەی عەبدوڕەحمانی کرد، پاشان طەلحەو زوبەیری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد بە برای یەکدی، پاشان سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و عەمماری کوڕی یاسری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد بە برای یەکدی، پاشان عوەیمیر و سەلمانی فارسی بانگ کرد و ئەوانیشی کرد بە برای یەکدی، دواتر موژدەی حەوزی کەوسەری دا بە هاوەڵانی... عەلی کوڕی ئەبووطالیب هەستا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گیانم دەرچوو و پشتم شکا کاتێك دەبینم لەگەڵ هاوەڵانت وات فەرموو من نەبێت کە هیچت پێ نەفەرمووم، ئەگەر لە تووڕەییەوەیە ئەوە سزا و ڕێزداریش هەر بۆ جەنابتە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەوەی منی بە حەق ناردووە تۆم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، تۆ بۆ من وەك پێگەی هاروون بۆ مووسا وایت، تەنها هێندە هەیە دوای من هیچ پێغەمبەرێکی تر نیە، بۆیە تۆ برا و میراتگری منیت)، عەلی

وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) چی لە تۆ بە میرات دەگرم؟ فەرمووی: (ئەوەی پێش تۆ پێغەمبەران بە میراتیان گرتووە، کتێبی خوا و سونەتی پێغەمبەرەکەیان، تۆ براو هاودەمی منیت).[1]

ئەم برایەتیە لە نێو هاوەڵانی کۆچەریدا بوو.

زەیدی کوڕی بوولا (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی بوولایە، خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[2] کونیەکەی ئەبوویەسارە، یەزید دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو:(من قال: أستغفر الله الذي لا إله إلا هو الحي القيوم وأتوب إليه، غفر له وإن كان قد فر من الزحف)،[3] (هەرکەس بڵێ أستغفر الله الذي لا إله إلا هو الحي القيوم وأتوب إليه ئەوە تاوانەکانی دەسڕێنەوە با تەنانەت تاوانەکەی راکردنی ناو سەنگەری جیهادیش بووبێت).

زەیدی کوڕی ثابت (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی ثابتی کوڕی ضەححاکی کوڕی زەیدە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، سەبارەت بە کونیەکەی هەریەك لە ئەبووثابت و ئەبووسەعید هاتووە.[4]

---

1 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2380، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4998، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 1094.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 592.

3 - سنن أبي داود، الرقم 1309، سنن الترمذي، الرقم 3588، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4534، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 1517.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 592.

باوکی زەید لە جەنگی بوعاثدا و پێش هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە کوژرا،[1] ئەوکات تەمەنی زەید شەش ساڵان بوو،[2] بەم پێیە جەنگەکە چوار ساڵ پێش کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە روویداوە.

هاوسەر و منداڵەکانی

ژنەکەی ناوی جەمیلەی کچی سەعد بوو کە لەم ژنەی منداڵێکی بوو بە ناوی عومارە،[3] هەر لەم ژنەی چوار کوڕی تری هەبوو بە ناوەکانی سەعد و سولەیمان و یەحیا و ئیسماعیل،[4] هەریەك لە ئەسعەد و عوبادەو حەسنەو عومرەو ئیسحاقیشی لێ بووە،[5] دوو کچیشی لێی هەبوو بە ناوەکانی ئوممولعوثمان و ئوممولزەید.[6]

ژنێکی تری ناوی عومرەی کچی موعاذ بوو کە لەم ژنەی هەریەك لە ئیبراهیم و موحەممەد و عەبدورەحمان و ئوممولحەسەنی بووە.[7]

زەید کوڕێکی تری هەبوو بە ناوی سولەیط کە دایکی ئوممولوەلەد بوو، عەبدوڕەحمانی کوڕیشی دایکی ئوممولوەلەد بوو، عەبدوڵا و زەیدی کوڕیشی

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 427.
2 - أسد الغابة، ج2، ص 332.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 262.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 263 – 264.
5 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 428.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 359.
7 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 428.

هەردووکیان دایکیان ئوممووەلەد بوو،[1] ثابت و صەفییەو قەریبەو ئوممومحەممەد و عیمران و حارثیشی هەبوو لە ئوممووەلەدێك.[2]

زەید ژنێکی تری هەبوو بە ناوی ئوممجەمیل کە پاش مردنی عوثمانی کوڕی خەلدەی مێردی بەهاوسەری گرت.[3]

زەید برایکی هەبوو بە ناوی یەزید کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[4]

موسڵمانبوونی:

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە زەید موسڵمان بوو، ئەوکات هێشتا تەمەنی یانزەساڵ بوو.[5]

زەید دەڵێت: کاتێك چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کە تازە هاتبوویە مەدینە، وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم مێرمنداڵەی بەنی نەججار زیاد لە سیانزە سوورەتی قورئانی لەبەرە، پێغەمبەریش (ﷺ) بەوە سەرسام بوو و فەرمووی: (ئەی زەید نووسینی جوولەکە فێر بە بۆم، چونکە سوێند بەخوا لە نووسینەکانمدا دڵنیا نیم لە جوولەکە)، منیش چووم تا فێر بم، پانزە شەوم تەواو نەکرد تا بە چاکی فێر بووم و نامەی ئەوانم دەخوێندەوەو کاتێك شتێکیان دەنووسی

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 265.
2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 428.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 410.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 453.
5 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 428.

بۆ پێغەمبەر (ﷺ) من دەمخوێندەوەو ئەگەریش پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی بدایەتەوە من نامەکەم بۆ دەنووسی.[1]

ئەم فێربوونەش لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا بوو.[2]

زەید یەکێك بوو لە هاوەڵە گەورەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و نووسەرەوەی سروش بوو و ماوەیەك موفتی مەدینە بوو و یەکێك بوو لە قورئان خوێنە گەورەکان.[3]

بەشداری زەید لە غەزاکاندا

کاتێك غەزای بەدر روویدا، زەید ویستی لەو غەزایەدا بەشداری بکات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی بە بچووك دانا، سەبارەت بە بەشداری کردنی لە غەزای ئوحوددا راجیایی هەیە، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە لە غەزای خەندەق و غەزاکانی دواتریشدا بەشدار بووە.[4]

لە غەزای ئوحوددا پێغەمبەری خوا (ﷺ) برێك هاوەڵی گێڕایەوە لەبەر کەمی تەمەنیان، ئەوانیش بریتی بوون لە عەبدوڵای کوڕی عومەر و ئوسامەی کوڕی زەید و زەیدی کوڕی ثابت و بەڕائی کوڕی عازب و ئوسەیدی کوڕی ظوهەیر و عرابەی کوڕی ئەوس.[5]

---

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 21065، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 91.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 427.

4 - أسد الغابة، ج2، ص 332.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 15.

لە غەزای خەندەقدا کە تەمەنی نزیکەی پانزە ساڵ دەبوو بەشداری کرد، زەید لەگەڵ موسڵمانانیدا باری خۆڵی لە کۆڵ دەنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەو هەرزەکارێکی زۆر چاکە)، چاوەکانی ماندوو بوون و کەمێك راکشاو خەوەنووچکە بردیەوە، عومارەی کوڕی حەزم هات و چەکەکەی ئەوی برد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (یا أبارقاد نمت حتی ذهب سلاحك)، (ئەی خەوخۆش هێندە خەوتیت تا چەکەکەیان بردیت)، ئینجا فەرمووی کێ ئەزانێ چەکی ئەم هەرزەکارە لەکوێیە؟ عومارەی کوڕی حەزم وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بردم، ئینجا بۆی گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هۆشیاری دا لەوەی هیچ باوەڕدارێك بترسێنرێت و وەك گاڵتەوگەپ شمەکی ببرێت.[1]

لە غەزای تەبووکدا ئاڵای بەنی نەجار بەدەست عومارەی کوڕی حەزمەوە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) گەیشت بە عومارەو ئاڵاکەی لەدەستی وەرگرت و دایە دەست زەیدی کوڕی ثابت.[2]

لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ)

زەید هەندێ جار دەچوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و قورئانی بۆ دەخوێندەوە.[3]

زەید دەڵێت: من دراوسێی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) سروشی بۆ دادەبەزی دەینارد بە شوێنمدا، منیش سروشەکەم بۆ

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5770.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5770.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1037.

دەنووسیەوە، جا پێغەمبەر (ﷺ) سروشتی وابوو ئەگەر باسی دنیامان بکردایە ئەویش لەگەڵماندا باسی دنیای دەکرد، ئەگەریش باسی قیامەتمان بکردایە ئەویش لەگەڵماندا باسی قیامەتی دەکرد، کاتێك باسی خواردنمان بکردایە باسی خواردنی لەگەڵ دەکردین.[1]

زەید دەڵێت: جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لەناو باخێکی بەنی نەججاردا بووین، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر وڵاخەکەی بوو، بە وڵاخەکەیەوە دای بەولادا و شەش یان پێنج یان چوار گۆڕ لەبەردەمیدا بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ خاوەنانی ئەم گۆڕانە دەناسێت؟ کابرایەك وتی من، فەرمووی ئەمانە کەی مردوون؟ وتی لە بێباوەڕیدا مردون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەم ئومەتە لە گۆڕەکانیاندا لە بەڵاو ناڕەحەتیدان، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە ناچار بن گۆڕ بۆ یەکدی هەڵبکەنن داوام لە خوا دەکرد لەو سزای ناوگۆڕە گوێبیستتان بکات کە من دەیبیستم)، پاشان سەیرێکی ئێمەی کرد و فەرمووی: (پەنا بگرن بە خوا لە سزای دۆزەخ)، هەموان وتیان پەنا دەگرین بەخوا لە سزای دۆزەخ، پاشان فەرمووی پەنا بگرن بەخوا لە سزای ناوگۆڕ، هەموان وتیان پەنا دەگرین بە خوا لە سزای ناوگۆڕ، پاشان فەرمووی: پەنا بگرن بەخوا لە فیتنە، ئەوەی دیارەو ئەوەشی نادیارە، ئەوانیش هەموان وتیان پەنا دەگرین بەخوا لە فیتنە، ئەوەی دیارەو ئەوەشی نادیارە، پاشان فەرمووی پەنا بگرن بەخوا لە فیتنەی دەججال، هەموان وتیان پەنا دەگرین بەخوا لە فیتنەی دەججال.[2]

---

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12463، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4646، الشمائل المحمدية للترمذي، الرقم 335.

2 - صحيح مسلم، الرقم 5220، الإيمان لابن منده، الرقم 1091.

زەید لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا

کاتێك پشتیوانان بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلەی خیلافەت لە کەپری بەنی ساعیدە کۆبوونەوە و داوایان دەکرد خەلیفە لەوان بێت، زەید هەستاو وتی پێغەمبەر (ﷺ) لە کۆچەران بوو و ئێمەش پشتیوانی بووین، دەی دەبێت پێشەواش لە کۆچەران بێت و ئێمەش پشتیوانی بین.[1]

لە رۆژی دووەمی بەیعەتدا زەید چوو و دەستی ئەبووبەکری گرت و وتی ئەمە هاوەڵتانە دەی بەیعەتی پێبدەن، ئەوانیش چوون بەیعەتیان پێدا.[2]

زەید لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا نووسەری ئەبووبەکر بوو، موعەیقیبی دەوسیش هاوکاری بوو.[3]

هاودەم بەوە بەشداری جیهادی دەکرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیاید تیرێکی بەرکەوت بەڵام زیانێکی وای پێنەگەیاند.[4]

لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا زەید راسپێردرا تا قورئان کۆبکاتەوە، زەید دەڵێت ئەبووبەکر پێی وتم تۆ کەسێکی گەنج و عاقڵیت و تۆمەتبارت ناکەین، تۆ لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) سروشت بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەنووسیەوە، دەی بنەوە قورئان و کۆی بکەرەوە، منیش وتم چۆن شتێك ئەکەن کە پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردووە، ئەویش وتی بەوا ئەمە خێرە، ئیتر ئەبووبەکر هێندەی پێ وتمەوە تا

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 433، قال الذهبي إسناده صحيح.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 249.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 333.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 333.

ئەوەی خوای گەورە دەروونی فراوان کردم بۆ ئەو نیازەی کە دەروونی ئەبووبەکرو عومەری بۆ فراوان کردبوو، کەوتمە کۆکردنەوەی قورئان.[1]

زەید دەڵێت: دوای جەنگی یەمامە-کە ژمارەیەك لە هاوەڵان تیایدا شەهید بوون- ئەبووبەکر منی بانگ کرد، عومەریش لەلای بوو، ئەبووبەکر وتی (عومەر هاتووە بۆ لام و دەڵێت: لە یەمامە خەڵکێکی زۆر کوژراوەو دەترسم بەم کوشتارە بەردەوامە ئەوانەی قورئانیان لەبەرە لەناوبچن و بەشێك لە قورئان نەمێنێت، بۆیە پێم باشە کۆی بکەنەوە، منیش پێم وتووە چۆن شتێك بکەم کە پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردووە؟ عومەر دەڵێت: بەخوا ئەوە خێرە، هێندە عومەر هات بۆ لام و لێی دووبارە کردمەوە تا ئەوەی خوای گەورە دەروونی والاکردم بۆ راکەی عومەرو منیش هەمان رای ئەوم هەیە)، عومەریش لەولاوە دانیشتبوو و هیچی نەدەوت، ئەبووبەکر درێژەی دا بە قسەکانی و وتی (تۆ پیاوێکی گەنج و عاقڵیت و لێت دڵنیاین و نووسەرەوەی سروشیش بوویت، دەی لێبنەوەو قورئان کۆبکەرەوە)، سوێند بەخوا ئەگەر ئەبووبەکر رایسپاردمایە کێوێك لەملاوە بۆ ئەولا بگوازمەوە هێندەی ئەو داواکاریەی لام سەخت نەبوو، منیش وتم چۆن ئێوە ئەو شتە دەکەن لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردووە، ئەبووبەکر وتی بەخوا ئەوە خێرە، ئیتر هێندە لێیان دووپات کردمەوە تا خوا دەروونی فراوان کردم بۆ راکەیان و کەوتمە کۆکردنەوەی قورئان، هەندێکی لەسەر پارچە پێستە نووسرابوویەوە، هەندێکی لەسەر ئێسقان و هەندێکی لەسەر گەڵای دار نووسرابوویەوە، هەندێکیشی لە سنگی پیاواندا بوو.[2]

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 431.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4410، صحيح ابن حبان، الرقم 4571، سنن الترمذي، الرقم 3111.

ئەنەس دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) چوار کەس قورئانیان کۆدەکردەوە کە هەموویان لە پشتیوانان بوون: باوکم و موعاذ و زەید و ئەبووزەید.[1]

زەید لەپاش نووسینەوەی هەموو قورئان بۆ ئایەتێك رامابوو تا شایەتی هەبێت تا بینووسێتەوە، ئەویش ئایەتی (من المؤمنین رجال صدقوا...) بوو، بۆ ئەوەش تەنها خوزەیمەی دەستکەوت، بۆیە نووسیەوە چونکە خوزەیمە ناسرابوو بەوەی لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی بە دوو شایەت وەرگیراوە.[2]

زەید لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابیشدا زەید نووسەری خەلیفە بوو، هاودەم بەو موعەیقیبیش هاوکاری دەکرد.[3]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب برۆیشتایە بۆ حەج، زەیدی لە شوێنی خۆی دادەنا تا بەرپرسیارێتی مەدینەی لە ئەستۆ بێت تا دێتەوە،[4] هەروەها بۆ هەر کارێکی تر لە مەدینە بچوایەتە دەرەوە زەیدی دەکردە بەرپرسی مەدینە.[5]

خاریجەی کوڕی زەید دەڵێت: زۆربەی جارەکان کە عومەر دەگەڕایەوە بۆ مەدینە بەشێك لە باخە دارخورمای دەبەخشی بە زەیدی باوکم.[1]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 431.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2672، مسند احمد بن حنبل، الرقم 21086 .

3 - أسد الغابة، ج2، ص 333.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 427.

5 - سير أعلام البلاء، ج2، ص 434.

عومەری کوڕی خەططاب زەیدی لە مەدینە هێشتبوویەوە تا فەتوا بدات بۆ خەڵك، بەتایبەت هەر مەسەلەیەك تایبەت بوایە بە فەرزەکان و قورئان خوێندنەوەو دادوەری و فەتوادان، چ عومەر و چ عوثمانیش نەیاندەهێشت کەس پێش زەید بکەوێت.[2]

عومەری کوڕی خەططاب بەرپرسیارێتی دادوەری مەدینەی دابوویە دەست زەید و بۆ ئەوەش مووچەیەکی بۆ بڕیبوویەوە.[3]

شەعبی دەڵێ جارێك ئوبەی لەگەڵ عومەری کوڕی خەططابدا کێشەیەکی هەبوو، ئەوکات عومەر خەلیفە بوو، ئوبەی وتی عومەر جا تۆ خۆت دەسەڵاتداریت، عومەر وتی دەی با کەسێك ببێتە دادوەری نێوانمان، ئوبەی وتی با زەید بێت، چوون بۆ لای زەید و ئەویش دادوەری لەنێوانیاندا کرد، زەید وتی ئەی ئوبەی بەڵگەت چیە؟ ئەویش وتی هیچ بەڵگەیەکم پێ نیە، زەید وتی دەی دەرفەت بدە با ئەمیری باوەڕداران سوێند نەدەم، عومەر وتی ئەگەر بە پێویستی دەزانیت ڕێ مەدە ئەمیری باوەڕداران ئەو سوێندە نەخوات.[4]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج 2، ص 434.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 434.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 435.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 435.

عومەری کوڕی خەططاب هێندە ڕێزی لە زەید دەنا کە کاتێك لە شام بوو و زەیدی وەك بەرپرسی مەدینە جێهێشتبوو، نامەیەکی بۆ زەید نووسی، سەرەتا بەم شێوەیە دەستی پێکرد(بۆ زەیدی کوڕی ثابت لە عومەرەوە).[1]

زەید لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان بڕۆیشتایە بۆ حەجیماڵی خوا، زەیدی بە بەرپرسی مەدینە دادەنا تا دەگەڕێتەوە.[2]

هەروەها عوثمانی کوڕی عەففان زەیدی لەسەر بەیتولمال دانابوو، ڕۆژێك عوثمان هاتەژوورەوەو گوێی لێبوو خزمەتکارێکی زەید گۆرانی دەڵێت:، عوثمان وتی ئەوە کێیە؟ زەید وتی ئەوە وهەیبی خزمەتکارمە، عوثمانیش مووچەیەکی بۆ خزمەتکارەکەی بڕیەوە.[3]

عوثمانی کوڕی عەففان ویستی خوێندنەوەی قورئان فرەچەشنە نەبێت و کێشە دروست بکات، بۆیە زەید و چەند کەسێکی تری راسپارد تا بەیەك شێوە قورئان بنووسنەوەو جۆرە نووسینەکانی تر کە لەناو خەڵکدا بڵاو بوون لابرێن،[4] ئیتر چەند نوسخەیەکی لێ نووسیەوەو نێردران بۆ ناوچە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامی.[5]

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 434.
2 - أسد الغابة، ج2، ص 333.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 332.
4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 441.
5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 347.

عوثمان هەریەك لە زەید و ئیبن زوبەیر و سەعیدی کوڕی عاصی بانگ کرد بۆ یەکنووسی قورئان، ئینجا بە ئیبن زوبەیر و سەعیدی وت ئەگەر لەگەڵ زەید لە جۆری نووسینەوەی هەر ئایەتێکدا راجیابوون ئەوە بە شیوەزمانی قورەیشی بینووسن چونکە قورئان بەشێوەزمانی ئەوان دابەزیوە.[1]

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان لە ماڵەکەی خۆیدا گەمارۆ درابوو، زەید چوو بۆ لای، بەڵام عوثمان داوای لێکرد بگەڕێتەوە، ئەویش گەڕایەوەو هەوڵیدەدا ئەو کەسانە پاشگەز بکاتەوە کە گەمارۆی خەلیفەیان دابوو.[2]

زەید لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا

زەید لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری هیچ جەنگێکی نەکرد، هەرچەندە ئەو عەلی زۆر خۆشدەویست و بە گەورە تەماشای دەکرد و ئەوەشی لای خەڵك باس دەکرد، واتە گەورەیی و فەزڵی عەلی کوڕی ئەبووطالیبی لای خەڵك باس دەکرد.[3]

زەید لە دەیەی شەشەمی کۆچیدا وەفاتی کرد.

جارێك مەڕوانی کوڕی حەکەم ویستی ئەو هەمووە زانیاریەی لای زەید هەیە کۆبکرێتەوەو نەفەوتێت، بۆیە لەپشت پەردەیەکەوە بڕێك کەسی داناو دواتر زەیدی بانگ کرد، ئینجا کەوتە پرسیارکردن لە زەید و ئەویش وەڵامی دەدایەوەو ئەوانەی

1 - صحيح البخاري، الرقم 3335.
2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 435.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 332.

پشت پەردەکەش وتەکانی زەیدیان دەنووسیەوە، زەید دواتر هەستی بەوەکرد، وتی ئەی مەڕوان ناپاکی دەکەیت؟ من رای خۆم دەڵێم.[1]

لە سەردەمی مەڕوانی کوڕی حەکەمدا زەید بەرپرسی کۆکردنەوەی زەکات بوو.[2]

جارێك زەید ویستی بچێت بۆ نوێژی هەینی، دواکەوتبوو، لە رێدا بینی خەڵك دەگەڕێنەوە، خۆی کرد بە ماڵێکدا، پێی وترا بۆچی واتکرد؟ وتی هەرکەس شەرم لە خەڵك نەکات شەرم لە خواش ناکات.[3]

ثابتی کوڕی عوبەید دەڵێت: جارێك چووم بۆ لای زەید، نەخۆش بوو و لەماڵەوە کەوتبوو، دوو کوڕیشی لەلای بوون، بانگ درا و کاتی نوێژ بوو، زەید بەوانی وت بڕۆن بۆ نوێژەکەتان چونکە نوێژی پیاو بە جەماعەت بیست و پێنج هێندەی نوێژەکەی بە تەنها پاداشتی هەیە.[4]

کۆچی دوایی زەید

سەبارەت بە ساڵی وەفاتی زەید چەند رایەك هاتووە، هەریەك لە ساڵی چل و پێنج و چل و شەش و پەنجاو یەك و پەنجا و پێنج و پەنجاو شەش هاتووە.[5]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 438.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 321.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 439.

4 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 425.

5 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 441.

کاتێك زەید کۆچی دوایی کرد مەڕوانی کوڕی حەکەم نوێژی لەسەر کرد و هەرچی ئافرەتی شار بوون ئەوانیش هاتنەدەرەوە، خاریجەی کوڕی ئافرەتانی هۆشیار دەکردەوە تا لەسەر زەید نەگرین، کەچی ئافرەتان دەیانوت قسەکانت ناچنە گوێمان و تا سێ رۆژی ماتەمینی بۆ دەگرین.[1]

مەڕوان فەرمانی کرد وشترێك سەربڕا بۆ دروستکردنی خوان و خەڵکی نانیان خوارد.[2]

کاتێك زەید کۆچی دوایی کرد، سالم وتی ئەمڕۆ زانای خەڵکی مرد، ئیبن عومەر لەوێ بوو وتی رەحمەتی خوای لێ بێت، ئەو لە سەردەمی عومەردا زانای خەڵکی بوو، عومەر زانایانی بە ناوچەکاندا بڵاو دەکردەوەو رێگری دەکرد لێیان لەخۆوە فەتوا بدەن، زەیدیشی لە مەدینە هێشتەوە تا فەتوا بدات بۆ خەڵکی مەدینە.[3]

ئیبن عەبباس لە کاتی ئەسپەردەکردنی زەیدا وتی ئاوایە مەرگی زانایان، ئەمڕۆ زانستێکی زۆر ژێر گڵ نرا.[4]

ئەبووهورەیرە وتی ئەمڕۆ مەرەکەبی ئەم ئوممەتە(زانای ئوممەت) مرد بەڵکو خوای گەورە ئیبن عەبباس بکاتە جێگرەوەی.[5]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 440.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 440.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 434.

4 - سير أعلام النبلاء، 2، ص 440.

5 - أسد الغابة، ج2، ص 333.

جارێك ئیبن عەبباس رەشۆی ولآخەکەی زەیدی گرت ، زەید وتی کەنار بگرە ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش وتی ئێمە بەرامبەر زاناو گەورەکانمان وادەکەین.[1]

زەیدی کوڕی خاریجە(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی خایجەی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان.[2]

خاریجەی باوکی لە بەیعەتی عەقەبە[3] و غەزای بەدر[4] و ئوحودیشدا بەشداری کرد و لەو غەزایەدا شەهید بوو.[5]

زەید برایەکی هەبوو بە ناوی سەعد کە ئەویش لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو،[6] خوشکێکیشی هەبوو بە ناوی حەبیبە کە خاریجەی باوکی مارەی کرد لە ئەبووبەکری صدیق، ئەبووبەکریش لەم ئافرەتە منداڵێکی بوو بە ناوی ئوممولکلثوم،[7] ئەبووبەکر لە سەرەمەرگدا بوو کە حەبیبەی کچی خاریجە سکی هەبوو بەو کچەیەوە.[8]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 437.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 602.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 104.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 223.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 44.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 53.

7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 169.

8 - أسد الغابة، ج2، ص 105.

زەید دەڵێت: جارێك پرسیارم كرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) صەلەوات دان لەسەر جەنابت چۆنە؟ فەرمووی صەلەواتم لەسەر بدەن، پاشان بڵێن: (اللهم بارك على محمد و آل محمد كما باركت على آل إبراهيم إنك حميد مجيد).[1]

زەید یەكێكە لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[2] لە غەزای ئوحوددا باوكی و سەعدی برای شەهید بوون.

نوعمانی كوڕی بەشیر دەڵێت: جارێك زەیدی كوڕی خاریجە لەشەقامێكی مەدینەدا تێپەڕ دەبوو، بەینی نیوەڕۆ و عەسر بوو، هێندەمان بینی كەوت و مرد، ئەوەبوو تەرمەكەی برایەوە بۆ ماڵەوەو لەنێو سێ پارچە قوماشدا داپۆشرا، جا دوای نوێژی ئێوارە هێشتا كاتی نوێژی خەوتنان نەهاتبوو، ژنانێ لە پشتیوانان لە دەوری تەرمەكەی بوون و دەگریان، لەژێر پارچە قوماشەكانەوە دەنگێكیان بیست، دەنگەكە دوو جار دەیوت خەڵكینە بێدەنگ بن، خێرا خەڵكی قوماشەكەیان لەسەر دەموچاو و سەروسنگی لابرد، زەید وتی: موحەممەد پێغەمبەری خوایە، پێغەمبەری نەخوێندەوار و سەرمۆری پێغەمبەرانە، ئەمە لە كتێبی یەكەمدا باس كراوە، دواتر لەسەر زمانی زەیدەوە وتراوە زەید باسی خیلافەتی ئەبووبەكر و عومەر و عوثمانی كردووە.[3]

---

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7415، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 1292.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 603.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4996.

نوعمان دەڵێت ئەو رۆژە زەید زۆر ساغ و بێ کێشە بوو، ئازارێکی قورگی بۆ پەیدا بوو، لەنێوان نوێژی نیوەڕۆ و عەسردا بوو کە مرد، کاتێك بە چەند بەرگێك دامانپۆشی، من نوێژی ئێوارەم کردبوو و سەرقاڵی زیکرەکان بوم کە کەسێك هات و وتی زەید پاش مردنەکەی قسەی کردووە، منیش خێرا چووم بۆ لای، دەبینم دەستەیەك لە پشتیوانان لەدەوریدان و دەیوت–یان دەیانوت وتوویەتی–.[1]

ئەم رووداوەو ئەم مردنەی زەیدی کوڕی خاریجە لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا روویداوە.[2]

ئیبن کەثیر دەڵێت ئەم بەسەرهاتە لە چەند روویەکەوە بە چەند گێڕانەوەیەکی ناسراوی صەحیح و دروست هاتووە.[3]

## زەیدی کوڕی خەطاب(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی خەطابی کوڕی نوفەیلی عەدویە، لە سەری باوکیەوە برای ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەطابە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی وەهبە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمانە، ئەم هاوەڵە لە کۆچەرانە،[4] زەید کەسێك باڵابەرز بوو.[5]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 157.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 156.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 292.

4 - أسد الغابة، ج2، ص 341.

5 - أسد الغابة، ج2، ص 341.

زەید خوشکێکی هەبوو بە ناوی حەفصە کە دایکی باوەڕداران و هاوسەری پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[1]

ژنەکەی زەید ناوی لوبابەی کچی ئەبوولوبابە بوو، لەم ژنەی کوڕێکی بوو بە ناوی عەبدوڕەحمان کە لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا لەدایك بوو، کاتێك لەدایك بوو ئەبوولوبابەی باپیری بردی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش دەستی هێنا بەسەریدا و نزای بەرەکەتی بۆ کرد،[2] ژنێکی تری ناوی جەمیلەی کچی ئەبی عامیر بوو کە لەم ژنەی کچێکی هەبوو بە ناوی ئەسماء.[3]

زەید براگەورەی عومەر بوو، پێش عومەری برایشی موسڵمان بوو.

کاتێك زەید کۆچی کرد بۆ مەدینەو پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان زەید و مەعنی کوڕی عەدیەوە.[4]

زەید لە غەزای بەدرو ئوحود و خەندەق و حودەیبیەو هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[5]

لە غەزای ئوحوددا هەریەك لە عومەر و زەید پێکەوە بەشداری غەزاکە بوون، لە گەرمەی جەنگەکەدا بوون کە عومەر قەڵغانەکەی خۆی دا بە زەید و وتی براگیان

---

1 - مسند الشاميين للطبراني، الرقم 692.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 464.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 377.

4 - أسد الغابة، ج2، ص 341.

5 - أسد الغابة، ج2، ص 341.

ئەم قەڵغانە بگرە، زەیدیش وتی منیش هەمان ئەو شەهیدیەم دەوێت کە تۆ دەتەوێت، بۆیە هیچکامیان قەڵغانەکەیان بەکارنەهێنا.[1]

جارێك عەبدوڵای کوڕی عومەر داوای لە عومەری باوکی کرد تا داوای کچەکەی صالحی کوڕی نەححامی بۆ بکات، عومەر وتی ئەو بڕێ هەتیوی هەیەو تا ئەوانە وەستابن کچەکەی نادات بە ئێمە، بۆیە عەبدوڵا چوو بۆ لای زەیدی مامی و وتی مامە داوای کچی فلانەکەسم بۆ بکە، زەیدیش چوو بۆ لای صالەح و وتی عەبدوڵای کوڕی عومەر منی ناردووە بۆ داوای کچەکەت، ئەویش وتی من بڕێ هەتیوم هەیەو ئامادە نیم کچەکەم بدەم بە ئێوەو برازاکانی خۆم لەولا وەستابن، بەڵام دایکی کچەکە حەزی دەکرد کچەکەی بۆ عەبدوڵا بێت، چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەبدوڵای کوڕی عومەر هاتووەتە داوای کچەکەم، کەچی باوکی کچەکەی داوە بە هەتیوێك کە لایەتی و بەخێوی دەکات، هێشتا رای کچەکەشی وەرنەگرتووە، پێغەمبەریش (ﷺ) ناردی بە شوێن صالحدا و فەرمووی: (ئەرێ بێ ئەوەی رای کچەکەت وەربگریت داوتە بە شوو؟) وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (أشيروا على النساء في أنفسهن و هي بكر)،[2] (رای کچەکانتان سەبارەت بە خۆیان وەربگرن).

زەید دەڵێت: رۆژی فەتحی مەککە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو گۆڕستانەکان دەرچووین، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای گۆڕێك دانیشت و دەتوت قسەی لەگەڵ دەکات، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) هەستا و فرمێسکی لە چاوانی

1 - المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 5402.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 5542، حسنه شعيب الأرناؤوط.

دەسڕی، عومەری برام پێش هەمووومان پێی گەیشت و پێی وت بەدایك و باوکمەوە بەقوربانت بم بۆچی دەگریت؟ فەرمووی: (لە سەردانی گۆڕی دایکم لەبەرئەوەی دایکم بووەو مافی بەسەرمەوە هەیە داوای مۆڵەتم کرد لە پەروەردگارم تا داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەم، بەڵام پەروەردگارم رێی پێنەدام)، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بە ئاماژەیەك پێی راگەیاندین دابنیشین، ئێمەش دانیشتین، ئینجا فەرمووی: (من پێشتر رێگریم لێکردبون لە سەردانی گۆڕ،—لەمەودوا— هەرکامتان ویستی سەردانی گۆڕ بکات با بیکات،...).[1]

لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا ئاڵای موسڵمانان بەدەست زەیدەوە بوو، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

کاتێك جەنگەکە دەستی پێکرد، زەید ئاڵاکەی بەدەستەوە بوو و بە سەختی دەجەنگا، کاتێك خەریك بوو موسڵمانان شکستیان دەخوارد، زەید هاواری دەکرد خوایە من لەبەردەمتدا پۆزش دێنمەوە بەرامبەر بەم راکردنەی هاوەڵانم و دوورەپەرێزیش دەنوێنم لەوەی موسەیلەمە دەیڵێت، لەو نێوەندەدا چاوی کەوت بە رەججالی کوڕی عونفوە کە سەرەتا هاتبوو و موسڵمان بووبوو و دواتر هەڵگەڕایەوەو چوویە لای موسەیلەمەو درۆی دەکرد بە دەم پێغەمبەری خواوە (ﷺ) و دەیوت من بیستوومە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: موسەیلەمە لەم پەیامبەریەدا هاوبەشمە، ئیتر ئەوە گەورەترین فیتنە بوو بۆ خەڵکەکە، زەید کە ئەم کابرای بینی خێرا هەڵمەتی بۆ برد و کوشتی، پاشان زەید برێك قسەی کرد بۆ موسڵمانان تا دژی

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4512.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 604.

دوژمن بجەنگن، ئینجا وتی ئیتر یەك قسە ناکەم تا ئەوەی یان خوا دوژمن دەشکێنێت یان من دەگەمەوە بە خوا و ئەکات بەڵگەی خۆم لای خوا دەخەمەڕوو،[1] بەدەوام دەجەنگا تا شەهید کرا و ئاڵاکەی دەستی کەوت، ئەوەی زەیدی شەهید کرد کەسێك بوو بە ناوی سەلەمەی کوڕی صبیح، خێرا سالم کە مەولای ئەبی حوذەیفە بوو ئاڵاکەی هەڵگرتەوە.[2]

بە دڵنیاییەوە فیتنەکەی رەججال لەو هەموو شمشێرە مەترسیدارتر بوو کە جەنگیان دەکرد، چونکە زۆرێك لەو شمشێرانە دەبوونە بڕەری گەردنی سوپاکەی موسەیلەمەی درۆزن و شمشێری سەرخستنی ئیسلام دەبوون ئەگەر ئەو لەخشتەبردن و تەڵەکەبازیەی رەججال نەبوایە، چونکە ئەو توانی بە درۆکردنی بەدەم پێغەمبەرەوە(ﷺ) وا ئەو خەڵکە تێبگەیەنێت بانگەوازەکەی موسەیلەمەی درۆزن راستەو بەشێکە لە پەیامی خوا، بۆیە هۆکاری کۆکردنەوەی ئەو هەمووە دەم و دەست و دڵە بوو بۆ سوپاکەی موسەیلەمە، هەمان کەسانی لاسار و نەیار لەمڕۆدا هەن کە رۆڵی خراپی هاوشێوە دەبینن و نەك ئەوەی نابنە سەرخەری دین، بەڵکو دەیان دەست و دەم و دڵی ناو موسڵمانان دەگۆڕن و دەیکەنە هێز و وزە بۆ دوژمنانی ئیسلام و تیرێك بەرەو رووی ئیسلام و موسڵمانان، مەترسیەکەشیان زۆر زیاترە.

رایەکی تر دەڵێت ئەبوومەریەمی حەنەفی زەیدی کوشت، دواتر کە ئەبوومەریەم هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، عومەر پێی وت زەیدت کوشت؟ ئەویش وتی خوا

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 324.

2 - أسد الغابة، ج2، ص 341-342.

زەیدی بە دەستەکانی من ڕێزدار کرد–شەهیدبوو– منی بە دەستەکانی ئەو سەرشۆڕ نەکرد–بە بێباوەڕی بکوژرێم–.[1]

جا کە زەید شەهید بوو عومەری برای دەیوت زەید لە هەردوو چاکەکەدا پێش من کەوت، پێش من موسڵمان بوو، پێش منیش شەهید بوو.[2]

عومەر زۆر خەفەتی خوارد بە مەرگی براکەی، دەیوت لە هەرکوێوە با هەڵدەکات من بۆنی زەیدی برامی لێدەکەم.[3]

عومەری کوڕی خەططاب موتەممیمی کوڕی نوەیرەی بینی، موتەممیم شیعرێکی بۆ مەرگی براکەی خۆی هۆنیبوویەوە کە مالیکی کوڕی نوەیرە بوو، عومەر دەیوت ئەگەر منیش شیعرم بزانیایە بە دڵنیاییەوە وەك تۆ شیعرم دەهۆنیەوە بەسەر زەیدی برامدا، موتەممیم وتی جا ئەگەر براکەی من وەك براکەی تۆ بڕۆیشتایە هیچ دڵگران نەدەبووم بۆی، عومەر وتی کەس هێندەی تۆ جوان دڵنەوایی نەکردوم.[4]

زەیدی کوڕی دەثینە(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی دەثینەی کوڕی موعاویەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[5] لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد.[6]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 378.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 604.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 341.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 342.
5 - أسد الغابة، ج2، ص 342.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 604.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە برایەتی خستە نێوان خالیدی کوڕی ئەبولبوکەیر و زەیدی کوڕی دەثینەوە.[1]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دە کەسی لە هاوەڵانی بە سریەیەك نارد، عاصیمی کوڕی ثابتی ئەنصاری کرد بە ئەمیریان، کە گەیشتنە ناوچەیەکی نێوان عوسفان و مەککە، دەستەی بەنوولیحیان بە نزیکەی دووسەد کەسەوە هاتن و کەوتنە شوێنیان، کە گەیشتنە شوێنەکەیان بینییان ناوکی خورما جێماوە، وتیان ئەم ناوکە هی خرمای مەدینەیە، بۆیە کەوتنە شوێنیان، کاتێك عاصیم و هاوەڵەکانی ئەوانیان بینی هەستیان بە مەترسی کرد و لە شوێنێك خۆیان پەنا دا، بەڵام بەنولیحیان گەمارۆیان دان و وتیان خۆتان بدەن بە دەستەوە لە پەنادا دەبن و کەستان ناکوژین، عاصمی ئەمیری سریەکە وتی بەخوا من خۆم نادەمە بەر پەنای بێباوەڕ، خوایە هەواڵی ئێمە بگەیەنەرە پێغەمبەرەکەت، بەنولیحیان تیربارانیان کردن، عاصم و حەوت کەسی تریان شەهید بوون، سێ کەسەکەی تر کە مابوونەوە خۆیان دا بە دەستەوەو داوای پەنایان کرد، یەکێك لەو سێ کەسە خوبەیب بوو، یەکێکی تریشیان زەیدی کوڕی دەثینە بوو، کاتێك گەیشتنە لای بەنولیحیان خێرا ئەوانیان بەستنەوە، ئەوی تر لە سیانەکە وتی ئەمە سەرەتای ناپاکیەکەیانە، بەخوا من لەگەڵتان نایەم، ئەو کوژراوانەمان پێشەنگی رەوان، ئەوانیش بە زۆر رایاندەکێشا تا لەگەڵیان بچێت بەڵام ئەو نەدەچوو، بۆیە ئەویشیان کوشت، ئینجا خوبەیب و زەیدی کوڕی دەثینە مانەوەو ئەوانیان فرۆشتن بە خەڵکی مەککە، بەنو حارثی کوڕی عامیر خوبەیبیان کڕی، چونکە خوبەیب لە جەنگی بەدردا باوکی ئەوانی کوشتبوو، خوبەیبیان کڕی و

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 389.

بە دیلی لای خۆیان هێشتیانەوە، لە ماڵەوە لە شوێنێك بەندیان كردبوو تا ئەو كاتەی بیكوژن.[1]

زەیدی كوڕی دەثینەش لەلایەن صەفوانی كوڕی ئومەییەوە كڕدرا تا لەبری ئومەییەی باوكی كە لە جەنگی بەدردا كوژرابوو بیكوژێت ، هەر لە ناوچەی تەنعیم زەیدیش شەهید كرا.[2]

بردنی هەریەك لە خوبەیب و زەید بۆ تەنعیم پێكەوە بوو، واتە لە یەك كاتدا و لە یەك شوێندا و بە دەستی یەك دەستە شەهید كران، هەردووكیشیان پێش ئەوی‌ە بكوژرێن داوایان كرد دوو ركات نوێژ بكەن،[3] هەریەك لە خوبەیب و زەیدیش شێوەی كوشتنیشیان یەك جۆر بوو كە بریتی بوو لە لەخاچدانیان.[4]

كاتێك نەسطاسی كۆیلەی صەفوان ویستی زەید بكوژێت، ئەبووسوفیان چوو و هەمان ئەو پرسیارەی لە خوبەیب كرابوو لە زەیدیشی كرد، پێی وت ئەی زەید سوێندت دەدەم بە خوا، ئایا حەزت دەكرد ئێستا موحەممەد لەبری تۆ لەلامان بوایەو بماندایە لە گەردنی و تۆیش لەناو ژن و منداڵی خۆتدا بوویتایە؟ لە وەڵامدا زەید هەمان وەڵامەكەی خوبەیبی دایەوەو وتی نا سوێند بەخوا حەز ناكەم موحەممەد ئێستا لە شوێنی مندا بێت و تەنها دڕكێكیش بچێت بە پێیدا لەبەرامبەر

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2901، سنن أبي داود، الرقم 2301

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5143،

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 56.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 246.

ئەوەی من لەناو ژن و منداڵی خۆمدا بم، ئەبووسوفیانیش دەیوت کەسم نەدیوە وەك هاوەڵانی موحەممەد موحەممەدیان خۆش بوێت، ئینجا نەسطاس زەیدی کوشت.[1]

پێش ئەوەی زەید بکوژن، بە خاچەوە هەڵیانواسیبوو و جار جارە رمێکیان پێوە دەنا، ئینجا داوایان لێدەکرد واز لە ئیسلام بهێنێت لەبەرامبەردا ئازادی دەکەن، بەڵام زەید ئامادە نەبوو واز بهێنێت و سات دوای سات زیاتر باوەڕی چەسپاو دەبوو، دواجار شەهیدیان کرد، جا ئەو رۆژەی خوبەیب و زەید شەهید کران، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(سەلام لە ئێوەش).[2]

شەهیدکردنی ئەم هاوەڵەی پێغەمبەر (ﷺ) لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا بوو.[3]

## زەیدی کوڕی موعەللا (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی موعەللایە، لە پشتیوانانە، سێ برای هەبوو بە ناوەکانی رافیع و ئەبووقەیس و عوبەید کە هەرچوار برا پێکەوە لە غەزای بەدردا بەشدارییان کرد.[4]

## زەیدی کوڕی وەدیعە(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی وەدیعەی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[5]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 65.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 66.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 343.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 621.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 624، سنده موضع إرسال.

زەیدی کوڕی ئەزوەر (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی ئەزوەری ئەسەدیە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کردووەو تیایدا ڕۆڵێکی کارای بینی، دواتر لە جەنگەکەدا هەردوو قاچی بڕا.[1]

زەیدی کوڕی ئەسلەم (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی ئەسلەمی کوڕی ثەعلەبەی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دەوترێت تا سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیاوەو لەناو سوپای عەلیدا لە جەنگی صفیندا بەشدار بووە.[2]

زەیدی کوڕی ئوسەید(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی ئوسەیدی کوڕی حارثەی ثەقەفیە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

زەیدی کوڕی ئیساف(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی ئیسافی کوڕی غەزیەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 590.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 591.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 591.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 591.

زەیدی کوڕی جاریە(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی جاریەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەمر کە فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە.[1]

زەید دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) لە جەنگی ئوحوددا هەندێ کەسی بە بچووك دانا بۆ بەشداری لە جەنگەکەو هەموویانی گێڕایەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە زەیدی کوڕی جاریە–واتە خۆی– و بەرائی کوڕی عازب و زەیدی کوڕی ئەرقەم و ئەبووسەعیدی خودری و عەبدوڵای کوڕی عومەر و جابیری کوڕی عەبدوڵا.[2]

زەیدی کوڕی جاریە دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) صەلەوات دان لەسەر جەنابت چۆن بێت؟ فەرمووی: بڵێن (اللهم بارك على محمد و على آل محمد كما باركت على إبراهيم إنك حميد مجيد).[3]

زەید لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ)لە غەزای خەیبەردا بەشداری کرد، دوای سەردەمی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو پێش وەفاتی ئیبن عومەر وەفاتی کرد، کاتێك وەفاتی کرد ئیبن عومەر رەحمەتی بۆ دەنارد.[4]

زەیدی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی حارثی کوڕی قەیسە، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 595.
2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16548.
3 - التاريخ الكبير، ج3، ص 383.
4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم 2634.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 597.

## زەیدی کوڕی حارثە(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی حارثەی کوڕی شەراحیلی کەعبیە، دایکی ناوی سەعدی کچی ثەعلەبەیە.[1]

زەید هێشتا بچووك بوو کە لەگەڵ سەعدی دایکی چوو بۆ لای هۆزەکەی دایکی، لەو ماوەدا هێرش کرایە سەر ئەو هۆزەو تیایدا زەید بەدیل گیرا و دواتر برا بۆ بازاڕی عوکاظ و لەوێ فرۆشرا، حەکیمی کوڕی حیزام زەیدی کڕی بۆ خەدیجەی پووری، بە چوارسەد درهەم ئەوی کڕی، ئیتر زەید لای خەدیجە مایەوە تا ئەوەی خەدیجە شووی کرد بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوکات بەخشی بە پێغەمبەر (ﷺ).[2]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە حارثە ئافرەتێکی لە هۆزی (طيء) بەهاوسەر گرت، لەو ئافرەتە سێ منداڵی بوو کە بریتی بوون لە جەبەلەو ئەسما و زەید، پاش ماوەیەك ئەو ژنەی مرد، ئینجا ئەو منداڵانە لای باپیرەیان مانەوە، حارثە ویستی بیانبات لەگەڵ خۆیدا، بەڵام باپیرەی هات و وتی با لای ئێمە بن باشترە بۆیان، ئەویش هەریەك لە جەبەلەو ئەسمائی برد و زەیدی لەوێ جێهێشت، پاش ماوەیەك سوارەیەکی تیهامە هات و دای بەسەر ناوچەی هۆزەکەی دایکی زەیددا و زەیدیان بە کۆیلە گرت و بردیانە بازاڕی مەککەو لەوێ پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی بینی و وەسفی کرد بۆ خەدیجەو خەدیجەش زەیدی کڕی و لەوێ لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە و دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێك حارثە هات بۆ مەدینەو زەیدی بینی زەید لەبەر ڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) لەبەری هەڵنەسا، حارثەو دەستەکەی بانگی زەیدیان کرد

1 - أسد الغابة، ج2، ص 335.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 598.

بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی زەید ئەوانە کێن؟ وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەیان باوکمەو ئەوەشیان مامەو ئەوەشیان برامەو ئەوەش هۆزەکەمن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دەی هەستەو سەلامیان لێ بکە) ئەوانیش سەلامیان لێکرد، ئینجا وتیان ئەی زەید لەگەڵ ئێمە وەرەوە، زەید وتی بەس لای پێغەمبەری خوام دەوێت و نایگۆڕمەوە بە کەس، ئەوانیش وتیان ئەی موحەممەد چەند بەرامبەر خوێن باییت پێ دەدەین لەبری ئەم کۆیلەیە تا بیدەیتەوە پێمان، چەندەت دەوێت دەتدەینێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی داواتان لێ دەکەم شایەتی بدەن هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و من کۆتاو سەرمۆری پێغەمبەرانی خوام ئینجا دەینێرم لەگەڵتان، بەڵام ئەوان بەوە رازی نەبوون، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) رێی دا بیبەن، بەڵام زەید ئامادە نەبوو لەگەڵیان بڕوات، دواتر حارثە وتی من خۆم ئامادەم موسڵمان بم، ئەوەبوو شایەتومانی هێنا و ئەوانی تر ئامادە نەبوون موسڵمان بن.[1]

ئوسامەی کوڕی زەید لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) بانگهێشتی حارثەی کوڕی شەراحیلی کرد بۆ ئیسلام و ئەویش موسڵمان بوو.[2]

پێغەمبەر (ﷺ) خۆشەویستی زۆر بوو بۆ زەید، جا کاتێك خەدیجەی هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بینی پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی زۆر خۆشدەوێت زەیدی بەخشی بە پێغەمبەر (ﷺ).[3]

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4899.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 522.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 604.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە دەستەیەك لە هۆزەکەی زەید هاتن بۆ حەج و لەوێ زەیدیان بینی و یەکتریان ناسیەوە، هەواڵیان برد بۆ باوکی و ناونیشانیان پێدا، باوکیشی هاودەم بە کەعب هات بۆ مەککەو پرسیاری پێغەمبەری خوایان (ﷺ) کرد و وتیان لە مزگەوتە، ئەوانیش چوون بۆ لای و وتیان تۆ گەورەی هۆزەکەتی و خەڵکی شارێکیت کە کەعبەی تێدایە، دەستگرۆی نەدار و نانبەخشن، هاوتین تا ئەو کۆیلەت کە هەتە کوڕی ئێمەیە منەتبارمان بکەیت و ئازادی بکەیت و لە بەرامبەردا چیت دەوێت پێت دەبەخشین، ئەویش فەرمووی: کامەیە؟ وتیان زەید، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بانگی بکەن و سەرپشکی بکەن، ئەگەر ئێوەی هەڵبژارد ئەوە بەبێ هیچ بەرامبەرێك بۆ ئێوەو ئەگەریش منی هەڵبژارد ئەوە بە خوا من کەسێك دوورناخەمەوە کە من هەڵبژێرێت، ئەوانیش وتیان زۆر لەوە زیاترت پێ بەخشیوین کە ئێمە داوامان کردووە، ئەوەبوو هێنرا و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەمانە دەناسیت؟ وتی بەڵێ، ئەوە باوکمەو ئەوەش مامەمە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی زەید من ئەوەم کە دەمناسیت و هاوەڵیت کردوم، جا یان من هەڵبژێرە یان ئەو دوانە هەڵبژێرە، زەید وتی تەنها تۆ هەڵدەبژێرم، تۆ بۆ من وەك باوك و مامیش بویت، باوکی و مامی وتیان ماڵوێران کۆیلایەتیت پێ خۆشە تا ئازادی و هاودەمی باوکت و مام و کەسوکارت؟ زەید وتی بەڵێ، من شتێکم لەم پیاوە بەدیکردووە کە ئیتر بڕیارم داوە جگە لەم کەس هەڵنەبژێرم، پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەمەی بینی بردیەوە ناو ژوورەکەی و فەرمووی: شایەت بن زەید کوڕی منەو میراتم لێ دەگرێت و مێراتی لێدەگرم، کاتێك باوکی و مامی ئەمەیان بینی دەروونیان ئارامی

گرت و چوون، ئیتر هەمیشە زەید بە ناوی زەیدی کوڕی موحەممەد بانگ دەکرا تا ئەوەی ئیسلام هات.[1]

زەید دە ساڵ لە پێغەمبەر (ﷺ) بچووکتر بوو و باڵاشی کورت بوو، ڕەنگی سپی بوو.[2]

هاوسەرگیریەکانی زەید

پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری دا ژن بهێنێت بۆ زەید، بۆیە ئومموئەیمەنی بۆ هێنا و لەم ژنەی زەید کوڕێکی بوو بە ناوی ئوسامە[3] کە پێشتر لە پیتی ئەلفدا لەژێر ناوی ئوسامەی کوڕی زەیددا بە وردی ژیانەکەیمان باس کردووە.

دواتر زەید زەینەبی کچی جەحشی بەهاوسەر گرت، ئەمیش پوورزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، بەڵام دواتر زەید زەینەبی تەڵاق دا، دوای ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنێکی تری بۆ هێنا بە ناوی ئوممو کلثوومی کچی عوقبە، لەم ژنەی کوڕێکی بوو کە ناوی نا زەید، کچێکیشی بوو ناوی نا ڕوقییە، دواتر ڕوقییەشی تەڵاق دا و ژنێکی تری هێنا بە ناوی دوڕڕەی کچی ئەبی لەهەب، دواتر ئەویشی تەڵاق دا و هیندی کچی عەوامی بەهاوسەر گرت کە خوشکی زوبەیری کچی عەوام بوو.[4]

کاتێك زەید ویستی زەینەب تەڵاق بدات، لەگەڵیدا نەدەگونجا، بۆیە دەهاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و سکاڵای حاڵی خۆی دەکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) پێی

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 599.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 222.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 600.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 600.

دەفەرموو (لەخوا بترسەو ژنەکەت لای خۆت بهێڵەرەوە)، زەید هەر تەڵاقی داو دواتر پێغەمبەر (ﷺ) زەینەبی بەهاوسەر گرت، ئەوەش لە قورئاندا باس کراوە،[1] خوا دەفەرمویت: ﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِيٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِيٓ أَزْوَٰجِ أَدْعِيَآئِهِمْ إِذَا قَضَوْاْ مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٣٧﴾ ﴾ .

(بیربکەرەوە کاتیَ دەت وت بە کەسیَ (زەیدی کوڕی حارثە) کە خوا بەهرەی بەسەردا ڕشتبوو تۆیش چاکەت لەگەڵدا کردبوو (بە ئازاد کردنی و پەروەردە کردنی) خێزانت (زەینەب) لای خۆت ڕاگرەو بیهێڵەوە وە لەخوا بترسە لە دڵی خۆتدا شتێك دەشاریتەوە کە خوا ئاشکرای دەکات وە لە (قسەی) خەڵك دەترسی لە کاتێکدا خوا شیاوترە کە لیَ ی بترسی ئینجا کاتیَ زەید پێویستی بەو (زەینەب) نەما و تەڵاقی دا ئێمە ئەو (زەینەب) مان لیَ مارەکردی بۆ ئەوەی هیچ ناڕەحەتی (و تاوانیَ) نەبێت لەسەر ئیمانداران لە (مارەکردنی) ژنانی بە کوڕ کراوەکانیاندا کاتیَ پێویستیان پێیان نەماو تەڵاقیان دان وە فەرمانی خوا (بە مارە کردنی زەینەب بۆت) دراوە و بڕاوەیە).

زەید لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پێش هاتنی وەحی

زەید دەڵێت: ڕۆژێکی گەرمی مەککە بوو، لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) چووینە دەرەوە، پێغەمبەر (ﷺ) منی لەپێش خۆیەوە سواری وڵاخەکەی کردبوو، چووین بۆ لای یەکێك لە بتەکان و ئاژەڵێکمان بۆ سەربڕی و برژاندمان، زەیدی کوڕی عەمر

[1] - صحيح البخاري، الرقم 7005،

تێپەڕ بوو و هەردووکیان سەلامی سەردەمی جاهیلیان لە یەکتر کرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەی زەید چیە دەبینم هۆزەکەت رقیان لێ هەڵگرتویت؟ ئەویش وتی ئەی موحەممەد بەخوا من هیچ زیانێکم نەبووە بۆیان، بەڵام دەرچووم تا هەواڵی ئەو دینە وەربگرم تا چوومە لای راهیبەکانی فەدەك بینیم پەرستشی خوایان دەکرد و هاوەڵیشیان بۆ دادەنا، منیش وتم ئەوە ئەو دینە نیە کە من دەمەوێت، پیرێکیان وتی ئەو دینەی تۆ هەواڵی دەپرسیت تەنها لای پیرێکە لە حیرە منیش چووم بۆ لای، کە منی بینی وتی تۆ لە کوێوە هاتویت؟ وتم لە مەککەوە، ئەویش وتی ئەوەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت لە ناوچەی خۆتدا دەردەکەوێت، پێغەمبەرێك نێردراوە کە ئەستێرەکەی دەرکەوتووە، منیش چی کەس دەبینم هەموو لە گومڕاییدان و هەستم بە هیچ نەکردووە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) خوانەکەی لێ نزیك کردەوە، زەید وتی ئەوە چیە؟ فەرمووی: ئەوە مەڕێکە سەرمان بڕیوە بۆ یەکێك لە بتەکان، ئەویش وتی من سەربڕاوێك ناخۆم کە ناوی خوای لەسەر نەهاتبێت، ئێنجا پێغەمبەر (ﷺ) چوو تەوافی کەعبەی کرد و منیش لەگەڵی بووم، صەفاو مەروەی کرد، لەوێ دوو بتی مس هەبوون کە پێیان دەوترا یەساف و نائیلە، خەڵکی کە تەوافیان دەکردن دەستیان پێدا دەهێنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەستیان پێدا مەهێنە چونکە ئەوانە پیسن، منیش لە دەروونی خۆمدا وتم هەر دەستیان پێدا دێنم بزانم پێغەمبەر (ﷺ) چی دەکات؟ دەستم هێنا پیایاندا، ئەویش فەرمووی: ئەی زەید مەگەر رێگریت لێ نەکرا؟[1]

1 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4105، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7052، قال حسين سليم أسد إسناده حسن، قال الذهبي في إسناده محمد لا يحتج به وفي بعضه نكارة بينة.

زەید لە بانگەوازی مەککەدا (رضي الله عنه)

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بانگەوازی راگەیاند و بێباوەڕان کێشەیان بۆ دروست دەکرد، هاتن بۆ لای ئەبووطالیب و پێشنیازی ماددییان دەخستە بەردەم پێغەمبەر (ﷺ) تا واز بهێنێـ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: تەنها یەك وشەم دەوێت لێتان، بڵێن لا اله الا الله، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، یەکێکیان وتی ئەمە تەنها چارەسەری بریتیە لە تیرۆرکردنی، بۆ شەوەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دیار نەما، ئەبوو تالیب و مامەکانی هاتن بۆ ماڵی، کەچی لەویٚ نەبوو، بۆیە گەنجانیان کۆکردنەوە وهەرکام ئاسنێکیان بە دەستەوەبوو، ئەبوو طالیب وتی دەچمە لای کەعبەو هەرکامتان لای سەرکردەیەکیان بوەستن، ئەگەر موحەممەد کوژرابوو دەیانکوژین، لەو کاتەدا زەید هاتەوە، ئەبووطالیبی بەو شڵەژاویە بینی، ئەبووطالیب وتی ئەی زەید برازاکەمت نەدیوە؟ وتی با کەمێك لەمەوبەر لەگەڵ من بوو، ئەبووطالیب وتی ناچمەوە ماڵ تا نەیبینم، خێرا زەید چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە ماڵێك لای صەفا لەگەڵ هاوەڵانی بوو، هەواڵ و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) گەڕایەوەو هات بۆ لای ئەبوو طالیب.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ طائیف زەیدی کوڕی حارثەش لەگەڵیدا چوو، کاتێك خەڵکەکەی پێغەمبەریان (ﷺ) بەردباران دەکرد، زەید خۆی دەدایە بەر بەردەکان و پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەپاراست، ئینجا کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ حەسانەوە لەژێر دارخورمایەکدا دانیشتبوو، زەید پێی وت چۆن دەچیتەوە ناو مەککە لەکاتێکدا قوڕەیشیەکان تۆیان دەرکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەی

1 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج1، ص 203.

زەید ئەم حاڵەی تۆ دەبیبینێت خوای گەورە دەرووی خێر و رزگاری بۆ دەکاتەوە، خوا ئایینی خۆی سەردەخات و پێغەمبەرەکەی سەردەخات).[1]

### کۆچکردنی زەید بۆ مەدینە

زەید دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەوێ لە غەزای بەدرو ئوحود و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد تا لە غەزای موئتەدا شەهید بوو.[2]

زەید کە کۆچی کرد بۆ مەدینە لە ماڵی کلثومی کوڕی هدم مایەوە، رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو لە ماڵی سەعدی کوڕی خەیثەمە مایەوە.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی ئەبووئەییووبی ئەنصاری بوو، هەریەك لە زەید و ئەبووڕافیعی بانگ کرد و دوو وشتری پێدان و پێنج سەد درهەمیشی پێدان و ئەوانی نارد بۆ مەککە تا بچن فاطیمەو ئومموکلثوومی کچانی پێغەمبەر (ﷺ) و سەودەی کچی زەمعەو ئوسامەی کوڕی زەید بهێنن بۆ مەدینە.[4]

کاتێك زەینەب کەوتەڕێ بۆ کۆچەکەی لەگەڵ کینانیەکان چوو، خێرا کۆمەڵێك کەوتنە شوێنی تا ئازاری بدەن، لەوانە هەبباری کوڕی ئەسوەد بوو کە ئەو هەڵوێستەی نواند، ئەوکات زەینەب سکی هەبوو، بەو کەوتنەی سکەکەی خست و خوێنیشی لێ ڕۆیشت، لەسەرئەوە هاشمی و ئومەویەکان کەوتنە دەمەبۆڵەو هەرکام

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 211.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 600.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 44.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 237.

دەیانوت ئێمە نزیکترین لێیەوە، ئەوەبوو زەینەب برایەوە بۆ لای هیندی کچی عوتبە، هیند پێی دەوت هەموو ئەم بەزمانە لەبەر باوکتە، پێغەمبەر (ﷺ)زەیدی کوڕی حارثەی نارد بە شوێنیدا و فەرمووی: (دەتوانیت بچیت زەینەبم بۆ بهێنیت؟)، ئەویش وتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خاتەمەکەم ببە، زەید چوو و بە وشترەکەیەوە نزیك بوویەوە تا گەیشت بە شوانێك، وتی شوانەی کێیت؟ ئەویش وتی هی ئەبولعاصم، وتی ئەی ئەو مەڕانە هی کێن؟ وتی هی زەینەبی کچی موحەممەدن، زەید لەگەڵیدا چوو، دواتر بە شوانەکەی وت ئەگەر شتێکت بدەمێ دەیگەیەنیتە دەستی زەینەب بەلام لای کەس باسی نەکەیت؟ وتی بەڵێ، زەید خاتەمەکەی پێدا، کابرای شوانە چوویەوەو مەڕەکانی کردەوە شوێنی خۆیان و خاتەمەکەی دا بە زەینەب، زەینەبیش خاتەمەکەی ناسیەوەو وتی کێ ئەمەی پێدایت؟ شوانەکە وتی کابرایەك، زەینەب وتی ئەی لەکوێ جێتهیشت؟ وتی لە فلانە شوێن، زەینەبیش بێدەنگ بوو تا شەو هات، ئینجا چوو بۆ لای زەید، کە گەیشتە لای زەید، زەید وتی (سەرکەوە لەپێش منەوە دابنیشە)، زەینەب وتی نەخێر تۆ سەرکەوەو لەپێش منەوە دابنیشە، زەینەب لە دواوەو زەید لە پێشیەوە بەسەر وشترەکەوە چوونەوە بەرەو مەدینە، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەمە چاکترین کچمە کە لەبەر من تووشی نارەحەتی بوو).[1]

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2744، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18858، صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 3071.

کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینەو برایەتی خستە نێوان پشتیوانانو کۆچەران، برایەتی خستە نێوان ئوسەیدی کوڕی حوضەیرو زەیدی کوڕی حارثەوە.[1]

زەید لە قورئاندا و لە سوورەتی ئەحزابدا ناوی هاتووە، ئەمیش تاکە هاوەڵە کە لە قورئاندا ناوی هێنرابێت.[2]

بەشداری زەید لە غەزادا

پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی لە هەر سریەیەکدا بناردایە دەیکرد بە ئەمیری سریەکە،[3] ئەوەبوو لە حەوت سریەدا زەید ئەمیر بوو،[4] ئەگەریش پێغەمبەر (ﷺ) بچوایەتە دەرەوەو زەید لە مەدینە بوایە ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەیکرد بە بەرپرسی مەدینە تا خۆی دەگەڕایەوە.[5]

زەید سیفەتی سەرکردایەتی و ئەمیرایەتی تێدابوو، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) لە کۆتا ڕۆژەکانی تەمەنیدا بوو، ڕۆژی چوارشەممەکەی تاو نارەحەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) داگرت، بەڵام ڕۆژی پێنج شەممە خۆی چوو ئاڵاکەی دایە دەست ئوسامەی کوڕی زەید تا هێرش ببەنە سەر ڕۆم، لەنێو

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص143.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 220.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 601.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 226.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 601.

سوپاکەیدا ئەبووبەکری صدیقو عومەری کوڕی خەطابو ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصو چەندین هاوەڵی تری گەورە هەبوون، لەسەر ئەوە کەسانێ نارەزاییان دەربڕی، پێغەمبەر (ﷺ) تەواو توورەبوو و لەتاو ئازاریش سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەرو سوپاسو ستایشی خوای کردو دواتر فەرمووی: (پاشان ئەی خەڵکینە ئەو قسەو باسە چیە پێم گەیشتوەتەوە لە هەندێکتان سەبارەت بەوەی ئوسامەم بە ئەمیر داناوە، ئەگەر تانە دەدەن لە ئەمیرایەتی ئوسامە پێشتریش تانەتان دا لەوەی باوکیم بە ئەمیر دانا، ئەرێ بەخوا ئەو کەسە بۆ ئەمیرایەتی دروست کرابووو دوای خۆیشی کوڕەکەشی بۆ ئەمیرایەتی دروست کراوە...)[1]

زەید لە غەزای بەدردا بەشدار بوو، کاتێك غەزای بەدر تەواو بوو و موسڵمانان سەرکەوتن، پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی وەك موژدەدەر ناردەوە بۆ مەدینە تا موژدەی سەرکەوتنی موسڵمانان ببات بۆ مەدینە.[2]

بیست و دوو مانگ دوای کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە، پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی کردە ئەمیری سریەیەك و ناردی تا رێ بگرن بە کاروانێکی قورەیشیەکان، ئەویش لە ناوچەی قیرەدە، زەید بە سەد سوارەوە چوو و رێی بە کاروانەکە گرت و دەستکەوتێکی زۆریان لێ گرت و کاروانەکەیان هێنایەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ).[3]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص190.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 19.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 36.

لە غەزای خەندەقدا زەید ئاڵای کۆچەرانی بەدەستەوە بوو، هاوکات بۆ پاسەوانی مەدینە پێغەمبەر (ﷺ) چەند دەستەیەکی دەنارد، زەیدی کردبوو بە بەرپرسی دەستەیەکی سێ سەد کەسی تا پاسەوانی مەدینە بکەن.[1]

لەساڵی شەشەمی کۆچی و لە مانگی رەبیعولئاخیردا پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی کردە ئەمیری سریەیەك بۆ سەر بەنو سولەیم،[2] دواتر لە مانگی جومادیلئولای هەمان ساڵدا زەیدی کردە ئەمیری سریەیەك بۆ ناوچەی عیص کە چوار شەو رێ دوور بو ولە مەدینەوە تا رێ بگرن بە کاروانێکی قورەیش کە لە شامەوە دەهاتنەوە، زەید بە سەدو حەفتا سوارەوە چوو و رێی گرت پێیان و بە دەستکەوتێکی زۆرەوە گەڕانەوەو خەڵکانێکشیان بەدیل هێنایەوە، هەر لەو ساڵەو لە مانگی جومادیلئاخیرەدا زەیدی بە سریەیەکەوە نارد بۆ ناوچەی طەرف کە بیرێك بوو نزیکەی پەنجا کیلۆمەترێك لە مەدینەوە دوور بوو و زەید بە دەستکەوتەوە گەڕایەوە بۆ مەدینە.[3]

هەر لەو مانگەدا پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی بە سریەیەکەوە نارد بۆ ناوچەی حسما لە پشت وادیلقوراوە، ئەمەش لەبەرئەوەی لەوێ رێیان گرتبوو بە دیحیەی کەلبی، پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی نارد و هێرشی کردە سەریان و کوشتارێك روویدا،

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 67.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 86.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 87.

زەید بە دەستکەوتێکی زۆرەوە گەڕایەوە بەرەو مەدینە، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی نارد شتەکان بگێڕێتەوە، ئەویش فەرمانەکەی بەجێگەیاند.[1]

هەر لە مانگی رەجەبی ساڵی شەشەمی کۆچیدا زەید بە سریەیەکەوە چوو بۆ وادیلقورا،[2] ئەمەش لەبەرئەوەی پێشتر زەید بۆ بازرگانی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو شام چووبوو، کەچی لەو ناوچە رێیان پێگرت، بۆیە زەید هاتەوەو هەواڵی هێنایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) بە سریەیەکەوە ناردی بۆ ئەویّ، هێرشی بردە سەریان و کوشتاری لێکردن، لەو هاتنەوەیدا بوو کە خێرا لەگەڵ گەڕانەوەی چوو بۆ ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش هێشتا تەواو جلەکانی لەبەر نەکردبوو چوو بەرەو رووی و باوەشی پێدا کرد و ماچی کرد.[3]

دواتر زەید لە هەریەك لە حودەیبیەو غەزای خەندەقیشدا بەشداری کرد.[4]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 88.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 89.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 90.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 45.

خۆشەویستی زەید لای پێغەمبەر (ﷺ)

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: زەیدی کوڕی حارثە هات بۆ مەدینە، ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) لە لای من بوو، زەید هات و تەقەی دا لە دەرگا، پێغەمبەر (ﷺ) بەرەورووی هەستا و جلەکانی بەدوای خۆیدا رادەکێشاو باوەشی کرد بە زەیدداو ماچی کرد.[1]

جارێك جەعفەر و عەلی و زەید پێکەوە بوون، جەعفەر وتی من لەهەمووتان لای پێغەمبەر (ﷺ) خۆشەویستترم، عەلی وتی بەڵکو منم، زەید وتی بەڵکو منم، وتیان دەی با هەموومان بچین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پرسیاری لێبکەین، ئەوەبوو چوون، ئوسامەی کوڕی زەید لەبەردەرگا بوو و داوای چوونەژوورەوەیان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) بە ئوسامەی فەرموو برۆ دەرەوە بزانە ئەوانە کێن؟ ئوسامەش وتی جەعفەر و عەلی و زەیدن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مۆڵەتیان بدە، کە چوونە ژوورەوە وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆشەویسترین کەست کێیە؟ فەرمووی: (فاطیمە)، وتیان سەبارەت بە پیاو پرسیارت لێدەکەین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما أنت يا جعفر فأشبه خلقك خلقي، وأشبه خلقي خلقك، وأنت مني وشجرتي، وأما أنت يا علي فختني وأبو ولدي، وأنا منك وأنت مني، وأما أنت يا زيد فمولاي ومني وإلي، وأحب القوم إلي)،[2] (تۆ ئەی جەعفەر لە هەموو کەس زیاتر شێوەت لە من دەچێت، ئاکاریشم زۆر لە ئاکارت دەچێت، تۆ لەمن و لە شەجەرەی

1 - سنن الترمذي، الرقم 2727، صعفه الألباني في تحقيق رياض الصالحين، الرقم 896.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21212، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4910، صححه الذهبي في التلخيص، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

منیت، تۆ ئەی عەلی زاواو باوکی منداڵەکانمیت و من لە تۆم و تۆیش لە منیت، تۆیش ئەی زەید مەولای منیت و لە منیت و بۆ منیت و خۆشەویستترینی خەڵکیت بۆم).

چوونی زەید بۆ موئتەو شەهیدبوونی

پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی کوڕی حارثەی نارد بۆ شەڕی موئتە لە خاکی شام، ئەوەبوو لە مانگی جەمادیلئوولای ساڵی هەشتەمی کۆچیدا لەو غەزایەدا شەهید بوو.

موئتە لە خوارووی بەلقا بوو ماوەیەك دوور بوو لە شام، ئەوەبوو لە مانگی جەمادیلئوولادا پێغەمبەر (ﷺ) بە نامەیەکەوە حارثی کوڕی عومەیری ئەزدی نارد بۆ لای پاشای بوصرا، کەچی کە گەیشتە موئتە شورەحبیلی کوڕی عەمری غەسانی ڕێی پێ گرت و کوشتی، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی لەسەر سەخت بوو، بۆیە سوپایەکی نارد کە نزیکەی سێ هەزار کەس دەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەمیری خەڵکەکە زەیدی کوڕی حارثەیە، ئەگەر کوژرا ئەوە جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب ئەمیرە، ئەگەر ئەویش کوژرا ئەوە عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە ئەمیرە، ئەگەر ئەویش کوژرا با موسڵمانان بە ڕەزامەندی خۆیان لەنێو خۆیاندا کەسێك دیاری بکەن و بیکەنە ئەمیریان)، پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵایەکی سپی دایە دەست زەیدی کوڕی حارثەو وەسیەتی کرد بۆیان تا بچنە شوێنی کوژرانەکەی حارثی کوڕی عومەیر و خەڵکی ئەوێ بانگ بکەن بۆ ئیسلام، ئەگەر موسڵمان بوون باشە، ئەگەرنا پشت بەخوا ببەستن و دژیان بجەنگن، خۆیشی بۆ بەڕێکردنیان لەگەڵیان چوو تا گەیشتە (ثنیة الوداع)، ئیتر لەوێ وەستا و ماڵئاوایی کرد لێیان، موسڵمانانیش نزایان دەکرد بۆیان و دەیانوت خوا بتانپارێزێ و بە چاکی و دەستکەوتەوە بتانگێڕێتەوە،

دوژمنیش ئەم هەواڵەی بیست و سوپای کۆکردەوەو شورەحبیل نزیکەی سەد هەزار سەربازی کۆکردەوەو دەستەی پێشرەوی نارد.

کاتێك موسڵمانان گەیشتنە خاکی شام و هەواڵی زۆری سوپای دوژمن و هاتنی هیرەقلیشیان بە سوپایەکەوە بیست کە نزیك لەو ناوچە بوو، وتیان با نامە بنێرین بۆ پێغەمبەر (ﷺ) تا بزانین فەرمان بە چی دەکات، بەڵام عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە موسڵمانانی هاندا تا درێژە بدەن بە چوونەکەیان، ئەوەبوو درێژەیان دا بە چوونەکەیان تا گەیشتنە موئتە، دوژمنیش بە سوپایەکی گەورەوە هاتن و جەنگ لەنێوانیاندا ڕوویدا، زەید بە ئاڵاکەوە جەنگا تا ڕمێکی بەرکەوت و شەهید بوو، ئینجا جەعفەری کوڕی ئەبووطالیب ئاڵاکەی گرتەدەست و لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و دەمارێکی پێی ئەسپەکەی بڕی تا نیشانی بدات ڕاکردن نیە، ئینجا جەنگا تا سەربازێکی ڕۆمی بە شمشێر لێیدا و وا لێیدا کردی بە دوو بەشەوە، یەکێك لە بەشەکانی جەستەی نزیکەی سی و ئەوەندە برینداری پێوە بوو، بە هەموو جەستەیەوە نزیکەی حەفتاو ئەوەندە برینداری بینرا چ لە بەرکەوتنی شمشێر یان ڕم بێت، ئینجا عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە ئاڵاکەی هەڵگرت و ئەویش جەنگا تا کوژرا، ئینجا موسڵمانان ئاڵاکەیان دایە دەست خالیدی کوڕی وەلید و ئەویش بە پلانێکی سەرکەوتوو توانی پاشەکشە بکات بە سوپای موسڵمانان.[1]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 128-129.

کاتێك جەعفەر ئاڵاکەی بەدەستی ڕاستەوە گرتبوو شمشێرێك درا لە دەستی و دەستی بڕا، بۆیە بە دەستی چەپ ئاڵاکەی گرتە دەست، پاش کەمێکی تر درا لە دەستی چەپیشی و هەردوو دەستی بڕا.[1]

کاتێك ئەم ڕووداوانە ڕوویاندەدا پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە لەلایەن پەروەردگارەوە هەواڵی پێدەدراو دەیگێڕایەوە بۆ هاوەڵان.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی کوژرانی جەعفەر و زەید و عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەی بیست دانیشت و خەفەت دەموچاوی داگرتبوو،[3] ئینجا دەیفەرموو:(وایە لە زەید خۆش بێت، خوایە لە زەید خۆش بێت، خوایە لە زەید خۆش بێت، خوایە لە جەعفەر خۆش بێت، لە عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە خۆش بێت).[4]

پێغەمبەر (ﷺ) چوو سەردانی ماڵی زەیدی کرد، کچەکەی زەید هەنیسکی گریان گرتبووی و بە گریانەوە ڕووەو پێغەمبەر (ﷺ) چوو، پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر بە تاسەوە دەستی کرد بە گریان، سەعدی کوڕی عوبادە کە لەوێ بوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو گریانە چیە؟ فەرمووی: (ئەوە تاسەی خۆشەویستە بۆ خۆشەویستەکەی).[5]

---

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 246.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 13843.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1250، صحيح مسلم، الرقم 1602، صحيح ابن حبان، الرقم 3204، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1953، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6678، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23755.

4 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 11769،

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 46.

کاتێك زەید شەهید بوو تەمەنی پەنجاو پێنج ساڵ بوو.[1]

زەیدی کوڕی حاطیب(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی حاطیبی کوڕی ئومەییەی کوڕی رافیعە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و لەو غەزایەشدا بریندار بوو، باوکی یەکێك بوو لە کەسە دووڕووەکان، کاتێك بە برینداری زەیدیان بردەوە بۆ لای باوکی و خەڵکێك بۆی دەگریان، باوکی وتی ئێوە واتان پێکرد، لەخشتەتان برد تا بردتان بۆ ئەو جەنگە، بەو پێیەی باسی مردنەکەی نەهاتووە دیارە لەو برینداریەی چاك بووەتەوە، چونکە ناوی لە ناو کەسانی شەهیدبووی ناو بەدردا نەهاتووە.[2]

بەڵام ئیبن کەثیر باسی ئەوە دەکات کە ئەو برینداریەی حاڵەتی سەرەمەرگی بووە، ئەوەتا دەڵێت: حاطیب کوڕێکی هەبوو لە گوڵبژێری موسڵمانان بوو، ناوی یەزید بوو–دیارە ناوی زەید ناوی راستتریەتی– لە رۆژی ئوحود بریندار بوو و چەندین برینی پێوە بوو، برا بۆ ماڵێکی ئەوسیەکان و لەوێ دانرا، خەڵکێکی زۆر لە ژن و پیاوی موسڵمانان لە دەوری کۆبوونەوەو ئەویش لە سەرەمەرگیدا بوو، دەیانوت موژدەت لێ بێت ئەی کوڕی حاطیب، باوکی تەواو هەڵچوو و دووڕوویيەکەی خۆی نیشاندا و دەیوت، بەڵێ چ بەهەشتێ، ئاوا ئەم داماوەتان لەخشتە برد.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 601.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 602.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 239.

زەیدی کوڕی حەر (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی حەڕی عەبسیە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[1]

زەیدی کوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنیە، سەبارەت بە کونیەکەی هەریەك لە ئەبووزورعەو ئەبووعەبدوڕەحمان و ئەبووطەلحە هاتووە.[2]

زەید یەکێك بوو لە بەشداربوانی حودەیبیە، زەید دەڵێت لە حودەیبیە بووین کە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بەیانی بۆ کردین، کە لە نوێژ بوویەوە رووی کرد بە رووی خەڵکەکەدا و فەرمووی ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی دەفەرمویت؟ ئەوانیش وتیان خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زاناترن، فەرمووی: خوا دەفەرمویت: :

(أصبح من عبادي مؤمن بي وكافر، فأما من قال: مطرنا بفضل الله ورحمته، فذلك مؤمن بي وكافر بالكوكب، وأما من قال: بنوء كذا وكذا، فذلك كافر بي ومؤمن بالكوكب)،[3]

(لەناو بەندەکانمدا کەسانێك هەن بە بڕواداری بەرامبەرم رۆژیان کردووەتەوە، هەندێکیش بە بێبڕوایی بەرامبەرم رۆژیان کردوەتەوە، ئەوەی وتوویەتی بە فەزڵ و رەحمەتی خوا بارانمان بۆ باری ئەوە بڕوادارە بەرامبەرم و بێبڕوایە بەرامبەر – خوداوەندبوونی– هەسارەکان، ئەوەش وتی بەهۆی ئەوەی مانگ لەو پایەیدایە بۆیە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 602.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 603.

3 - صحيح البخاري، الرقم 823، صحيح مسلم، الرقم 129، مستخرج أبي عوانة، الرقم 53، صحيح ابن حبان، الرقم 188، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1814، مسند احمد بن حنبل، الرقم 16737.

باران باریوە، ئەوە بێبڕوا بووە بەرامبەرم و بڕوای هەیە–بە خواوەندی– هەسارەکان).

زەیدی کوڕی خالید لە غەزای خەیبەریشدا بەشدار بوو، ئەوەتا بەسەرهاتێکی ئەوێمان بۆ باس دەکات و دەڵێت: هاوەڵێکی پێغەمبەر (ﷺ) لە رۆژی خەیبەردا وەفاتی کرد، ئینجا هەواڵ برا بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی (لەسەر هاوەڵەکەتان نوێژ بکەن)، خۆی نوێژی لەسەر نەکرد، خەڵکەکە رەنگی دەموچاویان گۆڕا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (هاوەڵەکەتان لە –دەستکەوتی– رێی خوادا ناپاکی نواندووە)، ئێمەش چووین سەیری شمەکەکەیمان کرد، بینیمان ملوانکەیەکی جوولەکەی دزیوە کە بەهاکەی دوو درهەمیش نەدەبوو).[1]

زەید لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد و لەو رۆژەدا ئاڵای جوهەنیەکانی بەدەستەوە بوو.[2]

زەیدی کوڕی خالید دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (من توضأ فأحسن وضوءه، ثم صلى ركعتين لا يسهو فيهما غفر له ما تقدم من ذنبه)،[3] (هەرکەس دەستنوێژ بشوات و بە جوانی دەستنوێژەکەی بشوات، دواتر دوورکات نوێژ بکات بێ ئەوەی هەڵەی تێدا بکات، ئەوە تاوانەکانی پێشووتری دەسڕێنەوە).

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 4930، قال شعيب الأرناؤوط إسناده محتمل للتحسين، سنن أبي داود، الرقم 2349، سنن ابن ماجة، الرقم 2844، ضعفه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2710.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 603.

3 - سنن أبي داود، الرقم 783، المستدرك على الصحيحين، الرقم 411، مسند احمد بن حنبل، الرقم 16730، مسند الطيالسي، الرقم 1413، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5089، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 905، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

زەیدی کوڕی خالید دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: : (من جهز غازيا فى سبيل الله فقد غزا، ومن خلف غازيا فى سبيل الله بخير فقد غزا)،[1] (هەرکەس ئامادەسازیەکانی موجاهیدێك لە ڕێی خوادا ئامادە بکات ئەوە وەك ئەوە وایە غەزای کردبێت، هەرکەسیش بە چاکی سەرپەرشتی ژن و منداڵی موجاهیدێکی ڕێی خوا بکات ئەوە وەك ئەوە وایە غەزای کردبێت).

سەبارەت بە کاتی مردنی رایەك دەڵێت لە مەدینەو لە سەردەمی خیلافەتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا مردووە، رایەکی تریش دەڵێت لە ساڵی شەست و هەشتی کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکی تر دەڵێت لە ساڵی حەفتاو هەشتی کۆچیدا و لە مەدینە وەفاتی کردووە، ئەوکاتیش تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵان بووە،[2] رایەك دەڵێت لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان لە کووفە کۆچی دوایی کردووە.[3]

زەیدی کوڕی خوڕەیم (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی خوڕەیمە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عوبەید کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، زەید دەڵێت سەبارەت بە مەسح کردن لەسەر خوف پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی: (سێ ڕۆژ بۆ کەسێ لە سەفەر بێت، شەو و ڕۆژێکیش بۆ کەسێ لە شوێنی خۆی بێت).[4]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2708، صحيح مسلم، الرقم 3602، صحيح ابن حبان، الرقم 4702، سنن أبي داود، الرقم 2161، سنن الترمذي، الرقم1595، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4258، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16675، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16719، مسند الطيالسي، الرقم 986، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5074.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 603.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 344.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 604.

زەیدی کوڕی سەعنە(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی سەعنەی ئیسرائیلیە، سەرەتا جوولەکە بوو و دواتر موسڵمان بوو.[1]

زەید دەڵێت: کاتێك سەیری موحەممەدم کرد، چی ئاماژەو نیشانەی پێغەمبەرایەتی هەبوو لە دەموچاوی موحەممەددا بەدیم کرد، تەنها دوو نیشانە نەبێت، ئەوانیش بریتی بوون لەوەی کە دەبوو لەسەرخۆیی و داناییەکەی پێش نەزانی بکەوێت و نەفامی نواندن بەرامبەری دانایی و نەرمونیانی ئەو زیاتر بکات، منیش نەرمیم لەگەڵ دەنواند و خۆم لێ نزیك دەکردەوە بۆ ئەوەی تێ:ەڵی بکەم و بزانم ئەو نیشانەی تێدایە، ئەوەبوو جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ژوورەکەی دەرچوو و عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشی لەگەڵدا بوو، کابرایەکی دەشتەکی هات بۆ لای و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەڵکی فلأنە گوند موسڵمان بوون و منیش وتوومە ئەگەر موسڵمان بن بەردەوام رۆزییان بۆ دێت، کەچی لەو کاتەوەی موسڵمان بوون قات و قڕی و نەبوونی رووی تێکردون و باران ناباریێت بۆیان، منیش ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەترسم بەو بۆنەیەوە واز لە ئیسلام بهێنن، بەڵکو کەسێك بنێریت فریایان بکەوێت، پێغەمبەریش (ﷺ) تەماشای کابرایەکی کرد کە لەوێدا بوو وابزانم عومەر بوو، عومەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ شتێکی لێ نەماوە، منیش لێی نزیك بوومەوەو وتم ئەی موحەممەد پێت چۆنە بڕێ خورمای باخی فلأنە کەسم لێ بکڕیت تا فلأنە رۆژ ئینجا بەهاکەی وەرگرم لێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (نا ئەی کابرای جوولەکە، من بڕێ خورمای دیاریکراوت لێ دەکڕم تا فلأنە کات و ناوی

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 606.

باخی فلانە کەس نابەم)، منیش وتم باشە، پێغەمبەر (ﷺ) خورماکەی لێ کڕیم و ناردی بۆ ئەو خەڵکەو فەرمووی (خێرا برۆ بۆ لایان و بەوە فریایان بکەوە)، هێشتا چەند رۆژێك مابوو بۆ ماوەکە، دوو یان سێ رۆژ مابوو، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەسپەردەکردنی تەرمی کابرایەکی پشتیوانی هاودەم بە ئەبووبەکرو عومەر و عوثمان ودەستەیەکی تر لە هاوەڵانی دەرچوو، دوای ئەوەی نوێژی لەسەر تەرمەکە کرد، لە دیوارێك نزیك بوویەوەو پاڵی پێوەدایەوە، منیش جلەکانم کۆکردەوەو بە دەموچاوێکی گرژەوە تەماشام دەکرد، دواتر وتم ئەی موحەممەد ئەرێ مافەکەی خۆمم نادەیتەوە؟ من پێشتر تێکەڵی بنەماڵەی ئێوەم کردووەو نەمدیوە ئاوا دەستخەڕۆی کەس بکەن، ئینجا تەماشای عومەری کوڕی خەتتابم کرد بینیم چاوەکانی پڕ بون لە فرمێسك و فرمێسك بەسەر کوڵمیەوەیەتی، بە خیسەیەکەوە تەماشای کردم و وتی ئەی دوژمنی خوا چۆن قسەی وا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێیت؟ سوێند بەوەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بە حەق ناردووە ئەگەر لەبەر ئەو نەبوایە بەم شمشێرەم دەمدا لە گەردنت، پێغەمبەریش (ﷺ) بە هێوری تەماشایەکی عومەری کرد و فەرمووی: (إنا كنا أحوج إلى غير هذا منك يا عمر، أن تأمرني بحسن الأداء، وتأمره بحسن التباعة، اذهب به يا عمر فاقضه حقه، وزده عشرين صاعا من غيره مكان ما رعته)، (ئەی عومەر ئێمە پێویستمان بە هەڵوێستی تری تۆ هەیە، دەبێت فەرمانم پێبکەیت چاك قەرزەکەم بدەمەوەو فەرمان بەویش بکەیت بە جوانی داوای قەرزەکەی بکاتەوە، ئەی عومەر بیبە و مافەکەی بدەرەوە و بیست صاعیش زیاد لەوەی بدەرێ لەبەرامبەر ئەوەی وا ترساندت)، ئینجا عومەر منی برد و قەرزەکەی دامەوەو بیست صاعیش زیادەی پێدام، منیش وتم ئەو زیادەیە چیە؟ وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم تا بەرامبەر بەوەی تۆم ترساند ئەم

زیادەت بدەمێ، منیش وتم ئەی عومەر من دەناسیت؟ وتی نا، تۆ کێیت؟ وتم من زەیدی کوڕی سەعنەم، وتی زانا جوولەکەکە؟ وتم بەڵێ، وتی ئە بۆچی وات وت بە پێغەمبەر (ﷺ) و وا لەگەڵیدا هەڵوێستت نواند؟ وتم ئەی عومەر من چی ئاماژەو نیشانەی پێغەمبەرایەتی هەبوو لە دەموچاوی موحەممەددا بەدیم کرد، تەنها دوو نیشانە مابوو، ئەوانیش بریتی بوون لەوەی کە دەبوو لەسەرخۆیی و داناییەکەی پێش نەزانی بکەوێت و نەفامی نواندن بەرامبەری دانایی و نەرمونیانی ئەو زیاتر بکات، بۆیە بۆ ئەو دوانە هەوڵمدا تا بزانم ئەوانەشی هەیە؟ دەی عومەر تۆ بەشایەت دەگرم وا من رازیم خوا پەروەردگارمەو ئیسلام ئایینمەو موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە، بەشایەتت دەگرم نیوەی سامانەکەم دەکەم بە خێر بۆ ئوممەتی موحەممەد(ﷺ)، عومەر وتی بڵێ بۆ بەشێك لەو ئوممەتە چونکە فریای هەموو ئەو ئوممەتە ناکەویت، منیش وتم بەشێك لەم ئوممەتە، ئینجا عومەر و زەید پێکەوە گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر خوا (ﷺ) و زەید لە خزمەتیدا شایەتومانی هێنا، ئیتر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو و بەشداری چەندین غەزای کرد، دواجار لە غەزای تەبووکدا لە رێی هاتنەوەیاندا کۆچی دوایی کرد.[1]

پەندو وانە

بەراستی کاتێك موسڵمانی ژیری ئەمڕۆ ئەم فەرموودەیە دەخوێنێتەوەو لە بار و رەوشتی ئەمڕۆی موسڵمانانیش رادەمێنێت، دەگمەنە ئەگەر ئارەقەی شەرم و ئاهی خەمی لاساری موسڵمانانی ئەمڕۆ بەخۆوە نەبینێت، موسڵمانانێك

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 287، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6588، قال الحافظ ابن حجر في الإصابة: رجال الإسناد موثوقون.

پێغەمبەرەکەیان ئەمە بەسەرهاتی بێت و قورئان ڕێنموونییان بکات بەوەی ببنە ڕەحمەت بۆ هەموو مرۆڤایەتی، کەچی نەك بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بەڵکو بۆ خودی خۆیان بوونەتە خۆرەی یەکدی و شکێنەری بێویژدان، بڕوانە پێغەمبەر (ﷺ) چۆن هێندە نەرمی و ڕووخۆشی نواندووە بۆ کابرایەکی جوولەکە کە ویستوویەتی لێی نزیك بێتەوە، تەنانەت لە کاروباری بانگەوازەکەیدا لەگەڵیدایە و ئاگادارە، بڕوانە چۆن پێغەمبەر (ﷺ) مامەڵەیەکی ماددی دەکات لەگەڵ جوولەکەیەك، تا ەو هەنگاوەی پێشنیازەکەی حەڵاڵە لەگەڵیدا دەڕوات، لەکوێدا کێشە دروست بکات ڕێ ڕاستەکەی بۆ دەخاتەڕوو، بڕوانە پێغەمبەر (ﷺ) چۆن بارگرانی لەسەر خۆی دروست کردووە بۆ فریاکەوتنی کەسانێك کە هێشتا بە چاوەکانی نەیدیون، پاشان بڕوانن بۆ سادەیی ژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە هەرچەندە هەم پێشەوای قیامەت و هەم سەرکردەی دنیاییش بووە، کەچی لە بوارە ئاساییەکانی ژیانی کۆمەڵگەکەی کەناری نەگرتووە، بۆ ئەسپەردەی تەرمی مردوویەك پێغەمبەر (ﷺ) ئامادە دەبێت، نەك بە بیانووی کاری تری پێویست خۆی لە کۆمەڵگەکەی دابڕێت.

کەسانێکی زۆر هەن بەداوی ڕاستیدا دەگەڕێن و هێشتا موسڵمان نەبوون و ڕێنموونی وایان بۆ نەبووە، یان هێشتا لە سەرەتای ڕێدان، هەندێ جار ئەو کەسانە پێوەرەێکیان بۆ ڕاستی ڕێگاکە تاقیکردنەوەو خستنەژێر چاودێری کەسە کاراکانی بانگەوازەکەیە، بۆیە زانایان و کەسانی کارای ناو بانگەوازی ئیسلامی زۆر گرنگە جیا لەوەی وەك موسڵمانێك دەجووڵێنەوە، وریابن بزانن ئەوان وێنای ئیسلام دەنوێنن لە چاوی کەسانێکەوە، لەوانەیە دەرنەچوونی زانایەك کە لەلایەن تاکێکی ناموسڵمان

یان گرووپێك یان دەستەیەکەوە خراوەتە بەر تاقیکردنەوە، ببێتە بەربەستی بەردەم موسڵمانبوونی ئەو کەسانە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو بارە سەختەدا کە قەرزارەو خاوەن قەرزەکەشی ناموسڵمانەو هاتووە ستەمی لێدەکات، لەو روانگەوە کە وادەشکێنی کردووە تا یان دەرروونی بشکێنێت یان شکۆی لەناو خەڵکدا بزڕێنێت (ئەمە لە دیدە رووکەشیەکەوە نەك لە نیازی ناو ناخی زەیدەوە)، کەچی لەو ساتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرفەت نادات یەکێك لە خۆشەویستترین هاوەڵەکانی و خەزوور و کەسی نزیکی کە عومەی کوڕی خەتتابە، هیچ زبریەك بنوێنێت بەرامبەر بەو رەقیەی کە ئەو جوولەکەیە نواندوویەتی، بەڵکو رێی راستی نیشان دەدات کە سەرخستنی موسڵمان ئەوەیە رێی راستی نیشان بدەیت نەك ئەوەی بەرامبەرەکەی بشکێنیت، وەك لە فەرموودەدا هاتووە(براکەت سەربخە ستەمکار بێت یان ستەملێکراو، ئەگەر ستەمی لێکرا سەری بخە، ئەگەریش ستەمی کرد رێی ستەمەکەی لێبگرە)، بەڵکو ئەوە فێری عومەر و هەر موسڵمانێك دەکات کەنارخستنی زبری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو رێنموونی هەردوولا بەرەو هەڵوێست و ئاکارنوێنی جوان بەرامبەر بە یەکدی رەواترە.

ئەمە بنەمایەکی گرنگە لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کە لەو سەردەم و لەو بارەدا قەرەبووی زیانی دەروونی کردووەتەوە، ئەمەش لەم سەردەمەشدا دەگمەنە نەك بۆ ئەو سەردەمە، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ترسانی تاکێکی جوولەکە لە دارایی موسڵمان قەرەبووی ماددی دەبەخشێت هەرچەندە تاکە جوولەکەکە سەرەتای هەنگاوەکەی نایاسایی بووە، چونکە هێشتا وادەی داواکردنەوەی

قەرزەکەی نەهاتبوو، ئایا هیچ دەوڵەت و دەستەیەکی ناو جیهانی ئیسلامی لەمڕۆدا نموونەی لەم شێوەی هەیە؟!

زەیدی کوڕی سەهل(ئەبووطەلحەی ئەنصاری) (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی سەهلی کوڕی ئەسوەدی کوڕی حەرامە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووطەلحەیە و زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە،[1] دایکی ناوی عوبادەی کچی مالیکە.[2]

ژنێکی هەبوو بە ناوی ئومموسولەیم، ئەم ژنەی هۆکاری موسڵمانبوونی بوو.[3]

زەید کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەمر کە بە منداڵی وەفاتی کرد و پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لەسەر کرد،[4] کوڕێکی تری هەبوو بە ناوی عەبدوڵا، ئەم منداڵە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا و نزای بۆ کرد.[5]

زەید یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە و یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە.[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 607.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 504.
3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7294.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 68.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 15.
6 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 27.

هاوسەرگیری زەید

زەید کە داوای ئوممووسولەیمی کرد هێشتا موسڵمان نەبووبوو، ئوممووسولەیم وتی کەسی وەك تۆ هی ئەوە نیە جواب بکرێت، بەڵام من ئافرەتێکی موسڵمانم و تۆیش کەسێکی بێباوەڕیت و بۆ من حەڵاڵ نیە شوو بکەم بە تۆ، ئەگەر موسڵمان بیت ئەوە مارەییەکەشم دەبێت و داوای هیچ مارەییەکی ترت لێناکەم، ئەوەبوو زەید موسڵمان بوو،[1] زەید چوو بەرەو لای پێغەمبەر (ﷺ) کە لەناو هاوەڵانیدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەبووطەلحە دێت بۆ لاتان و تارمایی ئیسلام بەنێوچاوانیەوەیەتی)، زەید هات و وتەکانی ئوممووسولەیمی بۆ باسکرد و لەسەر ئەوە ئوممووسولەیمی مارە کرد،[2] دوای ماوەیەك ئوممووسولەیم سکی بوو و منداڵێکی بوو، زەید زۆر ئەو منداڵەی خۆشدەویست، بەڵام منداڵەکە نەخۆش کەوت، زەید زۆر زۆر خەفەتی بۆ دەخوارد، زەید بەیانی و ئێوارە دەچوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، جارێك دوای ئێوارە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کەچی منداڵەکە وەفاتی کردبوو، ئوممووسولەیم منداڵەکەی بۆنخۆش کرد و جوان شۆردی، کە زەید هاتەوە وتی کوڕەکەم چۆنە؟ ئەویش وتی باشەو لەو کاتەوەی نەخۆش بووە هیچ شەوێك هێندەی ئەمشەو هێور و ئارام نەبووە، زەیدیش سوپاسی خوای کرد و بەوە زۆر دڵخۆش بوو، نانی خوارد و ئوممووسولەیمیش بۆنی خۆشی دا لە خۆی و دەچوو بە دەوری زەیددا تا ئەوەی زەید لەگەڵی سەرجێی کرد، دوای هەموو ئەوانە ئینجا ئوممووسولەیم پێی وت ئەگەر دراوسێکەت شتێکت بداتە لا و تۆیش سوودی لێ

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7294واللفظ له، صححه شعيب الأرناؤوط.، صحيح البخاري باختصار، الرقم 5157، صحيح مسلم، الرقم 4090.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6722، مسند الطيالسي، الرقم 2154.

ببینیت و دواتر بیەوێت لێت وەربگرێتەوە تۆ چی دەکەیت؟ زەید وتی وەڵا بۆی دەگێڕمەوە، ئومموسولەیم وتی لە ناخی دڵتەوە بۆی دەگێڕیتەوە؟ وتی بەڵێ بە دڵنیاییەوە، ئومموسولەیم وتی دەی خوای گەورە کوڕێکی دایە لات و تۆیش بەشی خۆت خۆشیت لێ بینی، دواتر منداڵەکەت کۆچی دوایی کرد، بۆیە خۆڕاگر بە و لای خوا چاوەڕێی پاداشت بە، زەیدیش بێتاقەت بوو، بەڵام خۆڕاگری نواند، بۆ بەیانی چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بە وردی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی (خوا بەرەکەت بخاتە ئەمشەوتانەوە)، ئەوەبوو بەو سەرجێیە ئومموسولەیم سکپڕ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) بە زەیدی فەرموو ئەگەر ئومموسولەیم منداڵەکەی بوو بیهێنە بۆم، کە منداڵەکەی بوو زەید منداڵەکەی بە پارچە قوماشێك پێچایەوەو بردی بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) خورمایەکی هێنا بە لێوەکانیدا و خستیە دەمیەوەو منداڵەکەش دەیمژی، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا عەبدوڵا و نزای خێری بۆ کرد.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینەو برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان زەیدی کوڕی سەهل و ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمەوە.[2]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7294واللفظ له، صححه شعيب الأرناؤوط.، صحيح البخاري باختصار، الرقم 5157، صحيح مسلم، الرقم 4090.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 244.

زەید لە غەزاکاندا

زەید یەکێکە لەو هاوەڵانەی هەر لە غەزای بەدرەوە تا دوا غەزا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەشداری کرد.[1]

زەید لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، خۆی دەڵێت یەکێك بووم لەوانەی کە لە غەزای بەدردا خەوەنوچکە بردمیەوەو شمشێرەکە لە دەستم دەکەوتە خوارەوەو هەڵمدەگرتەوەو هەمدی دەکەوتە خوارەوەو هەڵمدەگرتەوە.[2]

زەید لە جەنگی ئوحوددا بەشداری کرد، لە غەزاکەدا لەبەردەم پێغەمبەری خوادا (ﷺ) تیری دەهاویشت، پێغەمبەریش (ﷺ) لە دوایەوە بوو و قەڵغانی بۆ گرتبوو، کاتێك تیرێکی دەهاویشت پێغەمبەر (ﷺ) سەری بەرز دەکردەوەو تەماشای دەکرد بزانێت تیرەکە کوێی گرتووە، زەیدیش سەرسنگی خۆی بەرز دەکردەوەو دەیوت ئابەوجۆرە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی بەدایك و باوکمەوە بەقوربانت بم، تیرت بەرنەکەوێت، سنگم دەکەمە قەڵغان بۆت، ئەی پێغەمبەر (ﷺ) من زۆر جیڕو بەهێزم، چی ئیشێکت هەبوو فەرمانم پێ بکە.[3]

ئەم رووداوەش دوای ئەوەبوو کە موسڵمانان شکستیان خوارد و چواردەوری پێغەمبەر (ﷺ) چۆڵ بوو و ژمارەیەك لە دەوری مانەوە، یەکێکیان زەید بوو،

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 504.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7287، صححه شعيب الارناؤوط.

3 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 13774، صححه شعيب الارناؤوط.

هەرکەس تیری پێ بوایە جیی دەهێشت بۆ زەید، هێندە تیری وەشاند کە دوو یان سێ کەوانی شکاند.[1]

زەید هاودەم بە خۆی ئومموسولەیمیشی بردبوو بۆ غەزای ئوحود، لەو کاتەدا کە موسڵمانان بریندراریان زۆربوو، عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) و ئومموسولەیمی خێزانی زەید جلەکانیان کەمێك هەڵکردبوو و خێرا دەچوون بە کونەو گۆزە ئاویان دەبرد بۆ موسڵمانان و بە کۆڵ ئاویان دەبرد.[2]

پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی دەفەرموو (دەنگی ئەبوو طەلحە لە سوپادا باشترە لە هەزار پیاو).[3]

ئەنەس دەڵێت: لە غەزای خەیبەردا بووین، لەگەڵ زەیددا پێکەوە لەسەر یەك سوار بووین، پێغەمبەر (ﷺ) بە کۆڵانەکانی خەیبەردا دەگەڕا و منیش هێندە نزیك بووم لێیەوە کە جەستەم بەر جەستەی دەکەوت.[4]

ئەنەس دەڵێت: کاتێك بەرەو مەدینە دەگەڕاینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ صەفییەدا لەسەر وشترێك بوون، لە نێوەی ڕێدا وشترەکە وەستانێکی کتوپڕی کردو پێغەمبەر (ﷺ) و صەفیەش کەوتنە خوارەوە، زەید خێرا لەسەر وشترەکەیەوە خۆی فڕێ دایە خوارەوەو چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوا بمکا بە قوربانت، هیچت بەسەر نەهاتووە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی

1 - صحيح مسلم، الرقم 3464، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3813.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3464، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3813.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5480، صححه الذهبي في التلخيص.

4 - صحيح البخاري، الرقم 367، صحيح مسلم، الرقم 3448.

(نا، بەڵام فریای ژنەکە بکەوە)، ئەویش خێرا جلەکەی خۆی دا بەسەر دەموچاوی صەفیەدا و صەفیە هەستایەوە سەرپێ، زەید وشترەکەی وەستاند بۆیان تا هەردووکیان سەرکەوتنەوە.[1]

زەید هاودەم بە ئومموسولەیمی خێزانی بەشداری غەزای حونەینیش بوو، ئەنەس دەڵێت: ئومموسولەیم لەوێ خەنجەرێکی بەدەستەوە بوو، زەید چوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئومموسولەیم خەنجەری پێیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) بە ئومموسولەیمی فەرموو ئەو خەنجەرە چیە؟ ئەویش وتی بۆ ئەوەی هەر بێباوەڕێك لێم نزیك بوویەوە بەم خەنجەرە سکی هەڵدڕم، پێغەمبەریش (ﷺ) پێدەکەنی.[2]

لە غەزای حونەیندا زەید هێندە بە سەختی جەنگی کرد کە بیست بێباوەڕی کوشت.[3]

## گوێڕایەڵی زەید بۆ فەرمانی خوا

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت: من لە ماڵی زەید بووم کە لەوێ مەیم دەگێڕا بۆ خەڵکی، هێشتا مەی حەرام نەکرابوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە کەسێك هاواری دەکرد وریابن وا مەی حەرام کرا، خێرا زەید هەستاو وتی بڕۆ ئەو مەیە بڕژە، منیش چووم و رشتم.[4]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2937.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3462.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 4913، صححه شعيب الارناؤوط.

4 - صحيح البخاري، الرقم 2352.

خۆشەویستی زەید بۆ پێغەمبەر (ﷺ)

ئەنەس دەڵێت: کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە خزمەتکاری نەبوو، زەید دەستی منی گرت و منی بردە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەنەس منداڵێکی ژیر و وریایە، با خزمەتت بکات، ئیتر منیش هەمیشە لە خزمەتیدا دەبووم.[1]

ئەنەس دەڵێت جارێك زەید هاتەوە ماڵەوەو بە ئوممو سولەیمی وت دەنگی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەنگی کز بوو، وا هەست دەکەم برسی بێت، هیچمان نیە لە ماڵەوە؟ ئوممو سولەیم وتی با، ئەوەبوو برێك گەنمی دەرکرد و نانی پێ دروست کرد و بە لەچکەکەی نانەکەی پێچایەوەو خستیە ژێر باڵم و ناردمی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەنەس دەڵێت چووم دەبینم پێغەمبەر (ﷺ) لە مزگەوتە و خەڵکی لەگەڵە، چووم بۆ لایان، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (ئەرێ ئەبوو طەلحە تۆی نارد؟) وتم بەڵێ، فەرمووی: (خواردنی پێدا ناردویت؟) وتم بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) بەوانەی دەوری فەرموو هەستن، خەڵکەکە چوون و منیش چوومەوە بۆ لای زەید و هەواڵم پێدا، ئەویش وتی ئەی ئوممو سولەیم وا پێغەمبەر (ﷺ) دێت و ئەو خەڵکەش لەگەڵ خۆی دەهێنێت و ئێمەش هیچمان نیە دەرخواردیان بدەین، ئوممو سولەیم وتی خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، زەید چوو تا گەیشتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە زەید هاتەوەو فەرمووی: ئادەی ئوممو سولەیم چیت لایە بیهێنە، ئەویش نانەکەی بۆ برد، ئینجا ئوممو سولەیم لە قاپێکدا خواردنێکی هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) هێندەی خوا بیەوێت فەرمایشتی فەرموو

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2635.

و دواتر فەرمووی دە کەس مۆڵەت بدە بێنە ژوورەوە، دە کەس هاتنە ژوورەوەو تێران خوارد و چوونە دەرەوە، دواتر فەرمووی مۆڵەتی دە کەسی تر بدە بێنە ژوورەوە، ئەوانیش هاتنە ژوورەوەو تێریان خوارد و چوونە دەرەوە، بەوجۆرە هەموویان تێریان خوارد کە هەموویان حەفتا یان هەشتا کەس دەبوون.[1]

کاتێك یەکێك لە کچەکانی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) لەلای گۆرەکەی بوو و چاوەکانی فرمێسکیان دەڕشت، فەرمووی: (کەس لەئێوە هەیە ئەمشەو سەرجێی نەکردبێت؟) زەید وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (دەی دابەزە)، زەید دابەزیە ناو گۆڕەکەی کچەکەی پێغەمبەری خواوە(ﷺ)و تەرمەکەی دابەزاندە ناو گۆڕەکەوە.[2]

زەید زۆر لە نزیك پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بوو و خۆی دوورنەدەگرت، ئەنەس دەڵێت: کە پێغەمبەر (ﷺ) سەری دەتاشی یەکم کەس کە مووەکانی هەڵدەگرت (ئەبووطەلحە) زەید بوو،[3] بۆیە پێغەمبەریش (ﷺ) زیاتری مووەکانی بەو دەبەخشی، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە حەجدا مووەکانی سەری تاشی، مووەکانی لای راستی سەری دابەش کرد بەسەر ئەوانەی دەوروبەریدا، بەڵام هەموو مووەکانی لای چەپی بەخشی بە زەید.[4]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3405، صحيح مسلم، الرقم 3894، صحيح ابن حبان، الرقم 6628.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1290.

3 - صحيح البخاري، الرقم 168.

4 - صحيح مسلم، الرقم 2374.

### بەخشندەیی زەید

زەید لە مەدینە باخێکی دارخورمای هەبوو کە بەرامبەر بە مزگەوت بوو، زەید لە هەمووان زیاتر باخەخورمای هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو بۆ ناو ئەو باخەی و لەوێ لەو کانیاو و بیرەی تیایدا بوو ئاوی دەخواردەوە، کاتێك خوای گەورە ئایەتی دابەزاند(لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون)، زەید چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا ( خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاندووەو منیش ئەو باخەم کە ناسراوە بە بەیروحاء لە هەموو سامانێکم لام خۆشەویستترە، وا دەیکەمە خێر لەرێی خوادا و هیوام وایە لای خوا پاداشتەکەی وەربگرمەوە، دەی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوا چۆنی پێ باشە ئاوای لێ بکە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (بەخ، ئەوە سامانێکی بەقازانجە، من بیستم چیت وت و پێم باشە دابەشی بکەیت بەسەر خزم و نزیکاندا)، زەید وتی وادەکەم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوەبوو دابەشی کرد بەسەر خزم و نزیکانیدا.[1]

### میوانداری زەید و ئوموسولەیم

جارێك کابرایەك هات تا لەماڵی پێغەمبەر (ﷺ) بمێنێتەوە، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵەوە هیچی نەبوو، بۆیە بە هاوەڵانی فەرموو رەحمەت لەو کەسەی میوانداری ئەم کەسە دەکات، ئەبووطەلحە هەستاو وتی من،[2] کابرای بردەو ماڵەوە، بە ژنەکەی وت رێزی میوانی پێغەمبەر (ﷺ) بگرە، ژنەکەی وتی تەنها خواردنی منداڵەکانمان هەیە، زەید وتی دەی خواردنەکە ئامادە بکەو چراکە بکوژێنەرەوەو

1 - صحيح البخاري، الرقم 1403، صحيح مسلم، الرقم 1726.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3923.

منداڵەکان بخەوێنە، ئەویش نانەکەی ئامادە کرد و منداڵەکانی خەواند و چوو دەستکاری چراکەی کرد بەو بیانووەی چاکی دەکات و کوژاندیەوە، بەوجۆرە وایان لە میوانەکە تێگەیاند کە ئەوانیش نان دەخۆن، بۆ بەیانی کە چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (ضحك الله الليلة –أو عجب– من فعلتكما)، (خوا ئەمشەو پێکەنی –یان خوا ئەمشەو سەرسام بوو– لە کردەوەی ئەو دوانەتان)، خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَـٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ).[1]

زەید دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)

زەید دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و نزیکەی بیست و ئەوەندە ساڵی بردەسەر،[2] ئەو ماوەیەشی بە جیهادی سەنگەرەکان و شەونوێژی شەوان و ڕۆژووگرتنی ڕۆژان بەسەربرد، دواجاریش لەڕێی جیهاد و لە نێوەندی ئاو و دەریاکاندا وەفاتی کرد.

ئەنەس دەڵێت زەید تا لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بوو ڕۆژووی سوننەتی نەدەگرت، ئەویش لەبەرئەوەی بەردەوام بەشداری غەزای دەکرد، بەڵام دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) مەگەر لە جەژنەکاندا بمدیبا بەڕۆژوو نیە.[3]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3610.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 29.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2693.

له سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا کە ئیتر زەید تەمەنی زۆر بوو، منداڵەکانی پێیان دەوت باوکە تۆ لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەریشدا جیهادت کردووە، دەی ئیتر ئێستا دابنیشە، ئێمە لە بری تۆ جیهاد دەکەین، بەڵام ئەو رازی نەبوو و چوو بۆ جیهاد تا لە دەریادا و لە رێی جیهاددا وەفاتی کرد، تا حەوت شەو و رۆژ دوورگەیەکیشیان دەست نەکەوت تا تەرمەکەی ئەسپەردە بکەن، کەچی تەرمەکەی تێکنەچوو.[1]

سەبارەت بە ساڵی وەفاتی رایەك دەڵێت: لە ساڵی سی و دووی کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکی تریش دەڵێت: لە ساڵی سی و چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە ساڵی پەنجاو یەکی کۆچیدا بووە.[2]

پەندو وانە

پێویستە ئافرەتانی ئەمڕۆ پەندو وانە لە ئومموسولەیم وەربگرن، ئەو ئافرەتەش هەروەك ئەمان تاسەی ژیانی هەبووەو حەزی بە خۆشیەکانی ژیانی دنیا کردووە، وەك هەر ئافرەتێکی تر دەیان خەیاڵ و خەونی بۆ داهاتووی ژیانی هەبووە، بەڵام هاتووە چاکترین کرەستەی خاوی بۆ بنیادی بینای ژیانی هەڵبژاردووە کە ئەیوش بریتیە لە ئیمان، ئیتر لە ئیمانەوە سەدان وێنەی جوانی ژیان دروست دەکات، ئەوەتا هەموو مارەییەکەی تەنها ئەوە داوا دەکات ئەو داواکارەی موسڵمان بێت و بەس، نە ئەوەبوو بە قسەی رەق داواکارەکەی جواب بکات، بەڵکو پێی وت کەسی وەك تۆ هی جواب کردن نیە، تا لەلایەکەوە دڵی داواکارەکەی راگیر بکات،

1 - سیر أعلام النبلاء، ج2، ص 34.

2 - سیر أعلام النبلاء، ج2، ص 34.

لەایەکی ترەوە نیشانی بدات کە ئەو چاکەو جوانی زۆری هەیەو کەموکورتیەك ماوە لەو جوانیەیدا کە ئەویش بریتیە لە ئیمان، هاوکات داواکاریە ماددیەکانی کەنارخست تا بارگرانی دروست نەکات بۆ داواکارەکەی چونکە بڕیارە یان پێکەوە بنێن نەك بنەونە مەرج دانان بۆ یەکدی، بەرامبەر بەوەش زەید مەردانە وەفای نواند بە بەڵێنەکەی و بەراستی موسڵمان بوو، چونکە چ زیانێك دەکات لە موسڵمانبووندا؟!

هەموو رێنماییەکانی ئیسلام لە بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگەدان، ئاخۆ ئیسلام پێی دەوت ئەی زەید چاك بە لەگەڵ دەوروبەرت، نەرمونیان بە، با هەموو کەس لە دەست و دەم و داوێنت دڵنیا بێت، ئەوەی پاك و چاکە بۆت رەوایەو خۆتی لێ بێبەش مەکە، ئەوەی پەستی و زیان و ناشیرینیە خۆتی لێ دووربگرە، بەختەوەر بژی، پاش هەموو ئەمانەش ئەمە تەنها پشکی بچووکی دنیاتە، دوارۆژت نەبڕاوەو چاوەڕوان نەکراوە لە بێوێنەیی خۆشگوزەرانیدا، جا هەرکەس وا عاقڵانە بڕوانێت بۆ موسڵمان بوون بەختەوەری پێ دەست دەکەوێت، ئەی ئایا گەنجانی ئەمڕۆ وانە؟ ئایا کچانی ئەمڕۆ لەبری ئیمان پێشوەختە چاویان لە چیە؟ ئایا کوڕەکە قۆزە، کوڕەکە مووچەی هەیە؟ خانووی هەیە؟ بڕوانامەی چیە؟ دەیان داخوای لەو جۆرە، ئینجا ئەگەر ئەمانەی هەبوو هەندێ ئافرەت مەرجی ئیمان و رەوشت دوای ئەمەش باس دەکەن، هەندێکی تریان دەڵێت: قەیناکا ئەو شتانەی تری هەبێت ئیمان و رەوشتەکەی چاك دەکەم، بەڵام ئەگەر ئیمان و رەوشتەکەی هەبێت و ئەوانەی تری نەبێت، ئامادە نیە بڵێت قەیناکە ئەوانی تر دەست دەکەون، دەگمەنن ئافرەتانێك لەمڕۆدا وێنەی ئومموسولەیم بڕواننە ژیانی هاوسەرێتی.

هەر بەخششێك لەم ژیانەی دنیاماندا پێمان دراوە بەخششی خوایە، ئەمانەتەو هی خۆمان نیە، جا بێشەرمیە کەسێك ئەمانەتی کەسێکی لابێت و ماوەیەکی زۆر لێی سوودمەدن بووبێت، کەچی کاتێك خاوەنەکەی داوای بکاتەوەو بیباتەوە، لەبری دەستخۆشی بۆ ئەو یارمەتیەی ماوەی پێشوو و رازی بوون بەوەی ئەو خاوەن موڵکەکەیە، کەچی بنەویّتە تانەدان و گلەیی و نارەزایی دەربڕین، دەی خوای گەورە خاوەنی هەموو بەخششەکانەو بەرامبەر بەوە ئێمە هیچمان نیە بۆ خودا، پەرستشەکەشمان بۆ خودی خۆمانە، جا کاتێك خوا لەنێو هەزاران خەڵاتدا خەڵاتێکمان لێ وەربگرێتەوە، جا ئیدی چ شەرمەزاریەکە نارازی بین، هاوکات ئەو راستیەش لەبەرچاوان ون نابێت کە مرۆڤ ناتوانێت بە لێسەندنەوەی ئەو ئەمانەتە دڵتەنگ نەبێت، بەڵکو پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك ئیبراهیمی کوڕی یان روقییەی کچی لێدەسەنرێتەوە دەگریت و فرمێسك دەڕژێت، نەك بۆ نارەزایی، بەڵ:و تاسەی خۆشەویستە بۆ خۆشەویست، بۆیە خۆڕاگربوون بەرامبەر بەو لێسەندنەوەیە پاداشتی نەبڕاوەی هەیە لای خوا، ئەو لێسەندنەوەش تاقیکردنەوەی خواییە، وەك خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿ وَلَنَبۡلُوَنَّكُم بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلۡخَوۡفِ وَٱلۡجُوعِ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةٞ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ صَلَوَٰتٞ مِّن رَّبِّهِمۡ وَرَحۡمَةٞۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُهۡتَدُونَ ﴿١٥٧﴾ ﴾ البقرة: ١٥٥ - ١٥٧)، جا سەد جار بەختەوەری بۆ کەسێك بتوانێت خۆڕاگر بێت، ماڵوێرانی بۆ ئەوەی نارەزایی دەربڕێت.

ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتووی نێو ژیانی هاوسەرێتی زۆر گرنگە، بڕوانن لەو ئاستە ناوازەیەی ئوممو سولەیم، دەزانێت مێردەکەی ماندووە، ماندووی ماوەیەکی

زۆری نەخۆشی کوڕەکەی، ماندووی چوونەدەرەوەو لە ڕێی دوورەوە هاتنەوە، هەروەها دەروونی زۆر لە ناسکترە بۆ ئەو بارەی کوڕەکەیان، بۆیە ڕەچاوی ئەو هەموو حاڵەتانەی دەکات، سەرەتا مەسەلەکەی لێ دەشارێتەوە، دواتر خوانێك هاودەم بە قسەو ڕووخۆشی، پاشان خۆ بۆ ڕزاندنەوەی و سەرجێی لەگەڵ کردنی، دواتر کە باری تێربوونی جەستەیی خۆراکی و جنسی و تێربوونی ڕۆحی مێردەکەی دەبینێت، ئینجا دێت ئیش لەسەر ئەوە دەکات چۆن قەڵغانی بەرگەگرتنی موصیبەتی مەرگی کوڕەکەیان لای مێردەکەی دروست بکات و بە قسەی ژیرانە تێیدەگەیەنێت، بەرامبەر بەوە نزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەدەست دەخات، نزایەك کە بەرەکەت لە خوا داوا دەکات بۆیان، پاشان بڕوانە هەمان ئافرەت کاتێك مێردەکەی میوانێك دێنێتەوەماڵەوە، چ جۆرە هەڵوێستێکی دەبێت، هەڵسوکەوتێك دەنوێنێت کە میوانەکە بەهچی جۆرێك هەست بە نائارامی دەروونیش نەکات لەبەرامبەر زانینی ڕاستیەکی ژیانی ئەو خێزانە کە هەژاریە، هەژاری خۆیان دەشارێتەوە لەپێناو ئارامی میوانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، باجدان بە خود لەپێناو خۆشحاڵکردنی بەرامبەردا، ئەمەیە ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئیسلام دروستی دەکات، هەروەها ئەم ژنە کە لە ژیانی خێزانداریدا هێندە ورد و ڕۆشنبیرە، سیفەتی مێینەو نەرمی ئافرەتانەی خۆی بەخشیوە بە مێردەکەی و سیفەتی کەیبانوو و خانمی ماڵی بەخشیوە بە میوانانێك کە دێنە ماڵیان، لە دەرەوە خاتوونێکی هەڵکەوتەو کارایە، هاودەم بە مێردەکەی بەشداری غەزاکان بووە، لە غەزای ئوحود و حونەین و چەندین غەزا تردا بەشدار بووە، هەم بە ڕازیکردنی مێردەکەی سەودای کڕینی بەهەشتی دەکرد، هەم بە بەشداری لە غەزاکان و سەرخستنی پەیامی خوادا هەمان سەودای دەکرد.

هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەر بە حەرامەکان زۆر وریا بوون و زۆر بە گەرمی چون بە دەم بانگەوازی پێغەمبەرەکەیانەوە(ﷺ)، ئەوەتا هێشتا جامی مەیەکەیان بەدەستەوەیە و دایاننەناوە کە هاوار دەکرێت حەرامە، ئیتر قومێکی تری لێ ناخۆن، نەك ئەوەی بڵێن جارێك با بەدواداچوونی بۆ بکەین و بزانین چۆنە، وەك ئەوەی لەمڕۆدا دەبینین موسڵمانانێك بۆ حەڵاڵکردنی حەرامێك یان خۆیان دەبنە موفتی، یان دە رێی جیوازا دەگرنەبەر تا ئینگەو ئەگەرێك پەیدا بکەن بۆ شەرعاندنی.

بەخشین کۆڵەکەیەکی گرنگی بنیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیە، قورئان و فەرموودەش زۆر جەختیان لەو بوارە کردوەتەوە، چەندێتی و چۆنێتی بەخشین، بەکێ بەخشین، نیازی بەخشینەکە، چۆنێتی ئاشکرا و پەنهانی بەخشینەکە، چی بەخشین، هەموو ئەمانە بە جوانی لە قورئان و فەرموودەدا روونکراونەتەوە، رۆشنبیریەکی ورد لەو بارەیەوە هاتووە کە زۆر جار جیا لە ئەرکی حکوومەت لەرێی پەیڕەوی ئەم بنەمایەوە لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەشێکی زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان چارەسەر دەبن، نموونەی ئەوەش ئەو بەخشینەی زەیدە کە چاکترین و خۆشەویستترین سامانی خۆی دەبەخشێت لەپێناو خوادا.

زەیدی کوڕی سوراقە(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی سوراقەی کوڕی کەعبە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەججار، دوای سەردەمی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە ساڵی پانزەی کۆچی و لە جەنگی جیسر ئەبوعوبەید لە قادسیەدا شەهید بوو.[1]

زەیدی کوڕی صامت (رضي الله عنه)

ناوی زەیدە، یان دەوترێت ناوی یەزیدە، سەبارەت بە ناوی باوکی دەوترێت ناوی صامتە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو ناوی نوعمان بووە، کونیەکەی ئەبوو عەییاشی زورقیە، زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە.[2]

ئەبووعەییاش دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کە لە عوسفان بوو، بێباوەڕەکانیش لە ناوچەی ضوجنان بوون، پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی دەکرد، کاتێك بێباوەڕان بینیان نوێژی دەکرد، پیلانیان دانا تا هێرشی ببەنەسەر، کە کاتی نوێژی عەسر هات، پێغەمبەر (ﷺ) خەڵکی بە دوو ریز ریز کرد و نوێژی دابەست و هەموان نوێژیان دابەست، دواتر کە چوو بە رکوعدا هەموان چوون بە رکوعدا، دواتر کە چوو بە سوجدەدا ریزی یەکەم لەگەڵیدا سوجدەیان برد و ریزی دووەم بە چەکەکانیانەوە مانەوەو روویان لە دوژمن بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) سەری بەرز کردەوە ئەوکات ریزی دووەم سوجدەیان برد...[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 605.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 610.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 2927، صححه شعيب الأرناؤوط.

## زەیدی کوڕی عاصم (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی عاصمی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەجار، هەم لە بەیعەتی عەقەبەو و غەزای بەدریشدا بەشدار بوو.[1]

هەریەك لە زەید و عەبدوڵاو حەبیبی کوڕی و نوسەیبەی کچی کەعبی ژنی لە بەیعەتی عەقەبەدا بەشدار بوون، هەروەك هەرچواریان پێکەوە لە غەزای ئوحودیشدا بەشدارییان کرد.[2]

نوسەیبەی ژنی زەید کە بە ئومموعمارە ناسرابوو لە غەزای ئوحوددا دوانزە جار بریندار بووبوو، دواتریش ژیا و لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و دەستیشی بڕا، کاتێك دوای جەنگەکە گەڕایەوە بۆ مەدینە هێندە رێز و گەورەیی هەبوو ئەبووبەکری خەلیفەی باوەڕداران دەچوو بۆ لای و پرسیاری لێدەکرد.[3]

## زەیدی کوڕی عوبەید (رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی عوبەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە یەکێك بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش ژیا تا لە غەزای موئتەدا شەهید بوو.[4]

1 - أسد الغابة، ج2، ص 349.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 542.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 281.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 613.

### زەیدی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

**ناوی زەیدی کوڕی قەیسە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی یەمامەدا دژ بە موسەیلەمەی درۆزن بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]**

### زەیدی کوڕی لەبید(رضي الله عنه)

**ناوی زەیدی کوڕی لەبیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[2]**

### زەیدی کوڕی موزین (رضي الله عنه)

**ناوی زەیدی کوڕی موزینی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە هەریەك لە زەید و میسطەحی کرد بە برای یەك، زەید یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]**

### زەیدی کوڕی میلحان (رضي الله عنه)

**ناوی زەیدی کوڕی میلحانی کوڕی خالیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی جیسر ئەبوعوبەیدا شەهید بوو.[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 605.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 619.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 620.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 621.

زەیدی کوڕی ئەبووڕەبیعە

**ناوی زەیدی کوڕی ئەبوورەبیعەیە، دەوترێت ناوی باوکی زەمعە بووە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین و تیایدا شەهید بوو.[1]**

زەیدی کوڕی ئەرقەم (رضي الله عنه)

**ناوی ز ەیدی کوڕی ئەرقەمی کوڕی زەیدی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەیجەکان، سەبارەت بە کونیەکەی هەریەك لە ئەبووعەمر و ئەبوو عامر هاتووە.[2]**

**باوکی زەید وەفاتی کردبوو، بۆیە زەید لای مامی دەمایەوەو مامی سەرپەرشتی دەکرد، مامی لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ غەزاکانیش.[3]**

**جارێك مامی شیعری دەهۆنیەوەو تیایدا هیوای شەهیدی دەخواست، شیعرەکە کاریگەر بوو و هەستی زەید بزواو دەستی کرد بە گریان، مامی بە گۆچانەکەی دەستی بە سووکی لێیدا و وتی باشە ئەگەر خوا شەهیدی بە من ببەخشێت و لە دەست ئەم دنیایە و خەڵکەکەی ئاسووەبم تۆ چ زیانێك دەکەیت.[4]**

**لە غەزای ئوحوددا زەید ویستی بەشداری بکات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی بە چووك دانا و لەبەر بچووکی تەمەنی رازی نەبوو لە غەزاکەدا بەشدار بێت، بۆیە گەڕاندیەوە، بەڵام دواتر لە غەزای خەندەقدا بەشداری کرد و ئەوەش یەکەم غەزا بوو**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 605.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 589.
3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 166.
4 - تاريخ مدينة دمشق، ج19، ص 259.

کە تیایدا بەشدار بوو، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو یەکەم غەزا تیایدا بەشدار بوو غەزای مورەیسیع بوو.[1]

ئیتر دوای ئەوە زەید بەشداری هەموو غەزاکانی دەکرد، تەنانەت لە حەڤدە غەزادا بەشدار بوو.

زەیدی کوڕی ئەرقەم کە هەتیو بوو و لای عەبدوڵای کوڕی رەواحە بووو ئەو سەرپەرشتی دەکرد، لە غەزای موئتەدا هاودەم بە عەبدوڵا چوو و بەشداری کرد، جا لەویێ کە شەو داهات عەبدوڵا بە هێواشی شیعری دەهۆنیەوەو دەیوت:

إذا أدنيتني وحملت رحلي

مسيرة أربع بعد الحساء

فشأنك فانعمي وخلاك ذم

ولا أرجع إلى أهلي ورائي

وجاء المؤمنون وخلفوني

بأرض الشام مشهور الثواء

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 589.

زەید کە ئەو شیعرەی بیست دەستی کرد بە گریان، عەبدوڵاش بە گۆچانەکەی دەستی تێیخوڕی و وتی لاسار تۆ چ زەرەێك دەکەیت خوا شەهیدی بە من ببەخشێت و تۆیش لەگەڵ کاروانەکە بگەڕێیتەوە.[1]

ئەبووئیسحاق دەڵێ من لە کەنار زەیدەوە بووم، پێی وترا پێغەمبەر (ﷺ) چەند غەزای کرد، وتی نۆزدە غەزا، وتیان تۆ لە چەندیدا بەشدار بوویت؟ وتی لە حەڤدەیاندا بەشدار بووم، وترا یەکەمیان چی بوو؟ وتی غەزای عوشەیر.[2]

زەید دەڵێت: لە غەزایەکدا بەشداربووم، جا گوێم لە عەبدوڵای کوڕی ئوبەی بوو–سەرکردەی مونافیقەکان– دەیوت دەستگرۆی ئەوانەی دەوری پێغەمبەر مەبن تا دەوری چۆڵ بێت، ئەگەر بگەڕێینەوە مەدینە شکۆدار سەرشۆڕی تێدا دەردەکات، منیش چووم ئەوەم گێڕایەوە بۆ مامم–یان بۆ عومەر–، ئەویش لای پێغەمبەر (ﷺ) باسی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) منی بانگ کرد و منیش بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بە شوێن عەبدوڵای کوڕی ئوبەی و هاوەڵانیدا، کە هاتن سوێندیان خوارد شتی وایان نەوتووە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بڕوای بە قسەکەی ئەو کرد، ئیتر من تووشی دڵتەنگیەك بووم خەفەتی وام نەدیبوو، لە ماڵەوە بۆ خۆم دانیشتم، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە﴿ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ١ ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٢ ﴾، پێغەمبەر

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 84-85.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3753، صحيح مسلم، الرقم 3469.

(ﷺ) ناردی بە شوێنمدا، منیش چووم بۆ لای، فەرمووی: (ئەی زەید خوای گەورە قسەکەی بە راست دانایت).[1]

زەید دەڵێت: ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) نوێژمان دەکرد و لە نوێژەکەماندا یەکێك ئیشی بەوی ترمان هەبوایە پێکەوە قسەمان دەکرد، ئەوەبوو ئایەتی خوا دابەزی (حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلۡوُسۡطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾)، ئیتر فەرمانمان پێکرا لە نوێژدا بێدەنگ بین.[2]

زەید دەڵێت: جارێك ئازاری چاوم هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) هات و سەردانی کردم،[3] جا کاتێك چاك بوومەوە چوومە دەرەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (ئەگەر هەردوو چاوەکەت ئەوها بوونایە چیت دەکرد؟) منیش وتم خۆم رادەگرت و لای خوا چاوەڕێی پاداشت دەبووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لو كانت عيناك لما بهما، ثم صبرت واحتسبت، للقيت الله عز وجل ولا ذنب لك)،[4] (ئەگەر هەردوو چاوت ئاوها بوونایەو تۆیش خۆراگر بوویتایەو لای خوا چاوەڕێی پاداشت بوویتایە ئەوە کە دەگەیشتیتەوە بە خوا هیچ تاوانێکت لەسەر نەدەبوو).

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 4619، سنن الترمذي، الرقم 3317.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1157، صحيح مسلم، الرقم 870، صحيح ابن حبان، الرقم 2269، سنن الترمذي، الرقم 385، سنن أبي داود، الرقم 825، السنن الكبرى للنسائي، لرقم 1121، مسند احمد بن حنبل، الرقم 18856، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4920.

3 - سنن أبي داود، الرقم 2712، حسنه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3102.

4 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18923، حسنه شعيب الأرناؤوط.

دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) زەید بینایی لەدەستدا و دواتر خوای گەورە بینایی بۆ گێڕایەوە.[1]

زەید دەڵێت: من لای پێغەمبەر (ﷺ) بووم، کابرایەك لە یەمەنەوە هات، وتی سێ کەس لە خەڵکی یەمەن لە ماوەی یەك پاکێتیدا چوونەتە لای ژنێك و ژنەکەش دواتر منداڵێکی بووە، عەلی بە دوان لەوانی وت ئەو منداڵە بۆ ئەو کابرایە دەبێت، ئەوانیش هەڵچوون و هاواریان کرد، ئینجا بە دوانی تریانی وت دەی منداڵەکە هی ئەوەیە، ئەوانیش هەڵچوون، ئینجا بە دوانی تری وت منداڵەکە هی ئەوەیە، ئەوانیش هەڵچوون، واتە هەرجارەو دوانی پێکەوە کۆدەکردەوەو یەکێکیانی تاك دەخست، دواجار عەلی وتی تیروپشکتان بۆ دەکەم، کێ ناوی دەرچوو منداڵەکە بۆ ئەوەو دەبێت دوو لە سێی خوێن بایی بدات بەو دوانەکەی تر، تیروپشکی کرد و منداڵەکەی دا بەوەی ناوی دەرچوو، پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەو بەسەرهاتەی بیست پێکەنی تا دانەکانی پێشەوەی دەرکەوتن.[2]

زەید دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد و فەرمووی (برۆ بۆ لای ئەبووبەکر دەبینیت لە ماڵی خۆیەو لەسەر کۆش دانیشتووەو خۆی کۆکردوەتەوە، پێی بڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامت لێ دەکات و پێت دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت، پاشان برۆ تا دەگەیتە ثەنییە و لەوێ دەگەیت بە عومەر لەسەر گوێدرێژێکەو رووتاوەی سەری دەرکەوتووە، پێی بڵێ پێغەمبەر (ﷺ) سەلامت لێ

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 167.

2 - سنن أبي داود، الرقم 1945، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5518، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2269.

دەکات و دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت، ئینجا برۆ تا دەچیتە بازاڕ و دەگەیت بە عوثمان کە تیایدا کڕین و فرۆش دەکات، پێی بڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامت لێ دەکات و دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت پاش نارەحەتیەکی سەخت، منیش چووم و هەموو ئەو شتانەم بینی و فەرمانی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بەجێگەیاند، بە هەرکامم دەوت ئەویش دەیوت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لەکوێیە؟ منیش دەموت لە فلأنە شوێنە، هەموان لەگەڵم هاتن تا چووینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، عوثمان وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەید هاتووە بۆ لام و پاش گەیاندنی سەلامی تۆ وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: :(موژدەی بەهەشتت لێ بێت پاش نارەحەتیەکی سەخت)، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چ بەڵایەکم دێتەڕێ؟ سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە گۆرانیم نەوتووەو نیازو خواستم نەبووەو دەستی راستم نەداوە لە دواێنم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئائەوەیە).[1]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا زەید لەناو سوپای عەلیدا بوو و لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد، دواتر لە کووفە مایەوەو لە رۆژانی موختاردا لە ساڵی شەست و شەشی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکی تریش دەڵێت: بەڵکو لە ساڵی شەست و هەشتی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

زەید کەسی نزیك و هاوڕێی بەردەوام و جێمتمانەی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بوو.[3]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 491.،

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 589.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 329.

یەزیدی کوڕی حەییان دەڵێت: جارێك لەگەڵ حوصەین و عەمری کوڕی موسلیمدا چووینە خزمەت زەیدی کوڕی ئەرقەم کە لەماڵی خۆی بوو، حوصەین وتی ئەی زەید خێرێکی زۆرت هاتوەتەڕێ و پێغەمبەری خوات (ﷺ) بینیوە و فەرموودەت لێ بیستووەو لە دوایەوە نوێژت کردووە و لەگەڵیدا بەشداری غەزاکان بویت، دەی فەرموودەیەکمان بۆ بگێڕەوە کە لە پێغەمبەرت (ﷺ) بیستووە، ئەویش وتی برا ئازیزەکەم، تەمەنم زۆرەو پیر بووم و بڕێك لەوەی لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستبوو بیرم چووەتەوە، بۆیە هەرکات خۆم فەرموودەیەکم بۆ گێڕانەوە لێم وەربگرن و هەرکاتیش فەرموودەم نەگێڕایەوە زۆرم لێمەکەن.[1]

زەینەبی کچی ثابت (رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی ثابتی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێدا.[2]

زەینەبی کچی پێغەمبەر (ﷺ)

ناوی زەینەبە و کچی موحەممەد پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، کۆتای پێغەمبەران و پێشەوای مرۆڤایەتی بۆ هەتاهەتایە، کچە گەورەی خۆشەویستی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی ئازیزی هەموو موسڵمانان، ئەو کچەی کە لەبەر بانگەوازەکەی باوکی زۆرترین نارەحەتی و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی چەشت.

1 - تاریخ مدینة دمشق، ج19، ص 258.

2 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج7، ص 667.

دایکی ناوی خەدیجەی کچی خوەیلیدە، دایکی باوەڕداران و ژنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، یەکەم کەس بوو کە باوەڕی هێنا بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئافرەتێکی دەوڵەمەند بوو کە سامانەکەی بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەکارهێنا، دایکی هەموو منداڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو جگە لە ئیبراهیم کە لە ماریە لەدایك بوو،[1] چاکترینی ئافرەتانی بەهەشتە،[2] سێ ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە کۆچی دوایی کرد.[3]

براکانی زەینەب بریتی بوون لە قاسم کە برا گەورەی بوو، طەیب، طاهیر، عەبدوڵا،[4] برایەکی تری هەبوو بە ناوی ئیبراهیم کە لە ڕووی باوکیەوە بوو و دایکیان جیا بوو، ئیبراهیمیش لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا لەدایك بوو و پاش هەژدە مانگ هەر بە منداڵی کۆچی دوایی کرد،[5] جا هەموو کوڕەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خەدیجەوە پێش دابەزینی سروش وەفاتیان کرد، بەڵام کچەکانی مانەوە تا ئیسلام هات و باوەڕیان هێنا بە ئیسلام و لەگەڵ باوکیان کۆچیان کرد بۆ مەدینە.[6]

سەبارەت بە خوشکەکانی

1 - أسد الغابة، ج7، ص 88-92.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2571، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2659، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18826، صحيح ابن حبان، الرقم 7120، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8080، المستدرك على الصحيحين، الرقم 3771، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 1508.

3 - أسد الغابة، ج7، ص 95.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج2، ص 294.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 172.

6 - أسد الغابة، ج7، ص 91.

روقییه كه خوشكی بچووكی بوو و هاوەری عوثمانی كوڕی عەففان بوو و پاش كۆچكردن بۆ مەدینه له كاتی غەزای بەدردا كۆچی دوایی كرد.[1]

ئوممو‌كلثوم كه له روقییه بچووكتر بوو و دوای مردنی روقییەی خوشكی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی ماره كرد له عوثمانی كوڕی عەففان، بەڵام ئەمیش له ساڵی نۆی كۆچیدا وەفاتی كرد و باوكی (پێغەمبەری ئازیز(ﷺ)) نوێژی لەسەر كرد.[2]

خوشكێكی تری هەبوو ناوی فاطیمەی كچی موحەممەدی كوڕی عەبدوڵا بوو، كچی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و[3] گەورەی ژنانی بەهەشت[4] و دایكی دوو رەیحانه و خۆشەویستەكەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)،[5] یەكەم كەسی ناو بنەماڵەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو كه دوای پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی كرد.[6]

سەبارەت بەوەی ئایا كچەكانی پێغەمبەر (ﷺ) كامیان گەورەتر بوون، یەكدەنگی هەیه كه زەینەب كچه گەورە بووە، دواتر راجیایی هەیه، رایەك دەڵێت:

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص 1839 – 1843.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 421.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 19.

4 - صحيح البخاري، الرقم 3446.

5 - صحيح البخاري، الرقم 3564، صحيح ابن حبان، الرقم 7079، سنن الترمذي، الرقم 3788، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8258، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 5753، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 5606، مسند الطيالسي، الرقم 2025، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2815.

6 - صحيح البخاري، الرقم 4179، صحيح مسلم، الرقم 4590.

فاتیمە کچە بچووك بووە، رایەك دەڵێت: روقییە کچە بچووك بووە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو ئومموکلثوم کچە بچووك بووە.[1]

رایەك دەڵێت: کاتێك زەینەب لەدایك بوو تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) نزیکەی سی ساڵ دەبوو، واتە دەساڵ پێش دابەزینی سروش بۆی، بەو پێیە کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سروشی بۆ دابەزیوە تەمەنی زەینەب دە ساڵان بووە.[2]

زەینەب لەگەڵ ئەبولعاصی کوڕی رەبیعدا هاوسەرگیری کرد کە پوورزای زەینەب و خوشکەزای خەدیجەی دایکی باوەڕداران بوو، بەڵام ئەبولعاص موسڵمان نەبوو، هەر بۆیە ئامادە نەبوو لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) کۆچ بکات بۆ مەدینە و بە بێباوەڕی لە مەککە مایەوە، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەینەبی نەگێڕایەوەو لای مێردەکەی خۆی هێشتیەوە و فەرمانیشی نەکرد زەینەب کۆچ بکات بۆ مەدینە.[3]

سەبارەت بە کاتی هاوسەرگیریەکەیان، ذەهەبی دەڵێت: ئیبن سەعد دەڵێت: پێش ئەوەی سروش دابەزێت هاوسەرگیرییان کردووە، بەڵام ئەوە زۆر دوورە لە راستیەوە.[4]

قسەکەی ذەهەبیش راستە، چونکە زەینەب لەکاتی دابەزینی سروشدا تەمەنی تەنها دە ساڵان بووە، جا ئەگەر پێش ئەوە بەهاوسەر گیرابێت ئەوە تەمەنی کەمتر لە دە ساڵان دەکات، بەڵام راستتر ئەوەیە دوای دابەزینی سروش بەهاوسەر گیراوە.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 648.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 665.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 665.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 246.

ئەبولعاصی مێردی زەینەب لە جەنگی بەدردا لەناو ریزی بێباوەڕاندا بەشداری کرد و دواتر بەدیل گیرا، ئینجا عەمری برای هات تا بە پارە ئازادی بکات، زەینەب گەردن بەندێکی لابوو کە هی خەدیجەی دایکی بوو و کاتێك زەینەب شووی کرد بە ئەبولعاص خەدیجەدا بووی بە زەینەب، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بینی ناسیەوەو خەدیجەی بیر کەوتەوەو سۆزی بۆی جووڵا و خەڵکەکەی دواند و خەڵکەکە رازی بوون تا ئەبولعاص ئازاد بکرێت، ئینجا گەردنبەندەکەی گێڕایەوە بۆ زەینەب و مەرجی لەسەر ئەبولعاص دانا تا واز لە زەینەب بهێنێت، ئەویش رازی بوو، ئیتر زەینەب کۆچی کرد بۆ مەدینە.[1]

لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نموونەی خەزووری تێگەیشتوو و دڵسۆز و وێنەی باوکی خەمخۆر دەبینین، پێغەمبەر (ﷺ) هەرچەندە دەیزانی زاواکەی بێباوەڕە، دەیزانی زاواکەی هاتووە تا دژایەتی دینی خوا بکات و بەرامبەر سوپایەك وەستاوە کە خەزووری سەرکردەیەتی، کەچی پاش ئەوەش کە بەدیلی دەگرێت، هێشتا ئامادە نیە سزای بدات، تەنها مەرجی لەسەری ئەوەیە کە واز بهێنێت لە زەینەبی کچی بێتەوە بۆ لای، ئەویش نەك بە تەڵاق، بەڵکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیهێشت تەڵاق بکەوێتە نێوانیانەوە، دواتریش دوای ئەوەی زەینەب هاتەوە مەدینە جارێکی دی ئەبولعاصی مێردی بەدیل گیرا، کەچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووبارە چاکەی لەگەڵ نواند و ئازادی کرد، جا کوان ئەو خەزوور و باوکانەی ئەمڕۆ کە خۆ بە شوێنکەوتەی پێغەمبەر (ﷺ) دەزانن تا بە جوانی رامێنن لەم بەسەرهاتە نەك تەنها وەك رووداوێك بیخوێننەوەو بەسەریدا تێپەڕ بن.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 665.

لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کە زەینەب خۆی کەسی نارد بۆ ئازادکردنی ئەبولعاصی مێردی و پارەی بە کەسەکەدا نارد، لەگەڵیشیدا گەردنبەنەدەکەی نارد.[1]

دوای ئەوەی ئەبولعاص لە بەدر ئازاد بوو و گەڕایەوە، بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر و دەرفەتی زەینەبی دا بچێت، زەینەبیش کۆچی کرد بۆ مەدینە بۆ لای باوکی.[2]

لە ڕێی کۆچکردنەکەیدا هەبباری کوڕی ئەسوەد ڕێی پێگرت و بە ڕمێك دای لە سوارەکەی زەینەب و زەینەبیش لەسەر سوارەکەی کەوتە خوارەوە.[3]

کاتێك زەینەب کەوتەڕێ بۆ کۆچەکەی لەگەڵ کینانیەکان چوو، خێرا کۆمەڵێك کەوتنە شوێنی تا ئازاری بدەن، لەوانە هەبباری کوڕی ئەسوەد بوو کە ئەو هەڵوێستەی نواند، ئەوکات زەینەب سکی هەبوو، بەو کەوتنەی سکەکەی خست و خوێنیشی لێ ڕۆیشت، لەسەرئەوە هاشمی و ئومەویەکان کەوتنە دەمەبۆڵەو هەرکام دەیانوت ئێمە نزیکترین لێیەوە، ئەوەبوو زەینەب برایەوە بۆ لای هیندی کچی عوتبە، هیند پێی دەوت هەموو ئەم بەزمانە لەبەر باوکتە، پێغەمبەر (ﷺ)زەیدی کوڕی حارثەی نارد بە شوێنیدا و فەرمووی: (دەتوانیت بچیت زەینەبم بۆ بهێنیت؟)، ئەویش وتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خاتەمەکەم ببە، زەید چوو و بە وشترەکەیەوە نزیك بوویەوە تا گەیشت بە شوانێك، وتی شوانەی کێیت؟ ئەویش وتی هی ئەبولعاصم، وتی ئەی ئەو مەڕانە هی کێن؟ وتی هی زەینەبی کچی موحەممەدن، زەید لەگەڵیدا چوو، دواتر بە شوانەکەی وت ئەگەر

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 312.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 178.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 35.

شتێکت بدەمێ دەیگەیەنیتە دەستی زەینەب بەلام لای کەس باسی نەکەیت؟ وتی بەڵێ، زەید خاتەمەکەی پێدا، کابرای شوانە چوویەوەو مەڕەکانی کردەوە شوێنی خۆیان و خاتەمەکەی دا بە زەینەب، زەینەبیش خاتەمەکەی ناسیەوەو وتی کێ ئەمەی پێدایت؟ شوانەکە وتی کابرایەك، زەینەب وتی ئەی لەکوێ جێتهیشت؟ وتی لە فلانە شوێن، زەینەبیش بێدەنگ بوو تا شەو هات، ئینجا چوو بۆ لای زەید، کە گەیشتە لای زەید، زەید وتی (سەرکەوە لەپێش منەوە دابنیشە)، زەینەب وتی نەخێر تۆ سەرکەوەو لەپێش منەوە دابنیشە، زەینەب لە دواوەو زەید لە پێشیەوە بەسەر وشترەکەوە چوونەوە بەرەو مەدینە، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەمە چاکترین کچمە کە لەبەر من تووشی نارەحەتی بوو).[1]

لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی نارد تا هێرش ببەنە سەر کاروانێکی قورەیشیەکان، لەناو کاروانەکەدا ئەبولعاص بەدیل گیرا و هێنرایەوە مەدینە، ئەبولعاص چوویە لای زەینەب تا پەنای بدات، ئەویش پەنای دا، پێغەمبەری خوایش (ﷺ)بە پەنادانەکەی زەینەب رازی بوو، ئینجا زەینەب داوای کرد چی لێ سەنراوە بۆی بگێردرێتەوە، ئەوەشی بۆ کرا، ئەبولعاص گەڕایەوە مەککەو چی سپاردەی خەڵکی لابوو گێڕایەوە و دواتر لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا گەڕایەوە بۆ مەدینەو لەوێ موسڵمان بوو و زەینەبی خێزانیشی بوویەوە بە

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2744، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18858، صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 3071.

هاوسەری،[1] هاوسەرگیریەکەشیان هەر لەسەر بنەمای ئەو هاوسەرگیریەی یەکەم بوو نەك سەرلەنویێ مارە بکرێتەوە.[2]

زەینەب لە ئەبولعاص کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەلی کە هەر بە هەرزەکاری وەفاتی کرد،[3] کچێکیشی هەبوو بە ناوی ئومامە کە پێغەمبەر (ﷺ) زۆری خۆشدەویست، تەنانەت کە نوێژی دەکرد ئومامەی دەگرتەباوەش، کە دەچوو بە سوجدەدا دایدەنا، کە هەڵدەسایەوە هەمدی دەیگرتەوە باوەش.[4]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) دیاریەکی بۆ هات کە گەردنبەندێك بوو، فەرمووی دەیدەم بە خۆشەویستترین کەسی ناو بنەماڵەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) ئومامەی کچی زەینەبی بانگ کرد و کردیە گەردنی.[5]

دوای ئەوەی فاطیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، عەلی کوڕی ئەبوو تالیب ئومامەی کچی زەینەبی بەهاوسەرگرت کە خوشکەزای فاطیمە بوو،[6] ئەمەش لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکر صدیق و پاش جەنگی یەمامە بوو.[7]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 665.

2 - سنن أبي داود، الرقم 1926، صححه الألباني في التحجيل في تخريج ما لم يخرج من الأحاديث و الىثار في إرواء الغليل(60/1).

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 246.

4 - صحيح البخاري، الرقم 503، صحيح مسلم، الرقم 876، سنن أبي داود، الرقم 795،

5 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 24151، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

6 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 246، الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 502.

7 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 353.

زەینەب لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا وەفاتی کرد، زۆری نەخایاند کە ئەبولعاصی مێردیشی کۆچی دوایی کرد.[1]

کاتی مردنەکەشی لە سەرەتای ساڵی هەشتەمی کۆچیەوە بوو،[2] کاتێك ویستیان تەرمەکەی بشۆن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بە سیدر–گەڵای دارێکە– بیشۆن، بە تاکیش بیشۆن، سێ جار یان بە پێویستتان زانی پێنج جار بیشۆن، پاشان بە کافوور–بۆنێکی خۆشە لە دارێك– بۆنخۆشی بکەن، کە تەواو بوون بانگم بکەن)، کە تەواو بوون پێغەمبەر (ﷺ) چوویە ژوورەوەو جلەکەی خۆی فڕێدا بۆ ئەوانەی تەرمەکەیان شۆردبوو، قژەکانی زەینەبیان کرد بە سێ پەلکەو خستیانە پشتیەوە.[3]

زەینەبی کچی جەحش (دایکی باوەڕداران) (رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی جەحشەو لە ئەسەدیەکانە، هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) و دایکی باوەڕدارانە، دایکی ناوی ئومەیمەی کچی عەبدولموطەلیبە کە پووری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو،[4] ئومەیمەی دایکی زەینەب تا سەردەمی خەیبەر مایەوەو پێغەمبەر (ﷺ) لە خەیبەردا چل کۆڵ خورمای پێدا.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 665.

2 سير أعلام النبلاء، ج2، ص 250.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1216.

4 - أسد الغابة، ج7، ص 138.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 45.

زەینەب سەرەتا ناوی بەڕە بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا زەینەب.[1]

زەینەب خوشکێکی هەبوو کە ناوی حەمنە بوو،[2] برایەکیشی هەبوو بە ناوی عەبدوڵای کوڕی جەحش کە پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەمەوە موسڵمان بوو و بەشداری هەردوو کۆچی حەبەشەی کرد.[3]

برایەکی تری ناوی عەبد بوو کە بە ئەبوو ئەحمەد ناسرابوو، ئەویش لە کۆچەرانی حەبەشە بوو و دواتر هاتە مەدینەو هاوەڵی نزیکی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[4]

زەینەب زۆر زوو موسڵمان بوو و یەکێکیشە لە کۆچەران، هاوسەری زەیدی کوڕی حارثە بوو، بەڵام دواتر زەید تەڵاقی دا و پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی بەهاوسەر گرتەوە.[5]

مارەییەکەی زەینەب لەلایەن زەیدەوە بریتی بوو لە دە دینار و شەست درهەم و لەچکێك و خاولیەك و درعێك و پەنجا مشت گەنم و دە مشت خورما.[6]

کاتێك زەید ویستی زەینەب تەڵاق بدات، لەگەڵیدا نەدەگونجا، بۆیە دەهاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و سکاڵای حاڵی خۆی دەکرد، پێغەمبەریش (ﷺ) پێی دەفەرموو (لەخوا بترسەو ژنەکەت لای خۆت بهێڵەرەوە)، ئەوەبوو زەید هەر تەڵاقی

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 148.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 78.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 195.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 531.

5 - أسد الغابة، ج7، ص 138.

6 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 145.

داو دواتر پێغەمبەر (ﷺ) زەینەبی بەهاوسەر گرت، ئەوەش لە قورئاندا باس کراوە،[1] خوا دەفەرمویت: (﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِيٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ ۖ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِيٓ أَزْوَٰجِ أَدْعِيَآئِهِمْ إِذَا قَضَوْا۟ مِنْهُنَّ وَطَرًا ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٣٧﴾ ﴾ .

(بیربکەرەوە کاتیٚ دەت وت بە کەسیٚ (زەیدی کوڕی حارثە) کە خوا بەهرەی بەسەردا ڕشتبوو تۆیش چاکەت لەگەڵدا کردبوو (بە ئازاد کردنی و پەروەردە کردنی) خیٚزانت (زەینەب) لای خۆت ڕاگرەو بیهیٚڵەوە وە لەخوا بترسە لە دڵی خۆتدا شتیٚك دەشاریتەوە کە خوا ئاشکرای دەکات وە لە (قسەی) خەڵك دەترسی لە کاتیٚکدا خوا شیاوترە کە لیٚ ی بترسی ئینجا کاتیٚ زەید پیٚویستی بەو (زەینەب) نەما و تەڵاقی دا ئیٚمە ئەو (زەینەب) مان لیٚ مارەکردی بۆ ئەوەی هیچ ناڕەحەتی (و تاوانیٚ) نەبیٚت لەسەر ئیماندااران لە (مارەکردنی) ژنانی بە کوڕ کراوەکانیاندا کاتیٚ پیٚویستیان پیٚیان نەماو تەڵاقیان دان وە فەرمانی خوا (بە مارە کردنی زەینەب بۆت) دراوە و بڕاوەیە).

زەینەب کە هاوسەرەکانی تری پیٚغەمبەری خوای (ﷺ) دەبینی نازی دەکرد و دەیوت ئیٚوە کەسوکارتان مارەیان کردون لە پیٚغەمبەر (ﷺ)، بەڵام من خوای گەورە مارەی کردم لە پیٚغەمبەر (ﷺ).[2]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 7005،

2 - سنن الترمذي، الرقم 3219، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3213.

سەبارەت بە هاوسەرگیری زەینەب لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە مانگی زیلقەعدەی ساڵی پێنجەمی کۆچیدا بوو،[1] ئەوکاتەش تەمەنی زەینەب بیست و پێنج ساڵان بوو،[2] واتە جیاوازی تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ زەینەبی کچی جەحشی هاوسەریدا نزیکەی بیست و هەشت ساڵ بووەو ماوەی ژیانی زەینەب لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نزیکەی حەوت ساڵ کەمتر بووە.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە زەینەب لە کاتی ئەو هاوسەرگیریەدا تەمەنی سی و پێنج ساڵان بووە.[3]

ئەنەس دەڵێت: کاتێك زەینەب وادەی خۆی تەواو کرد، پێغەمبەر (ﷺ) بە زەیدی فەرموو (برۆ داوای زەینەبم بۆ بکە)، زەیدیش دەڵێت: چووم و وتم ئەی زەینەب موژدەت لێ بێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی ناردووە بۆ لات تا داوات بکەم بۆی، ئەویش وتی من هیچ ناکەم تا فەرمان لە پەروەردگارم وەرنەگرم، ئەوەبوو ئایەتی قورئان دابەزی و پێغەمبەریش (ﷺ) هاتە ژوورەوە بێ ئەوەی داوای مۆڵەت بکات.[4]

لە گێڕانەوەیەکی وردتردا هاتووە زەید دەڵێت: کە چووم بۆ لای زەینەب دەمدی هەویر دەشێلێت، منیش کتوپڕ دەروونم وای لێهات نەمدەتوانی تەماشای بکەم، پشتم لێکرد و وتم ئەی زەینەب پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی ناردووە بۆ داوات.[5]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 145.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 217.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 669.

4 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5251، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19979، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 3251،

5 - صحيح مسلم، الرقم 2645.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) زەینەبی بەهاوسەر گرت، خەڵکی بانگ کرد بۆ نانخواردن، خەڵکیش هاتن و پاش نانخواردنەکە کەوتنە دەمەتەقێ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستایەوە وەك ئەوەی پێیان بڵێت برۆن، کەچی خەڵکەکە نەچوون، زۆرێك لە خەڵکەکە ئەوەیان بینی هەستان و چوون، بەڵام سێ کەس دانیشتن و نەچوون، پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ناویانەوە دەبینێت دانیشتون، دواتر هەستان، ئەنەس هەستاو چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵی پێدا کە ئەوانیش چون، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ماڵەوەو منیش ویستم بچمە ژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پەردەیەکی لەنێوان من و خۆیدا دانا، ئەوەبوو ئایەتی قورئان دابەزی:

(يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتَ ٱلنَّبِىِّ إِلَّآ أَن يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيْرَ نَـٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَـٰكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَٱدْخُلُوا۟ فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَٱنتَشِرُوا۟ وَلَا مُسْتَـْٔنِسِينَ لِحَدِيثٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ يُؤْذِى ٱلنَّبِىَّ فَيَسْتَحْىِۦ مِنكُمْ ۖ وَٱللَّهُ لَا يَسْتَحْىِۦ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَـٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ ۚ ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ ۚ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا۟ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓا۟ أَزْوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦٓ أَبَدًا ۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا ﴿٥٣﴾ الأحزاب: ٥٣).[1]

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە ژوورەوە بۆ ماڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) مەگەر ڕێگەتان پێ بدرێ بۆ نان خواردنێك بێ ئەوەی چاوەڕوانی پێگەیشتنی بکەن

1 - صحيح البخاري، الرقم 4517 و اللفظ له، صحيح مسلم، الرقم 2643، صحيح ابن حبان، الرقم 5655، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13312.

بەڵام ئەگەر بانگ کران (بۆ نان خواردن) ئەوسا بڕۆنە ژوورەوە ئینجا ئەگەر خواردنەکەتان خوارد بڵاوەی لێ بکەن وە مەمێننەوە بۆ قسە کردن چونکە بەڕاستی ئەو (مانەوەتان) ئازاری پێغەمبەر (ﷺ) دەدات ئەویش شەرم دەکات لێتان (کە بێ دەنگە) بەڵام خوا لە (وتنی) هەق شەرم ناکات وە هەر کاتێ داوای شتێکی ناو ماڵتان کرد لە (هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ)) ئەوە لە پشتی پەردەوە لێیان داواکەن ئەو (شێوە داواکردنە) تان خاوێنترە بۆ دڵی ئێوەو ئەوانیش بە هیچ شێوەیە بۆ ئێوە دروست نییە ئازاری (دڵی) پێغەمبەری خوا بدەن وە هەرگیز نابێ خێزانەکانی پاش خۆی مارە بکەن بەڕاستی ئەو (ئازاردانی دڵ و مارە کردنە) تان بەلای خواوە (گوناهێکی) زۆر گەورەیە.

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (ئەوەتان خێراتر دێت بۆ لام کە دەستی درێژترە)، ئینجا ئێمەش هەموو دەکەوتینە پێوانەی دەستی یەکدی تا بزانین دەستی کاممان درێژترە، دواجار زانیمان دەستی زەینەب درێژترە چونکە ئەو بە دەستی خۆی کاری دەکرد و خێری زۆری پێ دەکرد،[1] بەڵام ئەم گێڕانەوەیە بۆ زەینەبی کچی خوزەیمەش هاتووە کە ئەو هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو.

بەڵام لە هەندێ گێڕانەوەدا لە بری زەینەب سەودەی کچی زومعە هاتووە.[2]

عائیشە و حەفصەی دایکانی باوەڕداران غیرەیەکیان هەبوو بەرامبەر بە هەڵوێستێك کە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ زەینەبی کچی جەحش هەیبوو، حەفصە

1 - صحيح مسلم، الرقم 4594، صحيح ابن حبان، الرقم 3373.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1365، مسند احمد بن حنبل، الرقم 24342.

دوای عائیشەو زەینەبیش دوای حەفصە بوون بە هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) کە دەچوو بۆ لای زەینەب لای ئەو هەنگوینی دەخوارد، عائیشەو حەفصەش بڕیاریاندا پێکەوە کارێك بکەن پێغەمبەر (ﷺ) راگرن لەو خواردنی هەنگوینە، بۆیە بڕیاریان دا پێغەمبەر (ﷺ) بچێت بۆ لای هەرکامیان بڵێن ئەوە مەغافیرت خواردووە (خواردنێکی بۆن ناخۆشە)، ئەو بۆنەت لێ دێت، پێغەمبەریش (ﷺ) کە ئەوەی پێ وترا فەرمووی (نا، بەڵام من لای زەینەبی کچی جەحش هەنگوینم خواردووە، ئیتر هەرگیز نایخۆم و سوێندیشم خواردووە، هەواڵی ئەمەش مەڵێ بە کەس)،[1] ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ، قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ، وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ، يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ)،[2] (ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆچی شتێك لە خۆت حەرام دەکەیت کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوویت تۆ ڕەزامەندی ژنەکانت دەوێ لە کاتێکدا خوا لێخۆشبووی میهرەبانە، بێگومان خوا دایناوە بۆتان هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتان خوا کارساز و دۆستی ئێوەیە وە ئەو زانای کاردروستە، کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) بەنهێنی لای هەندێ لە ژنەکانی قسەیەکی درکاند ئینجا کە ئەو (ژنە) قسەکەی کرد (بۆ هەوێکەی)

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 4630.

2 - صحيح مسلم، الرقم 2772.

خواش پێغەمبەری (ﷺ) ئاگادار کرد (پێغەمبەر (ﷺ)) هەندێك (لە قسەکان) ی باسکرد و بێ دەنگ بوو لە هەندێکی تری ئینجا کە پێی وت (ژنەکەی) وتی: کێ ئەمەی پێ گەیاندی فەرمووی خوای زانای ئاگادار پێی گەیاندم، ئەی (حەفصە و عائیشە) ئەگەر هەردووکتان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا (جێ ی خۆیەتی) چونکە بەڕاستی دلّتان لایدا (لە حەق و ڕاستی) وە ئەگەر پشتی یەکتر بگرن لە دژی پێغەمبەر (ﷺ) (سەرکەوتوو نابن) چونکە بێگومان خوا پشگیری ئەوەو هەروەها جوبرەئیل و ئیمانداره چاکەکانیش دوای ئەوان فریشتەکانیش پشتیوانی ئەون).

وەستانێك

لە گێڕانەوەیەکی تری موسلیمدا هەمان بەسەرهات هاتووە، بەلاّم وا هاتووە کە خاوەنی هەنگوینەکە حەفصە بووەو پلان دانانەکەش عائیشەو سەودە بون،[1] بەلاّم ئیبن حەجەر لە شەرحی بوخاریدا دەلّێت دەگونجێت ئەو رووداوە جارێکی تر بووبێت و پەیوەست نەبووە بەم رووداوەو بە دابەزینی ئەم ئایەتانەوە، چونکە رووداوی هەنگوینەکەی زەینەب و پێ ناخۆش بوونی عائیشەو حەفصە چەسپاوە، لەو بارەشەوە مشتومڕێکی ورد دێنێت، ئەو پێی وایە کە لەوانەیە رووداوەکەی هەنگوین خواردن لای حەفصە پێش ئەم رووداوە بووبێت و پەیوەست نەبووبێت بەو ئایەتانەوە،[2] بەلاّم ئەمە وردەکاری دەوێت، چونکە ناکرێت پێغەمبەر (ﷺ) دوو جار

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 2773.

2 - فتح الباري، ج9، ص 376 - 377.

بە هەمان رووداو تێکەوتبێت، وەك خۆی لە فەرموودەیەکدا دەفەرمویت (لا یلدغ المؤمن من جحر واحد مرتین)،[1] (باوەڕدار دوو جار لە کونێکدا ناگەزرێت)، ناگونجێت پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم جار بەو جۆرەی بەرامبەر کرابێت و بۆ جاری دووەمیش هەمان شتی بەرامبەر کرابێت و هەستی پێ نەکردبێت، دوور بێت لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ئەمە بە لاوازدانانی هەست و پێزانینی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، بۆیە دەکرێت ئەگەرێکی تر هەبێت، ئەویش ئەوەیە دەبێت پێغەمبەر (ﷺ) ئاگادار نەبووبێت بە رووداوی یەکەم و ئەو شتەی بۆ ئاشکرا نەبووبێت تا لە رووداوی دووەمدا ئینجا خوای گەورە ئاشکرای کردبێت، چونکە وەك هاتووە کاتێك هەریەك لە عائیشەو سەودە وا دەڵێن بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەویش دەچێتەوە بۆ لای حەفصە، حەفصە دەڵێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو هەنگوینەت بۆ تێبکەم؟ ئەویش دەفەرمویت نا پێویستم نیە، ئینجا سەودە بە عائیشەی وت سوبحانەڵا، بەخوا ئەو هەنگوینەمان لێ حەرام کرد، عائیشەش بە سەودەی وت بێدەنگ بە،[2] بۆیە نابینین هیچ سوێند خواردنێکی تێدا بووبێت بۆ نەخواردنی و باسی دابەزینی ئایەتەکەشی تێدا نیە.

بەهەرحاڵ ئەم رووداوە بەڵگەیە لەسەر بوونی غیرە لای ئافرەتان، وەك دەبینین ئوممو سەلەمەی دایکی باوەڕداران خۆی دان بەوەدا دەنێت و کاتێك پێغەمبەر

---

1 - صحیح البخاري، الرقم 5787، صحیح مسلم، الرقم 5427، صحیح ابن حبان، الرقم 664، سنن أبي داود، الرقم 4241، سنن الدارمي، الرقم 2731، مسند احمد بن حنبل، الرقم 8725، المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 6889.

2 - صحیح مسلم، الرقم 2773.

(ﷺ) داوای دەکات ئەو دەڵێت ئاخۆ من ئافرەتێکم غیرەیەکی زۆرم تێدا هەیە، [1] هەروەها کاتێك پرسیار دەکرێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی ئافرەتێکی پشتیوانان بەهاوسەر ناگریت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموێت (إن فيهم غيرة شديدة)، [2] (ئەوان غیرەیەکی زۆر زۆریان تێدایە).

هەروەك ئەمە بەڵگەیەکی جوان و روونە بۆ موسڵمان تا ئەگەر هەڵەیەکی لە هەر کەسێك بەدی کرد نەیکاتە بیانوو بۆ سفرکردنەوە یان شکاندنی ئەو کەسە، چونکە مرۆڤ هەرکات جێی هەڵەکردنەو دەکەوێتە هەڵەوە، دەبینین ئەوە هاوسەرانی پێغەمبەری خوان (ﷺ) و دایکانی باوەڕدارانن، کەچی دەکەونە هەڵەوەو تەوبەش دەکەن و خوای گەورەش نایانشکێنێتەوە، بەڵکو پێشنیازی تەوبەیان بۆ دەخاتەڕوو، پێغەمبەریش (ﷺ) هەڵوێستی قورسی نەگرتەبەر بەرامبەریان و کارەکەی جێهێشت بۆ فەرمانی خوا، کەچی دەبینین لە رۆژگاری ئەمڕۆدا موسڵمانانێك هەن چاو دادەخەن لە ئاست هەوڵ و ماندوێتی بانگەواز و جیهاد و رەنجی دەیان یان سەدان بانگخوازی رێی خوادا و بە بینینی هەڵەیەك لە هەر کەسێك لەوانە دەکەونە زەقکردنەوەی هەڵەکەی و شکاندنی و ئیدی بە کەم تەماشاکردنی، جا خۆ ئەگەر وا بوایە دەبوو ئەم ژنانەی پێغەمبەر (ﷺ) لەو ئاستە بەرزەیان داماڵرابان و دەرکرابان، بەڵام ئایا خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بڕیار و خوێندنەوەیان بۆ باری مرۆیی وایە؟ نەخێر، خوا داینناوە مرۆڤ هەڵە دەکات و تەوبەی لەسەر واجب دەبێت، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (كل بني آدم خطاء و خير الخطائين

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16024،

2 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 8367، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5197، معجم أبي يعلى الموصلي، الرقم 160.

التوابون)، (هەموو ئادەمیزاد هەڵەکارن و چاکترینی هەڵەکاران تەوبەکارانن)، تەنانەت خوای گەورە دایناوە هەر دەبێت مرۆڤ هەڵە بکات و تەوبەی لێ بکات، وەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە (والذي نفسي بيده لو لم تذنبوا لذهب الله بكم، ولجاء بقوم يذنبون فيستغفرون الله فيغفر لهم)،[1] (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر ئێوە تاوان نەکەن، بە دڵنیاییەوە خوای گەورە ئێوە لادەبات و خەڵکانێك دێنێت کە تاوان دەکەن و ئینجا داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەن و خوای گەورەش لێیان خۆش دەبێت).

کاتێك رووداوی ئیفك روویدا، زەینەب شایەتی خێری دا بۆ عائیشە، عائیشە دەڵێت: لەناو خێزانەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) زەینەبی کچی جەحش رکەبەرم بوو، کە پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بەو مەسەلەیە پرسیاری لێکرد زەینەب وتی بەخوا تەنها خێر دەزانم، ئەوەبوو خوا پاراستی لەو بوهتانە.[2]

جارێك هەندێ لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کۆبوونەوە تا ناڕەزایی دەرببڕن بەرامبەر بەو خۆشەویستیە زۆرەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەیبوو بۆ عائیشە، فاطیمەی کچی پێغەمبەریان (ﷺ) نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و تیان پێی بڵێ بۆ خاتری خوا لە خۆشەویستی بۆ عائیشە دادپەروەر بێت، ئەویش چوو و ئەوەی بە پێغەمبەر (ﷺ) وت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (کچە ئازیزەکەم ئایا ئەو ئافرەتەت خۆش ناوێت کە من خۆشم دەوێت؟) فاطیمە وتی با، گەڕایەوەو هەواڵەکەی دایەوە بە هاوسەرەکانی تری، ئینجا بڕیاریان دا زەینەبی کچی جەحش بنێرن، زەینەب چوو

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 5042، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 7874.

2 - صحيح مسلم، الرقم 5080.

بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتووڕە بوو و وتی ژنەکانت دەڵێن بۆ خاتری خوا بەرامبەر بە خۆشەویستیت بۆ عائیشە دادپەروەر بە، هێندە دەنگی بەرز کردەوە تا کار گەیشتە ئەوەی قسەیەکی وت بە عائیشە، عائیشەش لەولاوە دانیشتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد وەك پێی بفەرموێت قسەت نیە؟ عائیشەش کەوتە وەڵامدانەوەی زەینەب تا بێدەنگی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد و فەرمووی: ئەوە کچی ئەبووبەکرە.[1]

حەمنەی خوشکی زەینەب لە مزگەوتی مەدینە لەدوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) نوێژی دەکرد، جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینی لەنێوان دوو پایەی مزگەوتدا پەتێك بەستراوە، فەرمووی: ئەو پەتە چیە. وتیان ئەی پێغەمبەر (ﷺ) حەمنەی کچی جەحش تا دەتوانێت بەپێوە نوێژ دەکات، کە توانای نەما خۆی دەگرێت بەو پەتەوە، ئەویش فەرمووی: ( با تا توانای هەیە نوێژ بکات، کە توانای نەما با دابنیشێت)،[2] بەڵام گێڕانەوەتی تر هاتووە کە دەڵێت: دایکی باوەڕداران زەینەب وایکردووە، ئیبن حەجەر دەڵێت: پێشدەچێت هەردووکیان وایان کردبێت.[3]

زەینەب دەڵێت: ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) بە شڵەژاوی خۆی کرد بە ژووردا و فەرمووی: (لا إله إلا الله، ويل للعرب من شر قد اقترب، فتح اليوم من ردم يأجوج ومأجوج مثل هذه)، (هاوار بۆ عەرەب بۆ خراپەیەك کە نزیك بووەتەوە، ئەمڕۆ

1 - صحيح البخاري، الرقم 2462.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6970، سكت عنه الذهبي، سنن أبي داود، الرقم 1130، قال الألباني صحيح دون ذكر حمنة.

3 - فتح الباري، ج3، ص 36.

هێندە–بە دوو پەنجەی ئەڵقەیەکی دروست کرد– لە بەنداوەکەی یەئجووج و مەئجووج کراوەتەوە)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا تا کاتێك پیاوچاکانمان لەناودا بن لەناو دەچین؟ فەرمووی: (نعم إذا كثر الخبث)،[1] (بەڵێ ئەگەر پیسی زۆر بوو)

پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی غەزای خەیبەر سەد کۆڵ خورمای بڕیەوە بۆ زەینەبی کچی جەحش.[2]

پێغەمبەر (ﷺ) پێش وەفاتی لە ماڵی زەینەب بوو، ڕۆژی چوارشەممە بوو، نۆزدەی مانگی صەفەری ساڵی یانزەی کۆچی بوو، پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی زەینەب بوو، پێغەمبەر (ﷺ) تووشی ئازارێکی زۆر بوو، ئەوەبوو هەموو هاوسەرەکانی تری پێغەمبەر (ﷺ) هاتن بۆ ئەوێ و لەلای کۆبوونەوە.[3]

جارێك عومەری کوڕی خەططاب مووچەکەی زەینەبی نارد بۆی، ئەویش وتی خوا لە عومەر خۆش بێت، کەسی تر هەیە لە من شیاوترە بەم هەمووە، پێیان وت ئەوە هەمووی بۆ تۆیە، وتی سوبحانەڵا، ئینجا بە پارچە قوماشێك دایپۆشی و وتی دایپۆشن و جلێکی پێدا بدەن، ئینجا کەوتە دابەشکردنی بەسەر خزمانی خۆی و هەتیواندا، دواتر دەستەکانی بەرز کردەوەو وتی خوایە دوای ئەمساڵ جارێکی تر مووچەی عومەرم بۆ نەیەت.[4]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3184،

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 215.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 255.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 212.

زەینەب کە نەخۆش کەوت و سەرەمەرگی هات، بەوانەی دەوروبەری وت من کفنی خۆمم ئامادە کردووە، جا ئەگەر عومەر کفنی بۆ ناردم یەکێکیان بکەن بەخێر، یان ئەوەی خۆم یان ئەوەی عومەر.[1]

زەینەب لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب و لە سالێ بیستی کۆچیدا وەفاتی کرد،[2] بەوەش یەکەم هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد.[3]

کاتێك زەینەب وەفاتی کرد، عومەر فەرمانی کرد کەسێك هاوار بکات تەنها کەسە مەحرەمەکانی بچن بۆ لای تەرمەکەی، ئینجا کچەکەی عومەیس وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران بۆ شتێکت پێ نەلێم کە ئەزموونی خەلکی حەبەشە بوو لەگەلێ ژنەکانیان، ئینجا تابووتێکی ئامادە کرد و بە جلێك داپۆشی، عومەریش وتی شتێکی زۆر باشە، عومەر فەرمانی کرد بە کەسێك هاواری کرد لەگەلێ تەرمی دایکتان بچنە دەرەوە.[4]

دواتر عومەری کوڕی خەتتاب نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد، ئینجا برا بۆ گۆڕستانی بەقیع و لەوێ ئەسپەردە کرا.[5]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 217.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 212.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 201.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 213.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 149.

زەینەبی کچی حەنظەلە(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی حەنظەلەی کوڕی قەسامەیە، هاودەم بە باوکی و پووری هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، دواتر زەینەب شووی کرد بە ئوسامەی کوڕی زەید و پاش ماوەیەك ئوسامە تەڵاقی دا، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(کێ زەینەبی کچی حەنظەلە دەخوازێت و من خزمی بم)،[1] ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەماشایەکی نوعەیمی کوڕی عەبدوڵای کرد، نوعەیم وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وا دیارە مەبەستت منە، فەرمووی بەڵێ، نوعەیم زەینەبی خواست و کوڕێکی لێی بوو و ناوی نا ئیبراهیم.[2]

زەینەبی کچی حوباب(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی حوبابە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانە هاوسەری قەیسی کوڕی عەمرە و لەم مێردەی منداڵێکی هەبوو بە ناوی سەعید، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

زەینەبی کچی خەبباب(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی خەببابی کوڕی ئەرەتە،[4] باوکی یەکێکە لە گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کە پێشتر لە پیتی (خ) دا باسمان کردووە.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 671.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 72.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 671.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 672.

زەینەب دەڵێت: جارێك باوكم بۆ سریەیەك دەرچوو، ئیتر لەو ماوەدا پێغەمبەر (ﷺ) دەهات و سەردانی دەكردین، تەنانەت بزنێكیشمان هەبوو پێغەمبەر (ﷺ) بۆی دەدۆشین.[1]

زەینەبی كچی خوزەیمە(دایكی باوەڕداران) (رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی كچی خوزەیمەی كوڕی حارثی كوڕی عەبدوڵای هیلالیە، هاوسەری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، زیاتر بە ئوممولمەساكین (دایكی هەژاران) ناسراوە، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆر دەستگرۆ و هاریكاری هەژاران بوو.[2]

زەینەب سەرەتا هاوسەری عەبدوڵای كوڕی جەحش بوو، عەبدوڵای مێردی لە غەزای ئوحوددا بەشداری كرد و تیایدا شەهید بوو، دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) زەینەبی بەهاوسەرگرت.[3]

هاوسەرگیری پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ زەینەبی كچی خوزەیمەدا دوای هاوسەرگیری بوو لەگەڵ حەفصەی كچی عومەردا، ئەمەش لە مانگی رەمەزاندا بوو، بەڵام تەنها دوو یان سێ مانگ هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو و دوای ئەوە وەفاتی كرد، یان دەوترێت نزیكەی هەشت مانگێك لای پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە ئینجا وەفاتی كرد، كاتی مردنەكەشی لە مانگی رەبیعولئاخیری ساڵی چوارەمی كۆچیدا بوو، ئەوكات تەمەنی نزیكەی سی ساڵ دەبوو.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 672.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 142.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 672.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 672.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی داوای زەینەب بکات، هێشتا نەیدیبوو، ئەبووئوسەیدی نارد بۆ لای ئافرەتێکی بەنی عامیر تا داوای زەینەبی بۆ بکات، ئەویش چوو داوای کرد بۆی و پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوسەری گرت.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) تا لە ژیاندا بوو تەنها مەرگی دوو هاوسەری خۆی بینی کە ئەوانیش بریتی بوون لە خەدیجەی کچی خوەیلید و زەینەبی کچی خوزەیمە.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (ئەوەتان خێراتر دێت بۆ لام کە دەستی درێژترە)، ئێمەش هەموو دەکەوتینە پێوانەی دەستی یەکدی تا بزانین دەستی کاممان درێژترە، دواجار زانیمان دەستی زەینەب درێژترە چونکە ئەو بە دەستی خۆی کاری دەکرد و خێری زۆری پێ دەکرد.[3]

زەینەبی کچی زەید(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی زەیدی کوڕی حارثەیە، باوکی یەکێکە لە گەورە هاوەڵانی خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، خوشکی ئوسامەی کوڕی زەیدە کە ئەویش یەکێکە لە گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ).[4]

کاتێك زەید کوژرا، پێغەمبەر (ﷺ) چوو سەردانی ماڵی زەیدی کرد، کچەکەی زەید هەنیسکی گریان گرتبووی و بە گریانەوە رووەو پێغەمبەر (ﷺ) چوو، پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر بە تاسەوە دەستی کرد بە گریان، سەعدی کوڕی عوبادە کە

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص 1599.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 45.

3 - صحيح مسلم، الرقم 4594، صحيح ابن حبان، الرقم 3373.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 674.

لەوێ بوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو گریانە چیە؟ فەرمووی: (ئەوە تاسەی خۆشەویستە بۆ خۆشەویستەکەی)،[1] ئەو کچەی زەید ناوی زەینەب بوو.[2]

زەینەبی کچی سەهل(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی سەهلی کوڕی موصعەبە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، چوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

زەینەبی کچی سوەید(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی سوەیدی کوڕی صامتە، لە پشتیوانانە، هاوسەری سەعیدی کوڕی زەیدە و لەم مێردەی منداڵێکی بوو بە ناوی عاتیکە.[4]

زەینەبی کچی صەیفی (رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی صەیفیە، لە پشتیوانانە، چوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[5]

زەینەبی کچی عەبدولا (رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی عەبدوڵایە، باوکی بە ئەبووسەلەمە ناسراوە، دایکیشی ناوی ئومموسەلەمەیە کە پاش وەفاتی ئەبووسەلەمە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) هاوسەرگیری کرد.

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 46.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 674.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 678.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 676.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 678.

کاتێك دایك و باوکی زەینەب کۆچیان کردبوو بۆ حەبەشە، زەینەب لەوێ لەدایك بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دایکی بەهاوسەر گرت هێشتا زەینەب لە شیر نەبڕابوویەوە، هاوکات ئەسمائی کچی ئەبووبەکریش شیری پێدەدا، بەوەش زەینەب بووبوو بە خوشکی شیری زوبەیری کوڕی عەوام.[1]

زەینەبی کچی عەووام (رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی عەووامی کوڕی خوەیلیدە، خوشکی زوبەیری کوڕی عەووامە، ئەم ئافرەتە چەند منداڵێکی هەبوو بە ناوەکانی خالید و یەحیا و شەیبەو عەبدوڵا و فاخیتە، هاوسەرەکەی ناوی حەکیمی کوڕی حەڕامە.[2]

زەینەبی کچی عوثمان (رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی عوثمانی کوڕی مەظعوونە، کاتێك باوکی وەفاتی کرد، قودامەی مامی زەینەبی مارەکرد لە عەبدوڵای کوڕی عومەر، بەڵام هەریەك لە دایکی زەینەب و خودی زەینەب بەو هاوسەرگیریە رازی نەبوون و پێغەمبەری خوایان (ﷺ) لەوە ئاگادار کردەوە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هاوسەرگیریەکەی هەڵوەشاندەوە، دواتر موغیرەی کوڕی شوعبە بەهاوسەری گرت.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 675.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 678.

3 - سنن الدارقطني، الرقم 3099.

زەینەبی کچی قەیس(رضي الله عنها)

**ناوی زەینەبی کچی قەیسی کوڕی مەخرەمەیە، لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی دوو قیبلەی کردووە.[1]**

زەینەبی کچی قەیسی ئەنصاری (رضي الله عنها)

**ناوی زەینەبی کچی قەیسی کوڕی شەمماسە، لە پشتیوانانە، دایکی ناوی خەولەی کچی عەمری خەزرەجیە، خەولە هاوسەری خوبەیبی کوڕی یەسافە و لەم مێردەی منداڵێکی بوو بە ناوی ئونەیسە، زەینەب چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

زەینەبی کچی مەظعوون (رضي الله عنها)

**ناوی زەینەبی کچی مەظعوونی کوڕی حەبیبە، هاوسەری عومەری کوڕی خەططابە، دایکی عەبدولڵای کوڕی عومەر و حەفصەی کچی عومەرە کە دایکی باوەرداران و هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ئەم ئافرەتە لەگەڵ عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئەوەش کە دەڵێت گوایە پێش کۆچکردن بۆ مەدینە مردبێت راست نیە.[3]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 678.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 678.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 680.

زەینەبی کچی موصعەب(رضي الله عنها)

**ناوی زەینەبی کچی موصعەبی کوڕی عومەیرە، دایکیشی ناوی حەمنەی کچی جەحشە، موصعەبی باوکی لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو، زەینەب تا دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا.[1]**

زەینەبی کچی ئەبوورافیع(رضي الله عنها)

**ناوی زەینەبی کچی ئەبوورافیعە، باوکی خزمەتکاری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، زەینەب ئامادەی ساتەکانی پێش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، دەڵێت: فاطیمەم بینی کە حەسەن و حوسەینی هێنا بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە دوو کوڕەکەتن، دەی میراتیان پێ ببەخشە، ئەویش فەرمووی: حەسەن شکۆ و پێشەنگی منی بۆ هەیە، حوسەینیش بوێری و بەخشندەیی منی بۆ هەیە.[2]**

زەینەبی کچی ئەبووسوفیان (رضي الله عنها)

**ناوی زەینەبی کچی ئەبووسوفیانی کوڕی صەخرە، خوشکی دایکی باوەڕداران ئومموحەبیبەیە، هاوسەری عورووەی کوڕی مەسعوودە، عورووە ژنی زۆری هەبوو، کاتێك موسڵمان بوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکرد تەنها چوار ژنی بهێڵێتەوە، ئەویش چوار ژنی هەڵبژارد، یەکێك لەوانەش زەینەبی کچی ئەبووسوفیان بوو.[3]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 679.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 7024.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 675.

زەینەبی کچی ئەبووموعاویە(رضي الله عنها)

**ناوی زەینەبی کچی موعاویەیە، هاوسەری عەبدولای کوڕی مەسعوودە، زەینەب دەلێت: جارێك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە ژنان خێر و صەدەقە بکەن، منیش چووم تا بچم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، دەبینم ئافرەتێکی پشتیوانیش هاتووە کە هەمان ئەو کارەی هەبوو کە من هەمبوو، بۆیە پێکەوە چووین بۆ مالی پێغەمبەر (ﷺ)، دەبینین بیلال لەبەردەرگایە، ئێمەش وتمان برۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) پرسیارێکمان بۆ بکە بەلام مەلێ ئێمە کێین، بلێ ئێمە هەتیومان هەیە، ئایا دروستە خێر و صەدەقە ببەخشین بۆ خەرجی ئەو هەتیوانەو مێردەکانمان، بیلالیش چوویە ژوورەوەو هەوالەکەی پێدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوانە کێن؟ وتی ژنێکی پشتیوانیەو زەینەب، فەرمووی کامە زەینەب؟ وتی ژنەکەی عەبدولا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (دوو پاداشتیان بۆ هەیە، پاداشتی خزمایەتی و پاداشتی خێرو صەدەقەکەش).[1]**

زەینەبی کچی ئەصرەم (رضي الله عنها)

**ناوی زەینەبی کچی ئەصەرمی عەبدەریە، ئەم ئافرەتە هاوسەری زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەییە بوو، لەم مێردی دوو کوڕی هەبوو بە ناوەکانی میعبەد و عەبدولا.[2]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 680.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 666.

زوبەیبی کوڕی ثەعلەبە (رضي الله عنه)

ناوی زوبەیبی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی عەمرەی عەنبەریە، سەبارەت بە شوێنی دانیشتنی رایەك دەڵێت: دواتر لە دەرەوەی مەدینە دانیشتووە، رایەکیش دەڵێت لە بەصرە نیشتەجێ بووە.[1]

زوبەیب موسڵمان بووبوو، هۆزەکەشی موسڵمان بووبوون و گوێی مەڕو ماڵاتیشیان کەل خستبوو،[2] هێزێکی موسڵمانان دایان بەسەریاندا و چی ژن و منداڵ و شمەك هەبوو هەموویان دەستبەسەردا گرت، زوبەیبیش خێرا سواری وشترەکەی بوو و چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دایك و باوکمەوە بە قوربانت بم هاوەڵانت هاتون وایان کردووە بە هۆزەکەم، لەکاتێکدا موسڵمانیشن و گوێی مەڕوماڵاتیشیان کەل کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی زوبەیب ئایا بەڵگەت پێیە؟ وتی بەڵێ، ئەوەبوو سەمورەی کوڕی عەمر شایەتی دا و زوبەیبیش سوێندی خوارد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هەرچی شتی بەنیلعەنبەر هەیە بیگێڕنەوە بۆیان)، هەموو شتێکیان بۆ گێڕدرایەوە جگە لە قەیفەیەکی دایکی زوبەیب، زوبەیب چوویەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم هەرچی شتە گێڕاویانەتەوە جگە لە قەیفەیەکی دایکم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئایا دەزانیت کێ

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 552.

2 - ئەو کەلکردنەی گوێی مەڕومات نیشانەیەك بوو لەنێوان موسڵمانبواندا کە زەکاتیان دەدا لەگەڵ ناموسڵمانانندا و بەوە جیا دەکرانەوە.

هەڵیگرتووە؟ وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کە خەڵکی هاتن بۆ نوێژ تۆ لەبەر دەرگای مزگەوت دابنیشە، کە ئەو کەسەت بینی دەستی پێوەبگرە تا لە نوێژ تەواو دەبێت، ئینجا بڕیاری دادوەری نێوان تۆ و ئەو دەدرێت، ئەویش وایکرد، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژ بوویەوە هات بۆ لای و فەرمووی: ئەی زوبەیب ئەی برای بەنیلعەنبەر چیت دەوێت لە دیلەکەت؟ زوبەیبیش کڵپەی گریان گرتی و کابرای بەردا و وتی خێرم دەوێت، خوا و پێغەمبەری خوامان دەوێت، پێغەمبەر (ﷺ) بە کابرای فەرموو (ئایا قەیفەکەی دایکی زوبەیبت پێیە؟) کابرا وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای خۆم نەماوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (شمشێرەکەی خۆتی پێبدەو چەند مشتێ خواردنیشی لەگەڵدا بدەرێ)، کابراش وایکرد،[1] پێغەمبەر (ﷺ) لە زوبەیب نزیك بوویەوەو دەستی هێنا بەسەر سەریدا و نزای بۆ کرد و فەرمووی: (اللهم ارزقه العفو و العافية) (خوایە لێبورن و سەلامەتی و بێوەیی پێ ببەخشە)، دواتر زوبەیب بە شمشێرەکەیەوە چوو و شمشێرەکەی فرۆشت بە دوو ئاژەڵ، ئەو ئاژەڵانە زاوزێیان کرد تا گەیشتنە نزیکەی سەد و ئەوەندە سەر.[2]

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5159 و اللفظ له، سنن أبي داود، الرقم 3150، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 19219، ضعفه الالباني في صحيح و ضعيف سنن ابي داود، الرقم 3612.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5159.

زوبەیری کوڕی عەووام (رضي الله عنه)

**ناوی زوبەیری کوڕی عەووامی کوڕی خوەیلیدی قوڕەیشی ئەسەدیە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایەو بە حەواری پێغەمبەر (ﷺ) ناسراوە، پوورزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، چونکە دایکی ناوی صەفییەی کچی عەبدولموطەلیبە کە خوشکی عەبدوڵای باوکی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).**[1]

**زوبەیر برایەکی هەبوو بە ناوی سائیب کە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و لە غەزای ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد و لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.**[2]

**زوبەیر یەکێکە لەو هاوەڵانەی شایەتی بەهەشتی بۆ دراوە.**[3]

منداڵی زوبەیر

**زوبەیر منداڵ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد، ئیتر نەوفەلی مامی سەرپەرشتی دەکرد، جا هەندێ جار صەفییەی دایکی زوبەیر دەیدا لە زوبەیر، مامیشی دەیوت وا توند لێی مەدە، ئەڵێیت لە دوژمن دەدەیت و رقتە لێی، صەفییەش وەڵامی دایەوەو بە شیعرێك پێی وت ئەوەی وادەزانێت من لە رقەوە لێی دەدەم ئەوە درۆ دەکات، من بۆ تەمبێ کردن وا لێی دەدەم بۆ ئەوەی بەرگە بگرێت و کەسێکی خاوەن کەسێتی لێ دروست بێت.**[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 553.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 119.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 553.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 554.

زوبەیر کەسێکی باڵابەرزی وای لێدەرچوو کە لە باڵابەرزیدا باس دەکرا،[1] هاوکات ریشی تەنك بوو.[2]

هاوسەرو منداڵەکانی زوبەیر:

**زوبەیر چەند ئافرەتێکی بەهاوسەر گرتبوو:**

**ئەسمائی کچی ئەبووبەکری صدیق کە یەکێکە لە ئافرەتە زۆر خواناسەکان و خوشکە گەورەی عائیشەی دایکی باوەڕدارانە، واتە زوبەیر ئاوزاوای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، لەگەڵ ئەم ژنەی کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ چەند منداڵێکی بوو، عەبدوڵا، عوروە، مونذیر،[3] عاصم، موهاجیر، خەدیجەی گەورە، ئوممولحەسەن، عائیشە.[4]**

**عەبدوڵای کوڕی زوبەیر لە یەکەم ساڵی کۆچیدا لەدایکبوو و یەکەم مناڵی لەدایکبووی کۆچەران بوو پاش کۆچ بۆ مەدینە.[5]**

**دواتر زوبەیر ئەسمائی تەڵاق داو ئەسمائیش لای عەبدوڵای کوڕی مایەوە، سەبارەت بە هۆکاری تەڵاقەکەشی چەند شتێك هاتووە کە روون نیە کامیانە، گێڕانەوەیەك هاتووە دەڵێت: عەبدوڵا وتوویەتی کەسی وەك من نابێت کەس بچێتە لای دایکی، بۆیە زوبەیر تەڵاقی داوە، گێڕانەوەیەکی تر دەڵێت لەبەرئەوە بووە کە ئەسماء تەمەنی زۆر بووە، گێڕانەوەیەکی تر دەڵێت چونکە جارێك زوبەیر دای لە**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 554.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 42.
3 - أسد الغابة، ج7، ص 12.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 100.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 90.

ئەسماء و ئەویش قیژاندی، عەبدوڵاش چوو بەدەم دایکیەوە، زوبەیر پێی وت بێیتە ژوورەوە دایکت تەڵاق دەدەم، عەبدوڵا هەر چوویە ژوورەوە، زوبەیریش تەڵاقی دا، بەڵام هیچکام لەوانە بەڵگەی رەوا نین.[1]

ئوممو خالیدی کچی خالید، لەم ژنەی ئەم منداڵانەی بوو: خالید، عەمر، حەبیبە، سەودە، هیند.[2]

رەبابی کچی ئونەیف، لەم ژنەی ئەم منداڵانەی بوو: موصعەب، حەمزە، رەملە.[3]

زەینەبی کچی مەرثەد، لەم ژنەی ئەم منداڵانەی بوو: عوبەیدە، جەعفەر.[4]

ئومموکلثومی کچی عوقبە کە لەم ژنەی کچێکی بوو بە ناوی زەینەب.[5]

جا کاتێك ئومموکلثوم سکی هەبوو بێزار بوو لە زوبەیر، چونکە زوبەیر لەگەڵ ژناندا توند و رەق بوو، ئومموکلثوم وتی ئەی زوبەیر تەڵاقێکم بدەو دواتر مارەم بکەرەوە، زوبەیر وتی دەی ئەوە چ سوودێکی تیایە بۆت؟ وتی دڵم ئارامی بۆ دێت، ئەویش تەڵاقێکی دا و چوویە دەرەوە، ئومموکلثوم بە خزمەتکارەکەی وت دەرگاکان دابخە، ئینجا منداڵێکی بوو، ئەوەبوو هەواڵ برا بۆ زوبەیر، ئەویش وتی ژنەکەم فێڵی

1 - أسد الغابة، ج7، ص 12.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 100.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 100.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 100.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 100.

لێکردم، ئینجا چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مەسەلەکەی بۆ باس کرد، ئەویش لەیەکی جیا کردنەوە.[1]

حەلالی کچی قەیس، لەم ژنەی منداڵێکی بوو بە ناوی خەدیجەی بچووک.[2]

تەماضوری کچی ئەصبەغ کە تەنها حەوت شەو لای مایەوەو زوبەیر دوای ئەوە تەڵاقی دا.[3]

عاتیکەی کچی زەید کە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و تا ئەو ساتەی زوبەیر شەهید بوو عاتیکە ژنی بوو، عاتیکە سەرەتا ژنی عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکر بوو، واتە ژنی ژنبراکەی زوبەیر بوو، ئەوەبوو عەبدوڵا شەهید بوو، دواتر شووی کرد عومەری کوڕی خەتتاب هێنای و ئەویش شەهید بوو، دواتر زوبەیر هێنای و ئەویش شەهید بوو، ئیتر خەڵکی دەیانوت کێ دەیەوێت شەهید بێت با عاتیکە بە هاوسەر بگرێت.[4]

زوبەیری کوڕی عەوام دەیوت طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵای تەیمی ناوی منداڵەکانی بە ناوی پێغەمبەرانەوە دەنێت، دەشزانێت دوای موحەممەد(ﷺ) هیچ پێغەمبەرێك نایەت، منیش ناوی منداڵەکانم بە ناوی شەهیدانەوە دەنێم بەڵکو شەهید بن، عەبدوڵای بە ناوی عەبدوڵای کوڕی جەحشەوە ناو نا، مونذیری بە ناوی مونذیری کوڕی عەمرەوە ناونا، عورووەی بە ناوی عورووەی کوڕی مەسعوودەوە ناونا، حەمزەی

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2766، قال الذهبي صحيح غريب.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 100.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 299.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 112.

بە ناوی حەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیبەوە ناو نا، جەعفەری بە ناوی جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبەوە ناونا، موصعەبی بە ناوی موصعەبی کوڕی عومەیرەوە ناونا، عوبەیدەی بە ناوی عوبەیدەی کوڕی حارثەوە ناونا، خالیدی بە ناوی خالیدی کوڕی سەعیدەوە ناونا، عەمری بەناوی عەمری کوڕی سەعیدی کوڕی عاصەوە ناونا.[1]

موسڵمانبوونی زوبەیر

سەبارەت بە کاتی موسڵمانبوونی رایەك دەڵێت لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا موسڵمان بووە، رایەکی تر دەڵێت لە تەمەنی هەشت ساڵیدا موسڵمان بووە،[2] رایەکیش دەڵێت لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بووە کە موسڵمان بووە.[3]

زوبەیر لە دوای ئەبووبەکر موسڵمان بوو و چوارەم یان پێنجەم کەس بوو موسڵمان بوو.[4]

زوبەیری کوڕی عەوام لەسەر دەستی ئەبووبەکری صدیق موسڵمان بوو، چونکە ئەو پێشنیازی موسڵمان بوونی بۆ کرد و وردەکاری بانگەوازەکەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ خستەڕوو، زوبەیریش چوو بەدەم داواکەیەوەو موسڵمان بوو.[5]

زوبەیر لەپێناو ئیسلامدا نارەحەتی زۆری چەشت، مامی زوبەیر کە زانی زوبەیر موسڵمان بووە کەوتە ئازاردانی، لەسەر حەسیرێك رایدەکێشا و دواتر دووکەڵی

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 101.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 554.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 41.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 101.
5 - الكامل في التأريخ، ج1، ص 583.

بەسەردا دەکرد، هەر ئازاو ئەشکەنجەیەکی دەدا تا زوبەیر وازبهێنێت لە ئیسلام، ئەویش دەیوت هەرگیز بێباوەڕ نابم.[1]

زوبەیر یەکەم کەس بوو لەپێناو خوادا شمشێری هەڵکرد، ئەوەبوو هاوارێکی بیست کە وتی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەرووی مەککەوە هەڵمەتی بۆ براوە، بۆیە زوبەیر بە شمشێرێکەوە کەوتەڕێ بەرەو ئەوێ، هەرکەس دەیدی سەری سوڕدەما لەو هەڵوێستەی زوبەیر، زوبەیر کە گەیشتە لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ئەوە چیتە ئەی زوبەیر؟! زوبەیریش بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد و وتی هاتووم تا بەم شمشێرە بدەم لەو کەسەی هەڵمەتی بۆ هێناویت،[2] پێغەمبەریش (ﷺ) نزای کرد بۆ خۆی و شمشێرەکەشی.[3]

### کۆچکردنی زوبەیر

زوبەیر لە هەردوو کۆچی حەبەشەدا بەشداری کرد،[4] بەڵام لەوێ زۆر نەمایەوەو گەڕایەوە بۆ مەککە.[5]

کاتێك زوبەیر لە حەبەشە بوو، پاشایەك لە حەبەشە دەرکەوت و دژی نەجاشی وەستایەوە، موسڵمانانی ئەوێ نزایان دەکرد تا نەجاشی بەسەریدا سەرکەوێت، نەجاشی چوو تا لەگەڵیدا بجەنگێت، موسڵمانەکانی ئەوێیش زوبەیریان

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 555.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 41.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 45.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 554.
5 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 47.

نارد تا بڕوات و هەواڵی جەنگەکەی نەجاشیان بۆ بهێنێت، ئەوەبوو خوای گەورە نەجاشی سەرخست و زوبەیر هەواڵی هێنایەوە بۆ موسڵمانان و ئەوانیش بە سەرکەوتنەکەی دڵخۆش بوون.[1]

نەجاشی خەنجەرێکی هەبوو بە دیاری دای بە زوبەیر، دواتر زوبەیر کە هاتەوە ئەو خەنجەرەی بە دیاری دا بە پێغەمبەر (ﷺ) و لای پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە.[2]

دواتر زوبەیر کۆچی کرد بۆ مەدینە، پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان زوبەیر و عەبدوڵای کوڕی مەسعوودەوە.[3]

زوبەیر لە غەزای بەدردا

پێغەمبەر (ﷺ) کە ویستی بچێت بۆ بەدر عەلی کوڕی ئەبووطالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی هاودەم بە چەند هاوەڵێك نارد تا بچنە لای ئاوی بەدر و هەواڵ و زانیاری بۆ وەربگرن.[4]

زوبەیر لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و تیایدا دوو جار بریندار بوو، برینەکەی هێندە قووڵ بوو کە پەنجە لە هەر برینێکیدا ون دەبوو.[5]

---

1 - الكامل في التأريخ، ج1، ص 600.

2 - الكامل في التأريخ، ج6، ص 129.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5343، صححه الذهبي في التلخيص.

4 - تاريخ الطبري، ج2، ص 27.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 556.

لە غەزای بەدردا زوبەیر ئەسپێکی پێ بوو و لە بەرەی راستەوە بوو، میقدادی کوڕی ئەسوەدیش بە ئەسپێکەوە لە باڵی چەپەوە بوو، زوبەیر مێزەرێکی زەردی بەستبوو.[1]

لە رۆژی بەدردا فریشتەکان لەسەر شێوەی زوبەیر دابەزین و مێزەرێکی زەردیان لەسەر بەستبوو.[2]

زوبەیر لە غەزای ئوحوددا

زوبەیر لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد و رۆڵێکی کارای هەبوو تیایدا.

زوبەیر دەڵێت لە رۆژی ئوحوددا پێغەمبەر (ﷺ) شمشێرێکی پێ بوو و خستیەڕوو و فەرمووی (کێ ئەم شمشێرە دەگرێت بەمەرجێك مافی بدات؟) منیش وتم من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدامەوە، تا سێ جار ئەمە روویدا، ئینجا ئەبوودوجانە هەستاو وتی من هەڵیدەگرم ئەی پێغەمبەری خوا؟ بەڵام مافەکەی چیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەوەیە موسڵمانی پێ نەکوژیت و بەم شمشێرەوە لەدەست بێباوەڕ رانەکەیت)، ئەویش رازی بوو.[3]

زوبەیر دەڵێت: بەخوا تەماشای هیندی کچی عوقبە و ژنە هاوڕێکانیم دەکرد کە هەرچییان بوو فڕێیان دەدا و رایان دەکرد، لەو کاتەدا تیرهاوێژەکان هاتنە خوارەوەو پشتیان بەردراین و سوارەی دوژمن لە پشتەوە هاتن بۆمان و کەسێکیش

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 46.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5530.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4972، صححه الذهبي في التلخيص.

هاواری دەکرد موحەممەد کوژرا، ئێمەش دەستمان لەکار وەستا و وازمان هێنا و کەسێك نەبوو بچێت بە لای ئاڵاکەدا.[1]

عائیشەی دایکی باوەڕداران کە بە عوروەی خوشکەزای وت خوشکەزاکەم هەردوو باوکت زوبەیرو ئەبووبەکر لەوانەن کە خوا باسی کردون (ٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ مِنۢ بَعۡدِ مَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡقَرۡحُۚ لِلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ مِنۡهُمۡ وَٱتَّقَوۡاْ أَجۡرٌ عَظِيمٌ)،[2] کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) تووشی ئەو بارە سەختەی ئوحود بوو و بێباوەڕان لە دەوری بڵاوەیان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) ترسی هەبوو هەمدی بگەڕێنەوە، بۆیە فەرمووی: (کێ دەکەوێتە دوایان؟) حەفتا کەس کەوتنە دوایان، لەنێویاندا ئەبووبەکر و زوبەیریش هەبوون.[3]

ئوبەی کوڕی خەلەف کە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی چوو بۆی تا بیکوژێت، خێرا زوبەیر هەڵیکوتایە سەر ئوبەی و بە خەنجەرەکەی دەستی ویستی بیکوژێت، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی پێدا کە وازی لێبهێنێت و خۆی خەنجەرەکەی زوبەیری گرتە دەست و ئوبەی پێ بریندار کرد، ئەوەبوو بەو برینەوە لە نیوەی رێدا ئوبەی مرد.[4]

زوبەیر دەڵێت: کە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین بۆ ئەوەی بچینە سەر کێوەکە، پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بچێتە سەر بەردێك بەڵام نەیتوانی، بۆیە طەلحەی

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4259، صححه الذهبي في التلخيص.

2 - آل عمران: 172.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3867،

4 - المنتظم لابن الجوزي، ج3، ص 167.

کوڕی عوبەیدوڵا پشتی خۆی بۆ چەماندەوە و پێغەمبەر (ﷺ) پێی خستە سەر پشتی طەلحەو چوویە سەر بەردەکەو لەسەر بەردەکە دانیشت.[1]

کاتێك حەمزەی مامی پێغەمبەر (ﷺ) شەهید کرا صەفییە کە هات دوو جلی حەمزەی پێ بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) صەفییەی بینی حەزی نەکرد صەفییە حەمزە بەو شێوازە ببینێت، بۆیە زوبەیری نارد تا ڕێ نەدات حەمزە ببینێت، کاتێك زوبەیر گەیشتە لای صەفییە وتی دایە گیان راوەستە، ئەویش وتی لەسەر رێم لاچۆ، کاتێك بینی صەفییە واز ناهێنێت وتی پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد بۆ لات، صەفییە کە ئەوەی بیست خێرا وەستا و دوو جلەکەی گرتە دەست و جلێکیان بۆ کفنی حەمزە بوو و ئەوی تریشیان بۆ کفنی پشتیوانییەك بوو.[2]

### زوبەیر لە غەزای خەندەقدا

زوبەیر لە غەزای خەندەقیشدا بەشداری کرد، لەو غەزایەدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من يأتينا بخبر القوم)، (کێ هەواڵی دوژمنمان بۆ دێنێت؟)، زوبەیر وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی ئەوەی دووبارە کردەوە، دووبارە زوبەیر وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ جاری سێیەم هەمان شتی دووبارە کردەوە، زوبەیر هەمدی وتی

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7089، قال شعيب الأرناؤوط إسناده قوي.

2 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1170.

من، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوکات فەرمووی: (إن لكل نبي حواري و إن حواري الزبير)،[1] (هەر پێغەمبەرێك حەواری هەبووە، حەواریەکەی منیش زوبەیرە).

عەبدوڵای کوڕی دەڵێت: لە غەزای خەندەقدا من و عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە لەو شوێنە بووین کە ژنەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ بوون، جا یەکترمان بەرز دەکردەوە تا لە سەروو دیوارەکەوە تەماشای جەنگەکە بکەین، جا کاتێك عومەر منی بەرز کردەوە دەمبینی باوکم هەڵمەتی دەبرد بۆ بەنی قورەیضەو جەنگی دەکرد لەگەڵیاندا،[2] عەبدوڵا کە ئەمەی گێڕایەوە بۆ باوکی، زوبەیر وتی رۆڵە گیان ئەوکات منت بینی، وتی بەڵێ، زوبەیر وتی ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کێ دەچێت هەواڵی بەنی قورەیضەم بۆ بهێنێت، منیش چووم، کە هاتمەوە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم بەدایك و باوکمەوە بەقوربانت بم.[3]

زوبەیر بە شمشێرەکەی دای لە عوثمانی کوڕی عەبدوڵای کوڕی موغیرەو کوشتی، جا خەڵکی دەیانوت چ شمشێرێکی چاکە؟ ئەویش تووڕە بوو چونکە پێی وابوو کاریگەری دەستی بووە نەك کاریگەری شمشێرەکە.[4]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3903، صحيح مسلم، الرقم 4540، صحيح ابن حبان، الرقم 7095، سنن ابن ماجة، الرقم 121، سنن الترمذي، الرقم 3764، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7938، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 14010، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1970، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 227،

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 50.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3536، صحيح مسلم، الرقم 4541.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 51.

زوبەیر لە غەزای خەیبەردا

**لە غەزای خەیبەردا کاتێك جەنگەکە سەخت بووبوو، مەرحەبی جوولەکە هاتە دەرەوەو دەیوت کێ هەیە بەرامبەرم بجەنگێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کێ دەچێت بۆی؟ موحەممەدی کوڕی مەسلەمە وتی من ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی برۆ بۆی، پاشان نزای بۆ کرد و فەرمووی خوایە پشتیوانی بکە، ئینجا موحەممەد کابرای کوشت، ئینجا یاسری جوولەکە هاتە دەرەوەو وتی کێ هەیە بەرامبەرم بجەنگێت، زوبەیری کوڕی عەووام چوو بەرامبەری وەستا، صەفییەی دایکی زوبەیر کە ئەوەی بینی وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو جوولەکەیە کوڕەکەم دەکوژێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵکو خوا بیەوێت کوڕەکەت دەیکوژێت، ئەوەبوو پێکگەیشتن و جەنگان.[1]**

زوبەیر لە فەتحی مەککەدا

**کاتێك حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە بە نهێنی نامەیەکی نووسی بۆ مەککە تا هەواڵی هێرشی پێغەمبەریان (ﷺ) پێ بدات، خوای گەورە ئەوەی ئاشکرا کرد، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) هەریەك لە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و زوبەیر و میقدادی کوڕی ئەسوەدی نارد بە شوێن ئەو ژنەی نامەکەی بردووەو ئەوانیش ژنەکەیان گرت و نامەکەیان لێ سەندەوەو گەڕانەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)،[2] وردەکاری بەسەرهاتەکە لە ژیانی حاطیبی کوڕی ەبی بەلتەعەدا لە پیتی (ح) دا باس کراوە.**

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17053.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2866.

زوبەیر لە فەتحی مەککەشدا بەشدار بوو و دوو ئاڵای بە دەستەوە بوو، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵاکەی سەعدی کوڕی عوبادەشی دایە دەستی.[1]

هەروەها ئاڵاکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەدەست زوبەیرەوە بوو.[2]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر کێوی حیراء وەستابوو، کێوەکە لەریەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئارام بگرە حیراء، چونکە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەك لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان و عەلی و طەلحەو زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەسەر کێوەکە بوون.[3]

پێغەمبەر (ﷺ) پارچە ئاوریشمێکیشی دابوو بە زوبەیر و ئەویش لە جەنگدا بەکاری دەهێنا.[4]

زوبەیر لە جەنگی یەرمووکیشدا بەشداری کرد و تیایدا جارێکی دی بریندار بوو، برینێك هاوشێوەی برینەکانی غەزای بەدر.[5]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 51.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4042.

3 - صحيح مسلم، الرقم 4543.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 52.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 556.

زوبەیر و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

**عەبدوڵای کوڕی دەڵێت: جارێك پرسیارم کرد لە باوکم وتم بۆچی وەك فڵان و فڵان نیت هێندە فەرموودە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بگێڕیتەوە؟! ئەویش وتی من هەمیشە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم، بەڵام لێم بیستووە دەیفەرموو: (من كذب علي فليتبوأ مقعده من النار)،[1] (هەرکەس درۆم بەدەمەوە بکات با شوێنی خۆی لە دۆزەخ دیاری بکات).**

**زوبەیری کوڕی عەوام دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (لأن يأخذ أحدكم حبله ، فيأتي بحزمة الحطب على ظهره ، فيبيعها ، فيكف الله بها وجهه خير له من أن يسأل الناس أعطوه أو منعوه)،[2] (ئەگەر یەکێك لە ئێوە گوریسەکەی هەڵگرێت و کۆڵێ داری پێ بهێنێت و بیدات بە کۆڵیدا و بیبات بیفرۆشێت و بەوە خوا ئاوی دەموچاوی بهێڵێتەوە، ئەوە زۆر باشترە بۆی لەوەی داوا لە خەڵك بکات، ئیتر ئایا پێیبدەن یان پێی نەدەن).**

**زوبەیر دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) نزای کرد بۆ خۆم و منداڵەکانم و نەوەکانیشم.[3]**

**عومەری کوڕی خەطاب دەڵێت: جارێك بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەوتبوو و زوبەیریش لە کەناریەوە دانیشتبوو و باوەشێنی دەکرد و مێشوولەی لێ دووردەخستەوە، هەتا پێغەمبەر (ﷺ) لە خەو هەستا زوبەیر هەر وایکرد، کە**

1 - صحيح البخاري، الرقم 106،

2 - صحيح البخاري، الرقم 1413، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 10497، سنن ابن ماجة، الرقم 1832.

3 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4063.

پێغەمبەر (ﷺ) هەستا فەرمووی: (تا ئێستاش هەر بەردەوامیت ئەی ئەبوو عەبدوڵا؟) ئەویش وتی بەڵێ بەدایك و باوكمەوە بەقوربانت بم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوە جیبریلە سەلامت لێدەكات و دەفەرمویت: : من لە ڕۆژی دواییدا لەگەڵت دەبم و گڕی دۆزەخ لە دەموچاوت دوور دەگرم).[1]

زوبەیر لە سەردەمی ئەبووبەكری صدیقدا

لێرەدا مشتومڕێكی مێژوویی هەیە سەبارەت بەوەی ئایا زوبەیر بەیعەتی داوە بە ئەبووبەكری صدیق یان دواتر بەیعەتی داوە،پێشتریش لە ژیانی جوندوبی كوڕی جونادە (ئەبووذەری غیفاری) دا باسمان كردووەو لێرەدا دووبارەی ناكەینەوە.

ئەبووبەكری صدیق دژبە هەڵگەڕاوەكان جەنگی ڕاگەیاند، بۆ ئەوەش مەترسی لەسەر مەدینە دروست دەبوو، بۆیە پاسەوانی شەوانەی بە دەوری مەدینەدا دانا و بڕێك كەسی كرد بە ئەمیری دەستە دەستەی ئەو پاسەوانانە، لەوانەش عەلی كوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری كوڕی عەووام و عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف و طەلحەی كوڕی عوبەیدوڵا و سەعدی كوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵای كوڕی مەسعوود.[2]

1 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4074.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 311.

زوبەیر لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، بڕیاری دا مەسەلەی خیلافەت بە شوورا بێت، ئەو دەیوت ئەگەر بمویستایە کەسێك رابسپێرم ئەوە زیاتر حەزم دەکرد زوبەیر بێت، چونکە ئەو پایەیەکی دینە.[1]

جارێك زوبەیر چوویە کۆڕێکەوە تەماشای کرد حەسسانی شاعیری پێغەمبەر (ﷺ) شیعری دەهۆنیەوە، کەچی خەڵکەکە زۆر گەرموگوڕ نەبوون بۆ شیعرەکانی، زوبەیر چوو دانیشت و وتی ئەوە چیە دەتانبینم وا ساردن لە گوێ گرتن و گەرمی کۆڕەکەدا، من دیومە حەسسان شیعری دەهۆنیەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بە جوانی گوێی بۆ رادەگرت و دەستخۆشی لێدەکرد و هیچ خۆی بە شتی ترەوە سەرقاڵ نەدەکرد.[2]

عومەری کوڕی خەططاب پاش ئەوەی عەمری کوڕی عاصی بەرەو میصر نارد تا فەتحی بکات، بە دوایدا زوبەیری کوڕی عەووامی نارد تا پشتیوانی بێت،[3] لەوێ زوبەیر رۆڵێکی بەرچاوی بینی و پشتیوانێکی بەهێز بوو بۆ عەمر.[4]

زوبەیری کوڕی عەووام بۆ غەزا رووەو میصر چوو، جا ئەمیری میصر نامەی بۆ نارد مەیەرە ئێرە چونکە نەخۆشی تاعوون تیایدا بڵاو بووەتەوە، زوبەیر وتی جا من

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 54.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 56.
3 - تاريخ الطبري، ج2، ص 513.
4 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 406.

بۆ شمشێر وەشاندن و تاعوون دێمە ئەویٚ، کە چوویە ئەویٚ و غەزای کرد جارێك پێکرا، بەڵام نەیکوشت.[1]

لە سەردەمی عومەردا صەفییەی دایکی زوبەیر کۆچی دوایی کرد، خەلیفە نوێژی لەسەر کرد و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کرا.[2]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب شەهید کرا زوبەیر چوو و ناوی خۆی لە دیواندا سڕیەوە، عەبدوڵای کوڕیشی لە کاتی شەهیدبوونی عوثماندا هەمان هەنگاوی باوکی نا.[3]

عومەری کوڕی خەططاب پاش ئەوەی پێکرا، شەش کەسی راسپارد تا لەنێو خۆیاندا کەسێك دیاری بکەن بۆ خیلافەت، ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عوثمانی کوڕی عەففان، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری کوڕی عەووام، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف.[4]

لە ژیانی عوثمانی کوڕی عەففاندا باسی شێوازی هەڵبژاردنەکەمان کردووەو لێرەدا باسی ناکەین.

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 55.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6930.

3 - سير اعلام النبلاء، ج1، ص 57.

4 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4074.

زوبەیر لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

جارێك زوبەیری کوڕی عەووام چوویە بازاڕ و تەماشای کرد هەندێ مەواڵی ئومەویەکان قۆرخکاری دەکەن، ئەویش کەوتە لێدانیان، لەو حاڵەدا بوو کە خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان هات و لەسەر هێسترێك بوو، زوبەیریش چوو بۆ لای و جڵەوی هێسترەکەی گرت و کەوتە تانەدان و تووڕە بوون لە عوثمان، زۆر بە توندی دواندی، خەلیفەش هیچی نەوت، ئینجا زوبەیر وازی هێنا، کە عوثمان دابەزی جێی بۆ راخرا و دانیشت، ئینجا زوبەیر هاتەوە بۆ لای و وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران سوێند بەخوا دەزانم تۆ مافت بەسەرمەوە هەیە، بەڵام من کە ناحەقیەکم بینی خۆم پێ ڕاناگیرێت، خەلیفە پێی وت وەرە دابنیشە، لەپاڵ خۆیدا لەسەر راخەرەکە داینیشاند.[1]

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان شەهید کرا، زوبەیر یەکێك بوو لەوانەی داوای تۆڵەی خوێنی عوثمانی دەکرد، جا لێیان دەپرسی ئەی زوبەیر بۆچی هاتون وازتان هێنا تا خەلیفە کوژرا و ئێستا هاتون داوای خوێنەکەی دەکەن؟ ئەویش وتی ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمانیشدا ئەم ئایەتەمان دەخوێندەوە(واتقوا فتنة لا تصيبن الذين ظلموا منكم خاصة)، بەڵام وامان نەدەزانی ئێمەش دەگرێتەوە تا ئەوەی لە ئێمەشدا روویدا.[2]

1 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 3342،

2 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 1363، قال شعيب الأرناؤوط إسناده جيد.

زوبەیر لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبوو تالیبدا

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان کوژرا، دایکانی باوەڕداران (هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ)) چووبوون بۆ حەج بۆ مەککە تا لەدەست ئەو فیتنەی مەدینەی گرتووەتەوە رزگار بن، کاتێك ویستیان بگەڕێنەوە مەککە، هەواڵیان پێگەیشت کە عوثمان کوژراوە، بۆیە لە مەککە مانەوە تا بزانن بارەکە بە چی دەگات، ئەوەبوو بێ پێشنیازی خۆی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بەیعەتی پێدرا، بەتایبەت کە خەواریجەکان زۆریان لە عەلی کرد هەرچەندە عەلی خۆی رقی بوو لێیان، بەڵام هیوای وابوو دەرفەتێکی بۆ بگونجێت تا لەناویان بەرێت، ئەوەبوو کە ئەو فشارە بینرا ژمارەیەك لە خزمانی عوثمان لە بەنوئومەییە دەرچوون بۆ مەککە، هەریەك لە زوبەیر و طەلحەش داوای مۆڵەتیان کرد تا بچن بۆ مەککەو عەلیش مۆڵەتی پێدان و ئەوانیش چوون بۆ مەککە، خەڵکێکی زۆریش شوێنیان کەوت، لە بەصرەو مەدینەو یەمەن و چەند شوێنی ترەوە خەڵکێکی زۆر روویکردە مەککەو لەوێ ژمارەیەکی زۆری هاوەڵان و دایکانی باوەڕداران و جەماوەرێك کۆبوونەوەو داوای خوێنی عوثمانیان دەکرد، عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش جڵەوی مەسەلەکەی گرتبوویەدەست.[1]

وەستانێك:

سەبارت بە بەیعەتدانی طەلحەو زوبەیر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب مشتومڕێك هەیە کە ئایا بە ویستی خۆیان بەیعەتیان داوە یان بە ناچاری.

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 230 – 231.

کاتێك بەیعەت درا بە عەلی، عەلی داوای هەریەك لە طەلحەو زوبەیری کرد، ئەوانیش هاتن، طەلحە دەیویست بەیعەت نەدات، بەڵام مالیکی ئەشتەر شمشێری هەڵکرد و وتی بەیعەت نەدەیت دەدەم لە گەردنت، ئەویش بە ناچاری بەیعەتی داو زوبەیریش بە دوایدا بەیعەتی دا.

لە گێڕانەویەکی تردا هاتووە عەلی بەوانی وت یان ئێوە بەیعەتم پێ بدەن یان من بەیعەتتان پێ دەدەم، ئەوانیش وتیان ئێمە بەیعەتت پێ دەدەین.[1]

طەلحە وتی من کاتێك بەیعەتم داوە کە شمشێر لە گەردنم بووە، هەریەك لە سەعد[2] و ئوسامەی کوڕی زەید شایەتییان داوە کە بەیعەتەکەی طەلحە زوبەیر ناچاری بووە.[3]

لێرەدا پێم خۆشە پوختەیەکی نووسینەکەی ئیبنولعەرەبی بەش بەش بە هەمان دەقی خۆی دابنێم:

کاتێك قەدەری خوا هات و ئەوەی لە قەدەردا هەبوو روویدا و حەق هەروا خەڵك وێڵ ناکات و خەڵکی دوای عوثمان سەبارەت بەخەلیفەیەك کە بەسەریاندا دابنرێ راجیادەبوون، هیچ کەسیش نەبوو دوای ئەو سێ خەلیفەیە هێندەی چوارم خەلیفە–واتە عەلی– بەڕێزتر و زاناتر و لەخواترستر و ئاییندارتر بێت، بۆیە بەیعەتی پێدرا، ئەگەریش بەو خێراییە بەیعەت نەدرایە بە عەلی ئەوا وێڵ و لاسارەکان بارەکەیان زۆر خراپتر دەکرد، بەڵام کۆچەران و پشتیوانان بڕیاری

1 - تاريخ الطبري، ج2، ص 697.

2 - تاريخ الطبري، ج2، ص 699.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.

خیلافەتیان دا بۆ عەلی، ئەویش ئەوەی لەسەر خۆی بە فەرز زانی، بۆیە ملکەچی بوو.

طەلحە بەیعەتی دا بە عەلی، خەڵکیش وتیان دەستێکی ناتەبا بەیعەتی داوە بە عەلی، سوێند بەخوا ئەم مەسەلەیە ناگاتە جێی مەبەست، جا ئەگەر بوترێت ئەو دوانە-طەلحەو زوبەیر- بە نارەزایی بەیعەتیان داوە -بە عەلی- لە وەڵامدا دەڵێین هەرگیز شتی وا نەبووە بە ناحەزی بەیعەتیان دابێ و زۆریان لێ کرابێت، ئەگەریش تەنانەت بە نارەزایی بەیعەتیان دابێت ئەوە کاناکاتە سەر بەیعەتەکەی عەلی، چونکە بە یەك کەس یان دوان بەیعەت دەبەسترێت و سەردەگرێت، ئیتر هەرکەس دوای ئەوە بەیعەت بدات پەیوەستی ئەو بەیعەتە دەبێت، بەپێی شەرعیش پێویستە لەسەری ئەو بەیعەتە بدات، ئەگەریش ئەو دوانە بەیعەتیان نەدایە ئەوا ئەو کارە کاریگەری نەدەبوو بۆیان و کاریگەریشی نەدەبوو بۆ بەیعەتی پێشەوا-ی موسڵمانان-.

ئەوەش دەڵێت: دەستێکی ناتەباو کارێکی بە ئەنجام نەگەیشتووە، ئەوە گومانی کەسێکە کە دەڵێت طەلحە یەکەم کەس بووە بەیعەتی داوە، مەسەلەکەش وا نەبووە-طەلحە یەکەم کەس نەبووە بەیعەتی دابێت بە عەلی-.

ئەگەریش بوترێت موسڵمانان لەسەر ئەوە بەیعەتیان داوە بە عەلی کە بکوژانی عوثمان بکوژێتەوە ئەوا دەڵێین ئەو مەرجە بۆ بەیعەت راست نیە، بەڵکو لەسەر ئەوە بەیعەتی پێدەدەن کە حوکم بە حەق بکات، ئەویش ئەوەیە کەسی داواکاری خوێنی عوثمان ئامادە بێت و کەسی داواکراویش ئامادە بێت و سکاڵا بکرێت و وەڵام بدرێتەوەو بەڵگە بەردەست بێت و حوکم بدرێت، بەڵام

ئەوەی هەر بە قسەیەکی رەها یان کارێکی بەدواداچوون بۆ نەکراو یان بیستنی قسەیەك هێرش ببات ئەوە لە ئایینی ئیسلامدا شتی وا نیە.

عوثمانیەکان دەڵێن: دەستەیەك لە هاوەڵان لە بەیعەتدانی دواکەوتن، لەوانە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و مەحەممەدی کوڕی مەسلەمەو ئیبن عومەر و ئوسامەی کوڕی زەید و چەند هاوشێوەیەکی تری ئەوان.

ئێمەش دەڵێین سەبارەت بە بەیعەتپێدانی دوانەکەوتون، بەلام سەبارەت بە سەرخستنی دەستەیەك لەوانەی کە باسکران دواکەوتن، چونکە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی ئیجتیهادی بوو، هەر کام و ئیجتیهادێکیان هەبوو و بەپێی روانینی خۆی هەنگاوی دەنا و قەدەری خۆی دەهاتەڕێ.

دەستەیەك دەگێڕنەوە کاتێك بەیعەت درا بە عەلی، طەلحەو زوبەیر داوای مۆڵەتیان لە عەلی کرد تا بچن بۆ مەککە، عەلی بەوانی وت لەوانەیە بتانەوێت بچن بۆ بەصرەو شام، ئەوانیش سوێندیان خوارد وا ناکەن.[1]

رێککەوتن لە مەککە

لە مەککە سێ رای جیاواز دروست بوو، دەستەیەك وتیان با بچین بۆ لای موعاویە بۆ شام و لەوێوە بێین تۆڵە بکەینەوە، دەستەی دووەم وتیان بەڵکو با بچین بۆ مەدینە بۆ لای عەلی و داوای تۆڵەی عوثمان بکەینەوە، دەستەی سێیەم وتیان

1 - العواصم من القواصم لابن العربي.

بەڵکو دەچین بۆ بەصرەو لەوێ خۆمان بەهێز دەکەین و هەر لەوێوە دەکەوینە لەناوبردنی بکوژانی عوثمان، ئەوەبوو لەسەر ئەم رایە رێککەوتن.[1]

(سەبارەت بە چوونی –هاوەڵانی عائیشەو طەلحەو زوبەیر– بەرەو بەصرە راستەو هیچ کێشەیەکی لەسەر نیە، بەڵام بۆچی دەرچوون؟ لەمەدا گێڕانەوەیەکی لەسەر نیەو متمانە بە هیچ گێرانەوەیەکیان ناکرێت چونکە کەسی جێمتمانە نەیگێڕوانەتەوە، قسەی کەسی هەوادار وەرناگیرێت، حەزی تانەدان لە ئیسلام و بەکەمدانانی هاوەڵان چووەتە ناخی کەسی هەوادار و دەمارگیر.

لەوانەیە بۆ ئەوە دەرچووبن تا لەبەر شتێك کە بۆیان دەرکەوتووە ویستبێتیان عەلی –لە خیلافەت– لاببەن، بۆیەش بەیعەتیان دابێت تا شۆڕشگێڕەکان هێور ببنەوە، دواتر کەوتبنە داوای حەق.

لەوانەشە بۆیە چووبنە دەرەوە تا بکوژانی عوثمان لەناوبەرن.

لەوانەشە بە چەند دەستەیەکی موسڵمانانەوە دەرچووبن تا بیانگێڕنەوە بۆ یەك قانوون تا بەریەکنەکەون و دژ بەیەك نەجەنگن، ئەمەش دروستە نەك شتی تر، هەواڵی راستیش بەم جۆرە هاتووە.

سەبارەت بە گێڕانەوەکانی بەشەکانی یەکەم هەموویان پووچ و لاوازن.

سەبارەت بەوەی ئەوان بە زۆر و ناچاری بەیعەتیان دابێت ئەوە بێبنەما و پووچەو پێشتریش روونمان کردوەتەوە.

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 231.

سەبارەت بەوەی ویستبێتیان عەلی لە خیلافەت لاببەن ئەمەش بێ بنەما و پووچە، چونکە لابردن بە راو روانینی هەموان دەبێت، دەکرێت یەك یان دوو کەس لە دەسەڵاتدا بن، بەڵام لابردن تەنها دوای سەلماندن و روونکردنەوە دەبێت.

سەبارەت بەوەش کە لەوانەیە بۆ کوشتنی بکوژانی عوثمان دەرچووبن، پێش ئەمە کارەکە بنەرەتەکەی بۆ یەکدەنگی بووە، دەشکرێت هەردوو مەسەلەکە پێکەوە بن.

دەگێردرێتەوە لە کاتی ئامادەنەبوونی– طەلحە و زوبەیر و عائیشە لە مەدینەدا– ئاژاوەی نێوان خەڵك نەما، طەلحە و زوبەیر و عائیشەش دایکی باوەڕدارانیش بەو هیوایە چوونەدەرەوە تا خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ لای دایکیانو رەچاوی حورمەتی پێغەمبەرەکەیان بکەن).[1]

کە گەیشتنە بەصرە بەرپرسی ئەوێ نوێنەری نارد تا بزانێت بۆچی هاتون، چوونە لای عائیشە وتیان بۆچی هاتویت؟ وتی بۆ داوای خوێنی عوثمان هاتوین، چوونە لای طەلحە ، ئەویش هەمان شتی وت، چوونە لای زوبەیریش ئەویش هەمان شتی وت.[2]

بەڵام سوپاکەی عوثمانی کوڕی حنیف بەوە رازی نەبوون و هەوڵیاندەدا لەگەڵ سوپای عائیشە بجەنگن، عائیشەش فەرمانی کرد کەس جەنگ نەکات، رۆژێك خۆیان

1 - العوصم من القواصم لابن العربي.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 232.

پاراست، بەڵام لە ڕۆژی دووەمدا جەنگ ڕوویدا و ژمارەیەك لە هاوەڵان و كەسانی تر كوژران.[1]

دواتر بڕیاریان دا هەواڵ وەربگرن ئەگەر طەلحەو زوبەیر بە ناچاری بەیعەتیان دابوو ئەوە عوثمان بەصرەیان بۆ چۆڵ بكات، ئەگەریش بە ویستی خۆیان بووبێت ئەوە ئەو دوانە دەبێت بەصرە چۆڵ بكەن، نوێنەریان ناردە مەدینەو نوێنەر هەواڵی پرسی، كەس وەڵامی نەدەدایەوە جگە لە ئوسامەی كوڕی زەید كە وتی بەخوا بە ناچاری بەیعەتیان دا، كەچی خەڵكانێك هەڵمەتیان بۆ برد، چەند هاوەڵێك ڕزگاریان كرد، بارەكە نەگەیشتە ئەنجام.[2]

لە بەصرە جەنگ ڕوویداو ژمارەیەكی تر كوژران و عوثمان بەدیل گیرا و برا بۆ لای عائیشە، ئەویش داوای كرد ئازاد بكرێت، بەڵام شار كەوتە دەست سوپای عائیشە.[3]

عەلی كوڕی ئەبوو طالیب كە ئەمەی بیست بڕیاریدا بچێت بەرەو بەصرە، خەڵكێكی كەمی مەدینەی لەگەڵ بوو، ژمارەیەك لە هاوەڵانی بەشداربووی غەزای بەدری لەگەڵدا بوو، ژمارەی سوپاكەی عەلی تەنها نۆسەد كەس بوو، حەسەنی كوڕی داوای لێكرد نەچێت، عەبدوڵای كوڕی سەلامیش هەمان داوای لێكرد، بەڵام عەلی ڕازی

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.

نه‌بوو، ئینجا هه‌واڵی نارد بۆ کووفه تا بده‌نه پاڵی، به‌ره‌به‌ره سوپاکه‌ی عه‌لی روی له زیاد بوون بوو.[1]

عه‌لی که عوثمانی کوڕی حنیفی بینی و هه‌واڵی کاره‌کانی طه‌لحه‌و زوبه‌یری بیست، نزای کرد خوایه طه‌لحه‌و زوبه‌یر به‌رامبه‌ر به‌و هه‌ڵه‌ی کردوویانه بێدار بکه‌یته‌وه.[2]

کاتێك زوبه‌یر له به‌صره بوو که‌سێك هات بۆ لای و وتی ئه‌رێ بچم عه‌لی بکوژم؟ ئه‌ویش وتی چۆن ده‌یکوژیت له‌کاتێکدا سه‌ربازی زۆری له‌گه‌ڵدایه؟ ئه‌ویش وتی ده‌چمه ناو سوپاکه‌ی و خۆمی لێ نزیك ده‌که‌مه‌وه‌و دواتر ده‌رفه‌تی لێ دێنم، زوبه‌یر وتی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌یفه‌رموو:(الإيمان قيد الفتك، لا يفتك مؤمن)،[3] (ئیمان نامه‌ردکوژی کۆت کردووه، باوه‌ڕدار نامه‌ردکوژی ناکات).

دواجار قه‌عقاع که‌وته نێوانه‌وه، چوویه به‌صره‌و طه‌لحه‌و زوبه‌یری بانگهێشت کرد بۆ یه‌کڕیزی و دوورگرتن له دووبه‌ره‌کی، سه‌ره‌تا له‌گه‌ڵ عائیشه قسه‌ی کرد و وتی دایه گیان بۆچی هاتوویته‌ته ئێره؟ ئه‌ویش وتی کوڕی شیرینم بۆ رێککردنی باری نێوان خه‌ڵك، ئینجا قه‌عقاع داوای کرد طه‌لحه‌و زوبه‌یریش بانگ بکات، ئه‌وانیش هاتن قه‌عقاع وتی دایکی باوه‌ڕداران ده‌ڵێت بۆ صولح هاتوم، ئه‌وانیش وتیان ئێمه‌ش به‌س بۆ ئه‌وه هاتوین، ئه‌ویش وتی ده‌ی پێم بڵێن ئه‌و صولحه‌تان له چ روانگه‌یه‌که‌وه‌یه؟ ئه‌گه‌ر به ره‌وامان زانی شوێنتان ده‌که‌وین، ئه‌گه‌ریش به ره‌وامان

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 234 – 235.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 235.

3 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 36752، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1375، صححه شعيب الأرناؤوط.

نەزانی ئیتر هیچ، ئەوانیش وتیان بکوژانی عوثمانمان دەوێن لەناوببرێن، قەعقاع وتی خۆ ئێوە بکوژانی ئەوتان لە بەصرە کوشت، شەش سەد کەستان کوشت شەش هەزار کەس چوونە ریزی ئەوانەوەو دژتان وەستان، داوای تەنها کەسێکتان کرد کە حرقووص بوو شەش هەزار کەس بوونە پارێزەری، ئەمەی ئێوە داوای دەکەن بۆ چاکەیە، بەلاّم خراپەیەکی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە، عائیشە وتی ئەی تۆ چ چارەسەرێکت پێیە؟ قەعقاع وتی من پێم وایە دەرمانی ئەم دەردە ئارامگرتنە تا بارەکە هێور دەبێتەوە، ئەمە بکەن خێر و رەحمەت دێت، ئەگەریش رازی نەبن باری خراپە زیاتر دەبێت بۆ هەردوو لامان، ئەوانیش وتینا دەی بۆچوونەکەت زۆ دروستە، برۆ ئەگەر عەلیش هەمان رای هەبوو رازی دەبین، ئەویش چوویەوە بینی عەلی هەمان رای هەیە، ئیتر هەردوولا رێککەوتن، عائیشەش نوێنەری نارد بۆ لای عەلی تا پێی بلێت ئەو تەنها بۆ صولح هاتووە، هەردوولا دلْخۆش بوون و عەلیش وتارێکی پێشکەش کرد بۆ خەلْکەکە کە تیایدا باسی خراپەی دووبەرەکی کرد و نیازی رێککەوتنەکەی خستەڕوو.[1]

کاتێك لە وتارەکەی عەلیەوە دەستەی ئاژاوەگێڕان زانییان خەریکە رێکدەکەون، کەوتنە خۆ، لەوانە ئەشتەری نەخەعی و عەبدولاّی کوڕی سەبەء و شریح و سالم و چەندێکی تر کە هیچ هاوەلێکیان تێدا نەبوو نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد کەسێك دەبوون کەوتنەخۆ و وتیان ئەم رێککەوتنە دژ بە ئێمەیەو ژمارەشمان کەمە و رێککەوتنی ئەوان تەنها لەسەر خوێنی ئێمەیە، بۆیە دەبێت عەلیش وەك عوثمان لێبکەین، خەلْکەکەش رازی بوون، بەلاّم عەبدولاّی کوڕی سەبەء وتی راکەتان زۆر

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 237.

خراپە، چونکە ئەوکات هەردوولا دەبنە دوژمن و لێتان دەدەن، بەڵکو دەبێت جەنگ لەنێوان ئەم دوو دەستەیەدا هەڵگیرسێنین، کاتێك زوبەیر و طەلحە چوون بۆ لای عەلی تا رێکبکەون، دەستەی سەبەئیەکان خۆیان بەشکرد بەسەر هەردوولادا و جەنگیان هەڵگیرساند، هەردوولا وایانزانی بەرامبەر ناپاکی نواندووە، بۆیە کەوتنە هێرش، سوپای عەلی نزیکەی بیست هەزار کەس و سوپای عائیشەش نیکەی سی هەزار کەس دەبوون، جەنگێکی قورس روویدا، عەلی هاواری دەکرد دەست هەڵگرن، بەڵام کەس نەیدەبیست، لەولاشەوە عائیشە بە سواری وشترێکەوە بۆ هەمان نیاز هات، عەلی هێندە بێزار بوو بە حەسەنی کوڕی دەوت کوڕم خۆزگە باوکت بیست ساڵ لەمەوبەر دەمرد، عەلی چو تا زوبەیر و طەلحە بدوێنێت، وتی ئەم سوپایەتان ئامادە کردووە، بیانووشتان بۆ قیامەتتان ئامادە کردووە؟ دەی لەخوا بترسن، من خوێنی ئێوەم حەڵاڵ نەکردووە، ئێوە هیچ بەڵگەیەکتان پێیە بۆ رەوایی خوێنی من؟[1]

کەنارگرتن و کوژرانی زوبەیر

عەلی بە زوبەیری وت سوێندت دەدەم بە خوا تۆ گوێت لە پێغەمبەر (ﷺ) نەبوو کە پێی دەفەرموویت تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگێیت و تۆیش ستەمی لێدەکەیت؟ ئەویش وتی بەڵێ، بەڵام ئەوە ئێستا ئەو فەرموودەیەم بیردەکەوێتەوە، بۆیە کەناری گرت.[2]

ئینجا بە سوارەکەیەوە بە ناو ریزەکاندا دەگەڕایەوە، عەبدوڵای کوڕی وتی باوکە چیتە؟ زوبەیر وتی عەلی فەرموودەیەکی بۆ باسکردم کە من خۆم لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستبوو پێی فەرمووم (تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگیت و ستەمیشی لێ

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 238 – 241.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5553.

دەکەیت)، بۆیە لەگەڵی ناجەنگم، عەبدوڵا وتی بۆچی بۆ جەنگ هاتبوویت؟ تۆ هاتبوویت تا نێوانی خەڵکەکە ڕێکبخەیت و خوا بە هۆی تۆوە ئەم بارە ڕێکبخات، زوبەیر وتی سوێندم خواردووە جەنگ نەکەم، عەبدوڵا وتی دەی جیرجیسی کۆیلەت ئازاد بکەو بوەستە تا نێوانی خەڵك ڕێکبخەت، ئەویش کۆیلەکەی ئازاد کرد و راوەستا، بەڵام خەڵکەکە جیاوازی زیاتری تێکەوت، بۆیە بە ئەسپەکەیەوە چوو.[1]

زوبەیر کە چوو دای بە لای سەربازگەکەی ئەحنەفدا، ئەویش وتی کێ دەچێت هەواڵێکی ئەمەم بۆ وەربگرێت، ئیبن جرمووز وتی من، ئەوەبوو کەوتە شوێن زوبەیر، کە گەیشت بە زوبەیر، زوبەیر زۆر تووڕە بوو، وتی چیتە؟ ئیشت چیە؟ وتی هاتوم تا پرسیارێکت لێ بکەم، عەطیە کە خزمەتکارێکی زوبەیر بوو و لەگەڵ زوبەیر بوو وتی ئەو چەکی پێیە، بەڵام زوبەیر گوێی پێ نەدا، ئیبن جرمووز وتی کاتی نوێژە، ئەوەبوو دابەزین تا نوێژ بکەن، کەچی ئیبن جرمووز خۆی خستە پشتی زوبەیر و لە پشتەوە کەلەبەری زرێپۆشەکەی کردە ئامانج و دای لە زوبەیر و کوشتی و ئەسپ و چەکەکەشی برد، دواتریش وازی لە خزمەتکارەکەی هێنا، خزمەتکارەکەشی تەرمی زوبەیری ئەسپەردە کرد و دواتر چوو هەواڵەکەی بردەوە بۆ خەڵکەکە.[2]

لە سەرەتای جەنگەکەوە زوبەیر عەبدوڵای کوڕی بانگ کرد و وتی کوڕی شیرینم ئەمڕۆ هەرکەس دەکوژرێت یان وەك ستەمکار دەکوژرێت یان وەك ستەملێکراو، وادەزانم ئەمڕۆ من وەك ستەملێکراو دەکوژرێم، گەورەترین خەفەتیشم قەرزەکانمە،

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5552، حسنه الألباني بل صححه للوجه الثاني للسند في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 2659.

2 - تاريخ الطبري، ج3، ص 55.

چیم هەیە بیفرۆشەو قەرزەکانم بدەرەوە، ئەگەر شتێکی مایەوە ئەوە سێ یەکی بۆ منداڵەکانت، کوڕی شیرینم ئەگەر لە دانەوەی قەرزەکاندا گیرۆدە بوویت ئەوا پەنا ببە بۆ لای مەولاکەم، عەبدوڵا وتی باوکە گیان مەولاکەت کێیە؟ وتی خودا.[1]

ئیبن عەبباس دەڵێت: لە جەنگی جەمەلدا بە زوبەیرم وت ئەرێ هاتویت لەگەڵ کوڕی عەبدولموطەلیبدا بجەنگیت؟ ئیتر زوبەیر گەڕایەوە، کەچی ئیبن جرمووز خۆی گەیاند پێی و کوشتی، دواتر ئیبن عەبباس هات و پرسیاری کرد لە عەلی ئەرێ بکوژەکەی زوبەیر سەرەنجامی بەرەو کوێیە؟ عەلی وتی دۆزەخ.

کوژرانی زوبەیری کوڕی عەووام لە جومادیلئوولای ساڵی سی و شەش بوو، ئەو کەسەش کە کوشتی ناوی عەمری کوڕی جرمووز بوو و لە شوێنێك بە ناوی وادی سباع بە ناپاکی کوشتی، هاوکات هەریەك لە فوضالەی کوڕی حابس و نوفەیع هاوکاری عەمریان کرد لە کوشتنی زوبەیردا.[2]

کاتێك بارەکە هێور بوویەوە، ئینجا عەبدوڵا دەستی کرد بە دانەوەی قەرزەکانی باوکی، زوبەیر دەڵێت حسابم کرد قەرزەکانی نزیکەی ملیۆنێك و دووسەد هەزار دەبوو، گەیشتم بە حەکیمی کوڕی حیزام، وتی برازاکەم قەرزەکەی براکەم چەندە؟ منیش حەزم نەکرد بیڵێم چەندە، وتم دووسەد هەزار، وتی دەی بڕوا ناکەم ئەوەی هەتانە بەشی دانەوەی بکات، منیش وتم ئەی ئەگەر ملیۆنێ و دووسەد هەزار بێت چی؟ وتی وا نابینم بتوانن بیدەنەوە، ئەگەر پەکت کەوت پێم بڵێ یارمەتیت دەدەم، عەبدوڵا باخەکەی زوبەیری فرۆشت بە ملیۆنێك و شەش سەد هەزار، دەیوت

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج5، ص 109.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 557.

کێ قەرزی لای زوبەیر بووە با بێت باخەکەمان لێ بکڕێت، عەبدوڵای کوڕی جەعفەر هات کە چوارسەد هەزاری لای زوبەیر بوو، وتی حەز دەکەن مەمدەنەوە، حەزیش دەکەن دوای خەن، عەبدوڵا وتی نا، ئەویش وتی دەی پارچەیەکی باخەکەم بدەنێ، بەوجۆرە باخەکەی بەش بەش فرۆشت و هەموو قەرزەکەی دایەوەو زیاد لە چوارسەد هەزاریشی بۆ مایەوە.[1]

زوبەیر کەسی دڵسۆز و پشتی هاوەڵان بوو، نزیکەی حەوت کەس لە هاوەڵان لە کاتی مردنیاندا وەسیەتیان بۆ زوبەیر دەکرد کە ئاگاداری ژن و منداڵیان بێ، لەوانە عوثمان و ئیبن مەسعوود و عەبدوڕەحمان، ئەویش لە سامانی خۆی خەرجی دەکرد بۆ ژن و مداڵیان و دەستی نەدەدا لە سامانی ژن و منداڵەکانیان.[2]

جارێك زوبەیر خانوویەکی خۆی بە شەش سەد هەزار فرۆشت، پێی وترا ئەرێ ئەوە سەرت لێشێواوە؟ ئەویش وتی نەخێر، بەڵکو ئەوە لە پێناو خوای گەورەدایە.[3]

زوبەیر نزیکەی هەزار مەملووکی هەبوو، ئەمانە کە ساڵانە خەراجیان پێدەدا، زوبەیر هیچ لەو خەراجەی نەدەبردەوە ماڵەوەو هەر هەمووی لە ڕێی خوادا دەبەخشی.[4]

جارێك موغیرە لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا

---

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج5، ص 110.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 55.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 57.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 557.

(ﷺ) دەیفەرموو:(عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیك لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان کێیە؟ بێدەنگ بوو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیڵێت، ئەویش وتی سەعیدی کوڕی زەید-واتە خۆی-.[1]

### زوبەیری کوڕی عوبەیدە(رضي الله عنه)

ناوی زوبەیری کوڕی عوبەیدەی ئەسەدیە، خۆی و تەمامی برای پێکەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە.[2]

### زورارەی کوڕی جەزی (رضي الله عنه)

ناوی زورارەی کوڕی جەزی یان جەزئی کوڕی عەمری کوڕی عەوفی کیلابیە.[3]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7103 واللفظ له، سنن أبي داود، الرقم 4052، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 7454.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 553.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 599.

جارێك زورارەی کوڕی جەزی بە عومەری کوڕی خەططابی وت پێغەمبەر (ﷺ) نامەی نووسی بۆ ضەححاکی کوڕی سوفیان میراتی بەشی ژنەکەی ئەشیەمی ضیبابی بدات لەو خوێن بابیەی لە بری خوێنی مێردەکەی وەردەگیرێت.[1]

ئەم فەرموودەیە بە گێڕانەوەی تر لە ئەسعەدی کوڕی زورارەوە گێردراوەتەوە.[2]

زورارە کەسێکی خانەدان و دەوڵەمەند و ناسراو بوو، لەو هێرشەی کە یەزیدی کوڕی موعاویە بردیە سەر قوستەنتینیە زورارە بەشداری کرد، رایەك دەڵێت: لەو دەرچوونەیدا زورارە کۆچی دوایی کرد، رایەکی تریش دەڵێت: بەڵکو تا سەردەمی مەروانی کوڕی حەکەم ژیا.[3]

### زورارەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی زورارەی کوڕی عەمری نەخەعیە، پاش ئەوەی نەخەعیەکان لە یەمەن موسڵمان بوون و بەیعەتیان دا بە موعاذی کوڕی جەبەل کە نێردراوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، ئینجا لە نیوەی موحەڕەمی ساڵی یانزەی کۆچیدا دووسەد کەس لە نەخەعیەکان بە وەفد هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، لەنێویاندا زورارەی کوڕی عەمری نەخەعی بەشدار بوو.[4]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 5174، حسنه ابن حجر في الإصابة ج2، ص 599.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 894.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 599.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 346.

زوراره كه گەیشته خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لە رێی هاتنمدا خەوێكم بینی كە تەواو ترساندومی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خەوەكەت چی بوو؟ زوراره خەوەكەی گێڕایەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) خەوەكەی بۆ لێكدایەوەو بۆی روونكردەوە فیتنەیەك دێت، زوراره داوای كرد پێغەمبەر (ﷺ) نزای بۆ بكات نەگات بەو فیتنەیە، ئەویش نزای بۆ كرد.[1]

ئەوەبوو زوراره پێش فیتنەی سەردەمی عوثمان كۆچی دوایی كرد، بەڵام عەمری كوڕی زوراره یەكەم كەس بوو كە وازی هێنا لە بەیعەتەكەی بەرامبەر بە عوثمانی كوڕی عەففان.[2]

## زورارەی كوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی زورارەی كوڕی عومەیرە، برای موصعەبی كوڕی عومەیرە، كونیەكەی ئەبووعەزیزە،[3] دایكی ناوی ئوممومصعەبی كچی خەناسە.

زوراره لە غەزای بەدردا لەناو ریزی بێباوەڕاندا بەشداری كرد و تیایدا بەدیل گیرا، جا كاتێك دیلەكان دابەش كران بەسەر موسڵماناندا تا سەرپەرشتییان بكەن، پێغەمبەر (ﷺ) وەسیەتی كرد لەگەڵ دیلەكاندا چاك بن، زوراره دەڵێت: هەركام لە هاوەڵان ئەگەر پارچە خواردنێكی پێ بوایە دەیدا بە ئێمەو خۆی خورماكەی

1 - أسد الغابة، ج2، ص 301.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 561.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 562.

دەخوارد، منیش شەرمم دەکرد، بۆیە نانەکەم بۆ فڕێ دەدایەوەو ئەویش فڕێی دەدایەوە بۆم.[1]

## زورارەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی زورارەی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

## زورارەی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی زورارەیە و یەکێکە لە پشتیوانانە، زورارە دەڵێت: جارێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە(إن المجرمين في ضلال وسعر)، دواتر فەرمووی ئەم ئایەتە سەبارەت بە کەسانێك دابەزیوە کە لە ئاخرزەماندا دێن و بڕوایان نیە بە قەدەری خوا.[3]

## زورعەی شوقەری (رضي الله عنه)

سەرەتا ناوی ئەصرەم بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بە زورعە،[4] پێشتر لە ناوی ئەصرەمدا باسمان کردووە.

---

1 - أسد الغابة، ج6، ص 226.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 562.

3 - معجم الصحابة لابن قانع، ج2، ص 212.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 565.

## زورعەی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

**ناوی زورعەی کوڕی عامیری کوڕی مازنە، لە ئەسلەمیەکانە، زۆر زوو موسڵمان بوو و لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، یەکەم موسڵمانیش بوو لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو.[1]**

## زوغەیبەی کچی زورارە(رضي الله عنها)

**ناوی زوغەیبەی کچی زورارەیە، خوشکی ئەسعەدی کوڕی زورارەیە کە لە پیتی ئەلفدا بە وردی ژیانەکەیمان باس کردووە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

## زوفەری کوڕی حەرثان (رضي الله عنه)

**ناوی زوفەری کوڕی حەرثانی کەلبیە، وەك وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و موسڵمان بووە.[3]**

## زوهەیری کوڕی صورەد(رضي الله عنه)

**ناوی زوهەیری کوڕی صورەدەو لەگەڵ وەفدی هەوەزانیەکاندا هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و سەرکردەی وەفدەکە بوو.[4]**

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 304 – 305.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 664.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 566.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، 153.

زوهەیر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە تۆمان لە ماڵەکانمان بە منداڵیت گرتەکۆش و بە مەمکی ژنانی ئێمە شیرت نۆشی، من تۆم بە شیرخواردوویی بینیوەو لە تۆ شیرخۆری باشترم نەدیوە، بە هەرزەکاریش بەهەمان شێوە، پاشان بە گەنجیش تۆم دیوەو هاوێنەتم نەدیوە، ئێمە عەشیرەتی تۆین، دەی لە بەخششی خوا بڕژە بەسەرماندا.[1]

زوهەیری کوڕی طەهفە(رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی طەهفەی کیندیە، وەك وەفد چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

زوهەیری کوڕی عەجوە(رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی عەجوەیە، لە غەزای حونەیندا بەشدار بوو و تیایدا بە دەستی جەمیلی کوڕی موعەممەر شەهید کرا.[3]

زوهەیری کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی عەمری هیلالیە، زوهەیر دەڵێت: کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی (وأنذر عشيرتك الأقربين)، پێغەمبەر (ﷺ) چوویە سەر تەپۆڵکەیەك و فەرمووی: (ئەی بەنی عەبدمناف من هۆشیارکەرەوەم، نموونەی من و ئێوە وەك

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 114.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 574.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 576.

پیاوێکه که دوژمنی دیبێت و خێرا بڕوات کەسوکارەکەی ئاگادار بکاتەوەو بیانپارێزێت).[1]

زوهەیری کوڕی عیاض(رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی عیاضی فەهریە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدرو ئوحود، پێغەمبەری خوا (ﷺ) زوهەیری لەگەڵ میقیەسی کوڕی صبابەدا نارد بۆ لای بەنی نەججار تا خوێن بایی براکەی بۆ کۆبکەنەوە، جا کاتێك خوێن باییەکەیان بۆ کۆکردەوە میقیەس زوهەیری کوشت و لە دین هەڵگەڕایەوە.[2]

زوهەیری کوڕی مەخشی (رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی مەخشیە، وەك وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

زوهەیری کوڕی موعاویە(رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی موعاویە جوشەمیە، کونیەکەی ئەبووئوسامەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەندەق.[4]

1 - صحيح مسلم، الرقم 332، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 10391.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 578، قال ابن حجر إسناده ضعيف.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 580.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 317.

زوهەیری کوڕی هەیثەم (رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی هەیثەمە، لە پشتیوانانە لە بەنی عەبدولئەشهەل، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[1]

زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەییە(رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەییەی کوڕی موغیرەی مەخزوومیە، برای دایکی باوەڕداران ئومموسەلەمەیە، دوای فەتحی مەککە موسڵمان بوو و لە دڵڕاگیرکراوان بوو.[2]

سائیب کە لە پێش هاتنی ئیسلامدا لە بازرگانیدا شەریکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو،[3] دەڵێت عوثمانی کوڕی عەففان و زوهەیری کوڕی ئومەییە هاتن لای پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتیان وەرگرتو کەوتنە وەسفو باسی من، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی من لە هەردووکتان چاکتر دەیناسم، لە سەردەمی نەفامیدا شەریکم بوو.[4]

زیادی باهیلی (رضي الله عنه)

ناوی زیادەو باوکی هیرماسە، هیرماسی کوڕی دەڵێت: لەگەڵ باوکم چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش باوکمی کرد بە بەرپرسی هۆزەکەی خۆی.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 580.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 572.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2298.

4 - الآحاد و المثانى لابن أبي عاصم، الرقم 641.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 588.

هەروەها هیرماس دەڵێت دەمبینی پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دەفەرموو و منیش لەسەر وشترەکەی باوکم لەپێش باوکمەوە دانیشتبووم و تەماشای پێغەمبەری خوام (ﷺ) دەکرد کە وتاری دەفەرموو بۆ خەڵك، ئەوکات هێشتا منداڵێکی بچووك بووم.[1]

زیادی غیفاری (رضي الله عنه)

ناوی زیادەو لە غیفاریەکانە، دواتر لە میصر نیشتەجێ بوو، زیاد دەڵێت گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو: (هەرکەس بستێ لە خوا نزیك بێتەوە ئەوە خوای گەورە باڵێك لێی نزیك دەبێتەوە).[2]

زیادی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی حارثی صودائیە، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[3]

زیاد دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و لەسەر ئیسلام بەیعەتم پێدا، ئینجا هەواڵم بیست کە پێغەمبەر (ﷺ) سوپایەکی ناردووە بۆ هۆزەکەم، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوپاکە بگەڕێنەرەوە من موسڵمانبوون و گوێڕایەڵی هۆزەکەمت بۆ دێنم، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (بڕۆ سوپاکە بگێڕەوە)، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوارەکەم پەکی کەوتووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (یا أخا صداء، تۆ لەناو هۆزەکەتدا گوێڕایەڵ کراویت؟) وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڵکو خوا بەهۆی تۆوە ڕێنموونی کردون بۆ ئیسلام، پێغەمبەر (ﷺ)

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 588، قال ابن حجر إسناده صحيح.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 589.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 582.

فەرمووی: (ئایا نەتکەم بە بەرپرسیان؟) وتم با ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)،پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسیم و منی کردە بەرپرسیان، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێ لە زەکاتەکەیانم پێ ببەخشە، پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی تری بۆ نووسیم، جا هەر لەو کۆڕەدا بووم کە هەندێ سکاڵا کران لە بەرپرسانێکی هۆزەکان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا خير في الإمارة رجل مؤمن)، (کەسی باوەڕدار هیچ خێرێك لە دەسەڵاتداریدا نابینێت)، منیش دڵم کرمۆ بوو بەرامبەر بە پۆستەکەم، ئینجا یەکێکی تر هات وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) شتێکم پێ ببەخشە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (من سأل الناس غن ظهر غنى فصداع في الرأس و داء في البطن)، (هەرکەس بێ پێویستی داوا لە خەڵك بکات ئەوە ژانەسەر نەخۆشی سکە)، منیش وتم خۆ من بێ ئەوەی پێویستم بووبێت داوام کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، شەو داهات و لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم، وەستام تا لای چۆڵ بوو، کاتێك بانگی بەیانی هات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم و منیش بانگم دا، ئینجا سەیری پێغەمبەرم (ﷺ) دەکرد و دەموت قامەت بکەم ئەی پێغەمبەر (ﷺ)؟ ئەویش سەیری رۆژهەڵاتی دەکرد و دەیفەرموو: نا تا بەری بەیان دێ، پێغەمبەر (ﷺ) دواتر فەرمووی ئاو هەیە؟ وتم نەخێر تەنها کەمێك هەیە کە بەشت ناکات، فەرمووی: بیکەرە قاپێکەوە و دواتر بیهێنە بۆم، منیش وامکرد، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خستە ناو قاپەکەوەو دەمدی لەنێوان هەموو پەنجەکانیەوە کانیاو هەڵدەقوڵا، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) بە منی فەرموو ئەگەر شەرمم لە خوا نەکردایە داوای بارانم لێدەکرد و خوا بارانی بۆ دەباراندین، پاشان فەرمووی: هاوار بکە لە هاوەڵانم کێ پێویستی بە ئاوە، منیش هاوارم کرد هەرکەس ویستی هات ئاوی برد، ئینجا هەستا بۆ نوێژ، بیلال ویستی قامەت بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەخاصوداء بانگی داوە و

ئەویش قامەت دەکات)، منیش قامەتم کرد، کە نوێژەکە تەواو بوو هەردوو نامەکەم بردە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرفەتم بدە پاشگەز ببمەوە لەم دوانە، فەرمووی: (بۆ چی بووە؟) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بیستم چیت فەرموو بەو کەسانەی هاتنە خزمەتت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی وایە، ئەگەر ئەتەوێت قبووڵی بکەو ئەگەریش ئەتەوێت وازی لێ بهێنە، منیش وتم بەڵکو وازی لێدەهێنم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: دەی کەسێکم پێ بڵێ کە بیکەمە ئەمیرتان، منیش کەسێکی ناو وەفدەکەم پێ وت کە هاتبوون، دواتر وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئێمە بیرێکمان هەیە کە لە زستاندا بەشمان دەکات، بەڵام کە هاوین دێت ئاوەکەی کەم دەکات و بڵاوە دەکەین بۆ ئاوی دەوروبەرمان، جا ئێمە موسڵمان بوین و هەموو ئەوانەی لە دەورمانن دوژمنمانن، بۆیە نزامان بۆ بکە ئاوی ئەو بیرەمان بەشمان بکات، پێغەمبەر (ﷺ) داوای حەوت چەوی کرد، لە دەستیدا داینان و نزای خوێند بەسەریاندا و فەرمووی: (ئەو وردەچەوانە ببەن، کە چوونە لای بیرەکە یەك یەك بیانخەنە ناو بیرەکەوەو ناوی خوا بهێنن) ئێمەش ئەوەمان کرد ئیتر دوای ئەوە نەماندەتوانی بنی بیرەکە ببینین.[1]

زیادی کوڕی حەذرە(رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی حەذرەی تەمیمیە، لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) موسڵمان بوو، سەرەتا زیاد و هاوەڵانی باوەڕیان نەدەهێنا، پێغەمبەر (ﷺ) هاوەڵانی خۆی نارد تا بانگیان بکەن بۆ ئیسلام، کەچی ئەوان رازی نەبوون، دواتر

1 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 3844، قال ابن حجر في الإصابة قال ابن سكن في إسناده نظر.

رایانکرد، ئینجا بەدیل گیران و برانە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، لەوێ هەموویان موسڵمان بوون، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هێنا بە سەری زیاددا و نزای بۆ کرد.[1]

## زیادی کوڕی حەنظەلە (رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی حەنظەلەی تەمیمیە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەم هاوەڵەی نارد بۆ لای زوبرقانی کوڕی بەدر و قەیسی کوڕی عاصم تا پێکەوە هەنگاو بنێن بۆ کوشتن و لەناوبردنی موسەیلەمەی درۆزن.[2]

زیاد ماوەیەك کاربەدەستی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[3]

زیاد لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری هەموو جەنگەکانی کرد.[4]

## زیادی کوڕی سەبرە (رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی سەبرەی یەعمەریە، زیاد دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە لای هەندێ لە ئەشجەعی و جوهەنیەکان وەستاو برێ گاڵتەو سوعبەتی کرد لەگەڵیاندا و هاودەم بەوان پێکەنی، منیش لە دەروونی خۆمدا ئەو بارەم لای ئاسایی نەبوو، بۆیە وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ ئەشجەع و جوهەینە پێبکەنین؟

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 582.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 583.

3 - أسد الغابة، ج2، ص 320.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 583.

پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە بوو و بە دەستەکانی دای بەسەر شانمدا و فەرمووی: (ئەوان باشترن لە بەنی فەزارەو لە بەدریش، باشترن لە بەنی شەرید و لە هۆزەکەی تۆیش باشترن، دەی ئێوە داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەن)، زیاد دەڵێت: سەردەم هات و چوو تا سەردەمی هەڵگەڕانەوە هات، هەموو ئەوانەی پێغەمبەر (ﷺ) ناوی هێنابوون هەڵگەرانەوە، پێشبینی هۆزەکەی خۆیشم دەکرد هەڵبگەڕێنەوە، چووم بۆ لای عومەر و مەسەلەکەم بۆ باس کرد، عومەر وتی مەترسە مەگەر نەتبیست لە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمویت (دەی ئێوە داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەن).[1]

## زیادی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی عەبدوڵای کوڕی مالیکە، دایکی ناوی غەڕرەی کچی حارثە، خوشکەزای دایکی باوەڕداران مەیموونەی کچی حارث بوو، جا زیاد کاتێك هات بەرەو مەدینەو گەیشتە ئەوێ، راستەوخۆ چوو بۆ ماڵی دایکی باوەڕداران مەیموونەی پووری، ئەوکات زیاد لە تەمەنی گەنجیدا بوو، لەوێ لای دایکی باوەڕداران مایەوە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ ئەوێ و زیادی بینی تووڕە بوو و گەڕایەوە، خێرا مەیموونە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە خوشکەزامە، پێغەمبەریش (ﷺ) چوویە ژوورەوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ مزگەوت، زیادیش لەگەڵیدا چوو، نوێژی نیوەڕۆی کرد، زیادی لە خۆی نزیك کردەوەو دەستی هێنا بەسەر سەریدا و دواتر دەستی هێنا بەسەر لووتیدا.[2]

1 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2386.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 310.

### زیادی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، برایەکی هەبوو بە ناوی ضەمرە کە هەردوو برا پێکەوە لە غەزای بەدردا بەشدارییان کرد.[1]

### زیادی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی کەعبی کوڕی عەمری جوهەنیە، لە هەردوو غەزای بەدرو ئوحودیشدا بەشدار بوو.[2]

### زیادی کوڕی لەبید(رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی لەبیدی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی سینانە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووعەبدولڵایە،[3] دایکی ناوی عەمرەی کچی عوبەیدە.[4]

یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، دواتریش چوو هەر لە مەککە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە تا دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە ئەویش گەڕایەوە بۆ مەدینە، بۆیە پێی دەوترا کۆچەری پشتیوانی.[5]

ژمارەیەك لە پشتیوانان ئەم هەڵوێستەی زیادیان هەبوو کە بریتی بوون لە ذەکوانی کوڕی عەبدقەیس و عوقبەی کوڕی وەهب و عەبباسی کوڕی عوبادە، ئەمانە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 585.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 586.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 325.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 598.
5 - أسد الغابة، ج2، ص 325.

ماوەیەکی کەم پێش کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە لە مەککە دەرچوون و گەڕانەوە بۆ مەدینە، ئیتر پێیان دەوترا کۆچەرە پشتیوانەکان.[1]

زیاد کە موسڵمان بوو و لە بەیعەتی عەقەبە گەڕایەوە مەدینە، پێش چوونی دواتری بۆ مەککە، لەگەڵ فەروەی کوڕی عەمردا کەوتە شکاندنی بتەکان بەنی بیاضە.[2]

زیاد لە غەزای بەدرو ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری کرد.

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەنێو هاوەڵانیدا بوو، چاوی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو فەرمووی: (هذا اوان يختلس العلم من الناس حتى لا يقدروا منه على شيء)، (ئێستا کاتی ئەوەیە کە زانست لە خەڵکی داماڵرێت تا ئەوەی توانای زانینی شتێکی زانستیان نەبێت)، زیادی کوڕی لەبید کە لە کۆڕەکەدا بوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن زانستمان لێ دادەماڵرێت لەکاتێکدا قورئانمان خوێندووە، بەخوا خۆمان و ژن و منداڵمان قورئان دەخوێنینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی (ثكلتك أمك يا زياد، إني كنت لأعدك من فقهاء أهل المدينة، هذا التوراة والإنجيل عند اليهود والنصارى فماذا يغني عنهم)،[3] (دایکت رۆڵەرۆت بۆ بکات ئەی

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 226.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 598.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 307، سنن الترمذي، الرقم 2644، سنن الدارمي، الرقم 304، مسند الشاميين للطبراني، الرقم 1992، صححه الذهبي في التلخيص، صححه الألباني في صحيح و ضعيف الجامع الصغيرو زيادته، الرقم 12946.

زیاد، خۆ من تۆم لە تێگەیشتووەکانی خەڵکی مەدینە دادەنا، ئەوە تەورات و ئینجیلە لای جوولەکەو گاور، دەی هیچ سوودی هەیە بۆیان؟).

پێغەمبەر (ﷺ) زیادی کردبوو بە بەرپرسی ناوچەی حەضرەمەوت و تا پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد زیاد هەر لەوێ بەرپرس بوو.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد خەلیفەی یەکەمی باوەڕداران ئەبووبەکری صدیق نێردراوی نارد بۆ لای زیاد و هەواڵی پێدا کە ئەو بووە بە جێنشینی پێغەمبەر (ﷺ).[2]

کاتێك بزووتنەوەی هەڵگەڕاوەکان دەستی پێکرد، زیاد بەرپرسیارێتی جەنگی هەڵگەراوەکانی لە یەمەندا لەئەستۆدا بوو و دواجار توانی بەسەریاندا سەربکەوێت و سەرکردەکەیانی بەدیل گرت کە ناوی ئەشعەثی کوڕی قەیس بوو و بە کۆتکراوی ناردی بۆ لای خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان.[3]

## زیادی کوڕی نوعەیم (رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی نوعەیمی فەهریە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا پشتیوانی خەلیفە بوو و لە ماڵەکەیدا مایەوە بۆ بەرگری کردن و هەر لەوێ کوژرا.[4]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 598.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 446.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 598.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 588.

زیبرقانی کوڕی بەدر (رضي الله عنه)

ناوی زیبرقانی کوڕی بەدرە، لە بنەرەتدا ناوی حوصەین بوو، بەڵام لەبەر زۆر جوانی روخساری پێی دەوترا زیبرقان کە ناوێکە لە ناوەکانی مانگ.[1]

کاتێ وەفدی تەمیم هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەقرەعیش لەگەڵ وەفدەکەدا بوو، کە گەیشتنە مەدینە ئەقرەع هاواری دەکرد ئەی موحەممەد وەسفو سەنام جوانە و سەرکۆنەو لەدژ خوێندنیشم زۆر خراپە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ذلكم الله سبحانه)، لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کە هەموو وەفدەکە پێکەوە هاواریان دەکرد و ئەوەیان دەوت، پێغەمبەریش (ﷺ) هاتە دەرەوە بۆ لایان و فەرمووی (ذلكم الله فما تريدون). ئەوانیش وتیان ئێمە خەڵکێکین لە بەنو تەمیم بە شاعیرو وتاربێژمانەوە هاتوین تا لە بەرامبەرت شیعر بڵێین و فەخر بنوێنین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ما بالشعر بعثنا و لا بالفخار أمرنا ولكن هاتوا)، (ئێمە بە شیعر نەنێرداوین و فەرمانمان پێ نەکراوە فەخر بکەین بەڵام ئادەی)، ئەقرەعیش بە یەکێك لە گەنجەکانی وت: فلانە کەس هەستە و باسی فەزڵی خۆت و هۆزەکەت بکە، ئەویش وتارێکی دا و وتی: سوپاس بۆ خوایەك کە ئێمەی کردۆتە چاکترین دروستکراوی و سامانی پێ بەخشیوین تا چیمان بوێت پێی بکەین، جا ئێمە چاکترین کەسانی سەرزەوین، لە هەموان زۆرترین و زیاترین چەکیشمان هەیە، هەرکەس نکوڵی ئەو قسەمان دەکات با هەستێت و قسەیەکی باشتر لەوەی ئێمەو کارێکی باشتر لە کاری ئێمە نیشان بدات، پێغەمبەریش (ﷺ) بە ثابیتی کوڕی قەیسی ئەنصاری فەرموو وتاربێژی فەرموو: هەستەو وەڵامی بدەرەوە، ئەویش هەستاو لە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 550.

وەڵامیدا وتی: سوپاس بۆ خوا، سوپاسی دەکەم و پشتی پێ دەبەستم و بڕوام پێی هەیە و پشتم بەو بەستووەو شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تاك وتەنهای بێ هاوەڵ، شایەتی دەدەم موحەممەد بەندەو نێردراوی خوایە، کۆچەرانی ئامۆزای خۆی بانگ کرد کە چاکترین و دیارترینی کەسان بوون و ئەوانیش چوون بەدەم داواکەیەوە، سوپاس بۆ خوا کە ئێمەشی کردە پشتیوان و وەزیرانی پێغەمبەرەکەی و مایەی شکۆمەندی بۆ ئایینەکەی، ئێمە لەگەڵ خەڵك دەجەنگین تا کاتێ شایەتی دەدەن هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا، هەرکەس ئەوەی وت گیان و ماڵی لێمان حەرام دەبێت، هەرکەسیش وانەکات لەگەڵی دەجەنگین و لەبەرخوا لامان سووك و بێ بایەخ دەبێت، ئەمە دەڵێم و داوای لێخۆشبوون لای خوا دەکەم بۆ هەموو باوەڕداران چ پیاوان و چ ئافرەتانیان، پاشان زوبرقانی کوڕی بەدر هەستاو بە یەکێك لە کەسەکانی خۆیانی وت ئادەی هەستە و چەند دێڕە شیعرێ بڵێ کە تیایدا فەزڵی خۆت و هۆزەکەت باس بکەیت، ئەویش هەستاو ئەم شیعرەی وت:

نحن الكرام فلا حي يعادلنا... نحن الرؤوس وفينا يقسم الربع

ونطعم الناس عند المحل كلهم... من السديف إذا لم يؤنس القزع

إذا أبينا فلا يأبى لنا أحد... إنا كذلك عند الفخر نرتفع

پێغەمبەریش (ﷺ) داوای حەسانی کوڕی ثابتی کرد و ئەویش هات پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکرد وەڵامی بداتەوە، ئەویش لە وەڵامیاندا وتی:

نصرنا رسول الله والدين عنوة... على رغم عات من معد وحاضر

بضرب كإبزاغ المخاض مشاشه... وطعن كأفواه اللقاح الصوادر

وسل أحدا يوم استقلت شعابه... بضرب لنا مثل الليوث الخوادر

ألسنا نخوض الموت في حومة الوغى... إذا طاب ورد الموت بين العساكر

ونضرب هام الدارعين وننتمي... إلى حسب من جذم غسان قاهر

فأحياؤنا من خير من وطئ الحصى... وأمواتنا من خير أهل المقابر

فلولا حياء الله قلنا تكرما... على الناس بالخيفين هل من منافر

ئەقرەع هەستاو وتی ئەی موحەممەد سوێند بەخوا ئەوەی من بۆی هاتوم جیایە لەوەی ئەمانە بۆی هاتون، من شیعرێکم وتووە گوێی بۆ بگرە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئادەی، ئەویش وتی:

أتيناك كيما يعرف الناس فضلنا... إذا خالفونا عند ذكر المكارم

وأنا رؤوس الناس من كل معسر... وأن ليس في أرض الحجاز كدارم

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی حەسسان هەستە وەڵامی بدەرەوە، ئەویش وا وەڵامی دایەوە:

بني دارم لا تفخروا إن فخركم... يعود وبالا عند ذكر المكارم

هبلتم علينا تفخرون وأنتم... لنا خول من بين ظئر وخادم

ئەقرەع هەستاو وتی ئەی خزمینە نازانم بۆ وایە، وتاربێژیان لە ئێمە بەهێزتر و شاعیریان لە ئێمە چاکترە، دواتر نزیك بوویەوە لە پێغەمبەر (ﷺ) و شایەتومانی هێنا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (لا يضرك ما كان قبل هذا)، (چی پێش ئەمە روویداوە زیانت پێ ناگەیەنێت). ئەم ئایەتەش لەسەر بەنی تەمیم دابەزی (إن الذين

ينادونك من وراء الحجرات أكثرهم لا يعقلون)،[1] دواتر هەموویان موسڵمان بون و ماوەیەك لە مەدینە مانەوە تا فێری قورئان و ئایین بن، دواتر کە ویستیان بگەڕێنەوە پێغەمبەر (ﷺ) جلو بەرگ و بەخششی پیێ بەخشین.[2]

## زیبرقانی کوڕی ئەسلەم (رضي الله عنه)

ناوی زیبرقانی کوڕی ئەسلەمە، یەکێکە لە بەشداربوانی جەنگی صفین.[3]

لە جەنگەکەدا حوسەینی کوڕی عەلی داوای جەنگی بەرەورووی کرد و وتی کەس هەیە بێتە پێشەوە؟ زیبرقان هەستا و کەسێکی زۆر بەهێز بوو، وتی ماڵوێران تۆ کێیت؟ حوسەین وتی من حوسەینی کوڕی عەلیم، زیبرقان وتی کوڕی شیرینم خۆت لادە سوێند بەخوا من سەیری پێغەمبەری خوام (ﷺ) دەکرد کە لە قوبائەوە بەسەر وشترێکی سوورەوە دەهات و تۆیش ئەوکات لە پێشیەوە بوویت، بەخوا بە خوێنی تۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناخەم، بۆیە زیبرقان کەناری گرت و بەدەم ڕۆیشتنەکەیەوە شیعری دەوت.[4]

---

1 - الحجرات: 4.

2 - أسد الغابة، ج1، ص164-166.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 552.

4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2727.

### زیری کوڕی جابیر (رضي الله عنه)

ناوی زیری کوڕی جابیرە، وەك وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

### زیری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی زیری کوڕی عەبدولاّیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) نزای خێری بۆ کردووە، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا و یەکێك بوو لە سەرکردەکانی فەتحی خوزستان.[2]

### زینباعی کوڕی سەلامە (رضي الله عنه)

ناوی زینباعی کوڕی سەلامەیە، بە ئەبووڕووح ناسراوە، دواتر لە فەلەستین نیشتەجێ بوو.[3]

زینباع کۆیلەیەکی هەبوو، جارێك کۆیلەکەی لەگەڵ کەنیزەکێکی خۆیدا بینی، بۆیە زینباع تووڕە بوو و چوو کۆیلەکەی خەساند–گونی بڕی– و لووتیشی بڕی، کابرا بە هاوارەوە چوو بەرەو لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ماڵوێران چی بووە؟ ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەر (ﷺ) داوای زینباعی کرد، کەچی زینباع دەست نەکەوت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بڕۆ تۆ ئازادیت، کۆیلەکە وتی ئەی ئەگەر خاوەنەکەم هاتەوەو منی بە کۆیلە گرتەوە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 563.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 563.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 567.

ئەوکات کێ پشتم بگرێ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: هەموو باوەڕدارێك یان هەموو موسڵمانێك.[1]

زیننیرەی ڕۆمی (رضي الله عنها)

ناوی زیننیرەیەو کەنیزەیەکی ڕۆمی بوو لای قوڕەیشیەکان، کاتێك بانگەوازی ئیسلامی بیست زۆر زوو موسڵمان بوو، ئیتر ئەبووجەهل زۆر سزای دەدا، زیننیرەش خۆڕاگر بوو و وازی نەدەهێنا لە ئیسلام، دواجار خوای گەورە ئەبووبەکری صدیقی کردە هۆکار و ئەبووبەکر زیننیرەی کڕیەوەو رزگاری کرد، قەدەری خوا وابوو زیننیرە بینایی لەدەستدا، ئیتر قوڕەیشیەکان بە تانەوە دەیانوت موسڵمانبوونەکەی بووەتە هۆی نابینابوونی و دەیانوت لات و عوززا نابینایان کردووە، ئەویش دەیوت من هەر بێباوەڕم بەرامبەر بە لات و عوززا، ئەوەبوو خوای گەورە بینایی بۆ گەڕاندەوە.[2]

1 - سنن أبي داود، الرقم 3937، سنن ابن ماجة، الرقم 2676، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 459، قال ابن حجر في الإصابة رواه ابن ماجة بسند ضعيف.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 664.

# ناوەڕۆك

**لاپەڕە** **بابەت**


| | |
|---|---|
| خاریجەی کوڕ عەمر(رضي الله عنه) | 5 |
| خاریجەی کوڕ عەمری جومەحی(رضي الله عنه) | 5 |
| خاریجەی کوڕی حوذافە(رضي الله عنه) | 6 |
| خاریجەی کوڕی حیصن(رضي الله عنه) | 7 |
| خاریجەی کوڕی زەیدی خەزرەجی(رضي الله عنه) | 8 |
| خاریجەی کوڕی عوقوفان(رضي الله عنه) | 9 |
| خالیدەی کچی عەمر(رضي الله عنها) | 9 |
| خالیدەی کچی ئەسوەد(رضي الله عنها) | 9 |
| خالیدەی کچی ئەنەس(رضي الله عنها) | 10 |
| خالیدی کوڕی رەباح(رضي الله عنه) | 10 |
| خالیدی کوڕی زەید(ئەبوو ئەیووبی ئەنصاری)(رضي الله عنه) | 11 |
| خالیدی کوڕی عورفطە(رضي الله عنه) | 20 |
| خالیدی خوزاعی(رضي الله عنه) | 22 |

| | |
|---|---|
| خالیدی کوڕی بوکەیر(رضي الله عنه) | 23 |
| خالیدی کوڕی ثابتی فەهمی(رضي الله عنه) | 23 |
| خالیدی کوڕی ثابتی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 24 |
| خالیدی کوڕی جەبەل(رضي الله عنه) | 24 |
| خالیدی کوڕی حەواری(رضي الله عنه) | 24 |
| خالیدی کوڕی حیزام(رضي الله عنه) | 25 |
| خالیدی کوڕی سەعید(رضي الله عنه) | 25 |
| خالیدی کوڕی سەییار(رضي الله عنه) | 32 |
| خالیدی کوڕی سینان(رضي الله عنه) | 32 |
| خالیدی کوڕی عاص(رضي الله عنه) | 32 |
| خالیدی کوڕی عەبدوڵای عەدوی(رضي الله عنه) | 33 |
| خالیدی کوڕی عەبدوڵای قنانی(رضي الله عنه) | 34 |
| خالیدی کوڕی عەبدولعوززا(رضي الله عنه) | 34 |
| خالیدی کوڕی عەددی(رضي الله عنه) | 35 |
| خالیدی کوڕی عەمری سولەمی(رضي الله عنه) | 35 |

| | |
|---|---|
| خالیدی کوڕی عەنبەس(رضي الله عنه) | 35 |
| خالیدی کوڕی عوقبەی ئومەوی(رضي الله عنه) | 36 |
| خالیدی کوڕی غەلاب(رضي الله عنه) | 36 |
| خالیدی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 37 |
| خالیدی کوڕی قەیسی سەهمی(رضي الله عنه) | 38 |
| خالیدی کوڕی کەعب(رضي الله عنه) | 38 |
| خالیدی کوڕی موغیث(رضي الله عنه) | 38 |
| خالیدی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 38 |
| خالیدی کوڕی هەوذە(رضي الله عنه) | 38 |
| خالیدی کوڕی وەلید(رضي الله عنه) | 39 |
| خالیدی کوڕی وەلیدی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 88 |
| خالیدی کوڕی ئەبی خالید(رضي الله عنه) | 88 |
| خالیدی کوڕی ئەبی دوجانە(رضي الله عنه) | 89 |
| خالیدی کوڕی ئیساف(رضي الله عنه) | 89 |
| خالیدی ئەحدەب(رضي الله عنه) | 89 |

| | |
|---|---|
| خەبباب(رضي الله عنه) | 90 |
| خەببابی کوڕی ئەرەت(رضي الله عنه) | 90 |
| خەببابی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 101 |
| خەدیجەی کچی حوصەین(رضي الله عنها) | 102 |
| خەدیجەی کچی خوەیلید(دایکی باوەڕداران) (رضي الله عنها) | 102 |
| خەدیجەی کچی زوبەیر(رضي الله عنها) | 119 |
| خەدیجی کوڕی سەلامە(رضي الله عنه) | 120 |
| خەرەشەی ثەقەفی(رضي الله عنه) | 120 |
| خەرەشەی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 120 |
| خەرەشەی کوڕی حارثی مورادی(رضي الله عنه) | 121 |
| خەرەشەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 122 |
| خەزرەجی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 122 |
| خەشخاشی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 123 |
| خەشرەمی کوڕی حوباب(رضي الله عنه) | 123 |
| خەصفە(رضي الله عنه) | 123 |

| | |
|---|---|
| خەللاد (رضي الله عنه) | 124 |
| خەللادی کوڕی رافیع(رضي الله عنه) | 124 |
| خەللادی کوڕی سائیب(رضي الله عنه) | 125 |
| خەللادی کوڕی سوەید(رضي الله عنه) | 126 |
| خەللادی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 126 |
| خەلیفەی کوڕی عەددی(رضي الله عنه) | 126 |
| خەنسائی کچی خیذام(رضي الله عنها) | 126 |
| خەنسائی کچی ریئاب(رضي الله عنها) | 127 |
| خەنسائی کچی عەمر(رضي الله عنها) | 127 |
| خەولەی خزمەتکار(رضي الله عنها) | 129 |
| خەولەی کچی ثامر(رضي الله عنها) | 129 |
| خەولەی کچی حەکیم(رضي الله عنها) | 130 |
| خەولەی کچی خەولی(رضي الله عنها) | 131 |
| خەولەی کچی عوقبە(رضي الله عنها) | 132 |
| خەولەی کچی قەیس(رضي الله عنها) | 132 |

| | |
|---|---|
| خەولەی کچی قەیسی ئەنصاری(رضي الله عنها) | 132 |
| خەولەی کچی مونذیر(رضي الله عنها) | 134 |
| خەولەی کچی ئیاس(رضي الله عنها) | 135 |
| خەولەی کچی عوبەید(رضي الله عنها) | 135 |
| خەولەی کچی قەعقاع(رضي الله عنها) | 136 |
| خەولەی کچی قەیس(ئومموصوبەییە) (رضي الله عنها) | 136 |
| خەولەی کچی مالیك (رضي الله عنها) | 136 |
| خەولەی کچی یەمان(رضي الله عنها) | 137 |
| خەولی کوڕی عومەر(رضي الله عنه) | 138 |
| خەوواتی کوڕی جوبەیر(رضي الله عنه) | 138 |
| خەیبەری کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 142 |
| خەیثەمەی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 142 |
| خەیرەی کچی ئەبی ئومەییە(رضي الله عنها) | 143 |
| خوبەیبی کوڕی عەددی(رضي الله عنه) | 144 |
| خوبەیبی کوڕی ئیساف(رضي الله عنه) | 150 |

| | |
|---|---|
| خوەیلەی کچی خوەیلید(رضي الله عنها) | 152 |
| خوەیلیدی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 154 |
| خورەیمی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 155 |
| خورەیمی کوڕی فاتیك(رضي الله عنه) | 156 |
| خوزاعی کوڕی عەبدنەهم(رضي الله عنه) | 160 |
| خوزەیمەی کچی جەهم(رضي الله عنها) | 161 |
| خوزەیمەی کوڕی ثابت(رضي الله عنه) | 161 |
| خوزەیمەی کوڕی عاصم(رضي الله عنه) | 164 |
| خوزەیمەی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 164 |
| خوزەیمەی کوڕی خەزمە(رضي الله عنه) | 165 |
| خوزەیمەی کوڕی عەبدعەمر(رضي الله عنه) | 165 |
| خوضرە(رضي الله عنها) | 165 |
| خوفافی غیفاری(رضي الله عنه) | 165 |
| خوفافی کوڕی نەضلە(رضي الله عنه) | 166 |
| خوفافی کوڕی عومەیر(رضي الله عنه) | 167 |

| | |
|---|---|
| خولەیدەی کچی حوباب(رضي الله عنها) | 167 |
| خولەیدی کوڕی مونذیر(رضي الله عنه) | 168 |
| خولەیدی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 168 |
| خولەیسەی کچی قەیس(رضي الله عنها) | 168 |
| خونەیسی کوڕی حوذافە(رضي الله عنه) | 169 |
| خونەیسی ئەوسی(رضي الله عنه) | 172 |
| خیداشی کوڕی بوشەیر(رضي الله عنه) | 172 |
| خیداشی کوڕی عەییاش(رضي الله عنه) | 173 |
| خیداشی کوڕی قەتادە(رضي الله عنه) | 173 |
| خیداشی کوڕی ئەبی خیداش(رضي الله عنه) | 174 |
| خیذامی کوڕی وەدیعە(رضي الله عنه) | 174 |
| خیراشی کوڕی صیممە(رضي الله عنه) | 175 |
| خیراشی کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه) | 176 |
| خیرباق(رضي الله عنه) | 176 |
| خیرنیقی کچی حوصەین(رضي الله عنها) | 177 |

| | |
|---|---|
| ئەو هاوەڵانەی بە پیتی (د) دەست پێ دەکەن | 179 |
| داوودی کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه) | 181 |
| دەهری کوڕی ئەخرەم(رضي الله عنه) | 181 |
| دەوس(رضي الله عنه) | 181 |
| دەومی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 182 |
| دەیلەمی حیمیەری(رضي الله عنه) | 182 |
| دجاجە(رضي الله عنه) | 183 |
| دجاجەی کچی ئەسماء (رضي الله عنها) | 183 |
| دلیجە(رضي الله عنه) | 184 |
| دوبیەی کچی خالید(رضي الله عنها) | 184 |
| دورەیدی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 184 |
| دورەیدی کوڕی کەعب(رضي الله عنه) | 184 |
| دورەیدی راهیب(رضي الله عنه) | 185 |

| | |
|---|---|
| دوڕڕەی کچی ئەبووسوفیان(رضي الله عنها) | 185 |
| دوڕڕەی کچی ئەبوولەهەب(رضي الله عنها) | 186 |
| دوعشووری کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 187 |
| دوکەینی کوڕی سەعید(رضي الله عنه) | 188 |
| دیحیەی کوڕی خەلیفە(رضي الله عنه) | 189 |
| دیرهەم(رضي الله عنه) | 193 |
| دیناری کوڕی حەییان(رضي الله عنه) | 194 |
| ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (ذ) دەست پێ دەکات | 195 |
| ذابیلی کوڕی طوفەیل(رضي الله عنه) | 197 |
| ذبابی کوڕی فاتیك(رضي الله عنه) | 197 |
| ذەری کوڕی ئەبی ذەر(رضي الله عنه) | 197 |
| ذەکوانی سولەمی(رضي الله عنه) | 198 |
| ذەکوانی کوڕی عەبدقەیس(رضي الله عنه) | 198 |

| | |
|---|---|
| ذەکوانی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه) | 199 |
| ذەهبەن(رضي الله عنه) | 199 |
| ذوڕڕە(رضي الله عنها) | 200 |
| ذوئەیبی کوڕی حارثە(رضي الله عنه) | 200 |
| ذوئەیبی کوڕی حەلحەلە(رضي الله عنه) | 200 |
| ذوئەیبی کوڕی شوعثەم(رضي الله عنه) | 200 |
| ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (ر) دەست پێ دەکات | 201 |
| رابیطەی کچی حارث(رضي الله عنها) | 203 |
| رابیطەی کچی حەسسان(رضي الله عنها) | 203 |
| رابیطەی کچی سوفیان(رضي الله عنها) | 203 |
| رابیعەی کچی ثابت (رضي الله عنها) | 204 |
| راشیدی کوڕی حەفص(رضي الله عنه) | 204 |
| راشیدی کوڕی شەهاب(رضي الله عنه) | 205 |

| | |
|---|---|
| راشیدی کوڕی عەبد ڕەببەه (رضي الله عنه) | 205 |
| راشیدی کوڕی موعەللا (رضي الله عنه) | 205 |
| رافیعی تەمیمی (رضي الله عنه) | 205 |
| رافیعی کوڕی خەدیج (رضي الله عنه) | 206 |
| رافیعی کوڕی جەعدەبە (رضي الله عنه) | 209 |
| رافیعی کوڕی حارث (رضي الله عنه) | 209 |
| رافیعی کوڕی زەید | 210 |
| رافیعی کوڕی سەهل (رضي الله عنه) | 210 |
| رافیعی کوڕی سەهلی ئەوسی (رضي الله عنه) | 210 |
| رافیعی کوڕی سینان (رضي الله عنه) | 211 |
| رافیعی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 212 |
| رافیعی کوڕی عومەیر (رضي الله عنه) | 213 |
| رافیعی کوڕی عونجودە (رضي الله عنه) | 213 |

| | |
|---|---|
| رافیعی کوڕی مالیکی زورقی(رضي الله عنه) | 213 |
| رافیعی کوڕی مەکیث(رضي الله عنه) | 216 |
| رافیعی کوڕی موعەللا(رضي الله عنه) | 217 |
| رافیعی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 217 |
| رافیعی مەولا(رضي الله عنه) | 217 |
| رافیعی مەولای غەزیە(رضي الله عنه) | 218 |
| رافیعی موزەنی(رضي الله عنه) | 218 |
| ربتەس(رضي الله عنه) | 219 |
| ربعی کوڕی تەمیم(رضي الله عنه) | 219 |
| ربعی کوڕی رافیع(رضي الله عنه) | 219 |
| ربعی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 219 |
| رەبابی کچی نوعمان(رضي الله عنها) | 220 |
| رەبابی کچی حارثە(رضي الله عنها) | 220 |

| | |
|---|---|
| رەباح(رضي الله عنه) | 221 |
| رەباحی فەهری(رضي الله عنه) | 221 |
| رەباحی کوڕی رەبیع(رضي الله عنه) | 222 |
| رەباحی مەولا(رضي الله عنه) | 223 |
| رەباحی مەولای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) | 223 |
| رەباحی مەولای حارث(رضي الله عنه) | 225 |
| رەبیعەی سەعدی(رضي الله عنه) | 225 |
| رەبیعەی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 225 |
| رەبیعەی کوڕی حارثی کوڕی نەوفەل(رضي الله عنه) | 228 |
| رەبیعەی کوڕی رواء (رضي الله عنه) | 229 |
| رەبیعەی کوڕی روفەیع(رضي الله عنه) | 229 |
| رەبیعەی کوڕی روقەیع(رضي الله عنه) | 230 |
| رەبیعەی کوڕی زورعە(رضي الله عنه) | 232 |

| | |
|---|---|
| ڕەبیعەی کوڕی سەکەن(رضي الله عنه) | 232 |
| ڕەبیعەی کوڕی عامر(رضي الله عنه) | 233 |
| ڕەبیعەی کوڕی عەبباد(رضي الله عنه) | 233 |
| ڕەبیعەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 234 |
| ڕەبیعەی کوڕی عەیدان(رضي الله عنه) | 234 |
| ڕەبیعەی کوڕی عوثمان(رضي الله عنه) | 234 |
| ڕەبیعەی کوڕی فەضل(رضي الله عنه) | 235 |
| ڕەبیعەی کوڕی فیراس(رضي الله عنه) | 235 |
| ڕەبیعەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 235 |
| ڕەبیعەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه) | 235 |
| ڕەبیعەی کوڕی لوهەیعە(رضي الله عنه) | 241 |
| ڕەبیعەی کوڕی ئەبی خەرشە(رضي الله عنه) | 241 |
| ڕەبیعەی کوڕی دراج | 241 |

| | |
|---|---|
| رەبیعەی کوڕی ئەبی صەلت(رضي الله عنه) | 242 |
| رەبیعەی کوڕی ئەکثەم(رضي الله عنه) | 242 |
| رەبیعی کوڕی سەهل(رضي الله عنه) | 243 |
| رەبیعی کوڕی قارب(رضي الله عنه) | 243 |
| رەبیعی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 243 |
| رەبیعی کوڕی ئیاس(رضي الله عنه) | 243 |
| رەبیعی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 243 |
| رەجائی غەنەوی (رضي اله عنها) | 244 |
| رەزینەی خزمەتکار(رضي اله عنها) | 244 |
| رەشدانی جوهەنی(رضي الله عنه) | 245 |
| رەقادی کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه) | 245 |
| رەملەی کچی حارث(رضي الله عنها) | 245 |
| رەملەی کچی شەیبە(رضي الله عنها) | 245 |

| | |
|---|---|
| ڕەملەی کچی عەبدوڵا (رضي الله عنها) | 246 |
| ڕەملەی کچی ئەبووسوفیان(رضي الله عنها) | 246 |
| ڕەملەی کچی ئەبی عەوف(رضي الله عنها) | 252 |
| ڕەوضە(رضي الله عنها) | 252 |
| ڕەیحانەی کچی شەمعوون(رضي الله عنها) | 252 |
| ڕەیطەی کچی مونەببیە(رضي الله عنها) | 253 |
| ڕەیطەی کچی ئەبوو طالیب(رضي الله عنها) | 254 |
| ڕەیطەی کچی ئەبی ئومەییە(رضي الله عنها) | 254 |
| ڕوبەیعی کچی نەضر(رضي اله عنها) | 254 |
| ڕوبەیعی کچی طوفەیل(رضي الله عنها) | 256 |
| ڕوبەیعی کچی میعوەذ(رضي الله عنها) | 256 |
| ڕوەیفیعی کوڕی ثابت (رضي الله عنه) | 261 |
| ڕوەیفیعی خزمەتکار (رضي الله عنه) | 263 |

| | |
|---|---|
| 263 | روخەیلەی کوڕی ثەعلەبە(﵁) |
| 263 | روشەیدی موزەنی(﵁) |
| 263 | روشەیدی فارسی(﵁) |
| 264 | روشەیدی کوڕی مالیك(﵁) |
| 264 | روغەینەی کچی سەهل(رضي اله عنها) |
| 264 | روفەیدەی ئەنصاری(رضي اله عنها) |
| 265 | روقەیقەی ثەقەفی(رضي اله عنها) |
| 265 | روقەیمی کوڕی ثابت(﵁) |
| 266 | روقییەی کچی ثابت(رضي اله عنها) |
| 266 | روقییەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) |
| 271 | روکانەی کوڕی عەبدیەزید(﵁) |
| 273 | رومەیثەی کچی عەمر(رضي الله عنها) |
| 273 | رومەیثەی ئەنصاری(رضي الله عنها) |

| | |
|---|---|
| ڕومەیصاء (رضي الله عنها) | 274 |
| ڕومەیصائی کچی میلحان(رضي الله عنها) | 274 |
| ڕیاحی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 275 |
| ڕیعیەی سوحەیمی(رضي الله عنه) | 275 |
| ڕیفاعەی قورەظی(رضي الله عنه) | 277 |
| ڕیفاعەی کچی ثابت(رضي اله عنها) | 279 |
| ڕیفاعەی کوڕی ڕافیع(رضي الله عنه) | 280 |
| ڕیفاعەی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 283 |
| ڕیفاعەی کوڕی زەیدی جوذامی(رضي الله عنه) | 284 |
| ڕیفاعەی کوڕی عەبدولمونذیر(رضي الله عنه) | 287 |
| ڕیفاعەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 288 |
| ڕیفاعەی کوڕی عەمری کوڕی نەوفەل(رضي الله عنه) | 289 |
| ڕیفاعەی کوڕی عورابە(رضي الله عنه) | 289 |

| | |
|---|---|
| ریفاعەی کوڕی مەسرووح(رضي الله عنه) | 290 |
| ریفاعەی کوڕی موبەشیر(رضي الله عنه) | 290 |
| ریفاعەی کوڕی وەقش(رضي الله عنه) | 291 |
| ریفاعەی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 291 |
| ریئابی کوڕی حونەیف(رضي الله عنه) | 291 |
| ریئابی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 292 |
| زارعی کوڕی عامر(رضي الله عنه) | 292 |
| زاهیری کوڕی حەڕام(رضي الله عنه) | 292 |
| زاهیری کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه) | 294 |
| زەمعەی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه) | 295 |
| زەمعەی کوڕی ئوبەی(رضي الله عنه) | 295 |
| زەملی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 295 |
| زەهرەی کوڕی حەویە(رضي الله عنه) | 296 |

| | |
|---|---|
| زەوبەعەی جنۆکە(رضي الله عنه) | 296 |
| زەید ئەبووحەسەن(رضي الله عنه) | 297 |
| زەید ئەبووعەبدوڵا (رضي الله عنه) | 297 |
| زەید(رضي الله عنه) | 297 |
| زەیدولخەیر(رضي الله عنه) | 298 |
| زەیدی کوڕی ئەبی ئەوفا(رضي الله عنه) | 299 |
| زەیدی کوڕی بووڵا (رضي الله عنه) | 301 |
| زەیدی کوڕی ثابت(رضي الله عنه) | 301 |
| زەیدی کوڕی خاریجە(رضي الله عنه) | 315 |
| زەیدی کوڕی خەطاب(رضي الله عنه) | 317 |
| زەیدی کوڕی دەثینە(رضي الله عنه) | 322 |
| زەیدی کوڕی موعەللا(رضي الله عنه) | 325 |
| زەیدی کوڕی وەدیعە(رضي الله عنه) | 325 |

| | |
|---|---|
| زەیدی کوڕی ئەزوەر(رضي الله عنه) | 326 |
| زەیدی کوڕی ئەسلەم(رضي الله عنه) | 326 |
| زەیدی کوڕی ئوسەید(رضي الله عنه) | 326 |
| زەیدی کوڕی ئیساف(رضي الله عنه) | 326 |
| زەیدی کوڕی جاریە(رضي الله عنه) | 327 |
| زەیدی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 327 |
| زەیدی کوڕی حارثە(رضي الله عنه) | 328 |
| زەیدی کوڕی حاطیب(رضي الله عنه) | 345 |
| زەیدی کوڕی حەر(رضي الله عنه) | 346 |
| زەیدی کوڕی خالید(رضي الله عنه) | 346 |
| زەیدی کوڕی خوڕەیم(رضي الله عنه) | 348 |
| زەیدی کوڕی سەعنە(رضي الله عنه) | 349 |
| زەیدی کوڕی سەهل(ئەبووطەلحەی ئەنصاری) (رضي الله عنه) | 354 |

| | |
|---|---|
| 369 | زەیدی کوڕی سوراقە(رضي الله عنه) |
| 369 | زەیدی کوڕی صامت(رضي الله عنه) |
| 370 | زەیدی کوڕی عاصم(رضي الله عنه) |
| 370 | زەیدی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه) |
| 371 | زەیدی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) |
| 371 | زەیدی کوڕی لەبید(رضي الله عنه) |
| 371 | زەیدی کوڕی موزین(رضي الله عنه) |
| 371 | زەیدی کوڕی میلحان(رضي الله عنه) |
| 372 | زەیدی کوڕی ئەبوورەبیعە |
| 372 | زەیدی کوڕی ئەرقەم(رضي الله عنه) |
| 378 | زەینەبی کچی ثابت(رضي الله عنها) |
| 378 | زەینەبی کچی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) |
| 386 | زەینەبی کچی جەحش(دایکی باوەڕداران) (رضي الله عنها) |

| | |
|---|---|
| زەینەبی کچی حەنظەلە(رضي الله عنها) | 400 |
| زەینەبی کچی حوباب(رضي الله عنها) | 400 |
| زەینەبی کچی خەبباب(رضي الله عنها) | 400 |
| زەینەبی کچی خوزەیمە(دایکی باوەڕداران) (رضي الله عنها) | 401 |
| زەینەبی کچی زەید(رضي الله عنها) | 402 |
| زەینەبی کچی سەهل(رضي الله عنها) | 403 |
| زەینەبی کچی سوەید(رضي الله عنها) | 403 |
| زەینەبی کچی صەیفی(رضي الله عنها) | 403 |
| زەینەبی کچی عەبدولڵا(رضي الله عنها) | 403 |
| زەینەبی کچی عەووام(رضي الله عنها) | 404 |
| زەینەبی کچی عوثمان(رضي الله عنها) | 404 |
| زەینەبی کچی قەیس(رضي الله عنها) | 405 |
| زەینەبی کچی قەیسی ئەنصاری(رضي الله عنها) | 405 |

| | |
|---|---|
| زەینەبی کچی مەظعوون(رضي الله عنها) | 405 |
| زەینەبی کچی موصعەب(رضي الله عنها) | 406 |
| زەینەبی کچی ئەبوورافیع(رضي الله عنها) | 406 |
| زەینەبی کچی ئەبووسوفیان(رضي الله عنها) | 406 |
| زەینەبی کچی ئەبوموعاویە(رضي الله عنها) | 407 |
| زەینەبی کچی ئەصرەم(رضي الله عنها) | 407 |
| زوبەیبی کوڕی ثەعلەبە(﵁) | 408 |
| زوبەیری کوڕی عەووام(﵁) | 410 |
| زوبەیری کوڕی عوبەیدە | 441 |
| زورارەی کوڕی جەزی(﵁) | 441 |
| زورارەی کوڕی عەمر(﵁) | 442 |
| زورارەی کوڕی عومەیر(﵁) | 443 |
| زورارەی کوڕی قەیس(﵁) | 444 |

| | |
|---|---|
| 444 | زوارەی ئەنصاری(رضي الله عنه) |
| 444 | زورعەی شوقەری(رضي الله عنه) |
| 445 | زورعەی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) |
| 445 | زوغەیبەی کچی زوارە(رضي الله عنها) |
| 445 | زوفەری کوڕی حەرثان(رضي الله عنه) |
| 445 | زوهەیری کوڕی صورەد(رضي الله عنه) |
| 446 | زوهەیری کوڕی طەهفە(رضي الله عنه) |
| 446 | زوهەیری کوڕی عەجوە(رضي الله عنه) |
| 446 | زوهەیری کوڕی عەمر(رضي الله عنه) |
| 447 | زوهەیری کوڕی عیاض(رضي الله عنه) |
| 447 | زوهەیری کوڕی مەخشی(رضي الله عنه) |
| 447 | زوهەیری کوڕی موعاویە(رضي الله عنه) |
| 448 | زوهەیری کوڕی هەیثەم(رضي الله عنه) |

| | |
|---|---|
| زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەییە(رضي الله عنه) | 448 |
| زیادی باهیلی(رضي الله عنه) | 448 |
| زیادی غیفاری(رضي الله عنه) | 449 |
| زیادی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 449 |
| زیادی کوڕی حەذرە(رضي الله عنه) | 451 |
| زیادی کوڕی حەنظەلە(رضي الله عنه) | 452 |
| زیادی کوڕی سەبرە(رضي الله عنه) | 452 |
| زیادی کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 453 |
| زیادی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 454 |
| زیادی کوڕی کەعب(رضي الله عنه) | 454 |
| زیادی کوڕی لەبید(رضي الله عنه) | 454 |
| زیادی کوڕی نوعەیم(رضي الله عنه) | 456 |
| زیبرقانی کوڕی بەدر(رضي الله عنه) | 457 |

| | |
|---|---|
| زیبرقانی کوڕی ئەسلەم(رضي الله عنه) | 460 |
| زیری کوڕی جابیر(رضي الله عنه) | 461 |
| زیری کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 461 |
| زینباعی کوڕی سەلامە(رضي الله عنه) | 461 |
| زینیرەی ڕۆمی(رضي الله عنها) | 462 |